19 28 99

# رابوون

گۆڤارێکی کولتووریی گشتییە



# بابەتەکان


* سیگناڵەکانی پرۆژەیەکی تاریک ........................(٣) هاشم کۆچانی
* شەڕی ئاوو کێشەی کورد ..................................(٩) دارا مەحموود
* کوردەکان یەک نەتەوەن .................................. (١٤) ئازاد مەولوود
لە دانمارکییەوە کردوویە بە کوردی
* عەبدوڵا ئۆجەلان و بزاڤی ڕزگاریخوازیی کوردستان....(٢٢) ئا: مەهاباد کوردی
* پرۆسەکردنی کەسایەتیی یاسایی نێونەتەوەیی گەلان و
تایبەتمەندییەکانی......................................... (٣٦) مارف عومەر گوڵ
* ئەرکیلۆژیای مێژوو: وێناندنی (ئەوی دیکە) لە ئاخافتنی
کۆلۆنیالی - ڕۆژهەڵاتیزمدا..................................(٤٣) کەمال میراودەلی
* سۆفیزم و مۆسیقا..........................................(٥٤) د. محمد موکری
وەرگێڕانی: موحسین ئەحمەد عومەر
* بەزرییەکەوە لە مەعدەنی مێژوو ........شیعر...................(٦٠) ڕەفیق سابیر
* بێدەنگی دەشکێنم ................ شیعر .................... ( ٦٥ ) احمد شاملو
ناصر حسامی کردوویە بە کوردی
* نیو پەڕە کاغەز ....................چیرۆک..............(٧٠) ئۆگست ستریندباری
وەرگێڕانی: قاسم عەزیز
* درەنگ زانیم براکەم، برام نەبوو... ..............شیعر........(٧٢) جەلال بەرزنجی
* سەگدۆست .............. ...............چیرۆک.........(٧٤) ئەنوەر محەمەد ئەحمەد
* دوو هۆنراوە.....................شیعر................... (٧٧) عەباس بۆسکانی
* پێک نەگەیشتن..............................چیرۆک..........(٧٨)ئەنوەر ڕەشید
* فرینی پەپوولەکان..........................شیعر............ (٨٦) سەباحەت تاهیر
پانۆراما:
* سەمای بۆتۆو گرۆی سانکای یکیو...............................(٨٧) دانا ڕەئووف
* پرسی کوردو شیعری کوردی لە فیستیڤاڵی جیهانیی ئەدەب لە نەرویج .... (٩٠)
* دوو کۆمەڵە شیعری ڕەفیق سابیر بە سویدی و بە فارسی ................ (٩٤)
* ئەسپیدیلۆن ....................... ڕانانی کتێب ..............(٩٥) دانا سوفی
* نامەیەک بۆ گۆڤارو ڕۆژنامە کوردییەکانی ئەورووپا ...... ( ٩٧ ) گۆران قەرەداغی
* دیدارێکی خێرا لە گەڵ هونەرمەند زاهیر سدیق ........(٩٩) ئامادەکردنی: ئازاد



Box 25161, 750 25 Uppsala- Sweden.
ژمارەی پۆستگیرۆ: 7 - 9211995
ISSN - 1102 - 4372



**رابــــوون**

**گۆڤارێکی کولتووریی گشتییە**

**ژمارە ٢٨ ١٩٩٩**

**سەرنووسەر**

ڕەفیق سابیر

**دەستەی نووسەران**

کەمال میراودەلی

هاشم کۆچانی

**RaBuN**

**Cultural Kurdish Jornal**

**No. 28**

**Editor**
**Rafik Sabir**

**Editorial Board**
**Kamal Mirawdali**
**Hashim Kochani**

## شەڕی براکوژی ... مەحاڵە

ئینگلیزەکان پێیانوابوو گەر فەلەستین بەجێبهێڵن، یەکسەر دەبێتە شەڕ لە نێوان عارەب و جوودا، ڕاستیان کرد. پێشیانوابوو شەڕێکی جیهانیی لە نێوان جوو خۆشیدا دەقەومێت، بەڵام بە هەڵەدا چووبوون. چەند هۆیەک هەبوون بەربەستی شەڕی براکوژی کرد کە ئەمانە بوون:

**یەکەم:** ئێمە هەرگیز لایەنگرانی خۆمان بەوە کۆش نەدەکرد کە دژی میمڵە سیاسییەکانمان بن، چونکە ئەوە دەتهاوێتە سەر کەڵکەڵەی شەڕی براکوژی.

**دووەم:** هۆیەکی تری ئەنجامدانی شەڕی براکوژی نیازی چوونە سەر تەختی دەسەڵاتە. ئێمە هەرگیز نەجەنگاوین بۆ دەسەڵات گرتنە دەست، بەڵکو تەنیا بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسرایل دەجەنگاین ... شۆڕشمان کرد بۆ ڕزگارکردنی نەتەوەکەمان، نەک بۆ حوکمکردنیان !!! بیروباوەڕەکەمان ئێمەی دەناژوو، ئامادەبووین قوربانی بە ئازادی خودی خۆمان بدەین بۆ ئازادکردنی گەلەکەمان، خێزانەکانمان جێدەهێشت، ئامادەبووین جۆرەها ئەشکەنجەو ئازار بچێژین ... تەنانەت ئەگەر بیروباوەڕەکەمان پێویستی بە خوێنی خۆشمان بوایە، دریغمان نەدەکردو ئامادەبووین بیدەین ... بەڵام کێ حوکمی ئەو دەوڵەتە دەکات کە ئێمە قوربانیمان بۆ داوە، گرنگ نییە !!. مەبەستی سەرەکیمان دامەزراندنی ئەو دەوڵەتەیەو کردنەوەی دەرگاکانێتی بۆ گەڕانەوەی هەزاران جوو، بۆ ئەوەی پاش ساڵانێکی دوورودرێژی بن دەستی بێگانە ... هەناسەیەک بە ئازادی بدەن. ئەگەر بمانویستایە لە پێناوی دەسەڵات وەرگرتندا شۆڕش بکەین، دەبووینە دوو تیپی دژ بە یەک و شەڕەکەشمان دژی عارەب لەو کارەی دووردەخستینەوە، چونکە ئەوەی بۆ دەسەڵات وەرگرتن شۆڕش دەکات، ئامادەیە لەو پێناوەدا هاوکاری دوژمنی نەتەوەکەشی بکات !!!. بەڵام ئێمە کاری وامان لێ نەوەشایەوە ... دەست لەناو دەست شەڕی عارەبانیشمان کرد، چونکە لایەنەکەی ئێمە دەسەڵات هاتنە دەستی نەدەویست ... نەخێر ئێمە ڕقمان لە یەکتری نابێتەوە ...

لاپەرە ٢٠ کتێبی ڕاپەڕین، مناحیم بێگن
سەرداری سدیق ئەمین کردوویە بە کوردی

بەرگی یەکەم و دووەم: هونەرمەند عیسمەت عەبدولقادر

هاشم کۆچانی

# سیگناڵەکانی پرۆژەیەکی تاریک..!

**خۆسەلماندن لە بوارێکی تردا**

لە ساڵی 1923وە تا ئێستا، ستروکتووری کۆمەڵگەو دەوڵەتی نوێی تورکیا، لە ناکۆکییەکی توندی ناوخۆییدان.

ژێرخانی ئەم کۆمەڵگەیە، سیستەمە ئابووریی و بازارەکەی، دەیانەوێ ببنە بەشێک لە سیستەمی جیهانی سەرمایەداریی و سەرخانێکی تەبا بەخۆیان پێکبێنن.

هەرچی سەرخانی کۆمەڵگەکەیە: ئایدیۆلۆژیا، دەستووری دەوڵەت، سیستەمی حوکمڕانیی، میکانیزمی دەسەڵات، ئۆرگانە سیاسییەکان و دەزگای سوپا، کۆسپی هەرە گەورەبوون و نەیانهێڵاوە ئەو بەلانسەی کە پرۆسەی گەشەسەندنی سەرمایەداری و دەزگاکانی ژێرخانی کۆمەڵگەی تورک دەیخوازن، کامڵ ببێت.

یەکێک لە دەستڕۆیشتووترین دەزگا سەرخانییەکانی کۆمەڵگەی تورک کەمالیزم بووە، کە بە (مەرجەعیەت)ی دەسەڵات و تورکبوون دانراوە، سوپای ئەم دەوڵەتەش کوتەک وەشێنی ئەم مەرجەعیەتە بووە

گەشەسەندنی ئاسایانەی سەرمایەداریی و بە ئەورووپایی بوونی تورکیاو، چاری کێشەی سیاسیی باکووری کوردستان، پەیوەستن بە ڕیفۆرم و گۆڕانکاریی و سەرلەنوێ بنیاتنانەوەیەک کە لە ستروکتوورو سەرخانی کۆمەڵگەی تورکدا، ئەنجام بدرێن.

تا ئێستا کورد لە باکوردا نەیتوانیوە بە چەشنێکی نۆرماڵ و سیاسیی قورسایی خۆی بۆ کێشەکەی بخاتە کار، بەشێک لەمە پێوەندی بە ئایدیۆلۆژیاو سیاسەتی تورکیاوە بووە کە لە100% بوونی کوردی ئینکارکردووەو هیچ بوارێکی حقوقیی بۆ نەهێشتۆتەوە خۆی تیا بسەلمێنێ.

بەشەکەی تری پێوەندی بە کورد خۆیەوە بووە. بزاڤی کورد لە باکووردا لەسەر بنەمای ڕێبازی کلاسیکی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نیشتمانیی، خۆی بنیات ناوە: کوردستان وڵاتێکی کۆلۆنیکراوەو بۆ وەدەرنانی کۆلۆنیالیزمی تورک و ڕزگارکردنی وڵات و دامەزراندنی دەوڵەتی نیشتمانیی، شێوەی بزاڤی گەریلایی و خەباتی چەکداریی شاخی گرتۆتە بەر.

لەم ڕووەوە، پێم وایە بزاڤی کورد لە دوای دووەمین شەڕی جیهانەوە، بە ڕادەی پێویست سەرنجی گۆڕانکارییەکانی جیهانی نەداوە. لە باری فکریی و سیاسییشەوە بە ئەندازەی پێویست نەیتوانیوە خۆی وەک بزاڤێکی ڕزگاریخوازی تایبەتمەند ڕاهێنێ و خەسڵەتە بە جیاهەڵکەوتووەکانی وڵاتە دابەش و داگیرکراوەکەی، وەک هەیە تێبگات.

ئێستا لەم هەلومەرجە تاریک و نوێیەدا، بزاڤی کورد لە باکوردا بە چ میکانیزم و بە چ ڕیفۆرمێکەوە، لە قۆناغێکەوە کە قورسایی خۆی بۆ خەباتی گەریلایی تەرخان کردبوو، دەپەڕێتەوە قۆناغی خەباتی سیاسی و لەو ململانێیەی تورکیادا -بێ ئەوەی دەستبەرداری ڕزگاریخوازیی بێت- شوێنی خۆی دەکاتەوە.

ئایا لەم بە بنبەست گەیشتنەدا، دەبێ لە ڕێبازو ئامرازو دەزگاو کەسەکاندا گۆڕانکاریی بکرێن، یان لە کێشەکەدا؟

لەم ڕووەوە ترسناکترین مەسەلە ئەوەیە کە بزاڤەکە

دەست لە ناوەڕۆکی کێشە سیاسییەکەی هەڵگرێت. لەوەش سامناکتر تیۆرەکردنی ئەم کارەیە.

دەبێ ئەوە ساغکرێتەوە: کە ئاسۆلێگیراویی و ناساغییەکان لە ڕێبازە فکری و سیاسیی و دەزگاو کەسەکاندان، نەک لە کێشەکەدا!

**مەترسی کەمالیزم و مراندنی کێشەکە**

ئەگەر ئینکارکردنی موتڵەقی بوونی کورد لە تورکیادا، خەباتی چەکداریی کردبێتە تاقە ڕێگەیەک تا کورد شەرعییەت و بوونی خۆی تیا بسەلمێنێت، ئەوا گۆڕانکارییەکانی ئەم دواییانەی دنیا وایان دەخواست چەند ساڵێک لەمەوبەر، نەک لەم قەیران و تێکچڕژاوییە سیاسییەدا، چاو بەو چەشنە خەباتە چەکدارییەدا بخشێنرایەتەوە کە لە باکووردا پیادەکراوە.

دەستهەڵگرتن لە شێوەی کلاسیکی خەباتی چەکداریی و گۆڕینی بزاڤەکە بۆ قۆناغێکی چلۆنایەتی نوێ، ئەگەر بە پرۆسەی هەزمکردندا بڕوات و بتوانێ:

١- قورسایی کورد بخاتە ناو پرۆسەی ململانێی سیاسی تورکیاو لەو شوێنەدا بوەستێ کە نوێنەرایەتی گەلی کورد بکات.

٢- دەست لە ستراتیژی ڕزگاریی و مافی چارەنووس هەڵنەگرێ.

٣- لە باری سیاسییەوە حەوسەڵە فرەوان بێ و چاوەڕوانی گۆڕانکاریی خێرا لە تورکیادا نەکات. گرنگترین کارێک لە مەودای نزیکدا، دانپیانانێکی ڕەسمیی و دەستوورییە بە بوونی جیاهەڵکەوتووانەی نەتەوەی کوردو، ڕێگەدان بە نوێنەرە سیاسییەکانی و، قەبووڵ کردنی دیالۆگ لەمەڕ کێشەکە لە تورکیادا.

٤- بزاڤەکە نەکەوێتە ژێر کارتێکردنی فکری کەمالیزمەوە.

٥- هەوڵبدرێت، ڕۆژئاوا بە هەردوو لاقەکەیەوە: ئەمریکاو ئەورووپا، بهێنرێتە ئەزمردان و قسەکردن لەمەڕ کێشەی سیاسیی باکووری کوردستان.

ئەوا ئەو کاتە دەکرێ باسی بزاڤێکی سیاسی ئەوتۆ لە باکووردا بکرێ، کەلەم بنبەست و پاشەکشێیەی تێیکەوتووە، دەربازبێ و، لە درێژخایەندا بەو ئامانجە بگات، کە یەک سەدەیە سیاسەتی کوردی خەباتی چەکداریی بۆ کردووەو گەلی کوردستانیش بەوپەڕی لە خۆبوردووییەوە قوربانی بۆ داوە.

**تەنیا قەیرانی پەکەکەیە، یان هەموو بزاڤەکە؟**

بزاڤی باکووریش وەک بزاڤی باشوورو ڕۆژهەڵات، سەرنجی ئەوەی نەداوە کە ئەم فۆڕمە ڕزگاریخوازییە «خەباتی چەکداریی شاخ و گوند» لە دنیادا بەشێوەی تر گۆڕاوەو. لە واقعی تورکیای ئەندامی ناتۆشدا، ئاستەمە بە ئەنجامێکی سەرکەوتوو بگات.

لە لایەکی ترەوە، هەڵوێستە لەسەر ئەو ڕاستییەش نەکراوە، کە پەیڕەوکردنی ئەم جۆرە بزاڤە چەکدارییانە لەجیۆپۆلەتیکی کوردستاندا وای کردووە هەر بەشێکی بزاڤە چەکدارییەکە بچێتە ژێر باڵی یەکێک «یان زیاتر» لەچوار دەوڵەتەکەوە. "دەوڵەتە یارمەتیدەر"ەکەش مەرجەکانی خۆی بەسەردا سەپاندوون، لە پێشەوەیان لێدانی ئەم یان ئەو پارچەی بزاڤەکە. هەرچ کاتێکیش دەوڵەتە «دوژمن - دۆست» ەکە هەستی کردبێت، ئەم بزاڤە کوردییە خەریکە لە کۆنتڕۆڵ دەردەچێت، بە تەنیا بووبێ یان لەگەڵ دەوڵەتانی تردا بزاڤەکەیان لە بار چواندووە.

تکایە مەپرسە کام دەوڵەت زیاترو کام هێزی کوردیی پتر ئەم کارەیان کردووە، چونکە لێرەدا قسە لە سەر عەجوولی بزاڤێکی سیاسییە کە لە مێژووی کارەساتەکانی خۆیەوە فێرنابێ. قسە لەسەر عەجوولی یان تەمبەڵیی قوتابییەک نییە کە لە ڕێنووسدا پیتەکانی لە شوێنی خۆیان دانەنابێت، تا بێین و پرۆسێنتێک نمرەی بۆ دیاری بکەین. لێرەدا پوختەی قسە ئەوە نییە کە کام لا بە نهێنی و کام لا بە ئاشکرا ئەم کارە ئەنجام دەدات، بەڵکو پرسیارو قسە ئەوەیە: ئایا دەکرێ بزاڤێکی ڕزگاریخوازیی، گەرووی خۆی بداتە دەست دوژمنەکەیەوە؟

ئێمە لە خۆمان ناپرسین ئەم سەدان هەزار پارچە چەکە جۆربەجۆرەی شۆڕشی ئەیلوول و بزووتنەوەکانی دوای ئەو لە هەموو کوردستاندا لە کوێوە دێن. لە ئاسمان دەکەونە خوارێ؟ یان لە زەویدا هەڵدەتۆقێن؟ یان چوار دەوڵەتەکەن، لە سندووقی کلۆمدراودا بۆمان دەنێرن؟

ناپرسین بۆچی کولتووری ئێمە بەم ئەندازەیە تفەنگ و باوکی سیاسیی پیرۆزکردووە، کە وزەو توانای بیرکردنەوەو دیالۆگ و یەکترقەبووڵکردن و خوێندنەوەی ڕەخنەگرانەی لێبڕیوین؟ بۆچی لەم سەدەیەو لەم جیۆپۆلەتیکە سەختەدا درێژە بەم شێوە چەکداریی و

تێکشکان و هەرەسانە دەدەین؟

بڵێی ئۆباڵی هەموو ئەمانە تەنیا لە ئەستۆی ئیمپریالیزمدا بێ، کە ئێستا 75 ساڵ بەسەر دابەشکردنەکەدا تێپەڕیوە؟ بڵێی هەموو پێوەندی بە بەربەریەت و نائینسانییەتی چوار دەوڵەتەکەوە بێت؟ خۆ ئەوە 9 ساڵە بەشی زۆری باشووری کوردستان بەدەست کوردەوەیە. ئایا ئێمە ئەمڕۆ ڕووبەڕووی بەربەریەت و نائینسانییەتی دەسەلات و سیاسەتی خۆماڵییش نەبووینەتەوە؟ ئایا بەشێکی ئەم بەربەرییەتە ناوخۆییە ڕەنگدانەوەی ئەو شێوە خەباتە چەکدارییەی شاخ نییە کە دەیان ساڵە کێشەکەی لە هەرەس و تێک شکاندن ترنجاندوە؟ مەگەر هەر ئەو عەقڵیەتە چەکدارییەی شاخ نییە، کە ئێستا لاقرتی و سوعبەت بە ژیان و کارەساتەکانەوە دەکات و، مرۆڤی کورد بەرەو پوچیی و بێهوودەیی دەبات ..؟ ئایا خۆ متکردن لە بەردەم بەربەریەتی ناوخۆییدا، جۆرە ئاڵۆدەبوون و ڕازیبوونێک نییە بە مراندنی ئایندەی کوردو کێشە ڕزگاریخوازییەکەی؟

تاکەی دەرک بەو ڕاستییە ناکەین، کە هەڵەکان لە فکرەوە سەرچاوە هەڵدەگرن و، دەبێ فکری کوردی هەڵوەشێندرێتەوەو دیاردە پیرۆزەکانی ناو ئەم فکرو مێژووە «تفەنگ، شۆڕش، سەرکردە، حزب ....» بکرێنە بابەتی چاوپیاگێڕانەوەو لێوردبوونەوەو سەرلەنوێ داڕشتنەوە. ئەی دیاردەکانی تری ئەم فکرە: بێگانەپەرستی، پێکەوەهەڵنەکردن، زەینکوێریی و شەڕی ناوخۆیی. لە گەڵ خۆماندا بەرینە سەدەی ئایندەوە، یان بکرێنە مەیدانی باس و ڕەخنەی بێبەزەییانە و وازلێهێنان؟

بۆچی دەزگا سیاسییەکان کراونەتە خەڵوەتگاو فەتوای سەرکردە سیاسییەکان قوەتی سیحریان وەرگرتووە؟ بۆچی دوای ماوەیەک لە چەک هەڵگرتن، ئەو کێشەیەمان بیر دەچێتەوە کە چەکمان بۆ هەڵگرتووە؟

بۆچی لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا ئەوەی کارەکان بەڕێوە دەبات و هێزی بڕیاردەرو دەستڕۆیشتووە، دامودەزگاکان نین، بەڵکو ڕەمزە کاریزمایییەکانی ناو دەزگاکانن؟ بۆچی تا ئێستا لە زەینی مرۆڤی کورددا سەرکردە کراوەتە پێغەمبەرو سۆپەرمانێک کە لە باری فیزیکییەوە تێکناشکێ و لە باری عەقڵییەوە هەڵە ناکات؟

بۆچی بزاڤی کوردو دەزگاکانی بە باسکردنی فکر سەغڵەت دەبن*.

ئایا هۆیەکانی هەرەسی شۆڕشی ئەیلوول ئەوانەن کە تا ئێستا میراتگران و ئۆپۆزیسیۆنەکانی شۆڕشی ئەیلوول و هێزە چەپەکانی کوردستان، ڕیزیان کردوون **؟. پێم وایە کەمترین باسێک کە نرخاندنەکانی ئەو سێ لایەنە خۆیان لێدابێ، ئەو سەرچاوە فکرییانەن کە هۆی سەرەکی هەرەس بوون.

ئەگەر بە قووڵیی سەرنجی هەرەسی 1975 بدەین، هەموو سیاسەتی کوردیی و بزاڤە چەکدارییەکانی دوای هەرەس، دەکەونە ژێر پرسیارەوە. ئایا بزووتنەوە چەکدارییەکانی دوای هەرەس، هەڵەو هەڵدێرو لە خەتلادانەکانی شۆڕشی ئەیلوولیان بە ئەندازەیەکی سەرسوورهێنەرترو کۆمیدیاتر دووبارەو دەپات نەکردۆتەوە.

پێم وایە بە درێژایی ئەم سەدەیە بزاڤی ڕزگاریخوازیی لەسەر ئاستی بەشێک یان تەواوی کوردستاندا، نەیتوانیوە دەزگاو پێکهاتەکانی خۆی بە تەواوی بنیات بنێ و هەنگاوی بەکردەوەو دروست بەرەو داڕشتن و بڕیاردانی ستراتیژێکی نەتەوەیی بنێت. بزاڤەکە بەگشتی لە قەیرانێکی فکریی سیاسیی ڕێکخراوەیی و نەبوونی پرۆگرام و بێ ستراتیژدا ماوەتەوە. ئەمەش بۆ چەندان هۆکاری دەرەکیی و ناوەکیی دەگەڕێتەوە. من لێرەدا -ئەگەر زۆر پێویست نەبێت- باسی هۆکارە دەرەکییەکان ناکەم ، چونکە کورد تا ئێستا تەنیا جەختی ئەو لایەنەی کردووە، بەڵام لایەنی دووەمی کە هۆکارە ناوخۆییەکانن و کورد خۆی دەگرێتەوە باسناکرێن و بە قەدەغەکراویی ماونەتەوە.

هەرەسی ۱۹۷۵، وەرچەرخان و وێستگەیەکی چرو خەتەرناکی قەیرانی فکرو سیاسەت و خەباتی چەکداریی شۆڕشی ئەیلوول نەبوو بەس، بەڵکو بە پۆپەگەیشتنی قەیرانێکی لە مێژینەی سەرانسەری بزاڤی کورد بوو.. ئەم قەیرانە قوڵ و کاریگەرەش، بە

---

* مەبەستم ئەوە نییە خوانەخواستە لە ڕووی فکرییەوە نارەحەت بن. نەخێر مەبەستم ئەوەیە تەنانەت بە باسکردن و ناوهێنانی فکر قەلس دەبن.

** بڕوانە بەڵگەنامەکانی نۆیەمین کۆنگرەی پارتی دیموکراتی کوردستان و نامیلکەی «الاتحاد الوطني الكردستاني لماذا؟»ی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان و بەڵگەنامە هەڵسەنگاندنەکەی چوارەمین کۆنگرەی حزبی شیوعی عێراق. ئەم خاڵە باسێکی تایبەت دەخوازێ، کە ئێرە شوێنی ئەو نییە.

ئەندازەی جیاجیا تەواوی بەدەنی کۆمەڵگەی کوردی لە سەرانسەری کوردستانادا، هەر لە سیاسەت و کولتوورەوە تا شیعرو گۆرانیی،گرتۆتەوە.

بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردستان و بزاڤە کولتووریی و ڕۆشنبیرییەکەی، ریفۆرمێکی قوڵی سەرتاسەریی دەخوازێت، کە تەواوی پانتاییەکانی فکرو سیاسەت و پرۆسەی رووناکبیریی بگرێتەوەو. بتوانێ بگاتە گشت ناوچە (محرم) و قەدەغەکراوەکانی عەقڵی مرۆڤی کورد.

**شێوە خەباتی چەکداریی**

ڕەتکردنەوەی شێوەیەکی دیاریکراوی کلاسیکی خەباتی چەکداریی، نابێ بەو مانایە بێ کە مافی بەرەنگاربوونەوە لە گەلی کورد زەوت بکرێت. هەروا نابێ بەو مانایەش بێ کە لە خۆبووردوویی قوربانییەکانی رابردوو کەم بکرێتەوە، یان بکرێتە دادگا بۆ ئەو کەسانەی کە بەرپرسیاری بزاڤە چەکدارییەکان بوون، چونکە ئەمە هەم لەباری مێژووییەوە هەم لە رووی مەعریفییەوە هەق نییە. بەڵکو پێویستە ریفۆرم و چاوگێڕانەوەو ڕەخنەکانمان لە جوگرافیای عەقڵی سیاسیدا کار بکەن، دادگایەک بن بۆ لێپرسینەوە لە عەقڵ.

پێم وایە کاتێک بزاڤی ڕزگاریخوازیی کوردستان، دەیتوانی شێوەی کلاسیکی خەباتی چەکداریی ڕەچاوبکردایە، کە سەرانسەری بزاڤەکە بە دەست یەک دەزگای سیاسییەوە ببوایەو یەک ستراتیژی پیادەبکردایە. ئەگەر کەسێک بۆ ئێستا بڕوای بەم بیرە هەبێ، دەبێ دوو ڕاستی لە بیر نەکات.

یەکەم: لە ڕۆژگارێکدا کە ئەم بوارە بۆ کورد واڵا بوو ، هێشتا دەزگاو ئامرازە سیاسییەکانی بە ڕادەی پێویست پێنەگەیشتبوون، واتە دەبێ ئەمەیان وەک کارێکی زەمەنبەسەرچوو تەماشا بکرێت.

دووەم: ئەم کارە زەمەنبەسەرچووە، قابیلی خوێندنەوەو ئەنجامگیرییەو دەکرێ لە فۆرمێکی هاوچەرخدابخرێتەوەکار.ئەگەرپێشەکییەکی ڕۆشنبیریی و فکریی و ستراتیژێکی نەتەوەیی و حەسەڵە فرەوانییەکی سیاسی ئەوتۆی بۆ برەخسێندرێت کە چەندان پرۆژە بگرێتە خۆی و وەک پرۆسەیەک تەماشا بکرێت کە بەسەر کەڵەکەبووتی فکرو ڕۆشنبیرییەوە بنیات دەنرێت، نەک بوغرایی و خۆسەغڵەتکردن و ئیرادەخوازیی. ئەگەر سەرنجێکی ئەو پانتاییانە بدەین کە دەزگا سیاسیی و ڕۆشنبیرییەکانی کورد کاریان تیا دەکەن، بۆمان دەردەکەوێت، کە نەتەوەی کورد خۆی لەم مەیدانە دابڕیوە، بۆ ئەوەی بێتە ئەم مەیدانەوە دەبێ لەو قەیرانە دەرچێت کە تیای چەقیوە.

لەلایەکی ترەوە لەهەر پارچەیەکی کوردستاندا گەلی کورد دەتوانێ تێکۆشانی چەکداریی و بەرەنگاریی وەک یەکێک لە شێوەکانی تری خەبات و لەهاوشانی ئەوانی تردا پەیرەو بکات، بۆ نموونە لە چەشنی ئەوەی ئیرلاندییەکان لە بەریتانیادا پیادەی دەکەن. لێرەدا قسە لەسەر ئەوە نییە خەباتی چەکداریی ڕاستە یان هەڵە، لە باری زانستی کۆمەڵایەتییەوە خەباتی چەکداریی یەکێکە لە شێوەکانی خەباتی گەلان و مرۆڤایەتی لە پێناوی ڕزگاریی و ئازادیدا. لێرەدا باس لە مەر شێوەی کلاسیکی خەباتی چەکدارییە لە جیۆپۆلەتیکێکی تایبەتدا، کە تا ئێستا ئەنجام دراوە، ڕاستتریش وایە هەر ئەو شێوە چەکدارییە بخرێتە ژێر پرسیارو بابەتی وازلێهێنان بێت، نەک شتێکی تر.

## 1999-9-1

ئەمە یەکەمین جار نییە پەکەکە یەک لایەنە ئاگر بەست ڕابگەیەنێ و بۆ چاری ئاشتیانەی کێشەی کورد ئامادەیی خۆی دەربڕێت. بەڵام جیاوازیی جەوهەریی لە نێوان داخوازی ئەمجارەی و ئەوانەی پێشویدا هەن. ئەو ئاگر بەستانەی تا ئێستا پەکەکە ڕایگەیاندوون لە دوو قۆناغی جیاوازدا بوون:

قۆناغی یەکەم: بوونی ئۆجەلان لە سووریا.

قۆناغی دووەم: دوای دەرپەڕاندنی ئۆجەلان لەو وڵاتە.

دیالۆگ و چاری ئاشتیانەی کێشەی کورد لە هەردوو قۆناغەکەدا و لە داهاتووشدا لە باری سیاسیەوە شتێک نییە، بە نۆرمی هەڵە یان ڕاست بخوێنرێتەوە. شەڕ، ئاشتی، دیالۆگ.. لە خودی خۆیاندا مانای ڕاست یان هەڵە هەڵناگرن. ئەوە هەلومەرج و لێکدانەوەو تێڕوانین و میکانیزمەکانن بڕیار دەدەن هەڵە دەرچن یان ڕاست. تۆ با خاوەنی کێشەیەکی ڕەوابیت و بە سەخاوەتیشەوە

کچان و کوڕانی گەلەکەت بەرەو مەرگ بنێریێ، ئەگەر بە میکانیزمێکی ئیفلیجەوە یان بە تەرزێکی بەسەرچووی خەباتەوە بچیتە شەڕەوە، زەحمەتە سەرکەوتن بەدەست بهێنی. ئەم نموونەیە لە ئاشتی و ئەوانی تریشدا جێگەی سەرنجە. لێرەدا پرسیارێک دێتە گۆڕێ: بۆچی ڕۆژی 1999/9/1 کراوە بە ڕۆژی چەکدامالین و ئاشتیی. بڵێی ئەم ڕۆژە ڕۆژێکی بە جیاهەڵکەوتوو بێت لە ڕۆژمێری 1999دا؟.

با بۆ ماوەیەک لە زەینی خۆماندا زەمەن بەرینە دواوەو وا دابنێین هێشتا ئۆجەلان لە سووریابێ، ئایا ئەو کاتە 1999/9/1 ئەو بایەخ و گرنگایەتیەی ئێستای دەبوو، یان وەک هەر ڕۆژێکی ئاسایی مانگی ئەیلوول گوزەری دەکرد؟ بۆچی کورد ئەو مانا سیاسییەی بە 1999/9/1 بەخشی و بۆچی بەو چەشنە ڕاگەیەندرا؟

پەکەکە حزبێکی توندوتۆڵی عەقایدییە. لە سەرووی ئەم جۆرە دەزگایانەشەوە سەرکردەی ڕەمز هەیە، میکانیزمی ڕابەرایەتیکردنیش لەم دەزگایانەدا بە دەست شەخسی یەکەمەوەیەو، شەخسی یەکەم لیاقەتی ئەوەی هەیە لە هەر زەمین و زەمانێکدا بەڕادەی لە 100% بزاڤەکە بەرەو خۆگۆڕین و خۆگونجاندن بە باری چاک یان خراپدا ببات. پێم وایە، خودی تورکیاش لەم خاڵەوە سەرچاوەی هەڵگرت، بۆیە وا سووربوو لەسەر گرتنی ئۆجەلان. هەربۆیە پێویست بوو لە ڕۆژی یەکەمی گرتنی ئۆجەلانەوە، سەرکردایەتی پەکەکە سەرنجی ئەم خاڵە خەتەرناکەی بدایەو تەواوی بەرپرسیارییەکانی ئۆجەلانی وەئەستۆی خۆی بگرتایەو هەموو هێلکەکانی نەخستایەتە سەبەتەکەی ئەوەوە. ئایا لە باری سیاسییەوە ئەوە کارێکی نۆرماڵە، کە ئۆجەلان تەواوی مافەکانی شەخسی یەکەمی ناو پەکەکە پیادە بکات و لە زیندانەوە ئیدارەی بزاڤەکە بکات؟.

ڕاستتر وایە ئۆجەلان بە پەکەکەوە گرێ بدرێت. ئەوە دەبێ ئەو بێت لە زیندانەوە پشتیوانی لە سیاسەتی حزبەکەی بکات، نەک پێچەوانەکەی.

**پرۆژە تاریکەکەی ئۆجەلان**

لە دۆسیەی ئۆجەلاندا، دەکرێ بابەت و کەین و بەینی «چاک و خراپ» ی پشت پەردە هەبن و ئەمڕۆ لە ئێمە شاراوە بن. کارێکی ئاسایشە کە لەم ڕووەوە باس و تێڕوانین و مەزەندەکان بە گۆشەی جیاجیاو پەڕەلێلدا بڕۆن.

بەڵام بەسەرچاوەهەڵگرتن لە ستروکتووری دەوڵەتی تورکیاو بە سەرنجدانی ئەو سیاسەتەی ئۆجەلان بڵاویان دەکاتەوەو پەکەکەش پشتیوانییان لێدەکات و بە کردەوە ئەنجامیان دەدات، دەشێ مرۆڤ ئەو ترسە ڕابگەیەنێ کە ئەم کارانە، نەک هەر ئۆجەلان بەرەو ئازادی ناهێنن، بەڵکو خودی پەکەکەش بەرەو زیندان دەبەن.

* * *

دوای گەیشتنی ئۆجەلان بە ئەورووپا، پەکەکە کەوتە سەر دووریانێک.

**یەکەم: یان درێژەدان بە سیاسەتە کۆنەکەی.**

**دووەم: یان داننان بە قەیرانەکەداو بڕیاردانی ڕیفۆرم و گۆڕانی فکری و سیاسی لە بزاڤەکەدا.**

پێم وایە پەکەکە بە کردەوە ڕێگەی دووەمیانی هەڵبژارد، گەرچی تا ئێستا بە ڕەسمیی ناوی قەیرانی لێنانێت.

ئۆجەلان کاتێک پرۆژە شەش خاڵییەکەی لە ڕۆمادا ڕاگەیاند، گۆڕانێکی بە کردەوەی لە ڕێبازی خۆیدا دەست پێکردو، سیگناڵێکیشی بە پەکەکە دا بکەوێتە سەر خەتێکی نوێ.

پێم وایە لە ڕۆژی گرتنەکەی ئۆجەلانەوە، دواتر لە ڕۆژی حوکمدانەکەیەوە ئەم پرۆژەیە بە میکانیزمێکی سامناک و بە کۆمەڵێک مەزەندەی تاریک بەرێوە دەچێ.

ئەو میکانیزمەی ئۆجەلان لە زیندانەوە، یەکلایەنە شەڕراوەستانی پێڕادەگەیەنێ و کۆتایی بە خەباتی چەکداریی دێنێ و داوا لە گەریلاکان دەکات لە تورکیا بکشێنەوەو ئەمنستیان بۆ دەخوازێت، لە باری سیاسییەوە میکانیزمێکی شپرزەو پڕ لە پەلە پروسکێیە.

تەنازولکردن لە بەرامبەر دوژمندا مەسەلەیەکی سیاسیە، لە زانستی سەربازیدا ناوی [کشانەوەی ڕێکوپێک]ی لێنراوە. تۆ کاتێک لە بەردەم دوژمنەکەتدا لاوازبیت:

١- یان دەبێ کەللەڕەق بی و لاوازیی خۆت بشاریتەوە، کە ئەمەیان بۆچوونێکی ناسیاسییانەیە.

٢- یان دەبێ دان بە لاوازی خۆتدا بنێیت و ئامادەی تەنازولکردن بیت. بەڵام دەبێ ئەم کارە بە بەرنامە بکرێت، سنووری تەنازولکردن دیاربێ، ئەو بابەتانەی کە تەنازولیان لێناکرێت، ڕوونبن.

جیا لەوەش لە سیاسەتدا، تەنازولکردن بە(دەرزەن) هەڵناڕێژرێت. ئەمە خاڵێکی زۆر ترسناکە.

**تورک - کورد: پەنەرتیلێدان**

ململانێی نێوان باکووری کوردستان و دەوڵەتی تورکیا، لە گرتنەکەی ئۆجەلانەوە تا ئێستا، بە یارییەکی فۆتبۆڵێن دەچێت:

* لە گێمی یەکەمدا «سەرەتای هاتنی ئۆجەلان بۆ ئەوروپا»، کوردو پەکەکە توانیان لەسەر ئاستی جیهان کێشەکە بخەنەوە ڕوو، ئامادەیی خۆشیان بۆ چاری ئاشتیانە دووپات بکەنەوە. لەم گێمەدا تورکیا لە باری سیاسی و دیپلۆماسییەوە تووشی گەلێک شکست بوو.

* لە گێمی دووەمدا «لە ڕۆژی گرتنەکەی ئۆجەلانەوە تا ڕۆژی حوکمدانەکەی» دەکرێ بڵێین هاوتابوون. لەم گێمەدا ئۆجەلان هەم گۆڵی کردو هەم گۆڵی لێکرا.

* لە ڕۆژی پاش حوکمدانەکەیەوە تا ئێستا گەمەکە بووە بە گێمی نائاسایی و پەنەرتیلێدان. کورد وەک میللەتێکی بێ دامودەزگا لە بەرامبەر دەوڵەتی تورکیادا لیاقەتی ئەم گێمەو پەنەرتیلێدانی نییە، چجای ئەگەر ئەم کارە بخرێتە ئەستۆی سەرکردەیەکی دیل لە زینداندا.

لەم پرۆژە یەکلایەنە ئاشتییەدا، کە تا ئێستا تورکیا بە ڕەسمیی وەڵامێکی سیاسیانەی نەداوەتەوە، مرۆڤ لەوە دەترسێ تورکیا بە خێراییەکی ماراسۆنیی هەموو کاغەزەکان لە دەستی پەکەکە دەرهێنێ و دواتر ئۆجەلانیش ئیعدام بکات. ئەمجار هەموو یان لاباڵێکی پەکەکە، لە خاڵی سفری بازنەکەوە،بۆ پەنەرتیلێدانێکی تر، خەباتی گەریلایی دەست پێبکاتەوە.

**پەکەکەو شمشێرەکەی دیمۆکلیس**

پرۆژەکەی ئۆجەلان لە زیندانەوە، پرۆژەیەکی تاریکەو بە میکانیزمێکی ناسیاسیانەش دەست پێکراوە.

ئەگەر پەکەکە بیەوێ لە داهاتوودا ئەم پرۆژەیە ببێتە پرۆسەیەکی سیاسیی و دەوڵەتی تورکیا ناچار بێت مل بدات، ئەوا دەبێ بەر لە هەموو شتێک پرۆژەکەی ئۆجەلان لە تاریکییەکەی ڕزگار بکرێت و نوقسانییەکانی پینە بکرێن و جڵەوی کارەکەش بە دەستی سەرکردایەتی پەکەکەوە بێت و ڕیفۆرمێکی فکریی سیاسیی ڕێکخراوەیی ئەنجام بدرێت و لایەنی سیاسی و دیپلۆماسیی و جەماوەریی بۆ ئەم پرۆژەیە سازکرێت. لە کاتێکدا پێویستە ئەوپەڕی کۆشش بۆ ئازادی ئۆجەلان بکرێت، لە هەمان کاتدا دەبێ ئەم پرۆژەو ریفۆرم و پرۆسەیە بە ئیعدامکردن یان نەکردنی ئۆجەلان نە بەسترێتەوە.

لە لایەکی ترەوە سیاسەتی کوردیی پەکەکەو لایەنە سیاسییەکانی تری باشوورو تەواوی کوردستان، ئاوردانەوەیەکی دروستی ڕەخنەگرانە دەخوازێت، کە بوێرانە دەست لە سەر هەڵە کوشندەکانی ئەو سیاسەتە دابنرێ و، زەمینە بۆ ئاشتبوونەوەیەکی سیاسی کورد و کورد گەڵاڵە بکرێ و لە باکووردا بە کردەوە بەرەو خرکردنەوەی هێزەکان هەنگاو بنرێ و، لە باشوورو ڕۆژهەڵاتیشدا لاپەڕەیەکی نوێ بکرێتەوەو پشتیوانی ئەو دوو پارچەیەی کوردستان، بە تایبەتی باشوور بۆ ئەم قۆناغە نوێیەی خەباتی کورد لە باکوور ساز بکرێ و، ئامێزێکی گەرم بۆ پەکەکە بکرێتەوە.

گەلی کورد بە گشتی و، بە تایبەتی دەزگا سیاسییەکانی دەبێ بە تێڕوانینێکی نەتەوەیی و سیاسیانە ئەم قەیرانەی پەکەکە بخوێننەوەو لەو ڕاستییە بگەن کە هەموو بزاڤەکە لە قەیراندایە، بەڵام ئەمڕۆ شمشێرەکەی دیمۆکلیس بە سەر پەکەکەو باکوورەوە هەڵواسراوە.

ڕاستە سیاسەتی پەکەکە تێکشکاو بە بنبەست گەیشت، بەڵام خودی پەکەکە وەک گەورەترین دەزگای سیاسی گەلی کورد، دەبێ لە تێکشکان بپارێزرێ . بەمانایەکی تر پەکەکە وەک دەزگا دەبێ بگۆڕدرێ نەک تێکشکێ.

تورکیا لە بەردەم گۆڕانکارییەکی گەورەدایەو، ئەم مەسەلەیەش لە تورکیاو لە دنیادا، جێگەی باس و قسەیە.

مانەوەی دەزگایەکی سیاسیی گەورەی نەتەوەیی وەک پەکەکە، ئامرازێکی پڕ گرنگ و پێویستە بۆ گەلی کورد، تاخۆی وەک فاکتەرێکی سیاسیی و بە قازانجی ئایندەی کێشەکەی، لەو گۆڕانکارییانەدا بخاتە ڕوو.

1999/8/30

دارا مەحموود

# شەڕی ئاو و کێشەی کورد

زۆرجار لە دەوروبەری خۆمان، بە تایبەتی لە ناوچە گوندنشینەکاندا، بەرگوێمان کەوتووە، کە کێشەو شەڕ تارادەی لەیەکتر کوشتن لە نێوان دوو جووتیار، دوو بنەماڵە، یان دوو گوند ... لە سەر ئاو یان نۆرە ئاو ڕوویداوە. بەڵام وەک کێشەیەکی سیاسی - ئابووری، نێودەوڵەتی، شتێکی تازەیەو تەنانەت چەمکی (شەڕی ئاو) - ئەوەندەی ئاگاداربم - تا ئێستا نەکەوتۆتە ناو فەرهەنگی سیاسییەوە بەوانەشەوە کە بە زمانە زیندووەکانی دنیا ناسراون. کەچی لەسەر ئاستی میدیاو لەسەر زاری سیاسەتمەدارانەوە، بەشێوەیەکی فراوان بەکاردێت.

لەساڵی 1991 BBC زنجیرەیەک دەکۆمێنتاری بە ناوی Water Wars بڵاوکردەوە، ڕۆژنامەکانیش بە گرنگی پێدانەوە بەردەوام لەسەر ئەم بابەتە دەنووسن و چەمکی (شەڕی ئاو) بەکاردێنن.

دەشێت مرۆڤ بپرسێت: چما نیو سەدە بەر لە ئێستا شتێک بە ناوی (شەڕی ئاو)، یان کێشەو ناخۆشی دەوڵەتان لەسەر ئاوی شیرین، بەم شێوەی ئەمڕۆ دەیبینین، لە ئارادا نەبووە؟ ئایا ئەم هەموو ئاوەی لە سروشتدا هەیە بەشی دانیشتوانی سەرزەوی ناکات و بۆ بەدەستهێنانی دەبێت شەڕی لەسەر بکەین؟ یان مەگەر چی ڕوویداوە؟

بابەر لە هەوڵدان بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە هەندێک زانیاری پێویست لەسەر ئاو وەربگرین یان وەبیر بخەینەوە:

واپێدەچێت بە ڕواڵەت، لەسەر زەوی ئاو کەم نەبێت، چونکە 70%ی ڕووی زەوی بە ئاو داپۆشراوە کە دەکاتە 1,386,000,000 کیلۆمەتر سێجار، بەڵام لە 97,5%ی ئەم چەندایەتییە ئاوی دەریاو ئۆقیانووسەکانە، بەواتایەکی تر ئاوی سوێرە، بە کەڵکی خواردنەوەو کشتوکاڵ و پیشەسازی نایەت و لە دەرەوەی بابەتەکەی ئێمەیە. ئەوەی دەمێنێتەوە بریتییە لە 2,5% کە دەکاتە 35,029 ملیۆن کیلۆمەتر سێجار[یەک کیلۆمەتر سێجار دەکاتە یەک ملیار مەتر سێجار. یەک مەتر سێجاریش دەکاتە 1000 لیتر] ئەمە ئاوی شیرینەو ئەوەندە ئاوە بەسە بۆ ئەوەی سەرتاپای ڕووی زەوی بە ئەستورایی 70 مەتردابپۆشێت. بەڵام لەم چەندایەتییەش 99%ی لە کار ناهێنرێت، چونکە 69%ی ئەم ئاوە بریتییە لە سەهۆڵبەندانەکانی ناوچەی ئانتارتیکاو گریندلاندی دوو پۆلی زەوی. هەروا 30%ی لە قوڵاییەکی زۆری بن زەویدایە کە لە ڕووی تەکنیکی و ئابوورییەوە لە تواناد‌ا نییە سوودی لێوەربگیرێت. ئەوەی کە دەمێنێتەوە بریتییە لە 1% . دیسان ئەگەر ئەمەش بکەین بە چوار بەشەوە، سێ بەشی سەهۆڵ و باتلاقەو ئەوەی دەمێنێتەوە بریتییە لە 0,26% کە دەکاتە 93,000 کیلۆ مەتری سێجار.

بەڵام ئەگەر ئێمە بمانەوێت چەندایەتی ئەو ئاوە شیرینەی کە هەمیشە لەبەر دەستدایە بزانین، نابێ چاو لە چەندایەتی پاشەکەوتی ئاو لە زەویدا بکەین، بەڵکو دەبێت چاو لەو ئاوە بکەین کە بەهۆی بارانەوە نوێ دەبێتەوە. کە دوو سێیەکی ئەم ئاوەش دەبێتە هەڵم و

ئەوەی دەمێنێتەوە بریتییە لە 47,000 کیلۆمەتری سێجار، کە ئاوی ڕووبارو کانی و دەریاچە شیرینەکانی لێ پێکدێت.

هەرچەندە ئەوەندە ئاوە لەچاو سەرجەمی هەموو ئاوی دنیا زۆر کەمە بەڵام دیسانیش ئەگەر بە باشی بە سەر هەر جێگایەک و کەسێکدا دابەش بکرێت زۆریشی زیادە. بە جۆرێک ئەگەر ئەوەندە ئاوە بە سەر نزیکەی 6 ملیار دانیشتوانی زەویدا دابەشبکەین هەر کەسەی ساڵانە نزیکەی 8,000 مەتری سێجاری بەردەکەوێت. ئەمەش زۆر لە پێویستی مرۆڤێک زۆرترە.

بەڵێ! لەگەڵ ئەوەدا کە ئەو ئاوەی لە زەویدا دەکرێت سوودی لێ وەربگیردرێت، بە ئاسانی بەشی دانیشتوانی سەر زەوی دەکات. کەچی ئەمجاریش لە زۆر جێگای دنیادا باسی کەمی ئاو دەکرێت و کێشەی لەسەر ڕوودەدات. ئەمڕۆ89 وڵات کە لە 40%ی دانیشتوانی زەوی پێکدەهێنن گرفتی ئاویان هەیەو، یەک ملیار مرۆڤ لە ئاوی خاوێنی خواردنەوە بێبەشن. ئەمەش لەبەر ئەم هۆکارانەی خوارەوەیە:

1 – نابەرابەری دابەشبوون: لە هەندێک شوێنی دنیادا وەک باکووری کەنەدا، ناوچەی ئەمازۆن لە ئەمەریکای باشوور، ئایسلاند ... ئاوی سازگارو شیرین زۆرو دانیشتوانی کەم. لە کاتێکدا بە پێچەوانەوە هەندێک شوێنی تری جیهان، وەک ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفەریقا لە 5% دانیشتوانی جیهان پێکدەهێنن، کەچی تەنیا لە 1% ئاوی شیرینی جیهانیان لەبەردەستدایە.

2 – زۆربوونی دانیشتوان: زۆربوونی دانیشتوان بە تایبەتی لە وڵاتە دواکەوتووەکاندا، لە هەر ڕوویەکی ژیانەوە بگری، یەک لە گرفتە گەورەکانە. لەو وڵاتانەدا بە هۆی نەبوونی بەرنامەو تەکنەلۆژیای پێویست، ئاوێکی زۆر بە هەدەر دەڕوات. ئەو ژمارەیەش کە ساڵانە دێتە سەر دانیشتوان دیسان پێویستیان بە ئاو هەیەو بەمجۆرە گرفتەکە ساڵ بە ساڵ قووڵتر دەبێتەوە. بە پێی ئامارگیرییەک، ڕێژەی زۆربوونی دانیشتوان لە وڵاتە دواکەوتووەکاندا دەگاتە 4% . جا ئەگەر وڵاتێکی وەک بەنگەلادیش بە نموونە بهێنینەوە کە ژمارەی دانیشتوانی نزیکەی 125 ملیۆنە لە ماوەی کەمتر لە 20 ساڵدا ژمارەی دانیشتوانی لە 250 ملیۆن واتە دووبەرابەر تێپەر دەکات. ئەمە کارەساتێکە ئەگەر چارەسەر نەکرێت، بۆ داهاتوویەکی تا ڕادەیەک دوور، دەبێتە گرفتی سەرتاسەری جیهان، بەو وڵاتانەشەوە کە ڕاستەوخۆ لەم ڕووەوە گرفتیان نییە.

3 – پێشکەوتنی پیشەسازی: تا وڵاتان بەرەو پێشکەوتن و پیشەسازی مۆدێرن بچن، پێویستی بە ئاو زۆرتر دەبێت. چونکە بەشێکی زۆری پیشەسازی بە ئاو بەڕێوە دەچێت.

لە ماوەی دەساڵی نێوان 1987 - 1977 ڕادەی سوود وەرگرتن لە ئاو بۆ پیشەسازی لە 445 ملیار مەتری سێجارەوە گەیشتۆتە 745 ملیار مەتری سێجار. بێگومان ئێستا کە بەرەو ساڵی 2000 دەچین ئەم سوود وەرگرتنە بۆتە چەند بەرابەر. خۆ ئەگەر لە چەند نموونەدا چاو لە ڕادەی بەکارهێنانی ئاو بکەین دەبینین:

بۆ بەرهەمهێنانی کیلۆیەک کاغەز 100 لیتر ، تۆنێک چیمەنتۆ 4500 لیتر، تۆنێک شەکر 400,000 لیتر، تۆنێک نەوت 10,000 لیتر ..... ئاوی پێویستە.

4 – فراوانبوونی کشتوکاڵی بەراو: بە پێی ئامارێک لە ساڵی 1960 دا تەنیا 90 ملیۆن هیکتار زەوی کشتوکاڵی بەراو لە سەرتاسەری دنیادا هەبووە. بەڵام لە ساڵی 1990دا گەیشتۆتە 234 ملیۆن هیکتار. بە تایبەتی لەو وڵاتانەدا کە باران کەم دەبارێ، بە ناچاری پەنا بۆ کشتوکاڵی بەراو دەبردرێ. بۆ نموونە: لە ئیسرائیل 65% ، میسر 88% ، سوودان99% ، عێراق 96% ی کشتوکاڵ بە ئاوی ڕووبارو کانی و بیرەکان بەڕێوە دەچێت.

5– پێویستی ڕۆژانەو کاروباری ناو ماڵ: بەرزبوونەوەی ئاستی ژیانی خەڵکی و ڕادەی تێگەیشتن و ئاگاداری زۆرتری کاروباری تەندروستی، بوونە هۆی پێویستی زۆرتر بە ئاو. باهەر نموونەی ژیانی خەڵکی کۆمەڵگەی خۆمان بهێنینەوە: لە کوردستان بەتایبەتی لە گوندو شارە بچوکەکاندا جاران خەڵک بە تەنەکەو گۆزە دەچوون ئاویان لە ڕووبارو کانی دەهێنا، کەچی ئێستا زۆربەی زۆری شوێنەکان لوولەکێشی بۆ کراوەو بەمجۆرە ساڵ بە ساڵ ڕادەی بەکارهێنانی ئاو بۆ کاروباری ناوماڵ لە زووربوونێکی خێرادایە. بەپێی ئامارێک لە ساڵی 1977دا تەنیا 100 ملیار مەتری سێجار ئاو بۆ کاروباری ناوماڵ بەکارهێنراوە، کەچی لە ساڵی 1987 دا گەیشتۆتە 260 ملیارو ئێستا لە 900 ملیار مەتری سێجار زۆرترە.

ئەمانە گرنگترین هۆکاری تێکچوونی بالانسی نێوان ئاوو پێویستییەکان بە ئاون. بەڵام هۆکاری پەیدابوونی کێشە لەسەر ئاو تەنیا ئەمانە نین، بەڵکو لە هەموو ئەمانە گرنگتر هۆکارە سیاسییەکەیەتی.

وەک دەزانین کاتێک باس لە ئاو دەکرێت، هەر وڵاتە ناتوانێت تەنیا باسی ئەو ئاوە بکات کە لە ناو سنووری خۆیدا هەڵدەقوڵێت، بەڵکو ئەو ئاوەش کە لە یەک یان چەند وڵاتەوە بۆی دەرژێتە خوارێ، هەروا ئەوەش کە لەمەوە بۆ وڵاتانی تر دەچێت. لێرەدا دەتوانین بڵێین جۆرێک لەچاودەستی. پشت بەستن بە وڵاتێکی تر، ناسەربەخۆیی لەم بوارەدا دروست دەبێت کە خۆش یان ناخۆش لە سیاسەتیشدا ڕەنگدەداتەوە.

وڵاتێکی وەک میسر بە ساڵانە دووچاری گرفتی ئاو بووەو چارەنووسی بەچەند وڵاتی تری ئەفریقاییەوە کە ئاوی نیلیان پیادا تێدەپەڕێت یان لێ هەڵدەقوڵێت، گرێدراوە.

سادات، ساڵی 1979 چەند ڕۆژ دوای مۆرکردنی ڕێککەوتننامەکەی کامپ دێڤید ڕایگەیاند «ئاو تاکە پرسێکە کە میسر ڕەنگە شەڕی لەسەر هەڵگیرسێنێت». دیارە مەبەستی ئەو ئیسرائیل نەبوو، بەڵکو ئەتیوپیا بوو.

یان ساڵی 1990 مەلیک حوسێن لە لیدوانێکدا دەڵێت: « تاکە کێشەیەک کە ڕەنگە شەڕی ئێمەی لەگەڵ ئیسرائیل لەسەر هەڵگیرسێت ئاوە».

هەروا بەر لەچەند ساڵان بەرپرسیارێکی گەورەی ئیسرائیل لە کاروباری ئاو بە ناوی (زڤی ئۆرتنبیرگ) بە زمانێکی نا دیپلۆماتانە بۆ واشنتۆن پۆست دەدوێت و دەڵێت: «ئەگەر ئیسرائیل تووشی کەمبوونی ئاو ببێت، بە ڕێگای ئاشتیانە چارەسەر نابێت و بێ سێ و دوو دەبێ شەڕ هەڵگیرسێت».

بەڵام لەناو ئەمانەدا کێشەی ئاو لە تورکیا، یان بە واتایەکی تر نێوان تورکیاو سووریاو عێراق .... بە گرێدان لەگەڵ کێشەی کوردو کێشەکانی تری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پڕ مەترسیترین ئەو کێشانەن. چونکە تورکیا بە ئاشکراو بێ پەردە ڕادەگەیەنێت کە ئاو وەک چەکێک بەکاردێنێت. ساڵی 1986 ڕۆژنامەی Hurriyet لە یەکێک لە ژمارەکانی خۆیدا دەنووسێت: «ئاو چەکی ئێمەیە».

ساڵی 1992 کاتێک بە بۆنەی کردنەوەی بەستی ئەتاتورک و بەئیشخستنی تۆربینەکانی بەرهەمهێنەری ئەلەکتریک، سلێمان دیمیرێل ڕوو بە عارەبان گوتی: «ئاو بۆ ئێمەو نەوت بۆ ئەوان. ئێمە بەوان نالێین نەوتی ئێوەمان دەوێت، ئەوانیش مافی ئەوەیان نییە داوای ئاومان لێبکەن».

بەمجۆرە تورکیا ئاو لەگەڵ نەوتدا بەراورد دەکات.

تەنانەت لەمەش بەولاوەتر دەڕوات و دەخوازێت ئەوەی بە نەوت نەکراوە ئەم بە ئاو بە دەستی بێنێت.

جارێک تورگوت ئۆزاڵ گوتبووی:«من پێم چاکترە ئاوم هەبێت تا نەوت. چونکە نەوت مرۆڤ تەمبەڵ دەکات و دەتوانی لە وڵاتانی خاوەن نەوت ئەمە ببینیت. بەڵام ئاو مرۆڤ چالاک دەکات.....».

بەرپرسیارانی تریش گەورەو بچووک قسەی لەم بابەتەیان کردووە کە:«خوا نەوتی داوە بە ئەوان و ئاویش بە ئێمە. هەر کات بە خۆڕایی نەوتیان دا بە ئێمە، ئێمەش ئاویان بۆ دەنێرین....».

ئەوەی تورکیا دەیڵێت ئەگەر وڵاتانی تر چاوی لێبکەن دەبێت ئەو 89 وڵاتەی لە جیهاندا گرفتی ئاویان هەیە بکەونە گیانی یەکتر.

چاودێرانی سیاسی و شرۆڤەکاران لە خۆڕا نەیانگوتووە:«دوایین شەڕی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە سەر نەوت بوو، شەڕی داهاتوو لەسەر ئاو دەبێت». چونکە وەک دەڵێن: ئەگەر نەوت نەمێنێت ئۆتۆمبیلەکان ڕادەوەستن، بەڵام ئەگەر ئاو نەمێنێت ژیان کۆتایی پێ دێت. تورکیا دەمێک ساڵە لەسەر ئەم بابەتە کار دەکات و دەیەوێت ئاو بکاتە بەهێزترین چەکێکی دەستی کە لە ڕووی ئابووری و سیاسی و سەربازیدا بەکاری بهێنێت، تۆ بڵێیت بە ڕێککەوت بێت کە دەمیرێل و ئۆزال هەردوو لە بواری ئاودا پسپۆڕن!

دیمیرێل ساڵی 1955 ئەو کاتە تەمەنی 31 ساڵ بوو، بوو بە بەڕێوەبەری گشتی DSI واتەبەڕێوەبەرایەتی کاروباری سیاسەتی ئاو. ئەو لەوێ نازناوی (پادشای ئاو)ی پێ بەخشرا. هەروا ئۆزالیش لە ساڵانی پەنجادا وەک ئەندازیارێکی ئاو هاتە گۆڕەپان و ساڵانی شەست یەک لە بناغەدانەرانی بەستی (کەبان) بوو.

ئێستا لە باکووری کوردستان، کە لە لایەن تورکیاوە داگیرکراوە پڕۆژەیەکی یەکجار گەورەی ئاو، کە بە گەورەترین پڕۆژە لە جۆری خۆیدا لە جیهان دادەنرێت، لە ئارادایەو بەشێکی زۆریشی لێ ئەنجامدراوە. ئەم پڕۆژەیە بە ناوی GAP ە کە کورتکراوەی Guneydogu

Anadolu Projesi واتا پرۆژەی خواروی رۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ. خەرجی گشتی ئەم پرۆژەیە 32 ملیار دۆلارەو، بە پێی ئەو بەرنامەیەی بۆی دانراوە دەبێت ساڵی 2013 تەواوبێت. پرۆژەی ناوبراو بریتییە لە 21 بەست کە گەورەترینیان بەستی ئەتاتورکە.

ئامانجەکانی ئەم پرۆژەیە هەندێکیان ئاشکران و هەندێکیش شاردراوە، لە ئامانجە ئاشکراکانی: بەرهەمهێنانی ئەنێرژی ئەلەکتریک، بەراوکردنی زەویو زارێکی فراوان، دامەزراندنی پیشەسازی و کارگەری وەک: توتن، لۆکە، شەکر، رۆن... جگە لەمانەش تورکیا لەزۆر دەمێکەوە پلانێکی گەورەی بۆ فرۆشتن و ناردنە دەرەوەی ئاو لە رێگای بۆرییەوە لەبەردەستدایە. بەپێی ئەو پلانە، تورکیا بە بۆری گەورەی لە شێوەی بۆری نەوت ئاو بە: سووریا،ئوردن، کوەیت، عەرەبستان، و وڵاتەکانی تری کەنداو، هەروا بەجیاو لە پلانێکی ترداو بە مەبەستێکی تر بەئیسرائیل بفرۆشێت.

تورکیا چاوەروانە ئەگەر ئەم ئامانجانە بەپێی ئەو بەرنامانەی بۆی دانراوە بەدی بێن، ئەوا لە داهاتوودا ببێتە وڵاتێکی زلهێزی دەستڕۆیشتوو لە رووی سیاسی - ئابوورییەوە، کە سەرتاسەری وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەراست و ئاسیای ناوەڕاست بکەونە بن رکێفییەوەو لە کاتی پێویستدا وەک چەکێک لە سیاسەت و شەڕدا بەکاری بهێنێت.

بەڵام ئەو ئاوەی تورکیا ئەم هەموو بەرنامەو پرۆژەیەی بۆ دارشتووەو ئەم هەموو گێرەو کێشەیەی لە سەرە هەر هەمووی لەناو خاکی کوردستانەوە هەڵدەقوڵێت و خاوەنی راستەقینەی ئەو ئاوە کوردە نەک کەسێکی تر.

یەک لە ئامانجە هەرەگرنگ و شاردراوەکانی ئەم پرۆژەیە لەناوبردن و لە ریشەوە دەرهێنانی بزووتنەوەی ئازادیخوازی کوردەو لە رێگەی ئەویشەوە دیزەبەدەرخۆنەکردنی کێشە رەواکەیەتی. بە واتایەکی تر بەر لەوەی باس لە هەر ئامانجێکی ئاشکراو شاردراوەی پرۆژەی (گاپ) و بەرنامەکانی تری تورکیا لە بواری ئاودا بکەین، دەبێت بزانین کە پیلانێکی گەورەی دژی کوردەو زیانێکی زۆری لە داهاتوویەکی دوورو نزیکدا لێدەکەوێتەوە، کە گرنگترین ئەو زیانانە ئەمانەن:

1 - چەسپاندنی داگیرکردن: تورکیا لە رێگەی خۆگرێدانێکی توندوتۆڵی سیاسی - ئابووری بە ناوچەکەوە، هەروا گۆڕینی دیمۆگرافیای ناوچەکە، مەبەستی هەرچی زۆرتری داگیرکردنە. خەڵکێکی زۆری ئەو ناوچەیە بەزۆر لە شوێنەکانی خۆیان وەدەرنراون و تەنانەت تورکیا ئامادە نییە وەکوکرێکاری سادەش خەڵکی کورد وە ئیش بخات و کرێکاری تورک دەهێنێت و لەوێ نیشتەجێیان دەکات. لەلایەکی تریشەوە هێزێکی زۆری سەربازی و جاسووسی بە بەهانەی پاراستنی پرۆژەکە لە ناوچەکە نیشتەجێ کردووەو بە سادەیی دەتوانین بڵێین بەتورککردنێکی ئاشکراو رووتاندنەوەی ناوچەکەیە لە دانیشتوانی راستەقینەی خۆی کە کوردن. ئەمەش درۆو فێڵی تورکیا ئاشکرا دەکات کە گوایا یەک لە ئامانجەکانی (گاپ) دەوڵەمەندکردن و پێشخستنی ناوچەکەیەیم

2 - تێکدانی سروشتی ناوچەکە: دروستکردنی ئەم هەموو بەستانە دەستکاریکردنێکی گەورەی سروشتە. بۆ نموونە دەستکاریکردنی رەوتی سروشتی رووداوەکان و خرکردنەوەی ئەو هەموو ئاوە لە یەک یان چەند شوێنێکدا گۆڕانکارییەکی گەورە بەدیدەهێنێت کە زانایان و پسپۆرانی ئاو مەترسی کارەساتی نادیاری لێدەکەن.

هەروا ئەندازیارو پسپۆرانی رۆژئاوا لەو بروایەدان کە هەر سەد ساڵ جارێک بەفرێکی زۆرتر لە ئەندازە دەبارێت کە هەرەشەیەکی راستەقینە لەو بەستانە دەکات. هەروا بەرفراوانبوونەوەی ئاوا خێرای ئاوو دروستکردنی ئەو دەریاچانە دەبنە هۆی بە هەڵمبوونێکی زۆری ئاو، کە بێگومان گۆڕانی ئاوو هەواشی بە دوادادێت.

3 - تێکدانی ژینگەو پیسکردنی ئاو: رادەی پیسکردنی ئاوی کوردستان و تێکدانی ژینگە بە شێوەیەکی گشتی مەترسییەکی جیدی و گەورەیە. نزیکەی دوو ساڵ لەمەوبەر دامودەزگاکانی میدیا رایانگەیاند کە کۆمپانیای (شێل) ی هۆڵاندی - بەریتانیایی ئاوی ژێر زەمینی ناوچەی ئامەد (دیار بەکر)ی وا پیس کردووە کە ساڵانێکی زۆری پێویستە تا بگاتەوە دۆخی جاراتی. دیسان لە ئەنجامی دامەزراندنی کارگەو پیشەسازی جۆربەجۆر بە تایبەتی کارگەکانی دروستکردنی پەینی کیمیایی، ئۆتۆمبیل، پێستە خۆشکردن و بەم ساڵانەی دوایش ئەو پیشەسازییانەی بە ئەنێرژی ئەتۆمی بەڕێوەدەچن بەشێوەیەکی گشتی

ژینگه پیس و خراپ دەکەن. لەم ڕووەوە تورکیا هیچ کارێکی بۆ پێشگرتنی ئەم گرفتە ئەنجام نەداوەو هەر لەبەر ئەمە دانیشتوانی کوردستان و بەتایبەتی ئەوانەی سوود لە ئاوی پڕۆژەی (گاپ) وەردەگرن هەمیشە لەگەڵ مەترسی نەخۆشییەکانی وەک: سکچوون، گرانەتا، زەردوویی و نەخۆشییەکانی گەدەو ددانداو ڕووبەڕوون.

4 - تێکدانی کەلەپوورو لەناوبردنی شوێنەوارە دیرۆکییەکان: بەشێک لەو سەدان گوندو شارۆچکانەی بەبن ئاوی پڕۆژەکە کەوتوون و دەکەون، شوێنەواری گرنگی دیرۆکین کە لەسەر ئاستی جیهانی ناسراوو پڕ بایەخن. یەک لەو شوێنەوارانە ناوچەی دیرۆکی بەناوبانگی (حەسەن کێف) ە گرنگی ئەم ناوچەیە بە جۆرێکە کە ساڵی پار 1998 ڕێکخراوەکانی پەیوەندیداری سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان بە شێوەیەکی ڕەسمی داوایان لە تورکیا کرد کە بیرێک لە ڕزگارکردنی ئەو ناوچانە لە بن ئاوکەوتن بکاتەوەو ئەلترناتیڤێکی دیکە بدۆزێتەوە. بەڵام تورکیا تا ئێستا هیچ هەوڵێکی پۆزەتیڤانەی لەم بوارەدا نەداوە. چونکە لەناوبردنی ئەم شوێنەوارە دیرۆکییانەی کوردستان، بۆ خۆی یەک لە ئامانجەکانی پڕۆژەی (گاپ)ە.

5- مەترسی ڕوودانی کارەساتی شەڕ: بەکارهێنانی ئاو وەک چەکێک دژی کوردو وڵاتانی ناوچەکە مەترسی ڕوودانی شەڕێکی نێودەوڵەتی بەدواوەیە. کە دیسان کوردستان دەبێتە گۆڕەپانی شەڕو کوردیش دەبێتە قوربانی هەرە گەورەو سووتەمەنی ئەو شەڕەو شارو گوندو سروشتی کوردستانیش تێک و پێک و وێران دەکرێن.

تورکیا زۆر بە لەخۆباییی بوونەوە زمانی شەڕو هەڕەشە بەکاردێنێت و لە ڕەفتارەکانی کاربەدەستانی تورکیادا سەدام حوسێنمان وەبیر دێتەوە. بۆیە مەترسی ئەوە هەیە، کە ئەوەی سەدام حوسێن بەسەر کوردو ناوچەکەی هێنا، لە لایەن تورکیاوە دووبارە بێتەوە.

لە کۆتاییدا دەڵێم:- دوژمنی ئێمە، لەسەر خاکی خۆمان، بە مرۆڤی خۆمان، نەوتی خۆمان و ئێستاش بە ئاوی خۆمان لەناومان دەبات و داگیرکردن و سەردەستی خۆی بەسەرماندا دەسەپێنێ. مەخابن، ئێمەی بێکەس و بێدەوڵەتیش لە پێشگرتنی ئەم دەستدرێژییە گەورەو مەترسیدارەدا شتێکی ئەوتۆمان لە دەست نایەت. نە دەتوانین سوود لە یاسا نێودەوڵەتییەکان وەربگرین و نە دەتوانین سکاڵای خۆمان لە جێیەک بکەین و نە کەسیش گوێمان لێدەگرێت، بەڵام هیچ نەبێت شتێکمان لە دەست دێت، کە بە بڕوای من گرنگە ئەویش ناسینی کێشەکەو مەوداکانێتی. ئێمە! دیرۆک، زمان، ئاین...ی خۆمان نەناسی، لە سیاسەتدا بەهەڵەدا چووین و هێشتاش بەهەڵەدا دەچین. هەروا ئەگەر سیاسەت، ستراتیژ و پیلانی وڵاتانی داگیرکەرو هەرێمەکەو دنیا دژی خاک و بوونی خۆمان نەزانین، نە ئێستاو نە داهاتووش ناتوانین بڕیاری بەجێ لە ئاست ڕووداوەکاندا بدەین.

هەلومەرجی ئەمڕۆی نەتەوەی کورد وا پێویست دەکات، هەر یەک لە ئێمە، گرنگ نییە چ کارەین و لە چ بوارێکدا پسپۆڕین، لە هەمبەر ئەو ڕووداوە گرنگانەدا کە لە وڵاتی ئێمەدا دەقەومن چاونەنوقێنین و هەر لەم ڕوانگەیەوە بابەتێکی زانستی - سیاسی گرنگی وەک (ئاو)م کردە تێوەرۆکێئەم باسە. هیوادارم لێکۆڵینەوەی قوڵترو دەوڵەمەندتری بەدوادابێت.


سەرچاوەکان

1- De Witte Olie - Water, vrede en duurzame ontwikkeling in het Midden Oosten - Henk Donkers.

2- Turkije zet ,Water - Wapen, metin - Frans van Hasselt. NRC Handels blad 13-2-1991.

3- Isrel , Palestina en Wter - Nederlands Palestina Komitee.

4 – نقص المیاه وبعض المشكلات البیئیه فی الشرق الاوسط. د. حسن الجنابی. الثقافه الجدیده عدد 274

5 – مشاكل البیئه والمیاه والنهر الثالث . د. حسن الجنابی. الثقافه الجدیده عدد 258

6 – المیاه الاقلیمیه: صراع ام تعاون . د. حسن الجنابی. الثقافه الجدیده عدد 264

7 – الموارد المائیه فی العراق وصیانتها من التلوث . الدكتور مهدی الصحاف. منشورات وزاره الاعلام. الجمهوریه العراقیه- 1976.

# کوردەکان یەک نەتەوەن

ساڵی ١٩٩٧ بەخشخانەی بەناوبانگی دانمارکی Gyldendal کتێبێکی دەربارەی مەسەلەی گەلی کوردستان بڵاو کردەوە کە پێنج سیاسەتمەدار و نووسەرێکی دانمارکی نووسیویانە.
کتێبەکە لە پێشەکییەک و پێنج بەش پێکهاتووە. کە هەر نووسەرەی لە بەشێکدا باسی لایەنێکی مەسەلەی کوردی کردووە. لەم ژمارەیەدا پێشەکی بەشی یەکەمی کتێبەکە بڵاو دەکەینەوە، بەو هیوایەی، لە ژمارەکانی داهاتوودا، بەشەکانی دیکەی بڵاو بکەینەوە.

رابوون

## ئازاد مەولوود لە دانمارکییەوە کردوویە بە کوردی

### پێشەکی

زۆر هەن حەز بە چارەیان ناکرێ. ئەو زۆرانەش زۆر جیاوازن و بەسەر تەواوی زەویدا بڵاو بوونەتەوە، بەڵام بەشی هەرە زۆریان - چەند ملیۆن - لە یەک ناوچە لە رۆژهەڵاتی ناوەراست دەژین، کە پارچە و بەشی بەلای کەم پێنج وڵات دەگرێتە خۆ. هەر بە تەنها بەشبەشکردنەکەشیان نییە، بەڵکو هیوا و ئاواتی ئازادی و مافەکانی مرۆڤ و سەربەخۆیی ئاستێکی بەرزتری گوزەرانە کە وای کردووە حەز بە چارەیان نەکرێ.

ئەوانەی حەز بە چارەیان ناکرێ - کوردەکان - لەلایەن ژمارەیەکی زۆر گرووپ و کۆمەڵەی دەرەوە پشتگیرییان لێ دەکرێ، کە بە ئەرکێکی مرۆڤایەتی دەزانن یارمەتیی کوردەکان بدەن.
ئەمانەش گرووپەکانی مافی مرۆڤن لە چەندین نەتەوە و وڵات، کە نوێنەرایەتی زۆر فەرمان و بۆچوونی سیاسیی جیاجیا دەکەن.
ئەم گرووپانە خۆشیان حەز بە چارەیان ناکرێ، بەڵام دیارە بە رادەیەکی زۆر کەمتر و بە دەرئەنجامێکی سووکتر. ئەمانە هەوڵی ئەوە دەدەن ئاوێزی بکەن و یارمەتی ماددی ببەخشن و کێشەی کوردەکان لە لایەنی سیاسییەوە زوو زوو لە نێو پەرلەمانە دیموکراتییەکاندا بخەنە روو. ئەم هەوڵانەی ئەوان لە وڵاتەکانی رۆژهەڵاتی ناوەراست کە کوردیان لێ دەژی بە پەسەند نازانرێ، بەڵام لەگەڵ ئەندیش نابێ واز بێنن، بەڵکو پێویستە شانبەشانی خەباتی کوردەکان لەسەر کاری خۆیان بەردەوام بن تا ئەو رۆژەی کۆمەڵگای نێونەتەوەیی ئەو مافانە بۆ کوردەکان دابین دەکا کە خۆیان وەکو هەر یەکێک لە ئێمە دەیانخوازن.
ئەم کتێبە بۆ ئەوە نووسراوە تا سەرنج بۆ مەسەلەی کوردەکان رابکێشێ. میللەتی کورد لە رۆژهەڵاتی ناوەراست شەری دەرهەق دەکرێ، زۆریان پشتگیری لە ئاسیا و ئەفریقیا و ئەمریکای لاتین نییە، بەم جۆرە ئیتر بۆتە بەرپرسیاریی ئەورووپا کە یارمەتی کوردەکان بدات. وڵاتانی باکوور (سوید و نەرویژ و دانیمارک و فینلاند و ئایسلاند.... وەرگێر) لەم خەباتەدا رۆڵێکی گرنگ دەگێرن. دانمارک نوێنەری لە کۆمەڵێک کۆڕ و رێکخراوی نێونەتەوەییدا هەیە، کە دەتوانن فشار بخەنە سەر ئەو وڵاتانەی کوردەکان دەچەوسێننەوە، هەروەک بۆ نموونە لە ئێران و تورکیا و سووریا و عێراق روودەدەن. کوردەکان لە ناوچەیەکی ئەوتۆدا دەژین کە دەوڵەمەندە و پڕیەتی لە کانزا. ئەو پارییە مەزنە سیاسییەی سەبارەت بە نەوت دەکرێ کوردەکانی بە بارمتە گرتووە. هەروەها ئەوان بوونەتە قوربانی سیاسەتی ئاسایش و سیاسەتی دەرەوە لە کاتی پێشبڕکێکردن بۆ وەرگرتنی دەسەڵات. تورکیا وڵاتێکی ئەوتۆیە کە زۆربەی کوردەکانی دونیای لێ دەژی، لە هەمان کاتدا یەکێکە لەو وڵاتانەی دونیا کە زۆرترین پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤی لێ روو دەدا. بۆیە پێویستە هەوڵ و بایەخدانی دانمارک لە چەند بەرەیەک بخرێتە کار. دەبێ لە UN (نەتەوە یەکگرتووەکان) و EU (یەکێتی ئەورووپی) و OSCE (رێکخراوی ئاسایش و هاریکاری ئەورووپی) پشتگیری لە کاری دیکۆمەنتکردنی پێشێلکردنی پرنسیپە دیموکراتییەکان و مافەکانی مرۆڤ بکرێ و بە دیار بخرێن، جا ئەو پێشێلکردنانە چ بە شێوەیەکی گشتی بن یاخود لە حاڵەتە تایبەتییەکان. کۆمەڵگای نێونەتەوەیی دەبێ زێتر توند بێت لە گفتوگۆ رەخنامێزەکانی لەگەڵ ئەو وڵاتانەی کولتوور شوناسنامەی کوردەکان دادەپڵۆسن و سەرکوت دەکەنەوە. رەچاوکردنی مافەکانی مرۆڤ کە دانیان پیا نراوە هەرگیز کەمترین داخوازییە کە دەبێ ئاراستەی حکومەتی تورکی بکرێ. بۆیە دەبێ دەسپێشخەریی سیاسی پێویست بکرێت بۆ راگرتنی ئەو دەسدرێژییانەی دەکرێنە سەر کوردەکان و ئەو یاسا ئەنتی-دیموکراتییانەی کە روو لە زیادین و لە تورکیادا پیادە دەکرێن.

هەروەها دەبێ دانمارک ژیانێکی شیاو بۆ ئەو کوردانە لێرە دەژین دابین بکات کە دوور بێ لە راوونانیان لە لایەن ئەو وڵاتانەی لێیانەوە هەڵاتوون. شتێکی گرنگە کە هەموو توانا دیموکراتییەکان یەکگرن بۆ بەرگریکردن لە مافی کوردەکان، چونکە ئەمە خۆی لە خۆیدا بەرگریکردنە لە دیموکراتیی خۆمان. ئێمە ناتوانین ئەوە پەسەند بکەین کە وڵاتی ئەوتۆ هەبن لەگەڵ دانمارک لە هاریکاریدا بن بۆ نموونە لە NATO دا، لە هەمان کاتیشدا لە پێشێلکردنی پرنسیپە دیموکراتییە بنچینەییەکان بەشدار بن. لەبەر هەندێ ئەرکی هەر یەکێک لە ئێمەیە، وەکو سیاسەتمەدار و وەکو رێکخراو، کە لەگەڵ لایەنی بێهێز یەک بگرین.

ئومێدەوارین کە ئەم کتێبە بتوانێ ببێتە ئامرازێک بۆ بەهێزکردنی ئەم جۆرە هەوڵە مرۆڤایەتییانە بۆ گەلی کوردی حەز پێ نەکراو.

# کوردەکان یەک نەتەوەن

ڤیللو سیگوردسون

لە نزیک ئەورووپا ولاتێک هەیە خۆی بە خۆی دەڵێ دیموکراتی، پەرلەمانێک و حکومەتێک و سەرۆک کۆمارێکی هەیە. دەیەوێ پەیوەندی لەگەڵ ولاتانی رۆژئاوا باش بێ. بۆیە هەموو پەیماننامە و رێککەوتننامە و بڕیارنامەکانی سەبارەت بە دیموکراتی و ئازادی و مافی مرۆڤ ئیمزا کردووە.
هەروەها ئەم ولاتە لە رێکخراوە رێکوپێکەکانی رۆژئاوادا وەرگیراوە.
ئەندامی ناتۆیە کە هاریکارییەکی عەسکەرییە بۆ بەرگریکردن لە دیموکراتییە رۆژئاواییەکان و مافەکانی مرۆڤ.
ئەندامی ئەنجومەنی ئەورووپی و OSCEیە، کە هەردووکیان پێ لەسەر ئەوە دادەگرن کە ولاتانی ئەندام دەبێ رەفتاریان لە مەسەلەی دیموکراتی و مافەکانی مرۆڤ رێکوپێک بێت.
داوای ئەوە دەکات کە لە EU وەر بگیرێ و ساڵی پار بە رەسمی لە یەکێتی گومریکی ئەورووپی وەرگیرا. لەم ولاتەدا نەتەوەیەک هەیە کە نزیکەی ٢٥٪ی سەرجەمی دانیشتوان دەبن و خۆیان لە باقی دانیشتوان جیا دەکەنەوە بەوەی کە زمان و کولتوور و مێژووی تایبەتی خۆیان هەیە. ئەم نەتەوەیە دەخوازن رێگایان پێ بدرێ تا ناسنامەی خۆیان بە هەمان شێوە و لەسەر ئاستی باقی دانیشتوان لەم ولاتەدا پراکتیک بکەن. بەڵام بۆیان نییە! چونکە بە پێی دەستوور ولاتەکە یەک ولاتە و یەک نەتەوە، یەک زمان و یەک کولتووری هەیە. حکومەتی ولاتەکە نەتەوەی ناوبراو بەوە تاوانبار دەکا کە دەیانەوێ خۆیان دابڕن و دەوڵەتی خۆیان دامەزرێنن. بۆیە سوپای ولاتەکە ئەو ناوچانەی داگیر کردووە کە ئەو نەتەوەیەی لێ دەژی و ناوچەکەی خستۆتە ژێر باری نائاسایی عەسکەرییەوە.
ئەم ولاتە تورکیایە. نەتەوەکەیش کوردەکانن.

**رژێمی عەسکەری رووەکەی ئەو دیوە**

لە تورکیا نزیکەی نیوەی دانیشتوانە کوردەکان بەزۆر لە ناوچەکانی خۆیان راگوێزراون یاخود هەڵاتوون. هەر بە تەنها لە ساڵی ١٩٩٢ وە وە نزیکەی ٣٠٠٠ گوند لە لایەن سوپاوە تێک دراوە و نزیکەی دوو ملیۆن کەس ناچاری هەڵاتن کراون. لە ساڵی ١٩٨٠ وە تا ئەمرۆ ٢١٠٠٠ کەس لەو شەڕەی سوپا دژ بە دانیشتوانە کوردەکان دەیکا ژیانیان لە دەست داوە.
راونان، زیندانیکردن و ئەعزیبدان ژەمی رۆژانەن کە دەرخواردی ئۆپۆزسیۆنی سیاسی دەدرێن. نووسەر و رۆژنامەنووس و خەباتگێران لە پێناو مافی مرۆڤ دەخرێنە زیندان و بەدرەفتارییان دەرهەق دەکرێ. رێکخستنی پیشەیی و خۆپیشاندان قەدەغەن. تەنانەت ئەندامانی پەرلەمانیش دەخرێنە زیندان و ناچاری هەڵاتن دەکرێن بۆ دەرەوەی ولات و بەر گوللە دەدرێن.
لە ساڵی ١٩٦٠ەوە ولاتەکە سێ کۆدێتای عەسکەری بە خۆیەوە بینیوە. لە دوا کۆدێتا کە لە ساڵی ١٩٨٠دا بوو، ژەنەراڵەکان دەستوورێکیان سەپاند کە تا ئەمڕۆش لە سەری دەڕۆن. لە سەرووی پەرلەمان و حکومەت شتێک هەیە پێی دەڵێن ( ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی) کە قسەی هەوەڵ و ئاخیر تێیدا بە دەستی سوپاوەیە. هەموو بڕیارە گرنگەکانی حکومەت و پەرلەمان دەبێ لەلایەن ئەم ئەنجومەنی ئاسایش و سوپاوە پەسەند بکرێت.
دەسەڵاتی زل و زەبەلاحی سوپا لەمانەوە دیارە: دووەم گەورەترین ولاتی ئەندامی NATO یە نزیکەی چوارسەد هەزار چەکداری هەیە. ساڵانە نزیکەی ٤٠ ملیار کرۆن (ئەگەر بە پارەی دانمارکی بێت، کە دەکاتە ٥،٧ ملیار دۆلار.... وەرگێر) لە شەڕی ناوخۆ و داپڵۆسین خەرج دەکرێ. زۆر جاران بە ولاتەکە دەڵێن رژێمێکی عەسکەرییە بەڵام بە دیموکراتی بۆیاغ کراوە.
هەر لە کاتی جەنگی کەنداوەوە لە ١٩٩١ هاریکاری لە نێوان هەندێ رێکخراوی مرۆڤایەتی سەبارەت بە مەسەلەی کوردەکان لە دانمارک هەیە. رێکخراوەکانیش (هەڵبەندی دانمارکی مافی مرۆڤ) و ( یارمەتیدانی پەناهەندەکان لە دانمارک) و (نەتەوە یەکگرتووەکان) و (دیداری نەتەوەیی بزووتنەوەی کرێکاران) و (کۆمەڵەی دۆستانی دانمارکی - کوردی) ین. هەروەک لە هەردوو وتارەکەی (لاسە بودتز) و (کلاوس سلاڤنسکی) هاتووە ئێمە بە هەرسێکمان وەفدی دانمارک بووین کە سەرمان لە تورکیا و عیراق ناوچە کوردییەکانی ئەم ولاتانە دا.

سەرەڕای ئەم وەفدە سەقامگیرە ئەم بەڕێزانەش تاک و تەرا بەشداری سەردانەکانیان کردوە: سەرەک وەزیرانی پێشوو ئەنکە یۆرتسن) و ئەندامی پێشووی پەرلەمان لە حیزبی SF(١) (ئێبە سترانگە) بەڕێوەبەری نەتەوە یەککگرتووەکان (کێێلد ئۆکێێر) و سەرەکی بەشی دانمارکی PEN (٢) (ئیلز بارفۆید). ئامانج لەم سەردانانە ئەوە بوو پیاو بچێتە ناو ئەو کێشانەی لە ئارادان و هەوڵ بدات گفتووگۆیەک لە نێوان لایەنە ناتەباکان بێنێتە کایەوە. وتووێژ لەگەڵ وەزیران و سەرۆکانی پارتە سیاسییەکان ئەنجام درا. سەردرای هەندێش کۆبوونەوە لەگەڵ کۆمەڵێکی زۆر لە ڕێکخراوە سیاسی و مرۆڤایەتییەکان کرا. پرۆتۆکۆلی کۆبوونەوەکانی ئەم سەردانانە لە دوو ڕاپۆرتی ورددا باسکراون و لە (مەڵبەندی دانمارکی مافی مرۆڤ) دەست دەکەون.

**کوردستان لە لایەنی مێژووییەوە**

مێژووی کوردەکان دەگەڕێتەوە بۆ هەزاران ساڵ. کوردەکان پەیوەندییەکی مێژوویی بە هێزیان بەو ناوچە جوگرافییە هەیە کە پێی دەڵێن کوردستان. ڕۆڵێکی دیاریان هەبووە لەو گۆڕانانەی بەسەر ناوچەکەدا هاتوون و خۆیان تێکەڵی جەنگە سیاسی و کێشە ناوچەییەکان کردووە. خاکی کوردستان نزیکەی ٥٥٠ هەزار کیلۆمەتری چوارگۆشەیە. ناوچەیەکی دەوڵەمەندە و پڕیەتی لە سامانی سروشتی وەکو نەوت و جۆرەها کانزای تر. هەردوو ڕووباری دیجلە و فورات، کە بەشێکی زۆری تورکیا و عیراق و سوریا ئاو دەدەن، سەرچاوەکانیان لە کوردستان هەڵدەقوڵێ. کۆنە (ڕێگای ئاوریشم) کە ئەوروپای بە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەبەستەوە بە کوردستاندا ڕەت دەبوو. ئەمانە گشتیان وایان کردووە کە ناوچەکە بۆ دەستێوەردان و کێشەنانەوە بەرچاو بێ. هەروەها ئەم هۆکارانە بونەتە کۆسپ لە ڕێگای یەککرتنەوەی کوردەکان. کوردستان هەمیشە لە ژێر دەسەڵاتی بێگانەدا بووە. ئەمڕۆیش نزیکەی ٢٥ ملیۆن کورد هەن کە لە نێوان تورکیا و ئێران و عیراق و سوریادا بەش بوون. ژمارەکە هەر بە مەزەندەیە چونکە ڕێگای ئەوەیان نادرێ وەکو کورد ناونووس بکرێن. هەندێک ژمارەش باس لە ٤٠ ملیۆن دەکەن. بەشی هەرە زۆری کوردەکان لە تورکیا دەژین. هەمووشیان لە مافە ئاساییە دیموکراتی و مرۆڤایەتییەکان بێبەش کراون. لە کوردستانی تورکیا نزیکەی ١٠٪ ی دانیشتوانی ئاسوری و ئەرمەنین. لە کێشە زۆر و زەوەندەکان هەمان چارەنووسیان لەگەڵ کوردەکان هەبووە. ئەم ئەتەوانە زۆر جاری وا بووە کە لەگەڵ یەکتری تووشی کێشە بوونە و لە لایەن هێزە بێگانەکان هاندراون تا وەکو دژی یەکتری بجەنگن. زۆربەی کوردەکان بە ئاین موسلمانن، کەچی ئاسوری و ئەرمەنییەکان عیسایین (٣).

ئەم جیاوازییە ئاینییەش قۆزراوەتەوە تاوەکو تەفرەقە لە نێوان ئەم کۆمەڵە خەڵکانە دروست بکرێ. تورک و فارس و عەرەبەکان، کە وەک دراوسێ لە تەک کوردەکان دەژین، ئەوانیش لە ژێر بار و زروفی ئازاد و دیموکراتیدا ناژین.

هەروەها لە کارتێکردنی ئەو یاسا چەوسێنەر و ئەو شەڕانەی ڕژێمەکانیان دژ بە کوردەکان ئەنجامیان دەدەن بەدەر تێن. خەباتکردن لە پێناوی ئازادی و دیموکراتی کار دەکاتە سەر باری ئەو دراوسێیانەش. ئەگەر هاتوو کوردەکان لە هێنانەدی مافە ئازادی و دیموکراتییەکان سەرکەوتن، ئەوا دوور نییە ئەو مەسەلەیە دراوسێکانیش بگرێتەوە. ئەمەش هۆیەکی ترە کە ڕژێمەکانی ناوچەکە وەزعێکی تایبەتی بۆ کوردەکان قبوڵ ناکەن. هەر لە دوادوایی سەدەی حەڤدەهەم یەکەم بیرۆکەی سەبارەت بە کورد و کوردستان وەکو دەوڵەتی نەتەوایەتی سەری هەڵدا. خەباتی کوردەکان لە پێناو وڵاتی خۆ و ئازادبوون لە ژێر دەستی هێزە بێگانەکان لە سەدەی نۆزدەهەم دەستی پێکرد.

تا ئێستا کوردەکان نەگەیشتوونەتە ئامانجی خۆیان. هەر جارەی کوردەکان ڕاست دەبنەوە و شۆڕش دەکەن، دڕندانە لەسەریان دەدرێ. ئەنجامی ئەمەش ملیۆنەها کوژرا و زۆرەهای تریش ناچاری دەربەدەری دەکرێن. جیهانی دەرەوە هەمیشە بە چاوێکی پەسیڤانە (سلبی) سەیری ئەم چەوساندنەوەی کردووە. وڵاتانی ڕۆژئاوا بەرژەوەندی خۆیان لە کوردستان و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەبووە کە ڕەچاوی بکەن. ئەمە بە ئاشکرا لەو کەمبایەخییە دیارە کە لە ڕێککەوتننامەی ئاشتی دوابەدوای شەڕی یەکەمی جیهانی لە سیڤەر Sevres لە ١٩٢٠ بە کوردەکان درا. ڕێککەوتننامەکە پەیمانی مافی سەربەخۆیی دایە کوردەکان. سێ ساڵ پاشتر ئەم مافە لە لوزان Lausanne بەلاوە نرا، چونکە لە دژی بەرژەوەندی لایەنە پەیوەندیدارەکان دەکەوتەوە.

(گێرت پیتەرسن) و (لاسە بودتز) بە قووڵتر باسی ئەم تروسکاییە لە مێژووی سیاسەتی نێودەوڵەتی دەکەن. تا ئەمڕۆش بەهەمان چاوی سلبی تەماشای چەوساندنەوەکە دەکرێت. لەگەڵ ئەوەی ملیۆنەها کورد

تووشی داپلۆسین و چەوساندنەوە دێن، کەچی ئەنجامەکەی زۆر کەم بە خراپ بەسەر رژێمە بەرپرسیارەکاندا دەشکێتەوە. سەرباری ئەم هەموو شتەش، هێشتا پشتگیری سیاسی و ئابووری و عەسکەری لە لایەن وڵاتانی رۆژئاواوە لە تورکیا دەکرێ.

**رێکخراوە کوردییەکان**

وەفدەکەی دانمارک لەگەڵ چەندەها پارت و رێکخرای کوردی کۆ بووەوە. لێرەدا تەنها باسی ئەو کۆبوونەوانە دەکەین کە لەگەڵ ئەندامانی پەرلەمان لە حیزبی DEP(پارتی دیموکراتی) و سەرکردایەتی HADEP (پارتی گەلی دیموکراتی) ساز دران. HADEP جێگرەوەیDEP ە لە پەرلەمان دوای ئەوەی DEP قەدەغە کرا. لە مانگی کانوونی یەکەم/ دیسەمبەری ١٩٩٣ لەگەڵ ئەندامە کوردەکانی پەرلەمان (لەیلا زانا) و (عەلی یێگت) کۆبووینەوە لە بەشەکانی تر زۆر باسی کۆبوونەوەکانی پاشتر لە گەڵ (لەیلا زانا) دەکرێ کە ئەمرۆ بە داخەوە حوکمی زیندانییەکی ناهەق بەسەر دەبا. لەو کاتەی (چیلەر)ی سەرەک وەزیرانی ئەوسا وایکرد کە سوپا پەرلەمەنتارەکانی DEP بگرێت، (عەلی یێگیت) لە دەرەوەی وڵات بوو، بۆیە ئەمرۆ لە مەنفا دەژێت هەردووک (زانا) و (یێگیت) ئەو کاتە ئەندامی پەرلەمان بوون لە لایەن DEP و ئاگاداری مەترسی حوکم و زیندان بوون. کە ئێمە لە ئوتێلێک لە ئەنقەرە لەگەڵیان کۆ بووینەوە، دەزگای موخابەراتی تورکی بە ئاشکرا لەوێ بوون. پشکنین و تەشقەڵە پێکردن شتی ئەوتۆ نەبوون بشاردرێنەوە. هەڵوێستە کە لە ناو پەرلەمان لەو کاتەدا لە پەرەسەندندا بوو، خەریک بوو دەبووە کێشەیەکی تر لەو کێشە سیاسییە زۆرانەی تورکیا. DEP هەندێ ئەندامانی پەرلەمان بە کاری جوداخوازی تاوانبار کران. هەروەها (لەیلا زانا) بەوە تاوانبار کرا کە لە پشت بڵندگۆی پەرلەمانەوە بە کوردی قسەی کردووە. دوابەدوای ئەمە DEP لە ١٩٩٤ قەدەغە کرا. لەیلا زانا و ئەندامانی تری پەرلەمان حوکمی وا دران کە دەگاتە ١٥ ساڵ زیندانی. لەگەڵ (عەلی یێگیت) پێنج ئەندامی تری پەرلەمان توانیان راکەنە دەرەوەی تورکیا و لە زیندانکردن رزگاریان بێ. (یێگیت) و ئەوانی تر ئەمرۆ لە پەرلەمانی کوردی لە مەنفا ئەندامن، کە دواتر لەم بەشە زیاتر لێی دەدوێین.

لە مانگی تشرینی یەکەم/ئۆکتۆبەری ١٩٩٤ بۆ یەکەم جار لەگەڵ (موراد بۆزلاق) سەرەکی کاتی HADEP کۆ بووینەوە. سەرەکی راستیHADEP ئەو کاتە لە زیندان بوو، چونکە لە کۆبوونەوەیەک لە ئەوروپا لەگەڵ چەند پەرلەمەنتارێکی ئەورووپی باسی مەسەلەی کوردی کردبوو.

(بۆزلاق) وەکو زۆربەی سەرکردە کوردەکانی تر، کە ئێمە لەگەڵیان دانیشتین، بە گەرمی باسی چارەسەرێکی سیاسی بۆ کێشەی نێوان رژێمی تورکیا و کوردەکان دەکرد.

کە DEP هێشتا مابوو، و نوێنەری لە پەرلەمان هەبوو. ئومێدێکی گزی گفتوگۆ لە نێوان رژێمی تورکیا و کوردەکان هەبوو. بەلام ئەمرۆ دوای ئەوەی کە DEP قەدەغە کرا و پەرلەمانتارەکانی ناچاری زیندان و هەڵاتن کران، توانای گفتوگۆ گەیشتۆتە رادەی سفر.

لە مانگی نیسان/ ئەپریلی ١٩٩٥ جارێکی تر لەگەڵ (موراد بۆزلاق) کۆ بووینەوە. لەم ماوەیەدا HADEP چەند جار بارەگاکانی خۆی گواستبۆوە، چونکە نووسینگەکانی تێک و پێک درا بوون. لە شوێنی بارەگا تازەکەشیان بۆمبایەکیان بۆ دانابوونەوە. کە ئێمە گەیشتینە ئەوێ لوولەی ئیلیڤاتور (مصعد) ەکەمان بینی بە ناو یەکدا رووخا بوو، و نیوەی ئەو نهۆمەی بیناکە کە HADEP گرتبووی زیانی سووتانی پێ گەیشتبوو.

لەو کاتە دیار بوو کە لە دوادوایی ١٩٩٥دا هەڵبژاردنی شارەوانییەکان دەکرێ. بۆیە پرسیاری ئێمە ئەوە بوو ئاخۆ HADEP وەکو تاکە حیزبێکی کوردی خۆی رەپێش دەکا و بەشداری هەڵبژاردنەکان دەکا. ئەمە لەلایەک لە لایەکی تریشەوە ئاخۆ حکومەتی تورکی دەیەوێ بوونی HADEP بکاتە سەرە پردێک بۆ پەیوەندییەک، یاخود گفتوگۆیەک لەگەڵ بۆ نموونە PKK. (بۆزلاق) ئەوەی دووپات کردەوە کە کوردەکان لەسەر هەر ئاستێک ئامادەی گفتوگۆن. "ئێمە مەرجی پێشوەخت دانانێین. بەلام حکومەت دەبێ ئاشکرای بکات کە ئارەزووی لە گفتوگۆیە و هەموو چالاکییەکی عەسکەری رابگرێ، کە هەرگیز ناگاتە هیچ ئامانجێک". بەلام لەبەر ئەوەی شەر لە ئارادایە، (بۆزلاق) بە شتێکی واقعی نەدەزانی کە PKK راستەوخۆ بێتە ناو گفتوگۆ لە نێوان حکومەتی تورکی و کۆمەڵە کوردییەکان، بەلام بۆزلاق گوتی کەوا دەبێ رەزامەندی PKK سەبارەت بەو کۆمەڵانە لەبەر چاو بگیرێ، ئەگەر هاتو چارەسەرێکی واقیعیانە هاتە کایەوە. (بۆزلاق) رای وابوو کەوا دەبێ حکومەتی تورکی

ناچاری ئەم جۆرە گفتوگۆیە بکرێت. HADEP دەیویست ڕۆڵێک ببینێ بۆ بەیەک گەیاندنی نێوان PKK و حکومەت.HADEP بە پێی بۆچوونی (موراد بۆزلاق) حیزبێکە دەیەوێ هەموو کۆمەڵە ئێتنییەکان (ڕەگەزەکان) یەک بخات. بۆیەش (بۆزلاق) لای وابوو کە تەقە ڕاگرتن دەبێ لە هەردوو لاوە بێت و حکومەت دەبێ نیشانەیەکی پۆزەتیڤ (ئیجابی) پیشانی PKK بدات. لە هەڵسەنگاندنی باری سیاسی ئێستا (بۆزلاق) سەبارەت بەو سوسیالدیموکراتانەی تازە خۆیان لێکداوە گوتی، حکومەتی تورکی چەند حکومەتێکی دیموکراتییە ئەوانیش هەر ئەوەندە سوسیالدیموکراتن. لەم کاتەدا دوو پارتی سۆسیالدیموکرات خۆیان لێکدابوو و بەرەبەری هەڵبژاردنی شارەوانییەکان یەک حیزبیان پێک هێنا بوو. (بۆزلاق) ئیشارەتی بۆ ئەوە کرد کە هەرچەندە هەندێک ئەندامی پەرلەمان لە سۆسیالدیموکراتەکان کە HADEP پەیوەنی لەگەڵیان هەبووە هەڵوێستی پۆزەتیڤیان بەرامبەر کوردەکان هەبووە، بەڵام لەگەڵ هەندێش یەکێک لەو دوو پارتە، SHP، بەشداری چەوساندنەوەی DEP ی کردووە. سۆسیالدیموکراتە تازەکە، بە پێی بۆچوونی بۆزلاق، هەوڵی ئەوە نادا چارەسەرێکی ئاشتییانە بێنێتە ئاراوە، بەڵکو ئایدیۆلۆژیاکەی وەکو حیزبە بۆرژواکان لەسەر بناغەی (کەمالیزم) دامەزراوە. HADEP، لە هەندێ حیزبی چەپرەوی بچووک بترازێ، ڕازی نەبوو هاوکاری لەگەڵ زۆربەی پارتەکانی ناو پەرلەمان بکات. سەرۆکی HADEP قەناعەتی هەبوو کە کوردەکان لە هەڵبژاردنی داهاتوو پێشکەوتن وەدەست دێنن. وا دیار بوو، هەروەک لە نزیکترەوە لە بەشەکەی (لاسە بودتز) باس دەکرێ، کەوا HADEP لە هەڵبژاردندا لە بەرامبەر حیزبی ڕەفاهی ئیسلامی توشی پاشەکشە هاتبوو. بوزلاق و تەواوی سەرکردایەتی HADEP لەوساوە و لە دوای بەستنی کۆنگرەی ساڵانە یان لە١٩٩٦ بۆ ماوەی دووردوورێژ حوکمی زیندان کراون. دوو گەنج لە دوای کۆنگرە کە ئاڵای تورکیایان داگرتبوو، ئەم ڕووداوە وای کرد تووڕەیی حکومەت بتەقێنێتەوە. مودەعی عامی دادگای ئاسایشی دەوڵەت لە کاتی لە دادگاپێکردندا داوای کردبوو ئەم دوو کەسە لە سێدارە بدرێن، هەرچەندە تورکیاش وەکو دانمارک پرۆتۆکۆلی پاشکۆی پەیماننامەی مافی مرۆڤ لە ئەورووپای ئیمزا کردووە، کە لە سێدارەدان قەدەغە دەکات.

(پرۆژەی مافی مرۆڤی کورد) کە دەزگایەکی یاسایی مافی مرۆڤە لە لەندەن بە دوای مەسەلەی HADEP دا چووە و پشتگیری کردووە، کە تا ئێستاش لە دادگای ئاسایش لە تورکیا لە هێنان و بردن دایە. مەسەلەیەکی تریش سەبارەت بە مامەڵەکردنی کوردەکان لە لایەن تورکیاوە وا بەڕێوەیە بەرەو دادگای مافی مرۆڤ لەئەورووپا.

**پەرلەمانی کوردی لە مەنفا**

پاش ماوەیەکی کورت لە جەنگی یەکەمی جیهانی سوپای تورک ناوچە کوردییەکانی داگیر کرد. لە ساڵی ١٩٢١ وە تا ساڵی ١٩٣٨ شەڕێکی توندی ڕانەکەیەندر و دژ بە کوردەکان دەگەڕا.

لە هەمان کاتدا هەڵمەتێکی گەورە خرایە کار بو ئەوەی کوردەکان بتوێنرێنەوە و ئینکاری بوونی خۆیان بکەن. پاشتر ناوچە کوردییەکان خرانە ژێر باری نائاسایی عەسکەرییەوە. دوای کودیتا عەسکەرییەکەی تورکیا لە ساڵی ١٩٨٠ شەڕی قەتلوعام دژی کوردەکان دەستی پێ کرد.

لەتەک ئەمەش هوشیاری و ئارەزووی سەربەخۆییەکی زیاتر لە لای کوردەکان گەشونمای کرد. بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد سوودی لە خەباتی ئازادی شوێنانی تری دونیا وەرگرت. چەوساندنەوەی هەمیشە و ڕاونانی بەردەوام زیتر لە نیوەی کوردەکانی ناچار کردووە یان ئەوەتا بکوازنەوە ڕۆژئاوای تورکیا یاخود ڕابکەنە دەرەوەی وڵات. زۆربەی کوردەکان ئارەزوویانە بکەرێنەوە کوردستان. لە پێناو وەدیهێنانی زیتر مافی سەربەخۆیی پاڵپشتی خەبات دەکەن، بۆ ئەمەیش پێویستیان بە ئەنجومەنێکی هاوبەشە کە چاوی لە بەرژەوەندییەکانیان بێت.

لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی تورکی لە ساڵی ١٩٩١، شانزە کورد هەڵبژێردران، کە نوێنەری خەبات بوون لە پێناو مافی کوردەکان. لە هەمان کاتدا زۆر سەرەک شارەوانیی کورد هەڵبژێردران کە پشتگیری ئەو بنەما سیاسییەیان دەکرد. هەر لەوساوە زۆر لەو نوێنەرانە کە لە لایەن گەلەوە هەڵبژێردرابوون تووشی ڕاونان و کوشتن و زیندانی کردن، یاخود ناچاری هەڵاتن کراون بۆ دەرەوەی وڵات. بەم جۆرە کوردەکان ڕێگای نوێنەرایەتکاری پەرلەمانییان نەما. بە هەمان شێوە حکومەتی تورکیاش بە ئاگا یان بێ ئاگا ئەو ڕێگەیەی لە خۆی بری کە بتوانێ پارتە پەرلەمانتارییە شەرعییەکان وەکو نێوەند لە کێشەی تورکی - کوردی بەکار بێنێ.

هەروەک لە بەشەکەی (کلاوس سلاڤتسکی) دەتوانی بخوێنییەوە، کوردەکان ڕێگایان نادرێ کە خۆیان لە کۆمەڵەی کوردی ڕێکبخەن. هەروەها ڕێگای ئەوەشیان نادرێ کە بە ئازادی زمانەکەی خۆیان بەکار بێنن. ئەو جۆرە مامەڵەیەی تا ئەمڕۆ لەگەڵ پارتە پەرلەمانتاریکانی وەکو HEDEP و DEP دەکرێ، وادەکا کە زۆر زەحمەت بێ پیاو وێنەیەکی لا دروست بێ سەبارەت بە نمایندەکردنی ڕاستەقینەی کوردی لە پەرلەمان و کوڕ و کۆبوونەوە هەڵبژێردراوەکانی تر لەو ناوچانەی کوردیان لێ دەژی.

لە دوای جەنگی کەنداو لە ١٩٩١ کوردستانی عیراق- خوارووی کوردستان- کەوتە ژێر پارێزکاری UN کوردەکان ئەم ئازادییە تازە وەدەستهاتووەیان قۆزتەوە و بە هەڵبژاردن پەرلەمانێکیان دامەزراند. ئەم پەرلەمانە کوردییە و ئەو بێ دەرفەتییەی ناو تورکیا بوونە هاندەری ئەوەی پەرلەمانی کوردی لە مەنفا دابمەزرێ. لە ساڵی ١٩٩٤ کومیتەیەکی ئامادەکردن دانرا.

دەستپێشخەرانی کۆمیتەکە ئەندامانی DEP و ئەندامە لە کارخراوەکانی پەرلەمانی تورکی و چەندین نوێنەرانی ڕێکخراوە سیاسی و کولتورییە جیاجیاکان بوون.

پەرلەمانی کوردی لە مەنفا (پ. ک. م.) لە ١٢ ی نیسان/ ئەپریلی ١٩٩٥ لە شاری لاهای لە وڵاتی هۆڵاند دامەزرا.

(پ. ک. م.) لە ٦٨ ئەندام پێک هاتووە. ئەندامە کوردەکانی پەرلەمان و سەرۆک شارەوانییەکانی کە لە تورکیا لە کار خراون شوێنی هەمیشەییان هەیە. ئەوانی تر بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ لە ڕێگای کۆمەڵەیەکی نمایندەکەر هەڵبژێردراون. هەر هەمووشیان لە نێوان کوردەکان و ئاسورییەکان و ئەرمەنییەکانی دەرەوەی تورکیا هەڵبژێردران. لە دوا وەرزی پەرلەمان لە ئۆسلۆ لە تشرینی یەکەم/ ئۆکتۆبەری ١٩٩٦ بڕیار درا کە کار بکرێ بۆ ئەوەی لە ڕێگای نوێنەرانی هەڵبژێردراو لە - کوردستانی باکوور- پەرلەمانەکە فراوانتر بکرێت.

هەموو ڕێکخراوە کوردی و ئاسوری و ئەرمەنییەکان بانگکراون بۆ ئەوەی خۆیان بێننە پێش و بەشداری پەرلەمانی مەنفا بکەن. هەندێ ڕێکخراو وایان بە باش زانی بەشداری نەکەن. ئەوانەش بۆرژواکان و سۆسیالدیموکراتەکان و ڕێکخراوە چەپڕەوە شۆڕشگێڕەکان بوون. لە کۆتایی ئەم بەشە لیستەیەک بە ناوی ئەندامانی پەرلەمانەکە هەیە، کە تیایدا دیارە تا چ ڕادەیەک (پ. ک. م.) بە شێوەیەکی پان و بەرین پێک هاتووە.

**پەرلەمانی مەنفا و PKK**

(پ. ک. م.) لە لایەن حکومەتی تورکی و هەندێ ڕێکخراوی کوردییەوە بەوە گوناهبار دەکرێ کە گوایە پەیوەندییەکی نزیکی بە PKK ەوە هەیە. بەڵام PKK هیچ نوێنەری لە نێو (پ. ک. م) دا نییە ١١ ئەندام لە ناو پەرلەمانەکە نوێنەرایەتی ERNK (بەرەی ڕزگاریخوازی نەتەوەی کورد) دەکەن. ERNK ڕێکخراوی سیاسی پالپشتی PKK یە، بە هەمان شێوەی پەیوەندی IRA و Sien Fien لە ئیرلاند. ڕژێمی تورکیا دەیەوێ وا لە وڵاتانی ڕۆژئاوا بگەیەنێ کە ئەندامانی (پ. ک. م ) و DEP تیرۆرستی کێوین و ڕێگای توند و تیژی بۆ مانا بە کار دێنن بۆ گەیشتن بە ئامانجی سیاسی خۆیان. کە پیاو لە نزیکەوە ئەندامانی (پ. ک. م.) و DEP دەناسێ وێنەیەکی تەواو جیاوازی دەسگیر دەبێ. (یەشار کایا) کە پیاوێکی بازرگانی بە تەمەنی زۆر زیک و پێکە ، و بەڕێوەبەری بەشی تورکیای کۆمپانیای Siemens زیمنزی ئەڵمانی بوو و خاوەنی ڕۆژنامەی Uz gurg Gundem ی کوردییە، سەرۆکی DEPە. بەڵام توانا و کاریگەری پروپاگەندەی ترسێنەری تورکیا لە بارەی کوردەکانەوە لەوە دیارە کە (نیلز هێڤلی پیتەرسەن) وەزیری دەرەوە (مەبەست دانمارکە...وەرگێڕ) ڕازی نەبوو بەوەی لەگەڵ (یەشار کایا)ی سەرۆکی (پ. ک. م.) کۆبێتەوە.

زۆر لە ئەندامانی پەرلەمان لە حیزبی DEP پلە و پایەی دیاریان لە ناو کۆمەڵگای تورکیدا هەبووە. لە بنەماڵەی مەزن و ناودار و هەبووە و بوون. کە لە نزیکەوە ئاسیاوییان لەگەڵ پەیدا دەکەی، ئیتر زەحمەتە بەو قسە هەڵبەستراوانە باوەڕ بکەی کە دەڵێن گوایە ئەوان مەیلی تیرۆریستییان هەیە.

گرنگترین ئامانجی (پ. ک. م.) ئەوەیە کە بەرژەوەندیی سیاسی و کولتووری و ئابووری و کومەلایەتی و ئاسایشی کوردەکان بپارێزرێ. ئەم پەرلەمانە بەرپەرچی هەموو شێوەیەک لە شێوەکانی داگیرکردنی کوردستان دەداتەوە، و خەباتی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی بە کارێکی ڕەوا دەزانێ.

**دامەزراندنی کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان ئامانجێکی گرنگە.**

(پ. ک. م.) ئاواتی ئەوەیە کە ئەوەندەی لە توانایدایە زۆرترین ژمارە لە پارت و ڕێکخراوە کوردییەکان لە

هەموو ناوچەکانی کوردستان کۆ بکاتەوە. ئەم جۆرە کۆکردنەوەیە ڕێگا بۆ کۆنگرەی نەتەوەیی خۆش دەکا، لەسەر هەمان شێوەی PLO ی فەلەستینییەکان و ANC میللەتی خوارووی ئەفریقا. ئومێد ئەوەیە لە ڕێگای کۆنگرەی نەتەوەییەوە سەرکەوتنێکی گەورەتر لە مەودای نێونەتەوەی وەدەست بێ. (پ. ک. م.) کاری خۆی لە ڕێگای لێژنەیەکی کاروباری ڕۆژانە و کۆمەڵێک لێژنەی تایبەتی تر ئەنجام دەدا.

سێ مانگ جارێک پەرلەمان کۆبوونەوەی خۆی لە یەکێ لە پایتەختە ئەوروپاییەکان و زۆرجاران لە بارەگای پەرلەمانەکان ساز دەکا. باڵوێزخانەکانی تورکیا ئەمەیان زۆر پێ ناخۆشە و بە توندی ناڕەزایی خۆیان لە لای وەزارەتەکانی دەرەوە و دەزگاکانی ڕاگەیاندن دەردەبڕن.

(پ. ک. م.) کۆبوونەوەی سێیەمی خۆی لە -Chris tiansborg (بارەگای پەرلەمانی دانمارکە..وەرگێڕ) لە کۆپنهاگن بەست. باڵوێزخانەی تورکیا ناڕەزایی خۆی گەیاندە حکومەتی دانمارکی، بەڵام ناڕەزاییەکە ڕەت کرایەوە، چونکە هەروەکو (ئێرلینگ ئۆلسن) ی سەرەکی پەرلەمانی دانمارک گوتی، بە پێی یاسا ڕێگای کۆبوونەوەی سیاسی لە دانمارک هەیە. ئەم ناڕەزاییەی تورکیا ئەوە پێشان دەدا کە تا چ ڕادەیەک زەحمەتە کاری سیاسی شەرعی لە تورکیا بکرێت. هەروەها سوپای تورکیا چەند لەوە دەترسێ کە دەنگی کورد ببێتە دەنگێکی شەرعی لە ئەوروپا.

کاردانەوەی توندی باڵوێزخانەی تورکیا بووە هۆیەکی ڕاستەوخۆ کە هەموو ڕۆژنامەکان و میدیا ئەلکترۆنییەکان باسی کۆبوونەوەکە بکەن. ئەو کۆبوونەوە بە دیۆمە وای کرد کە هەر پێنج نووسەری ئەم کتێبە دەرکرێن و چیتر نەتوانن پێیان بنێنە سەر خاکی تورکیا. لە تەک ئەمەش کاری مرۆڤایەتی چەندەها ساڵیش لە پێناو مەسەلەی کورد تا ڕادەیەک بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ دەوری هەبوو.

کۆبوونەوەکەی کۆپنهاگن لەوەی دەکۆڵییەوە ئاخۆ ئەوروپا تا چ ڕادەیەک توانای بەشداری چارەسەری کێشەکەی ناو تورکیای هەیە. لێژنەیەک لە سیاسەتمەدارە دانمارکییەکان لەگەڵ ژمارەیەکی زۆری جەماوەر بەشداری کۆبوونەوەکەیان کرد، بە تایبەتیش ئەو کوردانەی لێرە دەژین. لە ئەنجامی کۆبوونەوەکە هیچ چارەسەرێک بۆ کێشەکە نەهاتە دەست.

ئەوەی سەیرە تەنها بەشدارانی لێژنەکە لە سۆسیالدیموکراتەکان و SF و Enhedslisten (کە ئەویش حیزبێکی چەپڕەوی دانمارکییە..وەرگێڕ) خرانە لیستەی ڕەشەوە.

(ڤیگۆ فۆشەر) لە پارتی پارێزگاران و (یۆنا گرون) لە پارتی Venstre هەردووکیان بەشداری لێژنەکە بوون، کەچی نەخرانە لیستەی ڕەشەوە.

ئەمە لەبەر ئەوە نییە کە ڕژێمی تورکیا ڕای وایە کە ئەم دوو سیاسەتمەدارە هەڵوێستی پۆزەتیڤیان سەبارەت بە باروزروفی ناو تورکیا هەیە. بە تایبەت (ڤیکتۆر فیشەر) کە هەڵوێستی زۆر توندە بەرامبەر بە مامەڵەکردنی کوردەکان و داپڵۆسین و مافەکانی مرۆڤ لە تورکیا.

ئەگەر پیاو بیەوێ ئەو کێشەیەی ناو تورکیا لە ڕێگای گفتوگۆوە چارەسەر بکات، ئەوا (پ. ک. م.) گرنگترین کەرستەیە کە بۆ ئەم مەبەستە بەکار بێت. ئەمەش بە تایبەتی لەم کاتەدا گرنگە کە گۆشەنیگا کوردییەکان چیتر نوێنەریان لە ناو پەرلەمانی تورکیادا نییە، بەڵکو تەنها لەو دیو دەروازە داخراوەکانی زیندانەکان دەبیسترێن.

**خەباتی کولتوری کوردەکان**

کەرەستەیەکی تری گرنگی کوردەکان لە پێناوی بڕیاری سەربەخۆیی، سەتەلایتی MED-TV یە. ئەم ئێستگەیە هەر لە ساڵی ١٩٩٥ وە بەرنامەکانی پەخش دەکا و تێکڕا ئەوروپا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقیا دەگرێتەوە کە ژمارەی دانیشتوانیان دەکاتە نزیکەی ٤٠٠ ملیۆن کەس.

ئێستگەکە لە ئەوروپاوە پەخش دەکرێ و دەزگای نووسین و بڵاوکردنەوەی لە ئینگلتەرا و بەلژیک و ستۆکهۆلم و بەرلین و مۆسکۆ هەیە. هەموو ئێوارەیەک نزیکەی شەش سەعات بەرنامەکانی بە زمانی کوردی و تورکی و ئینگلیزی بڵاو دەکاتەوە. ڕووبەری پرۆگرامەکان بەقەدەر تەلەڤیزیۆنی دانمارکی پان و بەرینە و پرۆگرامی منداڵان و لاوان و کولتوور و گفتوگۆ و دیکۆمەنت و دەنگ وباس و هتد... بە خۆوە دەگرێ.

ئێستگەکە موڵکی تایبەتییە و لە لایەن دەستپێشخەرانی تایبەتییەوە، کە پشتگیری خەباتی کوردەکان دەکەن، دامەزراوە. هەر لەبەر هەندێش ئێستگەکە پشتگیری پەرلەمانی مەنفا و PKK دەکات. ئەمە بۆتە دڕکێک و چەقیوەتە چاوی ڕژێمی تورکیا کە فشاری خستۆتە سەر زۆربەی حکومەتە ئەوروپییەکان تاوەکو MED - TV قەدەغە بکەن. ئەمە زۆر جاری وا بووە سەری گرتووە، بەڵام ئێستگەکە جارێکی تر و لە شوێنێکی دی دیسان

بەرنامەکانی پەخش کردۆتەوە. لەگەڵ هەندێش حکومەتی تورکی هەوڵی ئەوە دەدا کە نەهێڵێ ئەنتێنی پەرەپۆل لە ناوچە کوردییەکان بفرۆشرێ، تاوەکو رێی ئەوە لە کوردەکان بگرێ کە هیچیان لە MED-TV یەوە پێ بگات.

MED-TV یەکێکە لە بەنرخترین کەرەستەکانی خەباتی ئاشتیانەی کوردەکان لە پێناو سەربەخۆیی. هەروەها ئەم ئێستگەیە دەتوانێ بەشداری بکات لە کردنەوەی چەندین دەرگای دیپلۆماسی و هیوادارین ببێتە هۆی کەمکردنەوەی ئازار و ئەشکەنجە و قوربانیی گیانی لەم کێشە بەلایەدا.

لە دەزگا بەنرخەکانی تر بۆ گەڕان بە دوای چارەسەرێکی ئاشتیانەی ئەو کێشەیەی ناو تورکیا دەبێ ناوی نووسینگەکانی ڕاگەیاندنی ERNK بێنن کە لە ئەورووپا بڵاو بوونەتەوە و لە کۆپنهاگنیش هەیە. هەروەکو لە پێشەوە باسمان کرد ERNK ڕێکخراوی سیاسی پاڵپشتی PKK یە.

لە ڕۆژانی ڕژێمی ئەپارتاید لە وڵاتی خوارووی ئەفریقیا، ANC دەزگایەکی ڕاگەیاندنی لە کۆپنهاگن هەبوو، کە وەکو باڵوێزخانەیەک وابوو بۆ زۆرایەتییە ڕەشپێستەکان. کۆمەڵێکی زۆر لە گروپە شۆڕشگێرەکان بۆ ماوەی چەندین ساڵ ماوەیان بۆ ڕەخسابوو (باڵوێزخانەی) ناڕاستەوخۆ بکەنەوە. کە زمان حاڵی سیاسیی گروپەکان بوو. نووسینگەی ERNK لە کۆپنهاگن کارێکی دیپلۆماسی مەزن رادەپەڕێنێ. لێرەش باڵوێزخانەی تورکیا هەوڵی دا ئەم نووسینگەیە بە داخستن بدات، بەڵام هەوڵەکەی سەری نەگرت. نووسینگەکە پەیوەندی چاکی لەگەڵ سیاسەتمەدارانی دانمارک و ڕێکخراوە مرۆڤایەتییەکان هەیە.. هەروەها دەستیان هەبووە لە ڕێکخستنی جۆرەها کۆبوونەوەی گشتی بە بەشداری زۆربەی پارتەکان. لە یەکێ لە کۆبوونەوەکان - لە Christiasborg وا لوا کە باڵوێزی ئەوسای تورکیا لە هەمان ڕیز وەکو یەکێ لە نوێنەرەکانی (پ. ک. م.) دابنیشێ.لەگەڵ هەندێش کۆبوونەوەکە لە MED-TV پیشان درا.

یەکێک لە دەستپێشخەرییە گرنگەکانی نووسینگەی ERNK لە وڵاتانی باکوور، دامەزراندنی (ئەنجومەنی کوردی - باکوور)ە. ئەنجومەنەکە لە پارتە بۆرژوا و سۆسیالیستەکان و خەڵکانی ڕێکخراوە مرۆڤایەتییەکان لە وڵاتانی باکوور پێک هاتووە. ئامانجیش ئەوەیە کە گروپێک دابمەزرێ بۆ کارکردن لە پێناو هێنانەدی گفتوگۆیەک لە نێوان لایەنە دژ بە یەکەکان لە کێشەکەی تورکیا.

سەرەڕای هەندێش یەککرتنێکی کۆمەڵە کولتووری و کۆمەڵایەتیە کوردیەکان لە دانمارک هەیە، کە هەموویان لە کۆمەڵەیەکی هاوبەش کۆ بوونەتەوە و پێی دەڵێن FEY-KURD . کۆمەڵەکە جەژن و ئاهەنگ ساز دەکا و شوێنی کۆبوونەوە و بەیەکگەیشتنی زۆربەی کوردەکانی تورکیایە. بەم جۆرە کۆمەڵەکە هەڵوێستی بەرامبەر کێشەکەی تورکیا هەیە. کۆمەڵەکە خۆپیشاندان و کۆبوونەوەی سیاسی ڕێک دەخا و بە ئاشکرا پشتگیری خەباتی سەربەخۆیی کورد دەکا و لەمەشدا خەباتی PKK.

یەکێک لە پێشەواکانی FEY-KURD لە ساڵی ١٩٩٤ تەقەی لێ کرا و زۆر خراپ بریندار بوو. پۆلیسی دانمارکی نەیتوانی کابرای تەقەکەر بدۆزێتەوە، بەڵام لە نێو کوردەکان هیچ گومان نییە کە ئەمە لە بن سەری دەزگای موخابەراتی تورکییە. هەر بۆیەش لای کوردەکان سەیر نییە کە پۆلیسی دانمارکی تاوانباری نەدۆزیەوە. لە بەشەکەی (سۆرین سونە گۆرد) پیاو زیاتر دەچێتە ناو ئەم ڕووداوە، هەروەها باسی مەسەلەی (کەمال کۆچ) دەکرێ کە یەکێکە لە ئەندامە لە پێشەکانی FEY-KURD.

هەروەها ژمارەیەکی زۆری تری ڕێکخراوی کوردی لە دانمارک هەیە کە خۆیان بە گیروگرفتەکانی ناو تورکیاوە خەریک کردووە و کارێکی چاک ئەنجام دەدەن. ئەمانە لێرە باسیان نەکراوە، چونکە ئەم وتارە بۆ باسی پەرلەمانی مەنفا و ئەو ڕێکخراوانەی لایەنگیری ئەو پەرلەمانە دەکەن، تەرخان کراوە.

**پاڵپشتی دانمارک بۆ خەباتی کوردەکان.**

ڕژێمی تورکیا - هەر بگرە لە سەرووترین ژەنەراڵ هەتا دەگاتە بچووکترین پارتی پەرلەمان- بە تەواوی دژی هەموو شێوەیەک لە شێوەکانی گفتوگۆن لەگەڵ هیچ کوردێک.

"تورکیا یەک وڵاتە، تەنها یەک میللەت لە گۆڕێیە. بۆیە گفتوگۆ لەگەڵ کێ بکەین". ئەمە مانای ئەوەیە قەتلوعام و سەرکوتکردنەوە بێ ڕاوەستان بەردەوام دەبێ. بۆیە زۆر پێویستە کە وڵاتانی ئەورووپا و کۆمەڵگای نێو دەوڵەتی زەختی سیاسی و ئابووری لە تورکیا بکەن.

یەکێک لە چاکترین ڕێگاکانیش بۆ ئەم مەبەستە، پێشاندانی ئەوەیە کە لە ڕاستیدا لایەنێکی کوردی هەیە بۆ ئەوەی گفتوگۆی لەگەڵ بکرێت. ئیتر بەم شێوەیە

رژێمی تورکی چیتر ناتوانێ بیانو هەڵبەستێ کە گوایە لایەنێکی بەرامبەر نییە تاوەکو گفتوگۆی لەگەڵدا بکات.
هەروەکو لە بەشەکەی (لاسە بودتز) هاتووە، کاتێ کە (ئیسحاق رابین)ی سەرەک وەزیرانی ئیسرائیل کەوتە بەر رەخنەی ئەوەی بەشداری گفتوگۆ لەگەڵ PLO کردووە، لە وەڵامدا گوتی: پیاو دەبێ لەگەڵ دوژمنی خۆی، هەوڵی ئاشتی بدات. ئەم راستییە زۆر ئاسایی هەمان ئەو کێشەیەی تورکیاش لە نێوان رژێمی تورکیا و کوردەکان دەگرێتەوە. بۆیە شتێکی گرنگە کە زەختێکی نێو دەوڵەتی بکرێت، کە لایەنەکان ناچاری گفتوگۆ بکات. کوردەکان دەیانەوێ گفتوگۆ بکەن. هەموو سەرکردە کوردەکان وا دەڵێن و (عەبدوللا ئۆجەلان) ی سەرەکی PKK ش چەند جارێک ئەمەی گوتووە و نووسیوە. بۆ ئەوەی پیشانیش بدا کە ئەمەی بەراستی مەبەستە. PKK زۆر جاران لە یەک لاوە بانگەشەی تەقە راگرتنی کردووە. کەچی لە بەرامبەر ئەمەدا رژێمی تورکیا زێتر ئاگری کێشەکەی خۆش کردووە.
ئەگەر دیموکراتە رۆژئاواییەکان بەراستی مەبەستیان بێ کە مافەکانی مرۆڤ لە تورکیا بپارێزرێن و چارەسەرێکی ئاشتیانە بۆ کێشەکە بدۆزرێتەوە، پێویستە لەسەریان پەیوەندی و گفتوگۆ بە شێوەیەکی رەسمی لەگەڵ نوێنەری کوردەکان، لەوانە (پ. ک. م.) و PKK بکەن.

دیارە تورکیا یەکەم جار زۆر بە توندی نارەزایی خۆی لە دژی ئەم شتە دەردەبڕێ. ئیسرائیلیش هەر وای کرد کە وڵاتانی رۆژئاوا پەیوەندییان بە PLO کرد. بەڵام ئەوەندەی نابا کە تورکیا هەست بە باڵەپەستۆیەکی سیاسی دەکا لەسەری بۆ ئەوەی خۆیشی لەگەڵ کوردەکان دەست بە گفتوگۆ بکات. زۆربەی سەرکردە سیاسییەکانی تورکیا زۆر (رۆژئاوایین). بەردەوام زۆریان حەز لێیە وەگەر ئەو هاوبەشییە (رێک و پێکە) بکەوون. بۆیە زەختی رۆژئاوا زۆر کار لەو سیاسەتمەدارانە دەکات. ئەگەر وڵاتانی رۆژئاوا زەخت نەخەنە سەر تورکیا تاوەکو گفتوگۆ بکات، ئەوا لە لایەن کوردەکانەوە وا لێکدەدرێتەوە کە ئەو وڵاتانە تەواو گوێ نادەنە چەوساندنەوەی کوردەکان. ئەمە زۆر بە روونی لەو نموونانە بە دەردەکەوێ کە لە بەشەکەی (گێرت پیتەرسن) دا هاتوون سەبارەت بە پەیوەندییەکانی دانمارک و تورکیا لەو دە ساڵەی دواییەدا.
کوردەکان یەک نەتەوەن. هەروەکو باس کرا چواریەکی دانیشتوانی تورکیا پێک دێنن، لە نزیکەی سێیەکی خاکی تورکیا نیشتەجێن. بەدبەختییان لەوەدایە کە خەڵکی هەرێمێکی سەرسنووری پڕ ئاژاوەی سیاسین لە نێوان چەند دەوڵەتێک لە ناوچەیەکی نارەحەتی ئەم جیهانە. لێرەوە خاکی کوردەکان سامانێکی زۆر گەورەی سەرچاوەی سروشتی گرتۆتە خۆی. بەڵام سامان بە لای کوردەکانەوە پێش هەموو شتێک مافی ناسنامە و زمان و کولتووری خۆیانە. سامانی مەتریالی (ماددی) کوردەکان زۆر خۆشەویستە، بەڵام نەتەوەی کورد نا. زۆر لەوە دەچێ کە وڵاتانی رۆژئاوا تەنها چاویان لە بەرژەوەندی خۆیانە و پشتگیری خەبات و تێکۆشانی کوردەکان بۆ کەمترین مافەکانیان ناکەن.
بۆیە کوردەکان وا هەست دەکەن، کە هیچ رێگایەکیان لە پێش نەماوە تەنها ئەوە نەبێ تەکان بدەنە تێکۆشانی توند و تیژیان. دەبێ وڵاتانی رۆژئاوا رێ لە بەردەم ئەمە بگرن، ئەویش بەوەی کە زۆر لە تورکیا بکەن تا رێگای گفتوگۆ بگرێتە بەر. دەتوانن ئەمەش ئەنجام بدەن بەوەی کە خۆیان راستەوخۆ گفتوگۆ لەگەڵ رێکخراوە کوردییەکان بەرپا بکەن.

**پەرلەمانی کوردی لە مەنفا**

ئەو پارت و رێکخراوە کوردیانەی لە پەرلەمانی کوردی لە مەنفادا هەن.
پارتی دیموکراتی DEP، رێکخراوی ئازادی ئافرەتانی کوردستان، یەکێتی عەلەویەکان، رێکخراوی لاوانی کوردستان، یەکێتی خاوەن کارەکانی کوردستان، بزووتنەوەی ئیسلامی کوردستان،
پارتی کۆمۆنیستی کوردستان KKP، کۆنگرەی نیشتمانی کوردستان، کۆنگرەی نیشتمانی کوردستان
پارتی دیموکراتی کوردستان PDK، یەکێتی کوردە زەردەشتییەکان، یەکێتی کوردە زەردەشتییەکان، بەرەی رزگاریخوازی نەتەوەی کورد ERNK ، دەوڵەتی یەکگرتووی سەربەخۆ، یەکێتی دیموکراتی ئاسوری کۆمەڵەی کولتوری کوردستان، یەکێتی رۆشنبیرانی کوردستان، کۆبونەوەی نیشتمانی کوردستان
نوێنەرایەتی کوردەکانی کەنەدا، نوێنەرایەتی کوردەکانی ئوستراليا، رۆشنبیرە سەربەخۆکان، کۆنفیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردیەکان.

١- SF کورتکردنەوەی Socialistisk Folkeparti بە کە حزبێکی چەپڕەوی دانمارکییە.
٢- PEN بە مانای قەڵەم دێ. رێکخراوێکی نێونەتەوەییە بۆ بەرگریکردن لە مافی نووسەران و ئازادی رادەربڕین.
٣- کریستیان، فەلەن، مەسیحین.

# عەبدوڵلا ئۆجەلان و بزاڤی ڕزگاریخوازیی گەلی کوردستان

کۆمەڵێک بیر و ڕا و سەرنج و ڕووداوی هەمەجۆر کە لە دوور و نزیکەوە پەیوەندییان بە ئۆجەلان و هاتنی بۆ ئەورووپا و ڕفاندنی و دادگاییکردنی لە تورکیاوە هەیە

ئامادەکردنی: مەهاباد کوردی

هەر لە سەرەتادا دەمەوێ بڵێم ناوونیشانێکی وەها باس و خواسێکی زۆر هەڵدەگرێ، ئەوی ڕاستی بێ ئەم بابەتە پێویستی بە چەندین وتار و کتێب و لێکۆڵینەوە و سیمینار و کۆڕ و دەمەتەقێ و دانیشتنی تەلەفزیۆنی و هی تر هەیە. مەسەلەکە ئەوەندە ئاسان نییە کە هەر وا بە نووسینێکی لەم جۆرە مرۆڤ بتوانێت وازی لێ بێنێت و خۆی لێ ڕزگار بکات. تەختێر.دەیان نووسینی وەهاش تێری تەواوی گرێ و گۆڵ و لک و پۆپی بەملا و بەولاداچووی ئەم پرسە ناکات. لام وابێ خوێنەرانیش لەم بوارەدا لەگەڵ من هاوبیرن و مافی ئەوەم دەدەنێ کە بڵێم. هەویری ئەم بابەتە ئاوێکی زۆر دەکێشێت.

دیارە هەر بە دوای هاتنی بەڕێز عەبدوڵلا ئۆجەلان بۆ ئیتالیا گەلێ بیر و ڕای جیاواز و ڕووداو سەریان هەڵدا. چەندین کەسایەتی ناسراوی کورد و جیهانی و هێز و بزووتنەوە سیاسییەکانی کوردستان و دەرەوەش لە زۆر بۆنەی جیا جیادا، سەبارەت بەم مەسەلەیە، قسەیان کرد و سەرنج و تێڕوانینی خۆیان دەربڕی. ڕۆژنامە و گۆڤارە بەناوبانگەکانی دنیا و ڕۆژنامەوانان و کەناڵە تەلەفزیۆنییەکانی جیهانییش، هەر لەسەر هەمان پرس، وتار و نووسینیان پەخش و بڵاو کردەوە. نووسەران و هونەرمەندان و خامە بە دەستانی کوردیش لەم بوارەدا بێدەنگ نەبوون و ناشبن. مرۆڤ بۆی هەیە باری سەرنج و بیر و ڕا و تێڕوانینەکان لەمەڕ هاتنی ئۆجەلان بۆ ئەورووپا و ڕفاندنی و دادگاییکردنی لە تورکیا وەها لێک هەڵاوێرێت.

١- بیر و ڕاکانی دوژمنانی کورد و بزاڤی ڕزگاریخوازیی گەلی کوردستان.

٢- لێکدانەوە و شیکردنەوەکانی خودی پارتی کرێکارانی کوردستان و دام و دەزگا جۆراوجۆرەکانی لە کوردستان و دەرەوەدا.

٣- بیر و ڕای کەسان و تاقمگەلێک، کە بە هیچ شێوەیەک لە دڵسۆزییانەوە، ڕەخنەیان ئاراستەی پ.ک.ک نەکردووە و ناشیکەن. ئەوی ڕاستی بێ ئەوان، بە هەموو دڵنیاییەکەوە دەڵێم، مرخی خۆیان بۆ ڕۆژێکی وەها خۆش کردبوو تا بتوانن بە ئارەزووی دڵی خۆیان، ئەوەی کە پێشتر نەیاندەتوانی یا پێیان شەرم بوو بیڵێن، ئەمڕۆ قۆڵی لێ هەڵکەن و تەڕ و وشک بە یەکەوە بسووتێنن. زۆر بە داخەوە ئەم جۆرە کەسانە لەناو نووسەران و ڕووناکبیرانی کورددا هەڵکەوتوون.

٤- بیروڕاو لێکدانەوەکانی کەسانێکی خەمخۆر و کوردپەروەر و بەتەنگەوەهاتوو کە بە هەموو مانای وشەوە بە پێچەوانەی خاڵی سێیەمن. ئەم گرووپە لە دڵسۆزییەکی تەواوەوە ڕەخنە و پێشنیار ئاراستەی پ.ک.ک و سەرکردایەتیی ئەو ڕێکخراوە دەکات. تاکە مەبەست و ئامانجیشی بۆ ئەم کارە تەنیا خزمەتکردنی دۆزی ڕەوای گەلەکەمانە لە باکوور و هەموو کوردستانیشدا.

من خۆم پێم وایە ڕەخنە و پێشنیار و لێکدانەوە و بۆچوونەکان بەم شێوەیەی سەرەوە پۆلێن دەکرێن. دەشێ کەسانێک هەبن، لەم بوارەدا، وەکو من بیر نەکەنەوە. بێگومان هەر کەسێک ئازادە لە چۆنیەتی دەربڕینی بیر و ڕاکانی خۆیدا، دەمەوێ ئەوەش بڵێم من لێرەدا بە چاوێکی گشتی سەیری تەواوی مەسەلەکە دەکەم.

ئەو بیر و ڕایانەی کە لەم نووسینەدا هاتوون، هیچ مەرج نییە لەگەڵ شێوەی بیرکردنەوە و لێکدانەوەی من یەکبگرنەوە. هەندێ لە بیر و بۆچوونەکان، یا لە کەسانێکی کوردزمانیشەوە ڕاگەیێنرابن، لێ.بەڵێ کتومت قسەی دڵی دوژمنانە و کەسانێکی کورد گوتوویانە و دەریانبڕیوە. دیارە من ڕێگەم بە خۆم نەداوە و ناشدەم، لە کاتی نووسیندا، تەنیا ئەو قسە و باسانە هەڵبژێرم کە خۆم پەسندیان دەکەم و بەس. بێگومان خەڵکی تر هەن کە وەک من بیر ناکەنەوە و پێویستیشە ڕێز لە بۆچوونەکانیان بگیرێت. هەر لەبەر هەندێش، سەبارەت بە بەڕێز ئۆجەلان و ئەو باس و خواسانەی کە تایبەتن بەو، چەندین قسە و بیر و ڕای جیاواز و قەومان و بەسەرهاتی لە یەک دوورم هەڵبژارد. بۆ ئامادەکردنی ئەم بابەتەش بە شێوەیەکی سەرەکی سوودم لە ئینتەرنێت وەرگرتووە. لە هەمان کاتیشدا هۆیەکانی ڕاگەیاندن و کەناڵە تەلەفزیۆنییەکان و بەرنامە و شیرۆڤە هەواڵەکانیان، بۆ

ئامادەکردنی ئەم نووسینە، یاریدەدەرێکی چاک بوون. هەندێک ڕووداو، هەر بۆ نموونە گرتنی تاکە کەناڵی ساتیلایتی کوردیی Med - tv، وەک پێویست لە ڕۆژنامە و هۆیەکانی ڕاگەیاندن باسیان نەکراوە.

شایانی باسە من لەم نووسینەمدا هەوڵم داوە زۆر بە کورتی بیر و بۆچوونەکان بەیان بکەم. لام وابێ تەنیا ڕستەیەکیش دەتوانێ دەردی دڵی یەکێ سەبارەت بە مەسەلەیەک ئاشکرا بکات.

دوای ڕفاندن و دادگاییکردنی ئۆجەلان کەلێ شت گوتران و نووسران. تەنانەت هەندێ جار هەر ئەوەندە مابوو شوێنی قسەکردنی ئۆجەلانیش لە بیر بکرێ. وەک ئەوەی ئۆجەلان لە زیندان نەبێ و هیچیشی بەسەر نەهاتبێ! بە هەڵە لێم تێمەگەن و بۆ ئۆجەلانیش ناپاڕێمەوە، بەلام با پێکەوە ئەم چەند ڕستەیەی خوارەوە بخوێنینەوە: "سەرچاوە سیخوڕییەکان لە پاریس ڕایانگەیاند کە دەسەڵاتدارانی تورک، هەر لە ناوەڕاستی مانگی ئاداری ڕابردوو، لە کاری مێشک شووشتنەوەی زۆر وردانەی پێشەوای کورد عەبدوڵلا ئۆجەلان، سەرکەوتنیان بە دەست هێناوە. ئەمەش وای لە ناوبراو کردووە کە توانای ئەقڵی لە کاتی جەختکردن لە گێڕانەوەی مێژوو و ڕووداوەکان لاواز ببێت. جگە لە یەکنەگرتنەوەیەکی گەورە لە قسەکانیدا. دیارە ئەمەش کاری داکۆکیکردن لە ئۆجەلان ئاڵۆز دەکات" (الزمان، غسیل دماغ الزعیم الکردی اوجلان یعقد مهمه الدفاع عنه، شاکر عبدالحمید - باریس، ٩٩/٢/٢٥).

بە هەموو دڵنیاییەکەوە دەڵێم لە هێنانەوەی بیر و ڕاکاندا بە هیچ شێوەیەک نەمویستووە کەسێ یان لایەنێ پشتگوێ بخەم، چونکە سەبارەت بە ئۆجەلان هەڵوێستێکی دیاریکراویان هەبووە، لەسەر هەر ڕووپەلی ڕۆژنامە و گۆڤارێک، لە تێکستی تەلەفزیۆنی، لە ئینتەرنێت و هەر جێگایەکی دیکەدا، ئەگەر شتێکم بەر چاو کەوتبێ و تێی گەیشتبم، ئەوا لای خۆم گلم داوەتەوە و کردوومەتە ئەرشیف. بە هیچ شێوەیەک بایەخی زیاترم بۆ ئەم یا ئەو لایەن دانەناوە و هەر هەموویانم بە یەک چاو تەماشا کردوون. بێگومان زۆر قسە و نووسراو هەن، بە زمانی جیا جیا، لەمەڕ ئۆجەلان و بزاڤی ئازادیخوازیی گەلی کوردستان لە باکوور، بەلام من تێیان ناگەم. جا بۆیە لەم نووسینەشدا جێگەیان نابێتەوە. دیارە زۆر شتی تریش هەن، جێگای داخە، تا ئێستا نە چاوم پێیان کەوتووە و نە دەستیشم کەوتوون. کاتێ کە ئۆجەلانیش ڕووی لە ئیتالیا کرد من لە کوردستان بووم. دیارە ئەمەش بووە هۆیەک بۆ کۆنەکردنەوەی کەرەسە نووسراوەکان لەمەڕ ئۆجەلان لە کاتی خۆیدا. من لێرەدا کە دەڵێم فلان وای گوتووە، هەڵبەت ئامادەیی ئەوەشم تێدایە کە سبەینێ گەر یەکێ لێم ڕاست بووەوە، پێی بڵێم فەرموو ئەمەش بەڵگە. لەم نووسینەدا زۆر جار باسی ڕووداوەکانیش کراوە، چونکە کەم یا زۆر پەیوەندییان بە پرسی ئۆجەلان هەبووە و هەیە.

پوختەی بیر و ڕا و سەرنج و ڕووداو و شیکردنەوە و تێڕوانینەکان بەم جۆرەی خوارەوەن:

٩٨/١١/١٤

پیاوی بەهێزی پ.ک.ک لە ئیتالیا دەستبەسەرە: دەستگیرکردنی عەبدوڵلا ئۆجەلان لێدانێکی سەختە لە پ.ک.ک. گەریلای کورد دەمودەست هەڕەشەی تۆڵەسەندنەوەی لە ئیتالیا و "هاوپەیمانی ڕژێمی تورکیا" کرد. تورکیا داوای زوو بەدەستدانەوەی ئۆجەلانی کرد. (لارش بۆسترۆم - ڕۆژنامەوانێکی سویدی. DN. 14-11-98).

ئۆجەلان لە شاری ڕۆما، خێراییەکی ئەوتۆی بە ئامێتەیی کۆمەڵگای نێونەتەوەیی لەگەڵ مەسەلەی کورد بەخشی، کە زۆر وابوو ماتەوەی دەیان ساڵی دیکەی لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستیش ئەوەی بۆ مسۆگەر نەکردایە. دیمەنی نزیک بە ٤٥ هەزار کورد، کە لە گۆڕەپانێکی شاری ڕۆما کۆبوونەوە و داوای بە ڕەسمیناسینی ناسنامەی سیاسی ئۆجەلانیان دەکرد، دیمەنی ٤٠ کورد لە زیندانەکانی تورکیا و شارانی ئەوروپا، کە خۆیان دەسووتاند و بەرەو پیری مەرگ دەچوون، خێراییەکی تراژیکیان بە مەسەلەکە دەدا. من لە چاوپێکەوتنی یەکەمم لەگەڵ ئۆجەلان، لە ساڵی ١٩٩٥ دا، لێم پرسی: "خەباتی کورد چ ڕێبازێک بە خۆیەوە دەگرێت، ئەگەر تۆ نەمێنیت؟" ئەویش بە بزەیەکەوە وتی: "من خەباتم بۆ ئەوە کردووە نوێ لە مرۆڤی کورد پێک بێت، ناسنامەیەکی نوێ بۆ کورد دروست بێت، کەسایەتییەکی ئەوتۆ کە زانا و توانا بێت بۆ ئەوەی لەسەر داواکارییەکانی کورد پێ دابگرێت. ئەوە، ڕاست ئەو شتەیە وا من خەڵکی خۆمم بۆ ئامادە کردووە". بەم پێیە، دەبێ تاقیکردنەوەی ڕاستەقینەی سەرکەوتنی عەبدوڵا ئۆجەلان لە وەلامی ئەم پرسیارەدا بێت: "ئایا پ.ک.ک ئامادەیە ئەم خەباتە بەرێوە بەرێت؟". (شێری لەیزەر - نووسەر و ڕۆژنامەوانێکی بەریتانی: پەیام، مەسەلەی ئۆجەلان / نەتەوەی کورد و پیادەی شەترەنجی نێونەتەوەیی، ژ ١٢، دیسێمبەری ٩٨، ل ١ و ٢).

داواکردن و بەدواداچوونی تورکیا و ئەو کێشەیە کە ماوەیەکە لە چوارچێوەی دیپلۆماسی دەخولێتەوە، فەشەلی تەواوی تورکیا دەسەلێنێ، کە لە هەموو هەولەکانی دەستەوەستانە و ناتوانێ ئەو کێشەیە کە بە (میحنەتی دیپلۆماسی) ناوی دەرکردووە، چارەسەر بکات. ئۆجەلان ئەو پاڵەوانە شۆڕشگێڕەیە وەک زۆر لە حکومەت و کەسایەتییە بەناوبانگەکانی دنیا ناوی دەبەن، کە بەهەقیش هەر وایە؛ ڕۆلی سەرەکی لەو کێشەیەدا دەبینێ. (دڵشاد قادر - ڕۆژنامەوان لە سلێمانی: ئالای ئازادی / ڕۆژنامەیەکی سیاسی هەفتانەیە حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان دەری دەکات، ئەرێ بە ڕاست ئۆجەلان لە کوێیە؟، ژ ٢٩٩، دووشەممە ١٩٩٩-٢-١٥، ل ٢).

گومان لەوەدا نییە کە پ.ک.ک هەر لە ساڵی ١٩٨٤ەوە تا ئێستا زەرەری گەورە گەورەی لە کورد داوە. ئەگەر گیروگرفتی پ.ک.ک کۆتایی پێ نەیەت، ئەوا چارەسەرکردنی گیروگرفتی کورد لە ئەوروپا و کوردستانیش لە تواناادا نابێت. (ڕۆژنامەوان کوردۆ باکسی - سوید. کولان العربی، حوار مع عائله باکسی، العدد ٢٩، ٢٥ تشرین الاول ١٩٩٨، ص ٢٧ و ٢٨).

پێویستمان بە کۆکردنەوەی سەد هەزار سەرباز بوو، لەسەر سنووری سوریا، تا بتوانین عەبدوڵلا ئۆجەلان لەو وڵاتە دەرکەین. ئێستا بە دوو سەد هەزار سەربازیش ناتوانین عەبدوڵلا ئۆجەلان بۆ سوریا بگەڕێنینەوە. (ژەنەراڵێکی تورک: هۆیەکانی ڕاگەیاندنی تورک)(١).

بۆ خوشک و برا خۆشەویستەکانم لە ئەوروپا. بۆ ئەوانەی کە بە چالاکییەکانتان سەری هەموو لایەکمانتان بەرز کردۆتەوە. خوشک و براکانتان لە باشوور چەند ڕۆژێکە بە تایبەتیش

لەوەتەی سەرکردەی کورد هێژا عەبدوڵا ئۆجەلان بە ناهەق لە ڕۆمای پایتەختی ئیتالیادا دەستبەسەر کراوە، بەردەوام لە شاشەی تەلەفزیۆنی Med.tv و تەلەفزیۆن و میدیاکانی تری جیهانی چاویان بڕیوەتە هەڵوێستی مەردانەتان. ئەوەی ئێوە لەو چەند ڕۆژەدا ئەنجامتان داوە شێوە خەباتێکی تازەیە کە لەمەودوا دۆست و دوژمن حسێبی بۆ دەکات. هەڵوێستمان دەخەینە پاڵ هەڵوێستتان، دەنگمان دەخەینە پاڵ دەنگتان و داوا لە حکومەت و پەرلەمان و ڕای گشتی ئیتالی و گەلی تێکۆشەری ئیتالیا و حیزب و ڕێکخراوە دڵسۆزەکانی دەکەین کە هەرچی زووە مافی پەنابەری سیاسی بدەنە بەڕێز ئۆجەلان و بەڕێزەوە مامەڵەی لەگەڵدا بکەن. ڕێزگرتن لە بەڕێز ئۆجەلان ڕێزگرتنە لە ویست و ئیرادەی ٤٠ ملیۆن کورد. (قادر عەزیز / سکرتێری حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان، سلێمانی ٩٨/١١/١٧: ئالای ئازادی، ژ ٢٨٧، دووشەممە ٩٨/١١/٢٢، ل ١).

یەک شتی بەرچاو لە باکووری کوردستان مۆبیلیزاسیۆنی گشتی و خەڵکییە کە ئومێد دەدا بە مرۆڤ. خاڵی دووهەم بە شێوەیەکی نیسبی تێندێنس و ڕێبازی کوردستانی و خاوەنی ئیرادەی خۆبوون بەسەر بزووتنەوەی سیاسی باکووردا سوارە کە زیاتر لە هەر کاتێکی تر لە خەباتی کوردیدا بەرچاوە. من پێم وایە بزووتنەوەی سیاسی باکوور بە سەرۆکایەتی پ.ک.ک بە دیموکراتیزاسیۆنی خۆیەوە، ئەو شانسەی هەیە کە حکومەتی تورکیا تەسلیم بکا بۆ قەبوڵی چارەسەرێکی ئاشتییانە. (حوسێنی کوردنەژاد - سوید: گزینگ / گۆڤارێکی وەرزانەی زانستی سیاسی و فەرهەنگییە، ژ ٢١، پاییزی ١٩٩٨، ل ٦).

(ڕۆژنامەنووسانی کوردستان)، ئەو سەندیکایە لە لایەن پارتی و دەوروبەرەکەی، بە شێوەیەکی یەک لایەنە مەرامێکی سیاسی لە پشتەوەیە..یەکەم هەنگاو و دەسپێکی کاری ئەنجوومەنی ئەو سەندیکایە بەڕێزە دەرکردنی بەیانێک دژ بە عەبدوڵلا ئۆجەلانی سەرۆکی پارتی کرێکارانی کوردستان بوو. (ڕۆژنامەی ئالای ئازادی، ژ ٢٩٥، شەممە ٩٨/١/١٦، ل ٢).

ئێمە داوا لە دەوڵەتی ئیتالیا دەکەین و لە خەڵکی ئەو وڵاتەش دەخوازین سەر بۆ هڕوگیفی ڕژێمی کوردکوژی تورکیا دانەنوێنن و مافی پەنابەریی سیاسی بۆ بەڕێز ئۆجەلان پەسند بکەن. دانەوەی ئۆجەلان بە ڕژێمی تورکیا دوژمنایەتی ڕاستەوخۆیە لەگەڵ داوا و خەباتی گەلی کورد لە پێناو ئازادی و مافی نەتەوایەتی. (دەستەی نووسەرانی گۆڤاری گزینگ: ئەرەند بەگیخانی، عەبباسی وەلی، هاشمی ئەحمەدزادە، سولەیمانی چیرە، حەسەنی قازی و عەلی کەریمی، سوید ٩٨/١١/١٢. گزینگ، ژ ٢٢، زستانی ١٩٩٩، لاپەڕەی بەرایی)(٢).

٩٨/١١/١٨

پشتگیرییەکی مەزن بۆ سەرۆکی دەستگیرکراوی پ.ک.ک. (ڕۆژنامەی DN ـی سویدی)

تورکیا دەڵێت ئاپۆ(ئۆجەلان) هیچ پشتگیرییەک شک نابات، بەڵام ئەوە ڕاست نییە. ئەگەر ئۆجەلان بە تورکیا بدرێتەوە، خۆپیشاندنی تووڕەیی تورکیا و ئەورووپاش دەگرێتەوە. (مەحموود باکسی - نووسەر و ڕۆژنامەوان)

ئەوی ڕاستی بێ شانسی بە ئاشتی چارەسەرکردنی پرسی کورد لە ئارادا هەیە، لەو بارەشدا پێویستە ئەورووپا دەست بەکار بێت و فشار بۆ سەر تورکیا بێنێت. (مستەفا خۆخی - یەکێ لە مانگرتووان لە ستۆکهۆڵم).

(بۆ تەواوی ئەم قسانە بڕوانە: DN, 18-11-98).

٩٩/١/١

لایەنی کوردی ئامادەیە بۆ گفتوگۆ: پلاتفۆرمی نەتەوەیی باکووری کوردستان کە پێک دێ لەمانەی خوارەوە:

یەکێتیبا وەڵاتپارێز(هەڤکرتن)، پارتی کۆمۆنیستی کوردستان - ک.ک.پ، پارتی ئیسلامیی کوردستان - پ.ی.ک، پارتی کرێکارانی کوردستان - پ.ک.ک، پارتی ڕزگاریی کوردستان - پ.ڕ.ک ڕزگاری و پارتی سۆسیالیستی کوردستان - پ.س.ک(٢).

٩٩/١/١٦

کەس نازانێ بۆچی سەرۆکی لەمێژینەی پ.ک.ک ئەمڕۆ سەرلەنوێ و بە شێوەیەکی تر بیر دەکاتەوە. لەوانەیە و کێش ناڵێ پیاوە چەکدارەکانی ئەو شکانێکی بەهێز شکاون و تەنیا ڕێگای دیپلۆماسی لە پێش ئۆجەلان ماوەتەوە. لەوانەیشە واقیعی ڕۆژانەی کوردەکانی تورکیا گۆڕانکاری بەسەردا هاتبێ و خەباتیش بۆ وڵاتێکی بچکۆلەی ئازادی لە خەڵک خاڵیکراو و بەسەریەکدا ڕووخێنراوی چیایی بایەخی جارانی نەمابێت. (ماتس لوندیگۆرد، ڕۆژنامەوانێکی سویدی: DN, 16-1-98).

٩٩/٢/٢

ئۆجەلان بە دوای شوێنێکی ئازاد دەگەڕێت. هۆڵەندا لێنەگەڕا فڕۆکەی سەرۆکی پ.ک.ک لەسەر خاکەکەی بنیشێتەوە، یۆنان نایەوێت ڕێگا بە ئۆجەلان بدات تا ڕوو لەو وڵاتە بکات. (DN, 2-2-99).

٩٩/٢/١٦

ناڕەزایی دەربڕینی بەهێز لە هەمبەر گرتنی سەرۆکی پ.ک.ک: تووڕەیی کورد، داگیرکردنی باڵیۆزخانەکان لە هەموو ئەورووپا. دیلێکی پ.ک.ک لە زیندان ئاگری لە خۆی بەردا. ژنە کوردێک لە کۆپنهاگن خۆی سووتاند. لە لەندەن و ڤییەنا و زووریخ و بێرن و ئەسینا و ستۆکهۆڵم و..تاد خۆپیشاندان و چالاکی ئەنجام دران. (DN, 16-2-99).

"ئەو بۆ گەلەکەی دەسووتێ". ناونیشانێکە بۆ دوو وێنەی گەورە و دوو وێنەی بچووکی پیاوێکی کورد کە لە ئەسینا ئاگری لە گیانی خۆی بەردا. لە وتارەکەدا هاتووە: ئامادەیە گیانی خۆی بە سەرۆک و گەل ببەخشێت - سەرۆکەکەی "ئاپۆ"یە، عەبدوڵلا ئۆجەلان، ٤٩ ساڵ. (کریستەل پێرشۆن - ڕۆژنامەوانێکی ڕۆژنامەی EXPRESSEN ی سویدی).

ئۆجەلان لە کینیا خۆی دەشارێتەوە. ئەو لە هیچ شوێنێک هەست بە دڵنیایی ناکات. (EXPRESSEN, 16-2-99).

٩٩/٢/١٧

ئۆجەلان لە لایەن ئاژانی تورکییەوە دەستگیر کراوە. مەترسی سزای مردن چاوەڕێی سەرۆکی پ.ک.ک دەکات. ئۆجەلان لە "ئۆپەراسیۆنێکی نهێنی" لە کینیا دەستگیر کرا. (AP)

پەیمانمان دابوو کە دەوڵەت ئەو - ئۆجەلان - دەگرێت. ئا ئەوە پەیمانەکەمان بەجێ هێناوە..هەموو دەبێ تێبگەن کە کەس بۆی نییە مل لەبەر ملی دەوڵەتمان بنێت و کەسیش لە تورکیا بە ڕێگای تیرۆریزمی جوداخوازی شتێکی دەست ناکەوێت. (بولند ئەجەڤیت - سەرۆک وەزیرانی تورک)

ڕێی تێدەچێ ئەمەریکاش پەنجەیەکی لەو یارییەدا هەبووبێت. (تیۆدۆرۆس پانگالۆس - وەزیری دەرەوەی یۆنان). (سەرچاوەی ئەم قسانە: DN. 17-2-99).

خۆپیشاندانی کوردان لە هەموو ئەوروپا لە پێناو ئازادیی سەرۆکی پ.ک.ک. (ڕۆژنامەی Metro ـی سوێدی)

دەمانەوێ هەموو لایەک، هەروەها کوردیش، لەوە دڵنیا بکەین کە ئێمە هیچ پەیوەندییەکمان بەو کارە بازرگانییەوە نەبووە. (بۆنایا گۆداتا - وەزیری دەرەوەی کینیا)

سەربەخۆیی کورد ئامانجی ئۆجەلانی کوڕە جوتیار بوو. (TT-AP). (بڕوانە: Metro, 17-2-99).

چالاکییە کوردییەکانی ئەوروپا ئەوە نیشان دەدات کە سەرۆکی ئەفسانەیی پ.ک.ک چ مانایەکی سەمبولیی هەیە. (ڕۆژنامەی Expressen ـی سوێدی)

گوێگرتن لە تەلەفۆنی ئۆجەلان، لە لایەن FBI، بووە هۆی ئەوەی شوێنی ناوبراو ئاشکرا بکرێت. (کنوت - یۆران شێلبێری - ڕۆژنامەوانێکی سوێدی)

ئۆجەلان باوەڕ و متمانەی زۆر لە کوردانی بە دەست خستووە. (دیلبا - گۆرانیبێژی ناسراوی سوێدی کە بە ڕەگەز کوردە)

ئەگەر ئۆجەلان پەنابەریی سیاسی لە وڵاتێکی دیموکراتی بە دەست خستبا، ئەوکات زۆر شت لەگەڵ ئێستا جیاوازییان دەبوو..نزیکتر لە پێغەمبەران وەک لە سیاسەتمەداران. (ئارنێ ڕوت - ڕۆژنامەوانێکی سوێدی). (سەرچاوەی ئەم وتانە: EX-PRESSEN. 17-2-99).

ئەگەرچی ئۆجەلان هەستی بە نائاسایی وەزعەکە دەکرد، لەگەڵ ئەوەشدا بە ناچاریی ئێوارەی دووشەممە و دوای ئەوەی لە لایەن دەوڵەتی کینیاوە ناڕاستەوخۆ ئاگادار کرایەوە، بەو ئومێدەی یۆنان زەمانەتی گەیشتنە ئەوروپای بکات، باڵوێزخانەی یۆنانی لە کینیا بە جێهێشت. (دەریا ئوچان - وەرگێڕی سەرۆکی پ.ک.ک)

کوردەکان، خەباتتان تا سەربەخۆیی حەتمی درێژەی دەبێ. (قەزافی)

ئەوا سەدەی بیستەم بەرەو دوا ڕۆژەکانی خۆی هەنگاو دەنێت. ڕووداوەکان تا ئێستا ئەوە دەردەخەن کە ڕۆژئاوا و ئەمریکا بە هەمان پلانەوە، کە نزیکەی سەدەیەک پێش ئێستا بۆ کوردستان دایانڕشتووە، بەرەو سەدەی بیست و یەکەم دەڕۆن. بەڵام ئایا کورد خۆی چی دەکات؟ ئاخۆ ڕێگە دەدات لەوە زیاتر گەمە بە چارەنووسی بکرێت؟ ئایا کورد دەتوانێت بەو جیهانەی، کە هێشتا بە پێی یاسای جەنگەڵ بەڕێوە دەچێت، بیسەلمێنێت کە وەک نەتەوە پێگەیشتووە و ڕێگە نادات کە سەدەی بیست و یەکەم، وەک سەدەی بیستەم، بدۆڕێنێت؟ (ڕەفیق سابیر - نووسەر و شاعیر)

هاتنی ئۆجەلان بۆ ئەوروپا و دوورکەوتنەوەی لە ئەتمۆسفێری سیاسیی و هاوپەیمانێتییەکانی ناوچەکە و ئەو نەرمی نواندنەی لە داوا شەش خاڵییەکەیدا سەبارەت بە کێشەی کورد لە ئەمڕۆدا خستییە ڕوو، هەروا داخوازییەکەی لە ئەوروپا کە ڕۆڵی ناوبژیوان لە نێوان پ.ک.ک و دەوڵەتی تورکیادا ببینێت و ئەو شێوە تێکۆشانە نوێیەی کورد لە ئەوروپا گرتییە بەر و لە خۆپیشاندان و مانگرتنی دەیان هەزار کەسیی پایتەختەکانی زۆر لە وڵاتانی ئەوروپا و شوێنەکانی تردا دەرکەوت، کە پێموایە لە ساڵانی شەڕی ڤێتنام و لە کۆتایی شەستەکانی بزووتنەوەی خوێنکاران و لاوانەوە، ئەوروپا لەم چەشنە خەباتە فراوانانەی بە خۆیەوە نەدیوە. سەرجەم ئەم کارانە تورکیا و ئەمەریکا و ئەوروپا و کوردیشی خستە بەردەم تاقیکردنەوەیەکی نوێ. (هاشم کۆچانی - نووسەر و شاعیر)

یەکەمین چاوپێکەوتنم لەگەڵ عەبدوڵلا ئۆجەلاندا ئەوکاتە بوو کە بانگاشەی ئاشتی دا و هەوڵی دا لە یەکێک لە وڵاتە ئەوروپاییەکاندا پەناگەیەکی بدرێتێ. بەڵام ئەو ئەوروپایەی هەردەم شانازی بەوەوە دەکات کە خاکی پەناگە و دالدەدانە، ئەو ئەوروپایەی پێشوازی لە کەسانی وەک "خومەینی" و "دوقالییە" و "بۆکاسا" کردووە و دەزانێ چۆن میوانداری شا و سەرکردە زاڵمەکانی جیهانی سێیەم بکات، دەرگای بەڕووی سەرکردەیەکی کورددا داخست تا ڕووبەڕووی مەرگ بکرێتەوە و بدرێتە دەست ستەمکاران. (دانیال میتیران - سەرۆکی ڕێکخراوی فرانس لیبرتی). (سەرچاوەی ئەم وتانە: گۆڤاری ڕابوون، فایلی تایبەتی: ئازادی بۆ ئۆجەلان، ژمارە٩٩/٢٧، ل ٢ و ٣ و ١٠ و ١٧ و ٢٠).

٩٩/٢/١٨

سێ کورد لە بەرلین کوژران. سەرچاوە جاسووسییەکانی ڕۆژئاوا بە ئاژانسی دەنگوباسی ئەڵمانی (DPA)یان کوت: مۆسادی ئیسرائیلی ڕۆڵێکی "یەکلاکەرەوە"ی بینیوە. (ڕۆژنامەی Metro ـی سوێدی)

ئێمە بە دەستگیرکردنی ئەو سەرکردە تیرۆریستە تا بڵێی دڵخۆشین. (جۆی لۆکهارت - قسەکەری کۆشکی سپی)

هێزەکانی تورک بۆ ناو باکووری عێراق چوون. کینیا باڵوێزخانەکانی خۆی دادەخات. (سەرچاوە: Metro, 18-2-99).

لە ژێر وێنەیەکی گەورەی ئۆجەلان کە لەناو فڕۆکە گیراوە و دوو ئاژانی دەمامکدراوی تورک(میت) لەملا و لەولاین: ئەو وێنەیەی کە دەتوانێ شەڕێکی تیرۆریستانە دەست پێ بکات. لێرە خەونی کوردستانێکی ئازاد دەمرێت. عەبدوڵلا ئۆجەلان ئارەقە دەکات. بە ڕوونی دیارە کە ئەو بێ هۆش کراوە. (کنوت یۆران شێلبێری - ڕۆژنامەوانێکی سوێدی)

ڕۆژنامەوانی کورد کۆڤان ئامەدی کە لە کۆمیتەیەکی سەر بە فیدراسیۆنی کوردی لە ستۆکهۆلم کار دەکات، لە چالاکییەکانی پ.ک.ک بێزارە و دەڵێت: من لەگەڵ ئەواندا نیم. من بە شێوەیەکی ئاشتییانە خەبات بۆ چارەسەرکردنی پرسی کورد دەکەم. ئەمەش تاکە چارەسەرە. (جۆرج سێدەرسکوگ - ڕۆژنامەوانێکی سوێدی). (بۆ ئەم وتانە بڕوانە: EXPRESSEN. 18-2-99).

ئەو دەوڵەتانەی کە بەشدارییان لە "شەرەف"ی گرتنی سەرۆکی کوردان عەبدوڵلا ئۆجەلان کردووە، ڕوو لە زیادبوون دەکەن. (پێر یۆنسۆن - نووسەر و ڕۆژنامەوانێکی سوێدی: DN, 18-2-99).

لە ڕوانگەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و یەکێتیی

ئەورووپاوە کورد حسێبی بۆ ناکرێت. (ڕۆژنامەی لۆمۆندی فەرەنسی: ڕابوون، ژ٢٧/٩٩، ل ٢٢).

زینداتیکردنی ئۆجەلان چاوی ڕۆڵەکانمان ناشکێنێ. (عەبدولقادر محەمەد ئەمین - سەرنووسەری ڕۆژنامەی بارزان: ژ ٣١-٢٠، فێبریوەری ٩٩، ل ٢).

٩٩/٢/١٩

لە کینیا و یۆنان چەند وەزیرێک دەستیان لە کار کێشایەوە. (TT-Reuters: Metro, 19-2-99).

لە دیدی کەمالیستەکانەوە، بە ڕفاندن و زینداتیکردنی بەڕێز ئۆجەلان، کۆتایی بە هێزی پ.ک.ک و ڕەوڕەوەی بزاڤی ڕزگاریخوازیی کوردستان دێت...وا دیارە چاویلکەکانیان ئەو ڕاستییە نابینێت کە ڕژێمی تورکیا زەمینەیەکی هێندە نامرۆڤانە و پڕ لە تیرۆری لە کوردستاندا دروست کردووە کە بووەتە ئەنجامی ئەو ڕاستییەی کە ئەمڕۆ کورد ئۆجەلان بە سیمبۆلی ئازادی و داکۆکی لە کەرامەت و ماڵ و میرات بزانێ، بە سیمبۆلی هەست بە کوردبوون، کە پاش حەفتا ساڵ سەرکوتکردن ئەمڕۆ لە هەموو کاتێک زیاتر ئەو هەستە زیندووە. (ئازاد شێخانی - نووسەر: ڕابوون، ژ ٢٧/٩٩، ل ٢٨).

بە تۆڕی چنراوی هەموو جیهان
ئۆجەلان مان دەستگیر کرا
بەڵام..ئاخر
ئەو شۆڕشەی وا لە ئاخا
دەستگیر ناکرێ
سبەینێمان دەستگیر ناکرێ
ئەم زمانە دەستگیر ناکرێ
پرشنگی ڕۆح دەستگیر ناکرێ
باڵای لاوک و حەیرانمان دەستگیر ناکرێ
ئاوزێی کورد دەستگیر ناکرێ
ئەم مێژووە بێ هۆش ناکرێ و
کەلەپچەش ناکرێتە
دەستی برِوا و هەتاو (شێرکۆ بێکەس - شاعیر: ڕۆژنامەی کوردستان، ژ ٨، ئاداری ١٩٩٩، ل ١٦).

عەبدوڵڵا ئۆجەلان نوێنەرایەتی تازەگەری لەنێو کورداندا دەکرد. (سەرنووسەری گۆڤاری العالم الجدید)

ئۆجەلان نوێنەری نەوەی لاوانی کورد بوو و مەسەلەی ئۆجەلان بابەتێکی ستراتیژییە کە کاریگەریی خۆی لەسەر نەخشەکێشانی ناوچەکەدا دەبێت. (حوسنی مەحلی - پەیامنێری کەناڵی عەرەبیی MBC)

کۆمەڵگای کوردەواری هەموو ڕۆژێ ئۆجەلانێک ئاخولقێنێت. (ئیسماعیل بێشکچی - کۆمەڵناسی بەناوبانگی تورک و دۆستی گەورەی کورد). (سەرچاوەی ئەم وتانە: گزینگ، سەرۆک ئاپۆم چۆن ناسی / سەبارەت بە وەدەستدانەوەی بەڕێز ئۆجەلان و چەند باسێکی تر، نووسینی: مەهاباد کوردی، ژ ٢٣، بەهاری ١٩٩٩، ل ١٨).

٩٩/٢/٢٠

سەرۆکی تورکیا سولەیمان دیمیرێل، بە مەبەستی هاندانی کوردە پەرگیرەکان تا دەستبەرداری خەبات بن، پێشنیاری "پاسای پەشیمانی" دەکات. (TT: Metro, 20-2-99).

بە پێشکەوتووترین تەکنیک ئەشکەنجە لەسەر سەرۆکی ئێمە بەڕێوە دەبرێت. داوا دەکەین لە گشت گەلی کوردی نیشتمانپەروەر کە باوەڕ نەکەن بەو ڕاگەیاندنانەی کە لە لایەن ڕاگەیاندنەکانی دەوڵەتی تورکەوە بە ناوی سەرۆکی گشتی پ.ک.ک وە بڵاو دەکرێنەوە. (کۆنسەی سەرۆکایەتیی پارتی کرێکارانی کوردستان: ڕۆژنامەی کوردستان، ژ ٨، ئاداری ٩،ل ٢).

ئۆجەلان دەیویست لە بارەی ئاشتییەوە وتووێژ بکات. (فۆلکێ شتراوبێ - نووسەرێکی سویدی: Avisen, 20-1-99).

تورکیا هیچ مافێکی نییە ئۆجەلان دادگایی بکات. (پارتی سۆسیالیستی سویدی)(٤).

تراژیدیای ئۆجەلان: ئیحساساتی ناسیۆنالیستیی یان بە ئەقڵانیکردنی سیاسەت.(پشکۆ نەجمەدین و فەرەنی قادری - نووسەر و شاعیر، نووسەر: پەیام، ژ ١٥، مای ١٩٩٩، ل ١٤).

٪ ٢١-٢-٩٩

پێویستە بەرپرسیارانی پ.ک.ک بزانن ئەوانەی کە "پ.ک.ک"یان هەڵخەڵەتاندووە نە ئەمەریکا و نە تورکیاشن. (شاهین بەکر سۆرەکلی - نووسەر: ئینتەرنێت / لاپەڕەی تایبەت بە: The Kurdistan Observer، وتاری Durbin nik kurdan niye).

ئەجەڤیت سوای شەپۆلێکی بەشکۆی ناودەرکردن دەبێت. مرۆڤ بۆی هەیە بەرەو هاوینی ١٩٧٤ بگەڕێتەوە، کاتێ کە تورکیا باکووری ڕۆژهەڵاتی قوبرسی داگیر کرد، تەنیا ئەودەم لەگەڵ کاتی ئێستادا بەیەک دەچن. تورک دووچاری سەرخۆشیی نەتەوەیی و سەرکەوتن. (ناتان شاچار - ڕۆژنامەنووس)

هەژاری زەبروزەنگ پیادە دەکات. (ماتس لوندیگۆرد - ڕۆژنامەنووس). (بڕوانە: DN, 21-2-99).

هەر لەم ساڵەدا، گەورەترین تاوان کرا و بەژانترین زەبر وەکورد کەوت، کە بریتی بوو لە ڕفاندنی سەرۆکێکی کورد بە دەستی ڕەشترین و پیسترین و چەپەڵترین هێزی شەڕخواز و بێڕوومەتترین سیستەم کە ئەویش تورکیایە...مایەی دوودڵی نییە کە گرتنی بەڕێز ئۆجەلان، برینێکە و تا کورد و مرۆڤایەتی مابێ، دەبێتە نیشانەی گڵاویی دنیاخۆران و هەرچی و پەرچییان...بەڵام ڕاستییەکە و قەت ناکرێ خۆی لێ بگنخێنین ئەویش ئەوەیە، ئۆجەلان گرەوی لە ئامەردان بردەوە و لە دەروازەیەکی گەورەوە چووە ناو مێژووی کورد و مرۆڤایەتی. (موحسین جوامێر - سەرنووسەری گۆڤاری هەڵەبجە: ژ ٢٢-٢١، ١٩٩٩، ل ٤).

٩٩/٢/٢٢

دیپلۆمات و ئاژانە ئەمەریکییەکان بوون کە لە پشتی پەردەوە ئۆجەلانیان ناچار کرد، لە پاییزی ڕابردوو سوریا بەجێ بهێڵێت. ئۆجەلان نزیکەی ٢٠ ساڵ لە دیمەشقی پایتەختی سوریا ژیاوە. لە دواییدا هەر ئەمەریکییەکان بوون کە وڵات لە پاش وڵاتیان ناچار کرد ئۆجەلان بە پەنابەر وەرنەگرن. (ڕۆژنامەی New York Times: Metro, 22-2-99).

سەرۆک ئاپۆ ڕەنگە وەکو پیاوێکی سیاسی و تیۆریزانی کورد کۆتایی بە کارەکانی هێنرابێت، بەڵام ئاپۆ لاپەڕەیەکی گەشە لە

مێژووی کورد و مرۆڤایەتیدا و گەلی کورد قەرزاری ئەون، هەر بۆیەشە هەرچییەکی بۆ بکەن هێشتا کەمە. ئەگەر فاشییەکان لە سێدارەی بدەن ئەوا ئاپۆ دەبێتە پاڵەوانی نەتەوەیی و رەمزی کوردستانیبوون و موڵکی هەمیشەیی گەلی کورد، ئەگەرنا ئەوا مێژووی مرۆڤایەتی دوو ماندێلا لە ئامێز دەگرێت. (کاوە ئەمین - نووسەر: ڕابوون، ژ٢٧/ ٩٩، ل ٥٤).

شتی یەکلاکەرەوە لێرەدا ئەوەیە کە کێ بە کێ دەڵێت تیرۆریست. ئەمرۆ کێ دەیەوێت بە نیلسۆن ماندێلا بڵێت تیرۆریست؟ (ئەندێش هێلنەر - پسپۆری مەسەلەی زەبروزەنگ و تیرۆریزم، باسکار لە ئەنیستیتوتی سیاسەتیی دەرەوە / ستۆکهۆلم: Metro, 22-2-99).

٩٩-٢-٢٢ /

پارتی کرێکارانی کوردستان سەرکردایەتییەکی سێ کەسیی لەبری ئۆجەلان دیاری دەکات: فەرهاد ئۆجەلان، جەمیل بایێک و کانی یەڵماز. (لێپرسراوێکی کورد لە پ.ک.ک: الشرق الاوسط، العمال الكردستاني يشكل قيادە ثلاثيە بديلە، صالح القلاب، ١٩٩٩-٢-٢٢).

هیواخواز نەبووین چ کوردێک ڕووبەڕووی چارەنووسێکی وەها ببێتەوە. (قسەکەرێک بە ناوی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتیی کوردستان: ئینتەرنێت، لاپەڕەیەکی تایبەت بە پ.د.ک، ٩٩/٢/٢٣).

ئەگەر عەبدوڵلا ئۆجەلان محاکەمە بکەن کە دەیکەن، دەبێ سێ چوار بەرە لە سەرەک کۆمار، سەرەک وەزیر و فەرماندەرانی ئەرتەشی تورکیاش محاکەمە بکەن، کە نایکەن. (ڕەزا بەراهێنی - تۆرێنتۆ / کەنەدا: ڕابوون، ژ ٩٩/٢٧، ل ٢٥).

٩٩/٢/٢٤

دەستبەسەرکردنی خەڵک هیچ یارمەتییەکی پرسی کوردانەوە نادات. (نیکلاس - سوێدی)

نائومێدی پاڵ بە کوردان دەنێت تا نارەزایی خۆیان دەربڕن. (نا بۆ تورکی چیایی - کورد و بەس)

داواکاری گشتیی تورک داوای سزای مەرگ بۆ ئۆجەلان دەکات. (TT-DPA)

سەرکردەیەکی پ.ک.ک هەڕەشە لە تۆریستان و داوا لە ئەورووپی و ڕووسەکانیش دەکات ڕوو لە تورکیا نەکەن. (TT). (سەرچاوەی ئەم وتانە: Metro, 24-2-99).

٩٩/٢/٢٦

تەنگوچەڵەمەی کوردی لە پ.ک.ک گەورەترە.(ئاڵین باکسی یەککوڵ ئەندامی پەرلەمانی سوێد DN 26-2-99).

ئۆجەلان: وانەیەکی مێژوویی و نوێ بۆ خەبات! (سەلام عەبدوڵلا ئیبراهیم - نووسەر: پەیام، ژ ١٤، مارتی ١٩٩٩، ل ٧).

٩٩/٢/٢٧

گرتنی سەرۆکی پ.ک.ک عەبدوڵلا ئۆجەلان بە هیچ شێوەیەک بە مانای کۆتایی خەباتی ئازادیخوازیی کورد نایەت، بەڵکو بە پێچەوانەوە دەبێتە هۆی پتەوکردنی ویستی خەبات و پابەندبوون پێی. وەک دوا وتەش: ئایا تیرۆریسم چییە؟ قەدەغەکردنی گەلێکی تەواوە لە قسەکردن بە زمان و جێبەجێکردنی کولتووری خۆی. یان بەرەنگاربوونەوەی ئەو کارەیە؟ ئەگەر بە ڕاستی عەبدوڵلا ئۆجەلان تیرۆریستە، ئەی بۆچی مۆڵەتی نیشتنەوەی پێ نەدرا، کاتێ هەوڵی دا خۆی بە دادگای ئەورووپا بسپێرێت تا لێکۆڵینەوەی لەگەڵ بکرێت؟ (یوسف سالح - ڕۆژنامەوانێکی ئازاد: Metro, 27-2-99).

سەلام ئەی هاوڕێی تەنیای خوا
سەلام حوسێنی کەربەلا
سەلام ئەی نیلسۆن ماندێلا
سەلام ئەی ئۆجەلان سەلام

سەلام ئەی هاوڕێی هیوای کورد
سەلام سەرۆکی تەنیای کورد
سەلام ئەی هێزی بڕوای کورد
سەلام ئەی ئۆجەلان سەلام

سەلام بیری کوردستانیی
سەلام هێزی پشتیوانیی
سەلام ئەی دەنگی ویژدانیی (د. کەمال میراودەلی - نووسەر و شاعیر: ڕابوون، ژ ٩٩/٢٧، ل ٤٢).

٩٩/٣/٢٠

ئەو دانپێدانانەی کە "گوایا هی ئۆجەلان"ن، پاڵ بە داواکاری گشتیی تورکەوە دەنێت، کە داخوازی دادگاییکردنی ئەربەکان بە تاوانی خیانەت بکات. (ئیبراهیم ئەلیاس - ڕۆژنامەوان: الشرق الاوسط، ٩٩/٣/٢٠).

ئۆجەلان : وەرچەرخانێکی گەورەی دۆزی کورد. (د. قوسەی ئەلحوسێن - مامۆستای زانکۆی لوبنانی: ئینتەرنێت / لاپەڕەیەکی تایبەتیی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان، ٩٩/٣/٢٠).

فڕاندنی جەردەییانەی ئۆجەلان خۆخەڵەتاندنی بەردەوامی کەمالیزمە. (کاوە جەلال - نووسەر: پەیام، ژ ١٤، مارتی ١٩٩٩، ل ٨).

٩٩/٣/٢٢

تورکیا نارەزایی دەربڕینی کوردان کپ دەکات. (TT، Metro, 22-3-99).

٩٩/٤/٦

ئۆجەلان داوای لێخۆشبوون و بەزەیی پێداهاتنەوە دەکات. (ڕۆژنامەی - سەباح - ی تورکی: DN, 6-4-1999).

٩٩/٤/١٢

عەبدوڵلا ئۆجەلان سەرکردەی بزووتنەوەیەکی ڕزگاریخوازیی نیشتمانییە نەک کەسێکی تیرۆریست. خەسڵەتی سەرکردایەتیی ئەویش بۆ ئەو بزووتنەوەیە وەک چەندین کەسێتیی خەباتگێڕی تری وێنەی نیلسۆن ماندێلا و جیری ئادامز و یاسر عەرەفات و کەسانی تێکۆشەری ترە لە سەرکردە و پێشەوایانی ڕزگاریخوازی دنیا. ئێمە لە کاتێکدا هەڵوێستی وڵاتانی ئەورووپا

مەحکوم دەکەین کە مافی پەنابەریتیی سیاسی ئۆجەلانی رەت کردەوە و دواتر ئەو رەتکردنەوەیە بووە هۆیەکی سەرەکی ئەم چارەنووسەی کە ئێستا ئۆجەلانی تێکەوتووە. ئەو سەرکردەیەی کە چەندین جار داوا و بانگاشەی خۆی بۆ بەلاوەنانی شێوازی خەباتی چەکدارانە و هاوکاری و پشتیوانیی نێودەوڵەتی بۆ گەلی کورد دووپات کردەوە. هاوکات چاوەڕوانی هەڵوێستێکی خێرا و ئیجابی لە بەڕێزتان دەکەین. (بەشێک لە یاداشتنامەی رۆشنبیرانی سلێمانی سەبارەت بە دەستگیرکردنی عەبدوڵا ئۆجەلان بۆ: کۆفی عەنان / سکرتێری گشتیی نەتەوە یەککرتووەکان، سەرۆکی پەرلەمانی ئەوروپی، سەرۆکی لیژنەی نێودەوڵەتیی خاچی سوور و بەرپرسی سەنتەری مافی مرۆڤ. ئەم یاداشتنامەیە لە لایەن ژمارەیەکی زۆر و بەرچاوی رۆشنبیران و پارێزەران و مافپەروەران و دادوەران و ئەندازیاران و پزیشکان و مامۆستایان و هونەرمەندانی شاری سلێمانی ئیمزا کراوە: ئینتەرنێت، لاپەڕەیەکی تایبەتیی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان،١٢/٤/٩٩).

٩٩/٤/١٥

ئایا تورکیا مافی ئەوەی هەیە کوردەکان بکوژێت یان یۆگۆسلاڤیا وڵاتێکە ئەمەریکاییەکان خۆشیان ناوێت؟ ناتۆ دەبوایە لە تورکیاش دەست بەکار بوایە. (کەسێکی نە سەرب و نە کورد: رۆژنامەی رۆژانەیMetroی سویدی).

بوڵند ئەجەڤیت سەرکەوتنێکی گەورەی، لە میانەی دەستگیرکردنی پێشەوای کوردە سەرهەڵداوەکان عەبدوڵڵا ئۆجەلانی دوژمنی ژمارە یەکی دەوڵەتی تورک، بە دەست هێناوە. (فلۆرێنس پیتەرمان - رۆژنامەوانێکی بەریتانی: العرب /٩٩/٤/١٥).

چالاکیی ئیسلامییەکان و گرتنی ئۆجەلان باڵی خۆیان بەسەر هەڵبژاردنەکانی تورکیادا دەکێشن: رۆژنامەی "الزمان"ی لەندەنی)

٩٩/٤/١٧

تورکیا کە هات و هاواری زۆریەتی لەمەڕ مافی تورکمانەکان لە کوردستانی عێراق و بە ساختە ئیشاندانی ژمارەیان، ئەمە هەمووی دیوار دروستکردنێکە بۆ ئەو شتەی کە پێی دەڵێت - ناوچەی ئۆتۆنۆمیداری تورکمانەکان - لە چوارچێوەی هەرێم یا ناوچەی ئۆتۆنۆمیداری کوردی. لێرەدا بۆمان هەیە بڵێین قسە لە شێوەیەکی دیکەی قوبرس دەکرێت. (شاکرۆیێ محۆ - پرۆفیسۆر: ئینتەرنێت).

هەردوو پارتی "فەزیلەت" و "هادەپ"ی کوردی، لە دوای هەڵبژاردن، هەڕەشەی نەمانیان لێ دەکرێت. (AFP: الوطن/٩٩/٤/١٧)

ئەو هەلومەرجەی کە عەبدوڵڵا ئۆجەلانی تێدا گوێزرایەوە بۆ کینیا و پاشان رفێندرا و لە تورکیا بەند کرا، تا ئەمڕۆش چەندین پرسیاری بێ وەڵامی قوت کردۆتەوە و کێشەیەکی خەتەرناکی سەبارەت بە یاسای نێودەوڵەتی هێناوەتە گۆڕێ. ئەم جۆرە کردەوانە یاسای نێونەتەوەیی مافی پەناهەندەیی دەخاتە ژێر پرسیارەوە. بە هەر حاڵ عەبدوڵڵا ئۆجەلان مافی دادگاییکردنێکی عادیلانەی هەیە کە تێیدا رێز لە رێسا دانپیانراوەکانی یاسای نێونەتەوەیی بگیرێت. (گرووپی کوردی سەر بە سۆشیالیست ئینتەرناسیۆنال: ئینتەرنێت / لاپەڕەی تایبەت بە یەکێتی).

٩٩/٤/١٩

راستڕەوە پەرگیرەکان لەناو جێدا تورکیایان گرت: MHP لە ١٨٪ی دەنگەکانی بردەوە. (رۆژنامەی DN ـی سویدی)

٩٩/٥/١

دادگاییکردنی ئۆجەلان لە ٣١ـی مای دەبێت، بەڵام پێشوەخت حوکمی سێدارەی بۆ براوەتەوە. (حوسنی مەحلی - پەیامنێری کەناڵی MBC)

دۆزی ئۆجەلان هەلێکی بەنرخە بۆ هەموومان، تا لە دەرەوە و ناوەوە بۆ گشت لایەکی بسەلمێنین، کە دەوڵەتی تورک بە هیچ شێوەیەک نایەوێت گفتوگۆی سیاسی و ئاشتییانە لەگەڵ کوردان دەست پێ بکات. (ئەحمەد زەکی ئۆکچوئۆغلو - یەکەمین پارێزەری ئۆجەلان). (سەرچاوە: القبس ٩٩/٥/١).

٩٩/٥/٤

لە ئەڵمانیا زیاتر لە ٨٠.٠٠٠ کورد داوای چارەسەرکردنی مەسەلەی کورد بە شێوەیەکی سیاسییانە دەکەن: ئینتەرنێت /KURD-L.

٩٩/٥/٥

تورکیا لە جوولانەوەکانی کەسایەتییە میسرییەکان بۆ پشتگیریکردنی ئۆجەلان نارەحەت دەبێت. (محەمەد عەلام - رۆژنامەوان: الخلیج ٩٩/٥/٥).

٩٩/٥/٦

قەزافی داوای مافی بڕیاردانی چارەنووس بۆ کورد و ئەلبانەکان دەکات: الزمان ٩٩/٥/٦

٩٩/٥/٧

تورکیا پێنج ملیۆن دۆلاری بە چەند کاربەدەستێکی کینیایی دەستڕۆیشتوو داوە تا سەرۆکی کوردان عەبدوڵلا ئۆجەلان بکرێت. (باری شیل - موخیسا کیتویی / دوو پەرلەمێنتاری کینیایی: Metro 7-5-99).

٩٩/٥/١٢

ئەنقەرە: برای عەبدوڵلا ئۆجەلان رووی لە ئێران کرد. (AFP. الزمان ٩٩/٥/١٢).

٩٩/٥/١٤

ئەگەر شتێکی خراپ بەسەر ئاپۆ بێت، ئەوا هەر کوردێک وەک بۆمبایەکی تەقاوەی لێ دێت. (لاوێکی کورد لە ئەڵمانیا: العرب ٩٩/٥/١٤).

دەکرێ بڵێین عەبدوڵلا ئۆجەلان پاڵپێوەنانێکی گرنگی لە بزواندنی دۆزی گەلێک وەدیهێناوە کە ژمارەی لە ١٥ ملیۆن کەس زیاتر دەبێت و لە سادەترین مافە نەتەوەییەکانیشی بێبەشە. (کامیل سالحی - نووسەرێکی کوردی دانیشتووی هۆڵەندا:

الزمان ۹۹/٥/۱٤).

۹۹/٥/۱۷

هێرشێکی تورکی - کوردی پەک بۆ سەر بارەگاکانی پارتی کرێکارانی کوردستان. (سامان نوح - ڕۆژنامەوان و پەیامنێر الزمان ۹۹/٥/۱۷).

۹۹/٥/۲۰

ڕووسیا ڕەخنە لە بێدەنگبوونی ڕۆژئاوا، لەمەڕ چوونی تورکیا بۆ ناو باکووری عێراق، ڕەخنە دەگرێت (AFP)

تورکیا چەکی کیمیایی لە دژی گەریلای کورد لە ناوچەی سلوپی بەکار دێنێت. (ARGK) (سەرچاوە. الحیاد ۹۹/٥/۲۰)

وەزارەتی ناوخۆی تورکیا دەستی کرد بە قەدەغەکردنی ئەو زاراوانەی کە کوراریش لە کەمینەیەکی ئەتنیکی لە تورکیا دەکەن. زاراوەکانی وەک "بە بنەچە کورد" یان "هاووڵاتی بە ڕەگەز کورد" لەمەودوا نابێ بەکار بهێنرێن. لەبری ئەوان دەبێ، "هاووڵاتیانی تورک" یان "هاووڵاتیانی تورک کە لە دیدی جوداخوازان بە کورد وەسف دەکرێن" بەکار بهێنرێن. ناشبێ بابەت و وتار لەسەر "گەلی باشووری ڕۆژهەڵات و ڕۆژهەڵاتی ئەناتۆلیا" بنووسرێت. لە جیاتی ئەمەش زاراوەی "ئەو هاووڵاتیانەی کە لە ڕۆژهەڵاتی تورکیا دەژین" بەکار دەبرێت. هەروەها لەباتی "ڕێبەرانی کورد" لە عێراق، لەسەر [illegible]یەکانی ڕاگەیاندن پێویستە زاراوەی "ڕێبەرانی خێڵەکان لە باکووری عێراق" بەکار بێن. شایانی باسە لیستەی [illegible] قەدەغەکراوەکان بۆ ئاژانسی دەنگوباسی ئەناتۆلیا و ڕادیۆ تەلەفزیۆنەکانی سەر بە دەوڵەت ڕەوانە کراوە. (ڕۆژنامەی میللیەت - ی تورکی. تێکستی تەلەفزیۆنی TV4 ی سویدی ۹۹/ ٥/۲۰)

۹۹/٥/۲۲

پێموایە ئۆجەلان وەکو کەسێ هیچ ڕۆڵێکی نەماوە، سەبارەت بە دۆزی کوردیش لەو بڕوایە دام کۆتایی نایەت. من وای بۆ دەچم ئۆجەلان هاوکاری لەگەڵ دەزگای ئاسایشی تورکی کردبێ، چونکە ئەو کەسێکی ئازا نەبوو، ئەگەر ئازایەتیی سەرکردەیەکی هەبا ئەوا لەنێو پیاوانی خۆی نەک لە دەرەوە دەژیا (مەسعوود بارزانی - سەرۆکی پارتی دیموکراتیی کوردستان. بۆ تەواوی قسەکانی مەسعوود بارزانی بڕوانە الشرق الاوسط ۹۹/٥/۲۲)

ئۆجەلان بەڵگەنامەیەکی ۱۱۰ لاپەڕەیی بۆ داکۆکیکردن لە خۆی، ئامادە کردووە. بابەتی سەرەکیی بەڵگەنامەکە. ئەنکوچەلەمەی کوردی بە ڕادەیەک پێکەیبود کە چارەسەرێکی دیموکراتییانەی پێویستە. (نیازی بولگان پارێزەرێکی ئۆجەلان. الحیاد ۹۹/٥/۲۲).

۹۹/٥/۲٤

دادگاییکردنی ئۆجەلان کە لە ۳۱ی مای دەست پێ دەکات، بە هیچ شێوەیەک پەیوەندی بە دادگاییکردنە ڕەواکان نییە کە ئێمە لە ئەورووپا پێیان ئاشناین. کەسیش ئازانێ دەرهێنەرانی ئەم داوایە دەیانەوێ چ بکەن. (کۆنستاس سیمیتیس - سەرۆک وەزیرانی یۆنان. السفیر ۹۹/٥/۲٤)

کرتنی عەبدوللا ئۆجەلان تەنیا ئەنکوچەلەمەیەکی سیاسی لە ئەورووپا دروست نەکرد، بەڵکو هەڵێکی مێژوویی زۆر گرنگیشی بۆ مەسەلەی کورد ڕەخساند. (گۆڤاری کۆنتراکت - سوید. ژ ۲. ساڵی ۱۹۹۹. ل ۲)

۹۹/٥/۲٥

"ئەنجوومەنێکی نیشتمانی"ی کوردی لە ئەمستردام (AFP. الحیاد ۹۹/٥/۲٥)

ئەو دەزگا کوردییە ئەنجوومەن - دەستدرێژیکردنە بۆ سەر یەکپارچەیی خاکی تورکیا (حکومەتی تورک. السفیر ۹۹/٥/ ۲٥)

ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردی کواستنەوەیەکی جۆرەکییە لە بیرکردنەوەی کوردیدا. (ئەحمەد حەمروش - نووسەرێکی میسری. الشرق الاوسط ۹۹/٥/۲٥)

چەند هەفتەیەک دەبێ ئۆجەلان بە بەردەوامی شتی لە بیر دەچێتەوە و زنجیرەی ڕووداوەکانی لێ تێکدەچێت. هەندێ جاریش قسە ڕەسمییەکانی تورک لەمەڕ تیرۆریزمی چەکدارانەی کورد لە دیاربەکر دەڵێتەوە. (ئەحمەد زەکی ئۆکچوئۆغلو - پارێزەری ئۆجەلان)

سەرچاوە سیخوڕییەکان ئەوەیان ڕوون کردووە پارێزەر ئۆکچوئۆغلو، کە بەر لە ۱۰ ڕۆژ سەردانی ئۆجەلانی کردووە، لە کاتی قسەکردن لەگەڵیدا تووشی ڕەحمەتییەکی زۆر هاتووە چونکە پێشەوای کورد باسی هەندێ شت دەکات کە هیچ پەیوەندییەکیان بەو بابەتانەوە نییە کە پارێزەرەکەی پێی کوتووە. ئۆجەلان زۆر جاریش دووچاری کێشەی دەروونی و تووڕەیی دێت بە ڕادەیەک کە ئاخافتن لەگەڵیدا "موستەحیل" دەبێت. ئەمەش [illegible] لەسەر سەختیی ئەو ئەشکەنجەدانە دەکات کە ئۆجەلان تووشی هاتووە. (شاکر عەبدولحەمید - ڕۆژنامەوان / پاریس)

هێشتا هەر لەسەر بەستنی کۆنگرەی کوردی لە هەرێمی باسک / ئیسپانیا بێ دادەکرین. (خافییر ئەرسایوس - پێشەوای پارتی نیشتمانیی باسک)

حوکمی لە سێدارەدانی ئۆجەلان کاری زەبروزەنگی مزی دەبێتە ئاراوە (قسەکەرێک بە ناوی پ.ک.ک) (سەرچاوەی ئەم وتانە الزمان ۹۹/٥/۲٥).

۹۹/٥/۲٦

داوامان کردووە کە ڕێک بدرێین تا لە دادگاییکردنی ئۆجەلان ئامادە بین. چونکە ئەمە شێوەیەکی گرنگە بۆ هاوکاریکردن لەگەڵ پرۆسەی گەشەسەندنی دیموکراسی لە تورکیادا. هەروەها ئەمە دەبێتە هۆی بەهێزکردنی توانا و ئیمکانات تاکو دادگاییکردنەکە، بە ڕێکوپێکی و هاوشان لەگەڵ پرەنسیپە دیموکراتییەکان و ڕێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ، بەڕێوە بچێت. (تۆربان ئاهلین - ئەندامی پەرلەمانی سوید / سوسیال دیموکراتەکان DN 26- 5-99)

۹۹/٥/۲۷

ئەنقەرە، بە مەبەستی خۆرزگارکردن لە ڕەخنەی دەوڵەتان، فازییە سەرباریەکان لە دادگاییکردنی ئۆجەلان دوور دەخاتەوە. (ئازاد نوح - ڕۆژنامەوان. الزمان ۹۹/٥/۲۷)

ئۆجەلان وەک "تیرۆریستێکی کورد"یش دادگایی ناکرێت، بەڵکو تەنیا "تیرۆریستێکی - تورکیی شاخاوییە" و تاوانیشی لەوانەیە، دابەزین بۆ شار بێت! (فوئاد حەتیت - نووسەرێکی لوبنانی. السفیر ٩٩/٥/٢٧).

ئەحەقیت ئەگەری دواخستنی دادگاییکردنی ئۆجەلان پێشنیار دەکات. هێرشێکی کوردی بۆ سەر باڵاوکەی نەوتی تورکی. (DPA، AFP، Reuters. السفیر ٩٩/٥/٢٧).

٩٩/٥/٢٨

قۆناغێکی نوێی کێشەی تورک و کورد: چونکە چۆک پێدادانی شۆرشگێرەکان موستەحیلە. تورکیا ئاگر لە ماڵی کوندنشینەکان بەردەدات. (جۆن هێمینگ - رۆژنامەوان. العرب ٩٩/٥/٢٨).

٩٩/٥/٢٩

ئۆجەلان لەناو قەفەسێکی شووشەیی دادگایی دەکرێت. (ئاژانسی دەنگوباسەکان. القبس ٩٩/٥/٢٩).

ئەندامانی پەرلەمانی ئەورووپی ئامادەی دادگاییکردنەکە دەبن و کوردەکانیش هەرەشەی کاری توندوتیژی دەکەن. (رۆژنامەی - الزمان - ی لەندەنی)

گرتووخانەی دوورگەی ئیمرالی... مێژوویێکی رەش. (AFP)

لە حباتی دادگا سەربازییەکان، دادگاییکردنی نائاسایی بەرێوە دەبرێن، بەلام بە شێوەیەکی سڤیل. (خەلیل ئەبیلەر - نووسەر و رۆژنامەوانێکی تورک)

ئەوەی کە قژی لە هەمووان کورتترە ئەوە قازی سەربازییە، هەر ئەمەش تاکە جیاوازییە. (چاودێرێکی رۆژئاوایی)

هێزەکانی ئاسایشی ئەڵمانیا خۆیان ئامادە دەکەن بۆ رووبەڕووبوونەوەی خۆپیشاندانە کوردییەکانی دژ بە تورکیا. (ماجد ئەلخەتیب - رۆژنامەوان). (سەرچاوە: الشرق الاوسط ٩٩/ ٥/٢٩).

٩٩/٥/٣٠

سەرەڕای هەموو ترس و هەڕەشەیەکیش کاری خۆم هەر ئەنجام دەدەم. (مەحموود شەکەر - پارێزەرێکی ئۆجەلان: DN 30-5-99).

٩٩/٥/٣١

مومکینە ئەو دادگاییکردنە هەلێک بۆ تێگەیشتن و چارەسەرکردنی مەسەلەی کورد لە رەگ و ریشەوە برەخسێنێت. هەرچی سەرکردایەتیی تورکییە نایەوێت هەڵوێستی خۆی بگۆڕێت، چونکە ئەمە وای لێ دەکات پێکەی قانوونی و دەستووریی تەواوی رژێم بگۆڕێنێت. کەواتە ئەم هەلەش لە دەست دەچێت. حکومەت نایەوێت رۆڵی پیاوی ئاشتی بە ئۆجەلان بدات و لەسەر لەسێدارەدانیشی پێ دادەگرێت. (پرۆفیسۆری تورک دۆغو ئەرجیل - سەرۆکی دەزگای توساف کە بایەخ بە گیروگرفتەکانی کۆمەڵگا دەدات: الشرق الاوسط ٩٩/٥/٣١).

تورکیا هەوڵی نەهێشتنی وشەی "کوردی" لە فەرهەنگی خۆی دەدات. (AFP: الزمان ٩٩/٥/٣١).

تورکیا: چارەسەر پەتی سێدارەیە! (فلۆراکس پیتەرمان - رۆژنامەوان: العرب ٩٩/٥/٣١).

دادگاییکردنی ئۆجەلان دەستی پێکرد. (TT-AFP: DN 31-5-99).

کەس بۆی نییە بڕیاری دادگا بخاتە ژێر پرسیارەوە. (سولێمان دیمێریل - سەرۆکی کۆماری تورک: DN 31-5-99).

99/6/1

ئۆجەلان داوای لێبوردن و بانگی دەستبەرداربوون لە کاری چەکداری دەکات: دەمەوێ بژیم بۆ ئەوەی خزمەتی دەوڵەتی تورک بکەم. (حوسنی مەحلی - رۆژنامەوان و پەیامنێری کەناڵی MBC القبس 1-6-99).

ئەگەر واقعیانە و دوور لە دیاردەی دروستکردنی "غایەن" یان "کورە ئازاکە"ی کە دوربینی تەلەفزیۆن و ماسمیدیا لەسەر شێوازی هۆلیوود، کە بۆتە مۆدەی ئەم سەردەمە، دروستی دەکەن، بڕوانینە ئەم "دادگا" شکلیە و خۆ لە ناوبانگی پیسی دام و دەزگا سەرکوتکەرەکانی تورکیا لە جیهاندا گێل نەکەین، کە چەند وەستان لە بواری ئەشکەنجەدانی فیزیکی و دەروونیی ئینساندا و ئەو شێوە ماسۆشیە "جێمس بۆند"یەمان لەبەر چاو بێت کە ئۆجەلانیان پێ فڕاند و بە شانازییەوە وێنەکانیان بە هەموو دنیادا بڵاو کردەوە، گومان نامێنێت کە لەو رۆژەوەی ئۆجەلان لە دەستی تورکەکاندایە "ئۆجەلانێکی ئاسایی نییە". (رۆژنامەی پەیام، ژ ١٦ /٩٩، ل ١١).

دادگای ئەڵمانی داوای وەستاندنی کاری لێکۆڵینەوە لە کوشتنی کوردان بە فیشەکی ئەمنی کونسولخانەی ئیسرائیل دەکات. (ماجد ئەلخەتیب - رۆژنامەوان)

تاوانباری بەردەم دادگای ئیمرالی کەسی ئۆجەلان نییە، بەڵکو دۆزی کوردە. (رۆژنامەی الشرق الاوسط). (بڕوانە: الشرق الاوسط ٩٩/٦/١).

بە هەزاران کورد خۆپیشاندان بۆ ئۆجەلان دەکەن. (AP: DN 1-6-99).

٩٩/٦/٢

پێمانوایە کەس لە بەردەوامبوونی شەڕ قازانج ناکات. بۆیە هیواداریین لە کەش و هەوای ئاشتی و برایەتیدا بگەین بە چارەسەرێکی دیموکراتییانە. (ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی پ.ک.ک: العرب ٩٩/٦/٢).

ئۆجەلان دادگای تورکی دەکاتە گۆڕەپانی وتووێژی سیاسی: لە پێناوی ئاشتی و برایەتیدا ئامادەم خزمەتی دەوڵەتی تورک بکەم. پێتشم وایە بۆ ئەم ئامانجە دەبێ بە زیندوویی بمێنم. مەبەستی ئۆجەلان لەمەدا کە هۆیەکانی راگەیاندنی تورک "بە ئەنقەست" و رۆژئاواییش "لەوانەیە بە نەزانی" وایان شیکردەوە کە ئۆجەلان تەنیا هەوڵی رزگارکردنی ژیانی خۆی دەدات. (رۆژنامەی الخليج ٩٩/٦/١).

پێشەوای کورد عەبدوڵڵا ئۆجەلان، هەر لە یەکەمین دانیشتنی دادگاییکردنەکەیدا، توانی پارێزەرەکانی و قازییەکان وەلابنێت و، بۆ تەنیا چاودێران بیانگۆڕێت. ئۆجەلان لە میانەی گفتوگۆیەکی وتوویژئاسا کە لەگەڵ سەرکردایەتی سیاسی لە تورکیادا دەستی پێکرد، دادگاییکردنەکەی، کە سەرکردایەتیی تورک دەیانویست کاری لە تاوان لێکۆڵینەوە بێ و بەس، بۆ گۆڕەپانی راستەقینەی

وتوویژ گۆڕی و تێیدا ئاشتی دەخاتە بەردەم ئەنقەرە و، لە باری ڕەتدانەوەی ئەم پێشنیارەش بە هەڕەشەوە ئەنجامەکانی دەخاتە ئەستۆی ئەنقەرە. لەوانەیە هەر ئەمەش ئەو هۆیە بوویێت کە پاڵی بە دەسەڵاتدارانی تورکەوە نابێت، قسەکانی عەبدوڵلا ئۆجەلان لە کاتی دادگاییکردنەکەدا بە شێوەیەکی دیکە بگۆڕن و، ناویراویش بە "ترسنۆک" و "پەشیمان" و کەسێک دابنێن کە تەنیا لە هەوڵی پاراستنی ژیانی خۆیدایە. (غەسان مەکحەل - ڕۆژنامەوان: السفیر ۹۹/۶/۲).

۹۹/۶/٤

گرووپێکی کوردی خۆی ئامادە دەکات بۆ ڕزگارکردنی ئۆجەلان! (ڕۆژنامەی - کۆمێرشەنت - ی ڕووسی: العرب ۹۹/۶/٤).

ئۆجەلان زیاتر ویستی ئەو شتە ڕزگار بکات کە هێناویتیە ئاراوە نەک ژیانی تایبەتیی خۆی. (ڤاڵتەر شفیمەر - ئەندامێکی نەمسایی لە ئەنجوومەنی ئەورووپا: الاتحاد ۹۹/۶/٤).

ئۆجەلان لە میانەی قسەکانی لە دادگادا، سەبارەت بە کەسایەتیی خۆی، ڕای گشتیی تورکی دەبرێت. (ئیبراهیم ئەلیاس - ڕۆژنامەوان: الشرق الاوسط ۹۹/۶/٤).

۹۹/۶/۷

دۆزی ئۆجەلان دۆزێکی سیاسییە نەک دۆزێکی تاوانناسا. (فەهمی هویدی - نووسەرێکی میسری: الشرق الاوسط ۹۹-۶-۷).

۹۹-۶-۸ /

سەرکردایەتیی سوپای تورک هەبوونی پەیوەندی لەگەڵ ئۆجەلان و یاریدەدەرەکانیدا ڕەت دەکاتەوە، وەزیری ناوخۆی پێشوو دانی بە ئەنجامدانی وتوویژ لە نێوان ساڵانی ۱۹۹۱ و ۱۹۹۸دا نا. (AFP: الشرق الاوسط ۹۹/۶/۸).

۹۹/۶/۹

ئەنقەرە بووە هۆی سەرنەگرتنی ڕێککەوتنێک لە نێوان ئەسەد و پیرێزدا تاکو بتوانێت گیروگرفتەکانی خۆی لەگەڵ پارتی کرێکارانی کوردستان یەکلا بکاتەوە. (هانی ئەلحەسەن - کۆمیساری پەیوەندییەکانی دەرەوەی ڕێکخراوی ڕزگاریخوازیی فەلەستین: الزمان ۹۹/۶/۹).

دادگای ئاسایشی دەوڵەتی تورک داوای سزای لەسێدارەدان بۆ ئۆجەلان دەکات. (ڕۆژنامەی الزمان ۹۹/۶/۹).

۹۹/۶/۱۰

حکومەتی ئەجەڤیت متمانەی پەرلەمان بە دەست دەخات. (AP,AFP, Reuters: السفیر ۹۹/۶/۱۰).

من هەر لە سەرەتادا بە عەبدوڵلا ئۆجەلانم گوت دەوڵەت تۆ هەڵدەخەڵەتێنێت، پێت دەڵێت ئەگەر تۆ وا بڵێیت، ئەو شتانە بڵێیت، ئێمە تۆ لە سێدارە نادەین. من پێیم گوت شێخ سەعیدیشیان هەر بەو شێوەیە لە خشتە برد: تۆش هەر ئیعدام دەکەن، بەڵام ئۆجەلان بڕوای بە من نەبوو. (ئەحمەد زەکی ئۆکچوئۆغلو - پارێزەرێکی ئۆجەلان: ئینتەرنێت The Kurdistan /Observer، چاوپێکەوتن لەگەڵ ئەحمەد زەکی ئۆکچوئۆغلو کە لە لایەن ڕۆژنامەوان شاهین بەکر سۆرەکلی ئەنجام دراوە، ۹۹/۶/۱۰).

داخوازی ئۆجەلان ئەوە نییە کە خۆی لە مردن ڕزگار بکات، بەڵکو دەیەوێت بەر لە ئەمانیشی خزمەتێکی مرۆڤایەتی بکات. ئۆجەلان دەیەوێت ڕێگای مردن و خوێنڕشتن کۆتایی پێ بێت و ڕێگای ئاشتی بکرێتەوە. (عوسمان ئۆزچەلیک - جێگری سەرۆکی هادەپ: هەمان سەرچاوە و هەمان مێژوو، چاوپێکەوتن لەگەڵ عوسمان ئۆزچەلیک).

۹۹/۶/۱۱

پارتی کرێکاران داوا لە واشنتۆن دەکات لەسێدارەدانی ئۆجەلان ڕابگرێت.

(AFP,Reuters,AP,DPA: السفیر ۹۹/۶/۱۱)

۹۹/۶/۱۲

پارتی کرێکارانی کوردستان هەڕەشەی "جەنگێکی سەرتاسەری" دەکات، ئەگەر ئۆجەلان لەسێدارە بدرێت. (Reuters: الحیاه ۹۹/۶/۱۲).

۹۹/۶/۱۸

کۆڕینی قازیی سەبازی بە یەکێکی سڤیل. (TT-Reuters: DN 18-6-99).

۹۹/۶/۱۹

هەر کەس لە دیاربەکر پشتگیری لە ئۆجەلان دەکات. تورکەکان بەتەنێ ئۆجەلان دادگایی ناکەن، بەڵکو تەواوی کوردیش. (لوتفۆ - لاوێکی ۲۰ساڵەی دیاربەکر)

ئەگەر ئۆجەلان لەسەر ئەم شەڕە دادگایی بکەن، پێویستە لێپرسراوانی ناو حکومەتی تورکیش دادگایی بکەن. ئۆجەلان پێشەوای گەلی کوردە. چۆن دەتانەوێ لەش نەبزوێت کاتێ کە سەر دەبڕن؟ (حەسەن - سەرتراشێکی ٤۲ ساڵەی دیاربەکر). (بۆ سەرچاوەی ئەم قسانە بڕوانە: الحیاه ۹۹/۶/۱۹).

۹۹/۶/۲۲

پ.ک.ک بە تەنیا لە من پێک نایەت، پ.ک.ک ڕێکخراوێکی گەورەی سیاسییە. خەبات بە من کۆتایی نایەت و هەر بەردەوامیش دەبێت. ئەگەر تورکیا لەو باوەڕەدایە خەبات بە من کۆتایی دێت، ئەوا هەڵەیەکی گەورەی کردووە. (عەبدوڵلا ئۆجەلان: تێکستی تەلەفزیۆنی TV4 ی سویدی).

۹۹/۶/۲۷

دادگاییکردنی ئۆجەلان بەڵگەیەکی دیکەیە لەسەر لەرزۆکیی حیکمەتی سیاسی و نەبوونی داد و ڕەوایی. (نزار ئاگری - نووسەر: الشرق الاوسط، ۹۹/۶/۲۷).

۹۹/۶/۲۸

تورکیا خۆی ئامادە دەکات بۆ لە دەستدانی سەقامگیری و پاشەڕۆژی ئەورووپییانەی: قازیی ئۆجەلان سبەینێ "قەڵەمەکەی

دەشکێنێت و چارەنووسی حەتمی ی پێشەوای کوردەکان رادەگەیێنێت (AFP الحیاه ٩٩/٦/٢٨).

ئەگەر ئۆجەلان لەسێدارە بدرێت شەڕی نوێ بەرپا دەبێت. (جەمیل بایک ـ ئەندامی سەرکردایەتیی پ.ک.ک DN 28-6-99).

پارێزەرانی ئۆجەلان خۆیان ئامادە دەکەن بۆ گواستنەوەی داواکەی بۆ دادگای ئەوروپا. (DN 28-6-99 AFP).

٢٩-٦-٩٩

ئۆجەلان بە مردن مەحکوم کرا: سەرۆکی پ.ک.ک لەبەر خیانەتی گەورە و جوداخوازی و کوشتن، لە رێگای هەڵواسین، بە مردن مەحکوم کرا. (DN 29-6-99 TT-DPA).

ئەم حوکمە رێگایەکی ترسناک بۆ کێشە و ململانێ و کەرانەدواوە لە تورکیا و رۆژهەلاتی ناوەراست تەخت دەکات. (ERNK ـ باڵی سیاسیی پ.ک.ک. هەمان سەرچاوە).

گەورەترین خۆپیشاندانی کورد لە بریتانیا بۆ پشتگیریکردن لە عەبدوڵلا ئۆجەلان لە گۆرەپانی ترافلگار لە لەندەن. (رۆژنامەی پەیام، ژ ٩٩/١٦ل ١).

هەواڵی سزادانی سەرۆکی پ.ک.ک بە مردن، مانای گرژی و ناڕەحەتییەکی گەورە دەبەخشێت. (ئەننا لیند ـ وەزیری دەرەوەی سوید DN 29-6-99).

کوردەکان رووبەرووی قەڵاچۆکردنی ئەتنیکی دەبنەوە. (رۆژنامەی Con Pilcir ی ئوسترالی CTV 29-6-99)

لەسێدارەدانی ئۆجەلان بەقەد سەرە مترووولەیەکیش، بە خراپی کار لە شۆرشی ئیشتمانیی داکۆکیکەر لە مافی گەلی کورد بۆ زیان، ناکات. (عادل یەزیدی ـ کوردێکی وڵاتپارێز)

ئەنقەرە داوای پاشماوەی ئەرشیفی ئۆجەلان لە سوریا دەکات و دیمەشقیش داوای کەسانێکی سەر بە "الاخوان" دەکات. (یوسف ئەلشەریف ـ رۆژنامەوان و پەیامنێری کەناڵی ANN). (سەرچاوە. الحیاه ٩٩/٦/٢٩).

٩٩/٦/٣٠

سزادانی سەرۆکی گشتیی پ.ک.ک عەبدوڵلا ئۆجەلان، سزادانی تەواوی گەلی کوردە. (یەشار کایا ـ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان لە دەرەوەی وڵات)

لە جیاتی لە سێدارەدانی ئۆجەلان، با دەوڵەتی تورک ناچار بکرێ، تا لەگەڵ نوێنەرانی کورد گفتوگۆ دەست پێ بکات. (حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران)

داوا لە هەموو هێزە دیموکرات و پێشکەوتنخوازەکان دەکەین، بۆ بەتالکردنەوەی بریاری لە سێدارەدان و چارەسەرکردنی ئاشتییانەی مەسەلەی کورد، فشار بۆ سەر حکومەتی ئەنقەرە بێنن. (پارتی سۆسیالیستی کوردەکانی سوریا)

وەک پرەنسیپ لە دژی سزای لە سێدارەدانین. (رۆبین کوک ـ وەزیری دەرەوەی بەریتانیا)

لەمرۆ بە دواوە سزای لە سێدارەدان لە دەستی سیستەمی دادی تورکیا، پەرلەمان و سەرۆک کۆماری ئەو وڵاتەدایە. (جێمس رۆبین ـ قسەکەری وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا). (سەرچاوەی ئەم قسانە: CTV 30-6-99).

ئۆجەلان بۆ کوردەکان سیمبۆلێکی نەتەوەییە و لای تورکەکانیش حیسابی تیرۆریستێکی بۆ دەکرێت. (AFP: الشرق الاوسط ٩٩/٦/٣٠).

پێویستە کوردەکانیش وەک هەر کەمینەیەک، بە گوێرەی نۆرمی ئەوروپایی، خاوەن مافەکانی خۆیان بن. (ئەننا لیند ـ وەزیری دەرەوەی سوید)

ئەگەر رەوایە ئۆجەلان بە مەرگ سزا بدرێت، ئەوکات دەبێ هەموو حکومەتی تورکیاش هەمان سزایان بەسەردا بسەپێنرێت. (سارا ـ کچێکی ١٨ ساڵەی نیمچە سامی / باکووری سوید). (بڕوانە: Metro 30-6-99)

ئەو حوکمە تا بڵێی ترسناکە و هەر وەک شێوەی خودی دادگاییکردنەکە وایە. (ماسیمۆ دالیما ـ سەرۆک وەزیرانی ئیتالیا: الحیاه ٩٩/٦/٣٠).

دەبێ دان بەوەدا بنێین کە تەنگوچەڵەمەیەک بە ناوی تەنگوچەڵەمەی کوردی و ناسنامەی کوردییش هەبوونیان هەیە. با بە قەد هەموو دنیاش رکمان لە ئۆجەلان بێتەوە، بەڵام ئەو بۆ زۆربەی کوردان سیمبۆلی ئەو ناسنامەیەیە کە باسمان کرد. (شوکرو ئەلەکداغ ـ کۆنە دیپلۆماتێکی تورک)

زۆر شت ئەوە دەگەیەنن کە لە ماوەیەکی کورتدا هادەپ ی کوردی و "فەزیلەت" ی ئیسلامی دادەخرێن. (یاقوز بایدار ـ رۆژنامەوان لە رۆژنامەی "میللیەت" ی تورکی). (سەرچاوەی ئەم وتانە: DN 30-6-99).

کوردەکان هەرەشە دەکەن. ئیسرائیل و کینیا پاسەوانێتیی باڵیۆزخانەکانیان پتەوتر دەکەن. (رۆژنامەی "الحیاه الجدیده" ی فەلەستینی ٩٩/٦/٣٠).

هیوادارم ئەو بریارەی کە دادگا کردوویەتی بە کەڵکی تورکیا بێت. (بولند ئەجەڤیت ـ سەرۆک وەزیرانی تورکیا)

دادگا ئەرکی خۆی بەجێهێنا. (سولێمان دیمیرێل ـ سەرۆک کۆماری تورکیا) (سەرچاوە: الوطن ٩٩/٦/٣٠).

٩٩/٧/١

لە باشووری بچووک، لە شاری عامووده، کەسێک بە نامانجی ناڕەزایی دەربرین لە هەمبەر بریاری لە سێدارەدانی ئۆجەلان، ئاگری لە گیانی خۆی بەردا.

دادگاییکردنی سەرۆکی رووەتیی کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان عەبدوڵلا ئۆجەلان بە تەواوەتی کارێکی سیاسییە، بۆیە ئەمە دادگاییکردنی هەموو گەلی کورد خۆیەتی. (عیسمەت شەریف وانلی ـ سەرۆکی کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان)

ئۆجەلان سەرۆکی رەوای کوردانە و، بۆ ئاشتی و ئارامی و پاشەرۆژ شانسێکە. (بۆب فیلنەر ـ ئەندامی کۆنگریسی ئەمەریکا)

دوای سەلاحەدینی ئەیوبی ئۆجەلان سەرۆکی هەرە ناسراوی کوردانە. (رامسی کلارک ـ وەزیری پێشووی دادی ئەمەریکا)

بۆ ئاشتی و برایەتی، هەلێکی باش هەیەلە بەردەم تورکیادا. (نەجمەدین کەریم ـ ئەندامی کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان)

لە ئەنجامی ئەم بریارەدا ژیانی ئۆجەلان ون دەبێت. هەرچی گەلی کوردە بنەبڕ ناکرێت. دەبێ تێکۆشەرێکی فەرەنسی چ هیوایەکی بە دادگایەکی نازی هەبێت؟ (کانی غولام ـ بەرێوەبەری بنکەی زانیاریی کوردستان ـ ئەمەریکا). (سەرچاوەی ئەم قسانە: CTV 1-7-99 و چەند کەناڵێکی تری تەلەفزیۆنی وەکو MBC و ANN.

رای گشتیی تورکی لایەنگری حوکمی لە سێدارەدانی ئۆجەلانە، بەڵام لە جێبەجێکردنیدا چ بەرژەوەندییەک نابینێت و داوای بڕیارێکی هێمن و لەسەرخۆ دەکات. (ئاژانسی دەنگوباسەکان. الشرق الاوسط۱/۷/۹۹).

حوکمی لە سێدارەدانی ئۆجەلان. چارەسەری تەنگوچەڵەمەی کوردییە یان بە بەڵگانکردنی تورکیایە؟ (سالح ئەبوزێنە - ڕۆژنامەوان. الوطن۱/۷/۹۹).

ڕێککەوتنی نێوان پارتی دیموکراتیی کوردستان و یەکێتی نیشتمانیی کوردستان لەسەر پێکهێنانی لیژنەیەکی ئەمنیی ئیستیخباراتی بۆ چاودێریکردنی پارتی کرێکارانی کوردستان هەنگاوێکی گەورەیە بۆ پێشەوە. (بەرپرسیارێکی گەورەی وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا. الحیاه ۱/۷/۹۹).

بلێسەی ئازادی بە لە سێدارەدانی ئۆجەلان و گۆڕینی حوکمەکەی بۆ زیندانی هەتا هەتایی ناکوژێتەوە، چونکە نەتەوەی کورد نەزۆک نییە و هەر کە پێشەوایەکی کورد نەما ڕێبەران و پێشەوایانی تر لە گۆڕەپان بەدەر دەکەون. (ئەحمەد ئەلهۆنی - نووسەر و ڕۆژنامەوانێکی عەرەب. العرب ۱/۷/۹۹).

۹۹/۷/۲

حوکمی لە سێدارەدانی ئۆجەلان ئەڵقەیەکی نوێیە لەو شەڕە شۆڤێنیستییەی کە گەلی کورد لە سەرەتای ئەم سەدەیە، بە تایبەتیش لەسەر دەستی دەسەلاتدارانی تورک، دووچاری هاتووە. (وەلید جونبولات - سەرۆکی پارتی پێشکەوتنخوازی سۆسیالیستی لە لوبنان. الحیاه ۲/۷/۹۹).

بۆ نارەزایی دەربڕین لە هەمبەر حوکمی لە سێدارەدانی پێشەوای کورد عەبدوڵلا ئۆجەلان، دوو کورد لە سەر یەکێک لە شەقامەکانی شاری دهۆک، بەنزینیان بە خۆیان داکرد و ئاگریان لە خۆیان بەردا. ئەم ڕووداوە کە جاری یەکەمە دەقەومێت، شتێکی کتوپڕ بوو بۆ کوردەکانی باکووری عێراق، چونکە ڕەوشی ڕێکخستنی پارتی کرێکاران لە شارەکانی باکوور، لەبەر بەردەوامبوونی پارتی کرێکاران لەسەر چالاکییە چەکدارییەکانی خۆی لە ناوچەکە، خراپە و کوردەکانی عێراق ئەم چالاکییانە بە زەرەر و زیان و بێمانا دەزانن کە هیچ خزمەتێکی دۆزی کوردیش ناکات. (سامان نوح - پەیامنێری ڕۆژنامەی الزمان ۲/۷/۹۹)

پێموایە پارتی کرێکارانی کوردستان، تا کاتی جێبەجێکردنی حوکمی لە سێدارەدانی ئۆجەلان، لەسەر شەڕی ڕۆتینی خۆی بەردەوام دەبێت. بەڵام هەر لە دوای جێبەجێکردنی حوکمەکە وێنەی پارتی کرێکاران بۆ سەرکردایەتییەکەی چ مانایەکی نامێنێت. لێرەدا بۆمان هەیە چاوەڕوانی جۆرێک لە بە لوبنانکردنی شەڕەکە بکەین، بە مانای ڕووکردنە شێوازی ئۆتۆمۆبیل تەقاندنەوە و هێرشی خۆکوژی. لە ڕیزەکانی پارتی کرێکارانی کوردستاندا بە هەزاران گەنج هەن کە ئامادەن ئەم کارە بکەن. (کەندال نەزان - سەرۆکی ئەنیستیتوتی کوردی لە پاریس. الخلیج ۲/۷/۹۹).

ئەمسا، لەبەر ڕۆشنایی ڕووداوەکانی تورکیا، داوای کۆنگرەیەکی نێودەوڵەتان سەبارەت بە کوردەکان دەکات. (ڕۆژنامەی 'الزمان'ی لەندەنی ۲/۷/۹۹۹).

۹۹/۷/۳

دادگاییکردنێکی بەتاڵ بۆ دۆزێکی ڕەوا. (خالید عیسا تەها - پارێزەر)

تورکیا بیر لەو نرخە دەکاتەوە، کە بە لە سێدارەدانی ئۆجەلان دەبێ بیدات. (Reuters). (بڕوانە: الزمان ۳/۷/۹۹).

بڕیاری لە سێدارەدانی ئۆجەلان لە غەیری شەڕ شتێکی دیکەی لە بەردەم کورد نەهێشتۆتەوە. (هاوپەیمانی دیموکراتیی کوردستان: حیزبی دیموکراتی سۆسیالیستی کوردستان، حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان، پارتی موحافەزەکارانی کوردستان و بزووتنەوەی دیموکراسیخوازان).

بڕیاری لە سێدارەدانی ئۆجەلان پرۆتێستۆ دەکەین. (سەندیکای کارمەندانی تەندروستی - کۆمەڵەی پاراستنی کولتووری کورد / سلێمانی).

ئەگەر تورکیا خۆی وەک وڵاتێکی ئەورووپایی دەبینێت، ئەوکات ئابێ لە دژی ئەورووپاش دەر بکەوێت. (هانس کریستیان کروکەر - جێگری سکرتێری گشتیی ئەنجوومەنی ئەورووپا). (سەرچاوەی ئەم وتانە: CTV 3-7-99).

٤-٧-٩٩ /

باڵادەستیی هەر بۆ زەبروزەنگ دەمێنێتەوە. (تورکی ئەلحەمەد - نووسەر و ڕۆژنامەوانێکی عەرەب)

واشنتۆن، بۆ مەسەلەی بڕیاری لە سێدارەدانی ئۆجەلان، لە چاو ئەورووپا "زیاتر لێمان تێدەگات". (بولەند ئەجەڤیت - سەرۆک وەزیرانی تورکیا)

یەکەمین ناکۆکیی سیاسی لەناو کوالیسیۆنی پتەوی ئەنقەرە لەسەر پارتی کرێکارانی کوردستان. (ئیبراهیم ئەلیاس - ڕۆژنامەوان)

تورکەکانی ئەڵمانیا لە دژی لە سێدارەدانی ئۆجەلانن. (ماجد ئەلخەتیب - ڕۆژنامەوان). (سەرچاوەی ئەم قسانە: الشرق الاوسط ۹۹/۷/٤).

۹۹/۷/٦

لقی ئەڵمانیای ئەمنستی ئینتەرناشناڵ، بە مەبەستی نارەزایی دەربڕین لە هەمبەر حوکمی لە سێدارەدان، دەستی بە کامپانییایەک کرد و نامەی بۆ هەندێ لە وەزارەتەکانی تورکیا نارد.

پەرلەمانی ئیتالیا لەسەر بڕیاری لە سێدارەدان دانیشتنێکی تایبەتی ئەنجام دەدات. (سەرچاوە: CTV 6-7-99).

ماندێلا داوا دەکا چارەسەرێکی سیاسی بۆ مەسەلەی کورد بدۆزرێتەوە. (ئینتەرنێت Kurdistan/ Observber-Kurdish News)(٦).

۹۹/۷/۷

عوسمان ئۆجەلان بەرپەرچی هێرشی هێزەکانی تورک لە کوردستانی عێراق دەداتەوە. (سامان نوح - پەیامنێر و ڕۆژنامەوان)

ئەورووپا، لە پاش دەستگیرکردنی پێشەوای کورد عەبدوڵلا ئۆجەلان، زانی کە تەنگوچەڵەمەی کوردەکان وەک تەنگوچەڵەمەیەکی هەرێمی نەماوە، بە تایبەتی پاش ئەوەی کە بە

دەیان هەزار لە کوردەکان، بۆ نارەزایی دەربڕین لە دژی گرتنی پێشەواکەیان، لە مانگی فێبریوەریی ڕابردوو ڕژانە سەر شەقامەکان. (عەلی مەعن - ڕۆژنامەوان). (سەرچاوە: الزمان ٩٩/٧/٧).

دە هەزار سەربازی تورک ئۆپەراسیۆنی "ساندویچ" لە باکووری عێراق جێبەجێ دەکەن. (یوسف ئەلشەریف - پەیامنێری کەناڵی ANN و ڕۆژنامەوان: الحیاە ٩٩/٧/٧).

"کرێکارانی کوردستان" ستراتیژیەتی کارە خۆکوژییەکان بەرەو شارە گەورەکانی تورکیا دەگوێزێتەوە. (ئیبراهیم ئەلیاس - ڕۆژنامەوان)

ئۆجەلان پیاوی ئاشتییە لە سێدارەی مەدەن. (بەسام ئەبوشەریف - کەسایەتییەکی فەلەستینی)

سەرکردایەتی "پارتی کرێکارانی کوردستان" لەمەڕ چارەنووسی ٢٥٠ ملیۆن دۆلار ناڕەحەتە. (سەرچاوەی ئەم وتانە: الشرق الاوسط ٩٩/٧/٧)

٩٩/٧/٨.

ئەنقەرە ڕۆما ئاگادار دەکاتەوە تا دەست لە کاروباری نێوخۆی تورکیا وەرنەدات. (ڕۆژنامەی "السفیر"ی لوبنانی ٩٩/٧/٨).

بەغدا هەڕەشەی بەرپەرچدانەوەی هێرشی تورک بۆ سەر باکووری عێراق دەکات. (ڕۆژنامەی "العرب"ی لەندەنی ٩٩/٧/٨).

٩٩/٧/٩

تورکیا مافە مرۆڤایەتییەکانی کورد و مافی بیر و ڕا دەربڕینی پێشێل کردووە. (دادگای ئەوروپا بۆ مافەکانی مرۆڤ: Metro 9-7-99).

تیرۆریستەکانی پ.ک.ک چەند جارێک شاری "حاجی ئۆمەران"یان بە تۆپ بۆمباباران کرد. (وتەبێژێک بە ناوی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتیی کوردستان: ئینتەرنێت Kurdistan Observer-Kurdish News/ 12-7-99)(٧).

دوای دەوڵەتی تورک، ئێستاش پ.د.ک هەوڵ دەدا کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی گشتیی پەرلەمانی کوردستان لە دەرەوەی وڵات، کەوا پلان کراوە لە وڵاتی باسک ببەسترێت، ئاستەنگ بکات. بۆ ئەم مەبەستەش پ.د.ک / لقی ئیسپانیا نامەیەکی بۆ پەرلەمانی باسک ناردووە. نوێنەری پ.د.ک لە ئیسپانیا و پورتوگاڵ لە نامەکەیدا دەڵێت: پەرلەمانی کوردستان لە دەرەوەی وڵات نوێنەرایەتی کوردستان ناکات و دەزگایەکی سەر بە "پ.ک.ک"یە: CTV 9-7-99).

٩٩/٧/١١

ئەنقەرە پێشنیاری ڕۆما، بەخشینی مافی پەنابەری بە ئۆجەلان لە ئیتالیا، ڕەت دەکاتەوە. (ئیبراهیم ئەلیاس - ڕۆژنامەوان: الشرق الاوسط ٩٩/٧/١١).

٩٩/٧/١٢

سیاسەتمەدارانی کوردی سەر بە پارتی هادەپ ئازاد کران. (DN 12-7-99 ,TT-AFP).

ئەگەر ناچاریش بووین شەڕی پارتی کرێکاران بکەین، ئەوا لەتەک سوپای تورک ئەم شەڕە ناکەین. (جەلال تالەبانی - سکرتێری گشتیی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان: الحیاە ٩٩/٧/١٢).

٩٩/٧/١٣

بڕیارگەی ناوەندیی سوپای ڕزگاریخوازیی گەلی کوردستان - ARGK ڕایگەیاند کە لەمڕۆ بە دواوە دەست لە چالاکی فیداکارییانە هەڵدەگرن (CTV 13-7-99).

٩٩/٧/١٥

ئەم حوکمی لە سێدارەدانە پەندێکە بۆ گشت سەراتی کورد لە هەر شوێنێکی کوردستاندا. هەر یەکێک لەم سەرکردانە، تەنیا لەبەر ئەوەی کوردن، مەترسی هەمان چارەنووسیان لە بەردەمدایە. (مەسعوود محەمەد - نووسەر: السفیر ٩٩/٧/١٥).

پەیوەندییەکانی تورکیا لەگەڵ سوریا چاکبوونەتەوە و، بە لایەنی کەمەوە ئێستا، دیمەشق پشتگیری لە تیرۆریسم ناکات. (سولێمان دیمێریلی سەرۆک کۆماری تورکیا لە کاتی سەردانەکەیدا بۆ ئیسرائیل: الزمان ٩٩/٧/١٥).

٩٩/٧/١٦

کۆمەڵگای تورکی دوای حوکم بەسەر ئۆجەلان: سەرباز و مشک و شێر! (د. مستەفا لەبیاد - لێکۆڵەر و نووسەرێکی میسری: الخلیج ٩٩/٧/١٦).

جێبەجێکردنی حوکمی لە سێدارەدانی ئۆجەلان..گەلێ ئەنجامی خراپی لێ دەکەوێتەوە. (ڕۆژنامەی "فاینەنشال تایمز"ی بەریتانی: الزمان ٩٩/٧/١٦" وەرگێڕدراو".

پەراوێزەکان:

(١) سوپاس بۆ برایەکی باکووری کە وتەکەی بۆ کردم بە کوردی.

(٢) ئەو ئاگادارییە کاتی خۆی هەر لەو ڕۆژەدا لە تەلەفزیۆنی کوردیی Med-tv بڵاو کراوەتەوە.

(٣) بەیاننامەیەک لە ژێر ئەم ناوە لە ٩٩/١/١ بڵاو کراوەتەوە. دەقی بەیاننامەکە لە ئینتەرنێت / لاپەڕەیەکی تایبەت بە پ.س.ک = پارتی سۆسیالیستی کوردستان وەرگیراوە.

(٤) لە بەیاننامەیەکی پارتی ناوبراو وەرگیراوە کە لە ٩٩/٢/٢٠ بەسەر خۆپیشاندەرانی کورد لە ستۆکهۆڵم دابەشکراوە.

(٥) وەرامی وەزارەتی دەرەوەی باشووری ئەفریقا بۆ پۆلاد حەوێزی لە میرنشینە یەککرتووەکانی عەرەب.

(٦) بەیاننامەکە لە ٩٩/٧/٩ بڵاو کراوەتەوە.

مارف عومەر گوڵ

# پرۆسەکردنی کەسایەتیی یاسایی نێونەتەوەیی گەلان و تایبەتمەندییەکانی

## بەشی دووەم و سێیەم

هەر کەسێک لە چوارچێوەی هەر وڵاتێکدا بژیێ، بە حوکمی پێوەندیی بە دەزگاکانی دەوڵەتەوە، ماف و ئەرکی هەیە. کەواتە پێوەندییەکی یاسایی بە دەوڵەتەکەوە گرێی دەدات، بۆیە بۆ بەدەستهێنانی مافەکانی و جێبەجێکردنی ئەرکەکانی دەبێ پرۆسەی ئەو پێوەندییە یاساییە بکات. واتە، کەسایەتییەکی یاسایی هەیەو بە حوکمی پێوەندیی و بەشداربوونی لە یاساو دەزگاکانی دەوڵەتدا، پرۆسەی دەکات. بۆیە دەبێتە کەسێک (سۆبێکت - Subject) لە کەسانی یاسای ناوخۆ. بەڵام ئەوەی پێوەندیی بە گەلانەوە هەیە، هەموو گەلێک ماف و ئەرکی خۆی هەیە لە پێوەندیی نێوان وڵاتاندا، جا بە دەستهێنانی ئەو مافانەو جێبەجێکردنی ئەو ئەرکانە، گەل یان میللەت بە هۆی دەزگا (ئۆرگان) ی بەرجەستەکردنی کەسایەتیی یاساییەوە ئەنجامیان دەدات. لە کاتی بوونی دەوڵەتدا ئەوا بە هۆی دەوڵەتەکەوە پرۆسەی کەسایەتیی یاسایی نێونەتەوەیی دەکرێ، واتە دەوڵەت وەکو سۆبێکتی یاسای نێونەتەوەیی دەبێتە ئۆرگانی بەرجەستەکردنی ئەو کەسایەتییە. بەڵام گەلان و میللەتانی ئازادیخواز لە پێناوی ڕزگاریدا، بە هۆی ئۆرگانێکی نیشتمانییەوە دەتوانن ئەو کەسایەتییە یاساییە لە پێوەندیی نێوان وڵاتاندا بەرجەستە بکەن. جا ڕەنگە ئەو ئۆرگانە بەرەیەکی نیشتمانی بێت یان حکومەتێکی کاتی یان پەرلەمان یان کۆنگرەیەک بێت. کەواتە، بەرجەستەکردنی کەسایەتیی یاسایی نێونەتەوەیی بەشداربوونە لە پێوەندیی نێوان وڵاتاندا لە بەجێهێنانی ماف و جێبەجێکردنی ئەرکدا، ئەو کاتە ئەو ئۆرگانە وەکو سۆبێکتی یاسای نێو نەتەوەیی بەشدار دەبێ لە پێکهێنانی بنەماکانی یاسای نێونەتەوەیی و دەبێ ڕێز لە پرینسیپەکانیشی بگرێ.

لە دوای جەنگی دووەمەوە، لەبەر ئەوەی لە دەستووری ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا پرینسیپی یەکسانی و دیاریکردنی چارەنووسی گەلان جێگیرکرا، کەسایەتی یاسایی نێونەتەوەیی گەلان گرنگییەکی زۆری پێدراو دانی پێدا نرا (١). لە لایەکی دیکەشەوە، گەلێ بەڵگەنامەی گرنگ بڵاوکرانەوە، لەوانە: بەیاننامەی دەستەبەرەکردنی سەربەخۆیی وڵاتان و گەلانی کۆلۆنیالکراو[ساڵی ١٩٦٠]. ڕاگەیاندنی پرینسیپەکانی یاسای نێونەتەوەیی دەربارەی پێوەندیی دۆستایەتیی و هاوکاری لە نێوان وڵاتاندا بە گوێرەی دەستووری UN [ساڵی ١٩٧٠] ، هەروەها هەردوو پەیمانی ساڵی ١٩٦٦ دەربارەی مافی مەدەنی، سیاسی، ئابووری و کولتووری. لەو بەڵگەنامانەدا ئاسۆگەی پێویستی کەسایەتیی یاسایی نێونەتەوەیی گەلان بە ڕوونی دیاریکراوە(٢). هەروەها لە ئەنجامی بەجێهێنانی پرینسیپی یەکسانی و دیاریکردنی چارەنووسی گەلانەوە زیاتر لە سەد وڵات سەربەخۆییان بەدەستهێنا (٣).

کەسایەتیی یاسایی نێونەتەوەیی گەلان جیاوازە لە کەسایەتیی یاسایی سۆبێکتەکانی تری یاسای نێونەتەوەیی. تایبەتمەندیی کەسایەتی یاسایی نێونەتەوەیی گەلان لەوەدایە کە بریتییە لە سەروەریی نەتەوەیی. جا جێگیرکردنی پرینسیپی دیاریکردنی چارەنووس لە دەستووری UN دا، زەمینەی یاسایی سەروەریی نەتەوەیی دارشت و ڕێگەی خۆشکرد بۆ ئەوەی ئەوە ڕوونبکرێتەوە کە بۆ چی یاسای نێونەتەوەیی بریتییە لە یاسای نێوان دەوڵەتان، بەڵام گەلێ بنەمای تێدایە داکۆکی لەو گەل و میللەتانە دەکات کە خاوەنی دەوڵەتی سەربەخۆی خۆیان نین؟(٤).

گ.ب.ستاروشێنکە پێی وایە کە (سەروەریی نەتەوەیی) کۆمەڵە مافێکە میللەت بۆ پاراستنی خۆی هەیەتی و ڕەسەنایەتیی نەتەوەیی، تا ڕەوشێکی باش و لە باری، بۆ دابین بکات بۆ پێشکەوتن(٥). لە ڕوانگەی

یاسای تازەی نێونەتەوەییەوە هەر گەلێک، هەر میللەتێک سۆبێکتی مافی دیاریکردنی چارەنووسە. بەگوێرەی بەیاننامەی پرینسیپەکانی یاسای نێونەتەوەیی دەربارەی هاوکاری و دۆستایەتیی نێوان دەوڵەتان لەبەر ڕۆشنایی دەستووری UN دا «بە حوکمی پرینسیپی یەکسانی و دیاریکردنی چارەنووسی گەلان کە لە دەستووری UN دا هاتووە، هەموو گەلان مافی خۆیانە بە ئازادی و بە بێ دەستتێوەردانی دەرەکی ستاتوسی سیاسیی خۆیان دیاری بکەن و گەشە بە پێشکەوتنی ئابووری، کۆمەڵایەتی و کولتووری بدەن. هەموو دەوڵەتانیش لە سەریانە ڕێز لەو مافانە بگرن» (٦). بەڵام میللەت یان گەل بە چەند مانایەکی جیاواز دیاری دەکرێت. مافی چارەنووسیش لە لایەن گەلێ کۆمەڵی مرۆڤەوە وا دیاری دەکرێ کە پێکهاتووە لە چەند گەلێک یان چەند میللەتێک یان تەنیا گەلێک یان تەنیا بەشێکی میللەتێک. جگە لەوەش، مەسەلەی سۆبێکتی مافی چارەنووس چ لە ڕووی تیئۆرییەوە یان لە پراکتیکدا لە قۆناغی ڕزگاریی نەتەوایەتیدا ڕەنگە بە چەند جۆرێک چارەسەر بکرێت، بەتایبەتیش ئەگەر ئەو چارەنووسە پێشتر جارێک دیاری کرابێت(٧). بۆیە بەلای ئێمەوە زۆر گرنگە جەخت لە سەر سەروەریی نەتەوەیی بکەین، چونکە هەر گەلێک یان میللەتێک ئەگەر لە چوارچێوەی سنوورێکی جوگرافی دیاریکراودا بە شێوەیەکی یەکگرتوو بڵاوبووبێتەوەو یەکێتییەکی نەتەوەیی ئەندامانی بەیەکەوە گرێ بدا، ئەوە خاوەنی سەروەریی نەتەوەییە لە نیشتمانی خۆیدا. بە حوکمی ئەوەش مافی ڕەوای خۆیەتی چارەنووسی خۆی دیاری بکات و مافەکانی دابین بکات(٨). لێرەدا خاڵی گرنگ لەوەدایە، ئەگەر گەل پرۆسەی جێبەجێکردنی مافی چارەنووسیش نەکات، ئەوا هەر هەڵگری کەسایەتی یاسایی نێونەتەوەییە، بەڵام فۆرمی جێبەجێکردنی ئەو کەسایەتییە (واتە بەرجەستەکردنی) پێوەندیی بە خواستی گەل خۆیەوە هەیە.

ئەگەرچی کرۆکی مافی گەل دیاریکردنی چارەنووسێتی، هاوکات ئەگەر خاوەنی دەوڵەت بێ یان خاوەنی دەوڵەت نەبێت، ئەوا بە گوێرەی گەلێ پەیماننامەی جیهانی و هەمە لایەنە ئەم مافانەی هەیە:

١- مافی داکۆکی (بەرگریی) لە بە کۆمەڵ قڕکردن یان فەوتاندنی بەشێک ، بە گوێرەی پەیماننامەی ١٩٤٨ دەربارەی بەربەندکردنی جینۆسایدو سزاخستنە سەر تاوانکارانی.

٢- مافی خۆپاراستن لە سەردەمی جەنگ و هەموو جۆرە شەڕێکی چەکداریدا، بە گوێرەی پەیماننامەکانی ژنێڤ ساڵی ١٩٤٩ دەربارەی پاراستنی قوربانیانی جەنگ، هەروەها پرۆتۆکۆڵی یەکەم و دووەمی ساڵی ١٩٧٧ کە بوونە بە پاشبەندی پەیماننامەکانی ژنێڤ.

٣- مافی خۆپاراستن لە جیاوازی ڕەگەز، بە گوێرەی پەیماننامەی ساڵی ١٩٦٥ دەربارەی نەهێشتنی هەموو جۆرەکانی جیاوازیی ڕەگەز(نەژاد پەرستی)(٩).

٤- مافی پێشکەوتن.

٥- مافی پاراستنی ژینگە لە وێرانکاری و لەوتاندن(١٠).

کێشەی کەسایەتیی یاسایی نێونەتەوەیی گەلان لە وڵاتانی فرە نەتەوە، لەم سەردەمەدا گرنگییەکی زۆری هەیە ، چونکە چارەسەرنەکردنی گەلێک شەڕو پێکدادانی درووست کردووە. گەلێک لە زانایان بڕوایان وایە، کە هەموو گەلان و میللەتان بە گوێرەی پرینسیپی مافی دیاریکردنی چارەنوس کەسایەتیی یاسایی نێونەتەوەییان هەیەو دەتوانن ببنە سۆبێکتی (لایەنی) پەیوەندیی یاسایی - نێونەتەوەیی بۆ دیاریکردنی چارەنووسی خۆیان(١١).

زانای نەرویجی ئە. ئاید لە ڕاپۆرتێکیدا لە ڕێکخراوی مافی مرۆڤ لە نەتەوە یەکگرتووەکان دەربارەی بەرگریکردن لە کەمینەکان، باس لە کێشەی ناوخۆی دەوڵەتان دەکات، لە کاتێکدا ستاتوسی سیاسی ناوچەیەک دیاری نەکرابێ، بەتایبەتیش ئید پێی وایە ئەو گروپانەی کە لە هەرێمێکی دیاریکراوی دەوڵەتێکدا دەژین، یان بە شێوەیەکی یەکگرتوو لە سنوورێکدان و خۆیان بە کەمینە دانانێن، خۆیان بە گەلێکی سەربەخۆ دەزانن چونکە یەکێتییەکی نەتەوەییان هەیەو، داوای سەربەخۆیی دەکەن بەتایبەتیش گۆڕینی سنووری دەوڵەتەکە. ئاید پێی وایە مافی دیاریکردنی چارەنووس ئەوەیە کە هەموو گەلان بە بێ دەستتێوەردانی دەرەکی ئازادانە ستاتوسی سیاسیی خۆیان دیاری بکەن و پێشکەوتنی کولتووری و ئابووری و کۆمەڵایەتیی خۆیان پەرە پێبدەن. هەموو دەوڵەتانیش لە سەریانە بە گوێرەی دەستووری UN ڕێز لەو مافانە بگرن. بەڵا ئاید بۆ دەستنیشانکردنی ئەو گەلانەی کە دەتوانن مافی چارەنووسی خۆیان دیاری بکەن، یان ئەوانەی پێیان دەوترێت(گەل) بەم جۆرە ڕوونی کردۆتەوە کە مافی دیاریکردنی چارەنووس بۆ ئەم گەلانەیە:

١- ئەو گەلانەی لە چوارچێوەی کۆلۆنیدان.

٢- ئەو گەلانەی کە پاش ساڵی ١٩٤٥، دوای

پێکهێنانی UN وڵاتەکانیان داگیرکراوە.

٣- ئەو گەلانەی کە ئارەزوومەندانە لە چوارچێوەی دەوڵەتێکی فیدرالیدان و لە دەستووریاندا مافی جیابوونەوە دیاریکراوە.

جگە لەو گەلانە، ئاید وای بۆ دەچێت ئەگەر گەلێک یەک لایەنە داوای جیابوونەوە بکات ئەوە ئەو مافەی بە پلەی دووەم بۆ دیاریدەکرێت، لە ئاستی پرینسیپی (یەکێتی خاکی وڵات)دا، بە تایبەتیش ئەگەر دەوڵەت پرینسیپی یەکسانی و مافی دیاریکردنی چارەنووسی لە ناوخۆی خۆیدا رەچاوکردبوو، سەرجەم دانیشتوانی ناوخۆی بەبێ جیاوازیی رێز لە مافەکانیان گیرابوو و بەشداری دەسەڵات بوون لە حکومەتدا. بەڵام لە کاتێکدا دەوڵەت رێگای لە دانیشتوانی ناوخۆی خۆی گرت و مافەکانیان دابین نەکرا، یان سەرجەم گەلانی ناوخۆی دەوڵەتەکە وەکو یەک یەکسان نەبوون، ئەوا مەسەلەی مافی دیاریکردنی چارەنووس خۆی دەسەپێنێت و گرنگی پەیدا دەکات(١٢).

بەمجۆرە، ئاید بڕوای وایە جگە لەو گروپانەی کە بە شێوەیەکی یەکگرتوو لە چوارچێوەی دەوڵەتێکی سەربەخۆدا دەژین، ئەوانی تر لە سەریانە بیسەلمێنن کە بە گوێرەی یاسای نێونەتەوەیی مافی جیابوونەوەیان هەیە، ئەگەر نا دەوڵەتانی تر بۆیان نییە پشتگیریی ئەو جیابوونەوەیە بکەن(١٣).

بە بیروڕای ئێمە، ئەگەرچی خەباتی گەلان بۆ سەلماندنی وەزعیان دەورێکی دیاری هەیە، هەروەکو پێشتر روونمان کردەوە، بە حوکمی سەروەریی نەتەوەیی هەموو گەلان و میللەتان کەسایەتی یاسایی نێونەتەوەییان هەیە، ئیتر بە گوێرەی ئەو کەسایەتییە مەرج نییە ئەو گەلانە هەر لە چوار چێوەی سیستێمی کۆلۆنی دابن، یان وڵاتەکەیان پاش دامەزراندنی UN داگیرکرابێ یان لە دەوڵەتێکی ئارەزوومەندانەو فرە نەتەوەدابن ئەوسا بتوانن بەشدار بن لە پەیوەندیی نێونەتەوەییدا، بەتایبەتیش مافی داکۆکیکردن لە تاوان چ جینۆساید یان نەژادپەرستی یان هەر تاوانێکی تر وەکو تاوانەکانی شەڕی چەکداری، لە یاسای نێونەتەوەییدا وەکو بنەمای ئیمپرەتێف جێگیرکراوە.

گەلانی کۆلۆنی و گەلانی چەوساوە کە لە ژێر دەسەڵاتی بیانیدان، دەتوانن ببن بە سۆبێکتی یاسای نێونەتەوەیی و بکەونە بەرجەستەکردنی کەسایەتیی یاسایی نێونەتەوەیی خۆیان، بەڵام ئۆرگانی جێبەجێکردنی سەروەریی نەتەوەییان هەبێت تا ئەو کەسایەتییە بەرجەستە بکات. چونکە ئەو ئۆرگانە سیاسییە دەبێتە بناغەی دەوڵەتی پاشە ڕۆژ. جا ئەو گەلە لە چوارچێوەی دەوڵەتێکی تردا چارەنووسی دیاریکرابوو، ئەگەر لە ماف و ئەرکەکانیدا بەراستی یەکسان بوو لەگەڵ گەلانی تری ناو وڵاتەکەداو بەشداربوو لە پەیوەندییە یاساییەکانی دەوڵەتدا، ئەوا لە چوارچێوەی ئەو وڵاتەدا کەسایەتیی یاسایی نێونەتەوەیی بەرجەستە دەبێت، بۆیە هەر هەوڵێک لە دەرەوەڕا بدرێت، بەدەستتێوەردانی کاروباری ناوخۆی وڵاتەکە دەژمێردرێت، تەنیا ئەگەر بارورەوشێکی لەبارو گونجاو برەخسێ و ئەو گەلەش توانای جیابوونەوەو خۆپاراستن و خۆبەڕێوەبردنی هەبێت. بەڵام لە حاڵەتی پێچەوانەدا، واتە ئەگەر لە چوارچێوەی ئەو دەوڵەتەدا لەژێر چەوساندنەوەدا بوو، ئەوا ئەو گەلە ئەو مافەی هەیە دووبارە چارەنووسی خۆی دیاری بکاتەوە. دیارە بۆ دووبارە دیاریکردنەوەی چارەنووسیش، ئۆرگانی سیاسی پێویستە، مەرجیشە ئەو ئۆرگانە دەبێ پەیوەندیی بە گەلەوە بەردەوام بێ و بتوانێت دەسەڵاتی بەسەر خاکەکەیدا دیاری بکات و سنووری قەڵەمڕەوی ئاشکرابێت و ڕاستی داواکانیشی بسەلمێنێت، ئەوەش سەردارێتی نەتەوەیی جێگیر دەکات و نوێنەرایەتی دەکات. بەڵام بەدەستهێنانی سەربەخۆیی سیاسی سەروەرێتی دەوڵەت جێگیر دەکات(١٤). کەواتە، سەروەرێتی نەتەوەیی ماف بە گەل دەدات بەشدار بێت لە پێوەندی یاسایی نێونەتەوەییدا، ئەمەش بە مانای کەسایەتیی یاسایی نێونەتەوەیی دێت، بەڵام جێبەجێکردنی ئەو کەسایەتییە پابەندە بە پێکهێنانی ڕێکخراوی سیاسیی پێش پێکهێنانی دەوڵەت کە نوێنەرایەتی خواست و هیواکانی گەل دەکات(١٥).

گ.ب ستاروشێنکە باس لە حاڵەتی دووبارە دیاریکردنەوەی چارەنووس دەکات کە جیاوازە لە گەڵ یەکەم جاری دیاریکردنی چارەنووسدا. ئەو گەلەی یەکەم جار چارەنووسی لە چوارچێوەی دەوڵەتێکدا دیاریکرا بێبەری ناکرێت لە دیاریکردنەوەی چارەنووسی خۆی، ئەگەر چی رێگەی نادرێت کە پشتگیریی دەرەوەی هەبێت، چونکە وەکو دەستتێوەردانی کاروباری ناوخۆ دەژمێردرێت. بەڵام هیچ دەوڵەتێک ناتوانێت نکوولی لە مافی دیاریکردنی چارەنووسی گەلان بکات، ئەویش بە حوکمی دەستووری ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان.«

ئەگەر دەوڵەت هەر گەلێک بخاتە دۆخێکی واوە کە بوونی بکەوێتە مەترسییەوە، وەکو ئەنجامدانی جینۆساید یان ئەپارتیید، یان هەلومەرجێکی وا خراپ پەیدابێت

هەڕەشە لە ئاشتی و ئاسایشی نێونەتەوەیی بکات، ئەو کاتە کۆمەڵگەی جیهانی، بە گوێرەی بڕیاری ئەنجومەنی ئاسایشی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، بۆی هەیە پشتگیریی ئەو گەلە بکات بۆ دیاریکردنی چارەنووسی" و بۆ پاراستنی لە تاوان(١٦).

بەمجۆرە بۆ پڕۆسەکردن و بە جێهێنانی کەسایەتیی یاسایی نێونەتەوەیی گەلانی کۆلۆنی و گەلانی ژێر دەسەڵاتی بێیانیی کە نیشتمانەکەیان داگیرکراوە، پێویستە گەلی خەباتگێر لە پێناوی ئازادیدا ڕێکخراوی سیاسی یان ئۆرگانێک پێکبێنێت کە دەربڕی ئامانجەکانی بێت بۆ زەمینە خۆشکردن بۆ دەوڵەتی پاشە ڕۆژ. بەڵام ئەمە بەس نییە بۆ ئەوەی گەل ببێ بە لایەنێک (سۆبێکت) لە یاسای نێونەتەوەییدا، بەڵکو پێویستە ئەو ئۆرگانە دەسەڵاتی بە سەر سنورێکی دیاریکراودا هەبێت، تاکو ببێتە بناغەیەکی ماتریالی (مادی) بۆ کاروباری.

ساڵی ١٩٥٤ گەلی جەزائیر لە خەباتیدا دژی کۆلۆنیالیزمی فەرەنسا (بەرەی ڕزگاریی نەتەوەیی) پێکهێنا. ساڵی ١٩٥٨ کاتێک ئەو ڕێکخراوەیە دەسەڵاتی بەسەر بەشێک لە خاکی نیشتمانەکەیدا پەیداکرد، کۆماری جەزائیری پێکهێناو حکومەتێکی کاتیی دروستکرد. ساڵی ١٩٦٠ یەکێتی سۆڤیەت پێوەندی لەگەڵ بەست و وەکو حکومەتی دیڤاکتۆ دانی پیدانا (١٧). لە ساڵی ١٩٦٢دا لە ڕێککەوتننامەکانی (ئیڤیان)دا دەوڵەتی فەرەنسا بە ڕەسمی (دی یوریە) دانی نا بە حکومەتی کاتیی جەزائیردا(١٨).

مەرجێکی تری بەدیهێنانی کەسایەتیی یاسایی نێونەتەوەیی گەلی خەباتگێر لە پێناوی سەربەخۆییدا، ئەوەیە کە ئەو گەلە بە هۆی ڕێکخراو یان ئەو ئۆرگانەی کە پێکیدەهێنێت بنەماو پرینسیپەکانی یاسای نێونەتەوەیی لەبەر چاو بگرێ و ڕێز لە ناوەڕۆکیان بگرێت. چونکە پێشێلکردنی بنەماکانی یاسای نێونەتەوەیی دەبێتە ڕێگر لە بەردەم پڕۆسەکردنی کەسایەتیی یاسایی نێونەتەوەییدا(١٩).

ئەگەرچی لە زانستی یاسای نێونەتەوەییدا، ئەوە دیاریکراوە کە نەک تەنیا گەلان و میللەتانی چەوساوە، بەڵکو هەموو گەلان و میللەتان هەڵگری مافی دیاریکردنی چارەنووسن و دەبنە لایەن و بەشداری یاسای نێونەتەوەیی(٢٠). بۆ جێبەجێکردنیشی پێویستە پێش دامەزراندنی دەوڵەت ، ڕێکخراو یان ئۆرگانێک هەبێت کە نوێنەرایەتیی گەل بکات. لەلای دەوڵەت وەکو یەکەم لایەنی یاسای نێونەتەوەیی دەبێ توانای هەبوونی ماف و لە ئەستۆگرتنی ئەرکەکانی هەبێت و بتوانێت سەربەخۆ جێبەجێیان بکات(٢١).

بەڵام لەلای گەلان و میللەتان بە جۆرێکی ترە، چونکە ئەوان توانای هەبوونی ماف و لە ئەستۆگرتنی ئەرکیان هەیە، بەڵام کاتێک دەتوانن ئەنجامیان بدەن کە لە پێوەندیی یاسایی نێونەتەوەییدا بەشدار بن، بۆ ئەمەش پێویستە ئۆرگانێکی سیاسی هەبێت، دەسەڵاتی بە سەر هەرێمێکی دیاریکراودا هەبێت و ڕێز لە پرینسیپ و بنەماکانی یاسای نێونەتەوەیی بگرێت.

دۆخێکی تری ئەو گەلەی کە لە گەڵ گەلانی تردا لە چوارچێوەی دەوڵەتێکی سەربەخۆدا یەکانگیربووەو چارەنووسی دیاریکراوە ئەوەیە کە کەسایەتیی یاسایی نێونەتەوەیی لە چوارچێوەی سەردارێتی دەوڵەتەکەدا بەرجەستە دەبێت، تەنیا لە کاتێکدا کە دەوڵەتەکە مافەکانی ئەو گەلە پێشێل بکات و ڕێگە لە بەرجەستەکردنی کەسایەتیی یاسایی نێونەتەوەیی بگرێت، لەو حاڵەدا کێشەی دووبارە دیاریکردنەوەی چارەنووس سەرهەڵدەداو خۆی دەسەپێنێت.

لە کۆتایی ئەو شیکردنەوەی کە خستمانە ڕوو، دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە کەسایەتیی یاسایی نێونەتەوەیی گەلان جیاوازە لە کەسایەتیی یاسایی نێونەتەوەیی دەوڵەتانی سەربەخۆو لایەنەکانی دیکەی یاسای نێونەتەوەیی. ئەو جیاوازییەش ئەوەیە کە کەسایەتیی یاسایی نێونەتەوەیی گەلان لە سەر پرینسیپی دیاریکردنی چارەنووس ڕاوەستاوە کە بریتییە لە سەردارێتی نەتەوەیی. ئەویش ئەو مافە بە گەل ڕەوا دەبینێ کە بوون و تایبەتمەندیی نەتەوەیی بپارێزێت و هەل و مەرجێکی لەبار پێکبێنێت بۆ پێشکەوتنی نەتەوەیی. هەموو گەلان و میللەتان سەردارێتی نەتەوەییان هەیە و بە حوکمی ئەوەش کەسایەتی یاسایی نێونەتەوەیی. بەڵام تەنیا ئەو گەلانە دەتوانن بەشداربن لە پێوەندیی یاسایی نێونەتەوەییدا، کە لە خەباتدان بۆ سەربەخۆیی و وەکو قۆناغی پێش پێکهێنانی دەوڵەت، ڕێکخراو یان ئۆرگانێکی سیاسییان پێکهێناوەو دەسەڵاتیان بەسەر هەرێمێکی دیاریکراودا هەیەو ڕێز لە بنەماکانی یاسای نێودەوڵەتان دەگرن. کەسایەتی یاسایی نێونەتەوەیی گەلان لە قۆناغی خەباتی ڕزگاری نەتەوایەتیدا، بە هۆی ئۆرگان (ڕێکخراو، بەرە، حکومەتی کاتی) بەرجەستە دەکرێت.

# ماف و ئەرکە سەرەکییەکانی گەلانی خەباتگێر لە پێناوی ئازادیدا

لەبەر ئەوەی کە بناغەی کەسایەتیی یاسایی نێونەتەوەیی گەلان لەسەر سەروەریی نەتەوەیی دامەزراوە، نەک لەسەر سەروەریی دەوڵەت، مافی گەلان بە هۆی جێبەجێکردنی پرینسیپی دیاریکردنی چارەنووسەوە دیاریدەکرێت. ئەمەش لە یاسای نێونەتەوەییدا دانی پێدانراوەو لە کۆمەڵێک بەڵگەنامەدا جێگیرکراوە. گ.ت . ستاروشێنکە دەڵێت کە، جێگیرکردنی پرینسیپی مافی دیاریکردنی چارەنووس لە یاسای نێونەتەوەییدا زەمینەی یاسایی چەمکی - سەروەریی نەتەوەیی - دارشت و ئەوەی ڕوونکردەوە کە بۆچی یاسای نێونەتەوەیی، یاسای نێوان دەوڵەتانە، بەڵام ئەو بنەمایانەی لە خۆگرتووە بۆ داکۆکی لەو گەل و میللەتانەی کە دەوڵەتی خۆیان نییە؟ کۆمەڵێک لەو بنەمایانە لە پرینسیپی دیاریکردنی چارەنووسەوە سەرچاوە هەڵدەگرن(١). دیب عەکاوی، باس لەو تێڕوانینە تازەیەی بەرجەستەکردنی کەسایەتیی یاسایی نێونەتەوەیی گەلان دەکات کە لە قۆناغی ڕزگاری نیشتمانیدان، ئەوە دیاری دەکات کە ئەو گەلانە ماف و ئەرکەکانیان مەودای دابینکردنیان کەمتر فرەوانە وەک لە دەوڵەتێکی سەربەخۆ(٢). بەڵگەنامەی پرینسیپەکانی یاسای نێونەتەوەیی دەربارەی پێوەندیی دۆستایەتی و هاوکاریی نێوان وڵاتان بە گوێرەی دەستووری ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، لەساڵی ١٩٧٠دا، ماف و ئەرکی سۆبێکتەکانی یاسای نێونەتەوەیی لە سەر بناغەی پرینسیپی یەکسانی و دیاریکردنی چارەنووس دیاریکردووە. مافە بنچینەییەکانی گەلان بە گشتی ئەمانەن:

١- هەموو گەلان بە بێ دەستتێوەردانی دەرەکی مافی بە ئازادی هەڵبژاردنی ستاتوسی (وەزعی قانوونی - Status) سیاسیی خۆیان هەیەو پێشکەوتنی ئابووری، کۆمەڵایەتی و کولتووریی خۆیان گەشە پێبدەن.

٢- هەموو گەلان مافی بە ئازادیی دیاریکردنی فۆرمی چارەنووسیان هەیە، بە دروستکردنی دەوڵەتێکی خاوەن سەروەریی و سەربەخۆ یان بە چوونە پاڵ دەوڵەتێکی سەربەخۆ یان یەکگرتن لە گەڵیدا یان دەستەبەرکردنی هەر ستاتوسێکی سیاسیی دیکە بێت.

٣- هەموو گەلان لە بە جێگەیاندنی دیاریکردنی چارەنووسدا، مافی داواو پشتگیریی لێکردنیان هەیە، بە گوێرەی مەبەست و پرینسیپەکانی دەستووری UN لە دژی هەر ناڕەواییەک کە مافی دیاریکردنی چارەنووس و ئازادیی و سەربەخۆییان لێ زەوت بکات.

٤- هەموو گەلان ئازادن لە دژی ژێردەستەیی بێگانەو چەوساندنەوە (٣).

دیارە لە بەرامبەر ئەو مافانەشدا کە گەلان هەیانە، وڵاتان کۆمەڵێ ئەرکیان دەکەوێتە ئەستۆ، کە لە هەمان بەڵگەنامەی پرینسیپەکانی یاسای نێونەتەوەییدا جێگیرکراون، ئەوانیش ئەمانەن:

١- وڵاتان لە سەریانە، چ بە تەنیاو سەربەخۆ یان بەیەکەوە، کار بکەن بۆ بەجێگەیاندنی پرینسیپی یەکسانی و دیاریکردنی چارەنووسی گەلان بە گوێرەی دەستووری UN.

٢- وڵاتان لە سەریانە دەست لە هەر جۆرە زۆرداریيەک بگرنەوە کە ببێتە هۆی پچڕانی گەلان لە مافی دیاریکردنی چارەنووس و ئازادی و سەربەخۆیی.

٣- وڵاتان لە سەریانە دەست لە هەر جۆرە زۆرداریيەک بگرنەوە کە ببێتە هۆی دابەشبوونی بەشێکی یان سەرجەمی یەکێتی خاکی وڵات یان یەکێتیی سیاسیی وڵاتی سەربەخۆو خاوەن سەروەریی. لە گەڵ ڕەچاوکردنی پرینسیپی یەکسانی و دیاریکردنی چارەنووسی گەلان، بەو مەرجەی ئەو وڵاتەی کە حکومەتەکەی نوێنەرایەتی سەرجەمی گەلانی ناوخۆی دەکات بێ جیاوازیی ڕەگەزو بیروڕای ئایینی و ڕەنگ بێ(٤).

لەبەر ئەوەی پرینسیپە سەرەکییەکانی یاسای نێونەتەوەیی، بۆ هەموو سۆبێکتەکانی یاسای نێونەتەوەیی خەسڵەتی ئیلتزامیان هەیە بۆیە گەلی خەباتگێر لە پێناوی ئازادیدا، ئەگەر بەشداریش نەبێ لە پێوەندیی یاسایی نێودەوڵەتاندا، واتە ئەگەر وەکو سۆبێکتیش نەچووبێتە پێشەوە، ئەوا هەموو سۆبێکتەکانی یاسای نێونەتەوەیی (دەوڵەت، ڕێکخراوی نێونەتەوەیی نێوان دەوڵەتان و گەلانی خەباتگێر لە پێناوی ئازادیدا) لە سەریانە ڕێز لە سەرجەمی ماف و

ئەرکە بنەڕەتییەکانی سۆبێکت بە گشتتی بگرن. لێرەدا، بۆمان ڕوونبووەوە، ئەگەر گەل لە قۆناغی ڕزگاریی نەتەوەییدا، نەشبوونی بە سۆبێکتی یاسای نێونەتەوەیی، لە بەر ئەوەی هەڵگری کەسایەتیی یاسایی نێونەتەوەییە ئەوا ئەو گەلە لە سەرێتی ڕێز لە ماف و ئەرکەکانی سۆبێکتەکانی تر بگرێ، لە بەرامبەر ئەوەشدا، سۆبێکتەکانی تر لە سەریانە ڕێز لە ماف و ئەرکەکانی گەل لە قۆناغی ڕزگاریی نەتەوەییدا بگرن، ئەمەش نیشانەی ئەوەیە سەرجەم پڕینسیپەکانی یاسای نێونەتەوەیی بەبێ جیاوازیی دادەسەپێندرێن(٥).

گەل، میللەت، لە قۆناغی ڕزگاریی نەتەوەییدا، ئەو ماف و ئەرکە تایبەتییانەی هەیە کە ستاتوسی یاسایی نێونەتەوەیی ڕەنگ دەداتەوە، وەکو:

١- بەشداربێ لە پێوەندی لەگەڵ وڵاتان و ڕێکخراوە جیهانییەکاندا.

٢- نوێنەری تایبەتی بنێرێ بۆ پێوەندیکردن لە گەڵ وڵاتان و بەشداریکردنی کاروباری ڕێکخراوە جیهانی و کۆڕو کۆنفرانسەکاندا.

٣- بەشدار بێ لە پێکهێنانی بنەمای یاسایی نێونەتەوەییداو بە سەربەخۆیی جێبەجێیان بکات.

٤- لە دژی دەوڵەتی کۆلۆنیال لە کاردا بێت.

٥- لە خەباتیدا، سوود لە پێوەندیی نێونەتەوەیی و میللەتانی تر وەربگرێ(٦).

هەروەها گ. ستاروشێنە بیروڕایەکی لەو جۆرەی هەیە کە بۆ بەدیهێنانی پڕینسیپی یەکسانی و دیاریکردنی چارەنووس، لە یاسای تازەی نێونەتەوەییدا دان بە مافی گەلانی خەباتگێر لە پێناوی دیاریکردنی چارەنووس و دان بە بزووتنەوەی ڕزگاریی نەتەوەییدا، هەروەها دەوڵەتیش دا نراوە کە مافی داواکردنی پشتگیری و یارمەتی. مافی خەباتی چەکداری لە پێناوی ئازادیداو مافی پێشکەوتن و پەرەپێدانی ژیانی خۆیان هەیە(٧).

بۆ هەمان مەبەست دیب عەکاوی پێی وایە کە گەلی خەباتگێر لە پێناوی سەربەخۆییدا کۆمەڵێک مافی تایبەتی هەیە(٨).

جا ئەو ماف و ئەرکانەی کە گەلان هەیانە، ئاخۆ ئەو گەلانەی کە ئارەزوومەندانە لە چوارچێوەی دەوڵەتێکدا یەکیان گرتووە لە پێش پێکهێنانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە لە ساڵی ١٩٤٥، یان ئەو گەلانەی کە پێشتر بە زۆر نیشتمانەکەیان داگیرکراوەو لکێندراون بە دەوڵەتێکی ترەوە، ئاخۆ ماف و ئەرکەکانیان وەکو یەکە؟ نە. ئاید، کاتێک باس لە کەمینەکان دەکات، بیروڕای وایە کە پڕینسیپی مافی دیاریکردنی چارەنووس بۆ ئەو سنوورانە جێبەجێ ناکرێت کە لە پێش ساڵی ١٩٤٥وە داگیرکراون یان گەلانیان لکێندراون بەدەوڵەتانی ترەوە، چ لە ئەورووپا یان لە ناوچەو کیشوەرەکانی تردا، چونکە ئەو گەلانە تێکەڵی یەکتر بوونەو گۆڕینی سنوورەکان دەبێتە هۆی ئاژاوەو شەڕو پێکدادان(٩). ئاید، کەسایەتیی یاسایی نێونەتەوەیی ئەو گەلانە ڕەتدەکاتەوەو لە دۆخێکی نایەکسانیدا لە گەڵ گەلانی خاوەن دەوڵەتدا دەیانهێڵێتەوە.

گەلی خەباتگێر لە پێناوی ئازادیدا، ئەگەر بە زۆر لکێنرابێ بە دەوڵەتێکی ترەوە، چ لە پێش جەنگی دووەمەوە یان لە دوای پێکهێنانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لەساڵی ١٩٤٥، ئەوا بەڕای ئێمە مافی خۆیەتی پڕینسیپی دیاریکردنی چارەنووس پیادە بکات. بۆیە، لەدژی ئەو بیروڕایە ڕادەوەستین کە وا دەڕوانێتە ئەو گەلانەی ئەگەر لە پێش پێکهێنانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە نیشتمانەکەیان داگیرکرابێت یان لکێنرابن بە وڵاتێکی ترەوە، ئەوا ئەو گەلانە بە تێپەڕبوونی ڕۆژگار گونجاون لە گەڵ میللەتانی تورداو دەستکاریکردنی ئەو سنوورانە ئاژاوە دەنێتەوە. ئەو بیروڕایە ناکۆک و نەگونجاوە لە گەڵ بنەماو پڕینسیپە دان پیدانراوەکانی یاسای تازەی نێونەتەوەییداو لە بەرچاوگرتنی سیاسەت و بەرژەوەندیی وڵاتانە بۆ دەستبەسەراگرتنی میللەتانی ترو هەڵلوشینی سەرچاوە ئابوورییەکانیان. تاقیکردنەوەی بەشێکی زۆری ژیانی ئەو گەلانە ڕوونی کردەوە، کە هەر گەلێک یان خاکێک بە زۆر لکێنرابێت بە وڵاتێکی ترەوە، ئەوا ئاشتی لەو وڵاتەدا بەرقەرار نابێ ئەگەر ڕێز لە خواست و مافی ئەو گەلە نەگیرێ و ئازادی بۆ دابین نەکرێت.

خاڵی دووەمی بەندی یەکەمی دەستووری UN، بەندی یەکەمی هەردوو پەیمانی ساڵی ١٩٦٦ دەربارەی مافی مەدەنی، سیاسی، ئابووری و کولتووریی لە گەڵ گەلێ بەڵگەنامەی تردا، ڕاستەوخۆ مەبەست و ئامانجی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دیاری دەکەن لە پێشخستنی پێوەندیی دۆستایەتی و ڕێزگرتنی مافی گەلاندا، بە تایبەتیش مافی دیاریکردنی چارەنووس(١٠). ئیتر هەر مەبەستێک لە پشت ئەو بیروڕایەوە بێت، کە ستاتوسی گەلانی چەوساوە کە لە پێش ساڵی ١٩٤٥ەوە داگیرکراون دەستکاری نەکرێت، ئەوا بە بیروڕای ئێمە پێشێلکردنی ئەو ڕاستییەیە کە مافی دیاریکردنی چارەنووس بۆ هەموو گەلان دانی

پێدانراوە.

ڕاستیی پێوەندی نێوان وڵاتان ئەوەی دەرخستووە، کە کەسایەتیی یاسایی نێونەتەوەیی هی خاک نییە، بەڵکو هی گەلانە. گەل لە چوارچێوەی خاکێکی دیاریکراودا دەتوانێ ئەو کەسایەتییە جێبەجێبکات، ئەگەر بێت و بەشدار بێت لە پێوەندیی نێونەتەوەییدا. جا ستاتوسی ئەو گەلانەی پێشساڵی ۱۹٤٥ نیشتمانەکەیان کراوە بە کۆلۆنی یان لەشکری بێگانە داگیریکردووە یان بەزۆر لکێنراوە بە دەوڵەتێکی ترەوە، ئەوە دەخوازێ چارەنووسی خۆیان دیاری بکەنەوە. لەو حاڵەشدا دەبێ ئەو گەلە زەمینەی خۆ بەڕێوەبردنی سازدابێ و ئیسپاتی کردبێ کە ژیان و بوونی بە هۆی تاوانی دەوڵەتەکەوە لە مەترسیدایەو، ئەو مەترسییەش هەڕەشە لە ئاشتی و ئاسایشی جیهان دەکات، ئیتر کۆمەڵگەی جیهانیی بە گوێرەی بڕیاری ئەنجومەنی ئاسایشی UN دەتوانێ پشتگیریی ئەو گەلە بکات.

دیارە مافی دیاریکردنی چارەنووس بۆ هەموو گەلان دانی پێدا نراوە، ئەو گەلانەش کە لە چوارچێوەی دەوڵەتێکدا دەژین، یان چەند بەشێک لە میللەتان لە چوارچێوەی دەوڵەتێکدان، کە دەیانەوێت سەربەخۆو ئازاد بن(۱۱).

ئا. ڤ. تیمۆفێیڤ بیروڕایەکی جیاوازی هەیەدەربارەی دیاریکردنی چارەنووس، ئەو بڕوای وایە دەبێ پرینسیپی مافی دیاریکردنی چارەنووس بۆ سنوور یان هەرێم بێت نەک بۆ گەلان، واتە پرینسیپی مافی هەرێم لە دیاریکردنی چارەنووسدا، نەک مافی گەلان لە دیاریکردنی چارەنووسدا. دیارە ئەم بۆچوونە هەتاکو ئێستا لە ڕووی جێبەجێکردنەوە شتێکی گونجاوو لە بار نییە. مافی گەلانیش لە دیاریکردنی چارەنووسدا ناکرێت دەستکاری بکرێ و ڕێگە لە خواست و لە پێشکەوتنی گەلان بگیرێت(۱۲).

داسەپاندنی پرینسیپێکی تازەی یاسای نێونەتەوەیی پێویستی بە ڕۆژگارێکی درێژو پراکتیکێکی باش هەیە تا جێگەی خۆی بگرێت. کەواتە لایەنەکانی یاسای نێونەتەوەیی تاکو ئێستا دەوڵەتان و ئەو لایەنانەن کە دەتوانن بەشداربن لە پێکهێنانی بنەمای یاساییداو خۆیان ئەو بنەمایانە جێبەجێ دەکەن. بەڵام هەرێم ناتوانێت ببێتە لایەنێک لە یاسای نێونەتەوەییدا(۱۳). هەربۆیەش ناتوانێت بنەمای یاسایی پێکبێنێت و بەشداربێ لە جێبەجێکردنیاندا، کەواتە نە مافی هەیەو نە ئەرکیشی دەکەوێتە ئەستۆ ، بەڵکو دانیشتوانی هەرێمێکی دیاریکراو کە نیشتمانی خۆیانە لە ڕێگەی نوێنەرایەتییەوە بەشدار دەبن لە پێکهێنانی بنەمای یاساییدا. ئەویش بە ڕێکخستنی ڕێککەوتننامە، پەیماننامە، کۆنتراکت و بەیاننامەو ڕاگەیاندنی هاوبەش لە گەڵ لایەنەکانی تری یاسای نێونەتەوەییدا، چ دەوڵەتان یان ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان یان ڕێکخراوەکانی بزووتنەوەی ڕزگاریی گەلان کە لایەنن لە یاسای نێونەتەوەییدا.

بەدیهێنان و بەرجەستەکردنی کەسایەتیی یاسایی نێونەتەوەیی گەلانی خەباتگێر لە پێناوی سەربەخۆییدا، بەهۆی پەیماننامەو کۆنتراکت و ڕێککەوتننامەوە، کە ماف و ئازادییەکانی گەلان دیاری دەکرێت و وەکو لایەنێکی یاسای نێونەتەوەیی بەشدار دەبن لە پێکهێنان و جێبەجێکردنی بنەماو چوارچێوە یاساییەکانی نێونەتەوەیی.

ئەو گەلانەی کە لە چوارچێوەی دەوڵەتێکدا دەژین، ئەگەر سەرجەمیان لە ماف و ئەرکەکانیاندا یەکسان بن و لە پێشکەوتن و ژیانێکی ئارامدا بژین و بەیەکسانی بەشداری پێوەندییە یاسایی و کارگێڕییەکانی ناوەوەو دەرەوە بن، ئەوا پشتگیریکردنیان هەتاکو ئێستاش لە یاسای نێونەتەوەییدا (بەمەبەستی جیابوونەوە) بە دەستتێوەردانی کاروباری ناوخۆ دادەنرێت، بەڵام ئەو گەلەی کە لە چوارچێوەی دەوڵەتێکدایە لە گەڵ گەلانی ترداو مافەکانی پێشێلکراوەو ژیانی بەر مەترسی و هەڕەشە کەوتووە، وەکو جۆری تاوانی جینۆسایدو نەژادپەرستی، ئەوا کێشەی دووبارە دیاریکردنەوەی چارەنووس خۆی دەسەپێنێت و پشتگیریکردنیشی دەبێتە کارێکی ڕەوا بۆ بەربەندکردنی تاوان لە پێناوی سەربەخۆییدا (۱٤).

بەم جۆرە دەبینین گەلانی خەباتگێر لە پێناوی ئازادیدا، ئەم ماف و ئەرکانەیان هەیە:

- ماف و ئەرکە بنەڕەتییەکانی سۆبێکت بە گشتی کە لە سەر پرینسیپی یەکسانی و دیاریکردنی چارەنووسی گەلان پێگەی داناوە. (سۆبێکت بە مانای لایەن و بەشداری یاسایی Subject ).
- ئەو ماف و ئەرکە بنەڕەتی و تایبەتییانەی ستاتوسی ئەو گەلە دیاری دەکەن.
- ئەو ماف و ئەرکانەی بە هۆی پەیماننامەی نێونەتەوەییەوە دیاریکراون و پێکهاتوون.

کەمال میراودەلی

# ئەرکیلۆژیای مێژوو
# وێناندنی (ئەوی دیکە) لە ئاخاوتنی
# کۆلۆنیالی - ڕۆژهەڵاتیزمدا

ئەم بابەتە بریتییە لە ناوەرۆکی تێزی دوکتۆرای کاک کەمال میراودەلی، کە لە ساڵی ١٩٨٧ دا پلەی دوکتۆرای فەلسەفەی لە ئەدەبدا، لە زانستگای ئێسێکس لە بریتانیا، پێ وەرگرتووە. دوکتۆر کەمال خۆی باسەکە تەرجومە دەکات و، لەم ژمارەیەدا بەشێکی دیکەی ئەم باسە بڵاو دەکەینەوە

**پرۆسەی مێژوویی ڕۆژهەڵاتیزم**

وەک بینیمان ئێدوارد سەعید بە پشتبەستن بە «زانستی کۆنکرێتی»ی لێڤی ستراوس -ئەو چەمکەی کە کولتوور ئاکامی یاسایەکانی هۆشە- و بە جوانیناسی فەزای باشیلارد، فۆرمیولایەکی تیئۆریی بۆ لێکدانەوەی ڕۆژهەڵاتیزم دروست دەکا کە ئێمە ناوی دەنێین «دیالەکتیکی هۆش».

بەلام لەبەر ئەوەی ڕۆژهەڵاتیزم دیسیپلینێکی مێژووییە، پێداویستیی جەوهەری بەوە هەیە کە هەر وەسفکردنێکی ئەم دیسیپلینە تۆخمێکی بەرچاوگرتنی پرۆسەی مێژوویی تێدابێ.

ستراتیژی تیئۆری لێڤی ستراوس لەناو کایەی ئەنترۆپۆلۆژیدا خۆی دەبینێتەوە نەک مێژوو. ئەوی راستی بێ لێڤی ستراوس ئەنترۆپۆلۆژیی بەرامبەر مێژوو راست دەکاتەوە لەسەر ئەو بنەمایەی کە «مێژوو واتاکەی «زانیارییەکەی» بە پەیوەندی لەگەڵ دەربڕینێکی هۆشیارانەی ژیانی کۆمەلایەتی ڕێک دەخات، بەلام ئەنترۆپۆلۆژی بنچینە ناهۆشیارییەکانی «بێ ئاگاییەکانی» دەپشکنێ»(٥٠)

کەواتا جواننناسیی هۆش دووریی مێژوویی بە گەڕانەوەی بەردەوام بۆ یاساکانی خۆی و نیشاندانیان وەک یاسای بوونی کۆمەلایەتی، بەدەست دێنێ. لێرەوە (دووبارەبوونەوە) وەک هەلومەرجێکی ئیمکانبوونی هۆش، هەر لەو کاتەدا دەبێتە هەلومەرجی ئیمکانبوونی مێژوو. ئێدوارد سەعید ئەم مەبەستە لە وتارێکدا بە ناوی «سەبارەت بە دووبارەبوونەوە»(٥١) ڕوون دەکاتەوە. بە واتایەکی دی دووبارەبوونەوە دەبێتە کردەنەرکی «فانکشنی» هۆش و «عەقڵ بە ئەزموونی خاوەوە دەبەستێتەوە»(٥٢) بەم چەشنە هۆش-عەقڵ وەک «بیرەوەرییەکی مێژوویی کە توانستی دەربڕین و مۆدیۆل کردن و گۆڕانی بێ سنووری هەبێ»(٥٣) خۆی دەردەخات. ئالوگۆڕەکان لە دووبارەبوونەوەدا وەک دەربڕینی ناوەوەی دایلەکتیکی ناوەوەی خۆیان، واتا گۆڕینی چەندێتی بە چۆنێتی، ڕوو دەدات. چونکە زێدە خڕبوونەوەی وەک -یەک-بوونی شێوە پەخشانی و بێزارکەر، «جیاوازی» دروست دەکات. مرۆڤ حەز دەکات ڕۆمانتیکییانە بژی و تازەگەریی سۆراغ بکات.(٥٤)

دەتوانین بڵێین ئەم پرینسیپانە کە سەعید وەک لێکدانەوەی خۆی بۆ (ڤیکۆ) Vico گەڵاڵەیان دەکات، هەر لەو کاتەدا توخمی تیئۆریی لێکدانەوەی خۆیان بۆ ڕۆژهەلاتیزم دابین دەکەن. بیرۆکەی سەرەکی ئەم بۆچوونە ئەوەیە کە: هۆشی مرۆڤ، لە ڕێگای داینەمیکی ناوەوەی (دووبارەبوونەوە)و هەرسکردنی زانیاریی خاوی ئەزموون، جیهان مێژوویی دەکا و بەم چەشنە ئیمکانی دروستبوونی مێژوو فەراهەم دەکات. لێرەدا چەمکێکی هیگلیانەی ئایدیالیی تەواومان دەربارەی مێژوو بەدەستەوەیە.

«کاتێ بیری هیگل دەربارەی موتڵەق (ڕەها- absolute) بە زاراوەی ئەفلاتونی وەک (ئایدیای نەمر) ئافەریدە

کرد، هەر لەو کاتەدا دینامیکییەتێکی ناوەوە یان هۆکارییەکی ئایدیالی پێ درا بۆ ئەوەی بتوانێ فۆرم و ڕووداوی تایبەت بە خۆی بدات.
ئایدیای چالاکییەکی بێ سنوور کە خۆی ئامانجی خۆی بێ، کە خۆی لە ڕوحیانەتێکی هۆشیاردا تەواو کردبێ، کە لە تیئۆریدا یان پراکتیکدا بابەتەکان لە ئەوی دیکە بوونیان و سەربەخۆبوون و دەرەوەیی بوونیان بێبەش دەکات و، کە زیاتر خۆی لە هۆشیاریی ئەو هۆشیارییە تەواوکەرەو کارەکەیدا تەواو دەکات، کە بەم ژێرفەرمانکردنەی جیهانی بابەتی بۆ تیئۆری و پراکتیسەکەی، خۆی دەردەخات و خۆی دەناسێ وەک بەڵگە و پاکانەی ڕاستەقینە بۆ ئەو جیهانە و بەم کارەی جیهان تەنیا فۆرمێکی پێوەلکاوو دەرەوەیی کراوی خۆی کەم و کورت دەکاتەوە»(٥٥).
ئەم وەسفە ورد و پوختەی ئایدیالیزمی هیگلی دەتواندرێ بۆ وەسفکردنی بۆچوونی سەعیدیش دەربارەی ئاخاوتنی ڕۆژهەڵاتیزم بەکار بهێندرێت.
ئێمە پێشتر ڕوونمان کردەوە کە سەعید ڕۆژهەڵاتیزم وەک (وشەیەک)، وەک ستراکتووری هۆش، وەک شتێک کە لە واقیعی ئەزموونی خۆی گەورەترە، سەیر دەکات. بەم چەشنە، ڕۆژهەڵات سەر بە واقیعی مێژوویی خۆی نییە، بەڵکە سەر بە بوونی خەیاڵییانەیەتی لە هۆشی ئەورووپاییدا. بە وتەیەکی دیکە، سەعید شێوەبوونی (مۆرالیتی) سەرەتایی قەوارەیەکی جوگرافی مەزن، کە پێی دەگووترێ ڕۆژهەڵات، وەک «ئەویدیکەبوونی» ئەورووپا قبووڵ دەکات. بەڵام دامەزراندنی ئەم دووفاقییە ستراکتوورییە پێشوەختە جگە لەوەی کە ڕەمەکی و لە یاسا بەدەرە، تەنیا لە ڕێگای بە پاشدا گەڕانەوەی مێژوویی historical retrospection مومکین بووە. بە واتایەکی دی هەر بەو چەشنەی هیگل سیستمی بیرەکەی دادەمەزرێنێ، سەعیدیش «ئەنجام» وەک «سەرەتا» وەردەگرێ، ئینجا بەدوای پرۆسە ئایدیالییەکەی دەکەوێ کە تێیدا ئەم سەرەتایە خۆی لە ئەنجامدا بەدی دێنێت. واتا سەعید چەمکی ڕۆژهەڵاتیزم بەو شێوەیەی کە لە دواچارەکی سەدەی بیستدا خۆی تەواوکردووە، وەردەگرێ و دەیگەڕێنێتەوە بۆ گوایا سەرەتاکانی (بە مانای خۆی بۆ ئەم زاراوەیە) لە ئەدەبیاتی کلاسیکیی یۆناندا. بەم چەشنە لای سەعید ڕۆژهەڵاتیزم هەمیشە وەک بیر (ئایدیا) هەبووە و مێژووەکەی مێژووی خەبات و بەربەرەکانی کۆمەڵایەتی و سیاسی نییە بەڵکو مێژوویەکی میتافیزیکییە:
مێژووی پرۆسەی ئایدیا (بوونی ڕۆژهەڵاتیزم وەک ناوکەبیرێک لە ئەدەبیاتی کلاسیکدا) بۆ خۆسەلماندنی ئامانجداری خۆی لە پێکهاتە ئاخاوتنی و نائاخاوتنییەکانیدا. ئەم بۆچوونە لە فۆرمیولا خۆدووپاتکەرەوە پەسندکراوەکەی سەعیددا خۆی دەردەخات کە دەڵێ «ڕۆژهەڵاتیزم ڕۆژهەڵاتی ڕۆژهەڵاتیزە کرد Orientalism orientalised the Orient واتا هۆشی ڕۆژئاوایی، ڕۆژهەڵاتی لە پێناسە و سەربەخۆیی خۆی بێبەش کرد و (ئەوی دیکە بوونەکەی) تێک و پێک دا.

بەڵام ئەم ڕۆژهەڵاتیەکردنەی ڕۆژهەڵات چۆن ڕووی دا؟
ئەگەر ئێمە لە ئاستی زمان و پەرەسەندنی ئەو ناوکە ستراکتوورییەی، کە سەعید هەموو مەسەلەکەی تێدا کەم و خەست کردۆتەوە، سەرنج بدەین دەبینین لێکدانەوە شکلییەکەی سەعید بۆ ئەم پرۆسە ڕاست و لۆژیکییە:
یەکەم: ڕۆژهەڵاتیزم وەک ئایدیا، وەک ستراکتووری مێشک، داینەمیکی ناوەوەی خۆی و میکانیزمی دووبارەکردنەوە و هەرسکردنی خۆی هەبووە. سەعید ئەمە وەسف دەکات بە یەک شێوە کارکردنی (نەگۆڕیی) ڕۆژهەڵاتیزم و ئایدیاکان دەربارەی ڕۆژهەڵات (ڕۆژهەڵات وەک پیشەگەریی) بێ گوێدانە، یان لەودیو هەر جۆرە پێکەوە گونجانێک لەگەڵ ڕۆژهەڵاتی ڕاستەقینەدا. (لاپەڕە ٥).
دووەم: ئەم میکانیزمە دینامیکییە ناوخۆییە، کە شێوە نەگۆڕییەکەی نوێنەری فانکشنی دووبارەبووەی خۆناسینی هۆشی ڕۆژئاواییە، ڕۆژهەڵاتی وەک فەزای بوونی خۆی داناوە. لەناو ئەم فەزایەدا عەقڵی ڕۆژئاوایی مەرجەکانی ئارەزوومەندی و ترس و خواستی دەسەڵاتی خۆی دەداتە پاڵ ئەو بابەتانەی کە خۆی پێکیان دەهێنێت. ئەو هەلومەرجەی کە وا دەکات ئەم پرۆسەیە بۆی هەبێ ڕوو بدات، دیارنەبوون و بێدەنگبوونی ڕۆژهەڵاتی ڕاستەقینەیە، ڕۆژهەڵاتی ڕۆژهەڵاتییەکان. ڕۆژهەڵات تەنیا فەزایەکی زانینە لەبەردەستدایە بۆ هەر کەسێ کە ڕێ بکەوێ ببێتە بەکاربراوی agent مێژوویی ڕۆژهەڵاتیزەکردنی ڕۆژهەڵات لە لایەن ڕۆژهەڵاتیزمەوە!!
«پەرەسەندنی مێژوویی» ڕۆژهەڵاتیزم لە شێوەی

فرەبوونێکی چەندەیی ستراکتوورە بیرییە ئاوەکییەکەی روو دەدا کە ئەمەش گرێدراوە بە پرۆسە تیلیۆلۆژییەکەی (ئامانجدارەکەی) کە بریتییە لە تەواوکردنی بەدیهێنانی مەزنداریتی (سوپێریۆریتی) پێناسەی رۆژاوایی وەک واقیعێکی مێژوویی و تەواوکردنی بندەستکردنی رۆژهەلات وەک (ئەوی دیکە) کەم نرخترەکەی رۆژئاوا.

ئەو ماوە مێژووییەی ئەم پرۆسەیە دەیگرێتەوە، بە پێی سەعید، هەر لە یەکەم وەسفکردنی رۆژهەلات بە وشە لە لایەن یۆنانییەکانەوە لە ئەدەبیاتی کلاسیکی گریکدا تا دەستبەسەرداگرتنی ئیمپریالیستانەی راستەو راستی رۆژئاوا بەسەر رۆژهەلاتدا لە سەدەکانی نۆزدەیەم و بیستەم، دەگرێتەوە.

بە پێی ئەم پرۆژەیە، هەر رۆژئاواییەک هەر شتێکی وتبێ، نووسیبێ، یان کردبێ کە پەیوەندیی بە رۆژهەلاتەوە هەبێ، ئەوا بەرکار agent ی رۆژهەلاتیزمە، جا ئاگای لەمە هەبووبێ یان نەبووبێ.

مەیدانەکانی زانین، دیسیپلینەکانی دیراسەی زانست، دامەزراوەکانی کولتوور و دەسەلات، هەموویان ئەو مەیدان و کایانەن کە تێیاندا رۆژهەلاتیزم خۆی دەرەوەیی و مێژوویی کردووە لەسەر حسێبی خنکاندن و کپکردنی دەنگی رۆژهەلات. بەم چەشنە رۆژهەلاتیزم «رۆژهەلاتیزمی بە -کەس-کراو، ئایدیا» تەنیا لێپرسراو نییە لە بەرهەمهێنانی زانیاری دەربارەی رۆژهەلات لە لایەن سەدان گەرۆکی خەتەرباز و، پشکنەری کۆلۆنیالی و خەون-بینەرانی رۆمانسی و شاعیرانی خودپەرست و رۆمانتووسان، مێژوونووسان و زانایان و فەرمانبەرانی دەوڵەتان، هتد.. «کە ئۆریەنتالیزم وشەگەل و گەنجینەی بیر و هزر و تەکنیکی پێ بەخشین»(ل ١٢١) بەڵکو رۆژهەلاتیزم هەروەها پاڵنەرێک بوو لە پشت موغامەرە سەربازییەکانی رۆژئاوا بۆ بندەستکردنی رۆژهەلات وەک، بۆ نموونە، داگیرکردنی میسر لە لایەن ناپلیۆنەوە لە ساڵی ١٧٩٨ دا.

«بۆ ناپلیۆن، میسر پرۆژەیەک بوو لە مێشکدا دواییش لە خۆئامادەکردنیدا بۆ غەزووکردنی واقیعیەتی وەرگرتبوو، لە رێگای ئەو ئەزموونانەوە کە سەر بە دنیای بیر و ئایدیا و ئەفسانەن و لە تێکستەکانەوە وەری گرتبوون نەک لە ریالیتی ئەزموونگەرییەوە»(ل ٨٠)

لایەنێکی دیکەی زۆر گرنگی بۆچوونی تیۆریی سەعید بۆ رۆژهەلاتیزم چەمکی ئەوە سەبارەت پێوەندی نێوان زانین و دەسەلات. سەعید دان بەوەدا دەنێ کە ئەو تێگەی فۆکۆ سەبارەت بە ئاخاوتن discourse بەکار دەهێنێ بەو شێوەیەی فۆکۆ لە (دیسیپل ئەند پەنیش)دا وەسفی کردووە(ل ٣). بەلام لە رێگای فۆکۆوە، ئەوی راستی بێ، ئەوە جینۆلۆجی دەسەلاتی نیچەیە کە سەرنجی رادەکێشێ.(٥٦) نیچە «پاکترین رۆشنگەریتی (مۆرالیتی) مرۆڤ بۆ رووتترین شێوەی بەربەرەکانێی دەسەلات دەگێرێتەوە»(٥٧)

جەوهەری ژیان بەلای ئەوەوە پراکتیسکردنی هێز و توند و تیژی لەناودەرانەیە. خواستێکی سروشتی بۆ دەسەلات بەسەرداگرتن و سوود لێوەرگرتن لەناو مێشکی هەموو تاکە کەسێکدا هەیە. بە بۆچوونی نیچە «ژیان خۆی لە جەوهەردا بەمڵککردنە، بریندارکردنە، تێکشکانی بیانی و بێ هێزە، چەوساندنەوەیە، زبری و رەقییە، سەپاندنی شێوەی خۆیە، تواندنەوەیە و لە نەرمترین شێوەیدا، چەوساندنەوە و سوودلێدەرهێنانە exploitation ... ئەمڕۆ خەڵک لە هەموو شوێنێکدا لافی هاتنی ئەو جۆرە کۆمەڵە لێ دەدەن کە خاسیەتی چەوساندنەوەی تێدا نامێنێ.. بە گوتی من ئەوە وەک ئەوە وایە کە بەڵێنی داهێنانی جۆرە ژیانێک بدەیت کە رێی هەموو کارکردنێکی ئۆرگانی لێ گیرابێ. چەوساندنەوە و سوودلێدەرهێنان تایبەت نین بە کۆمەڵی سەرەتایی «بدائی»، خراپ یان داوەشاو.. بەڵکو ئەنجامی خواستی سروشتکردە بۆ وەرگرتن و سەپاندنی دەسەلات»(٥٨)

ناوکی ئەم تێگەیشتنەی نیچە بۆ ژیان بریتییە لە نەهێشتنی هیچ جۆرە مەودا و جیاوازییەک لە نێوان سروشت و کولتووردا، لە نێوان ژیانی سەرەتایی و شارستانیدا، لە نێوان یاسای جەنگەڵ و یاسای رێکخستنی کۆمەڵیی مرۆڤدا.. دووەم فۆرمیۆلەکان لەم لیستەدا بەلای نیچەوە تەنیا مێتافۆرن (استعارە) بۆ فیۆرمیۆلەکانی یەکەم. دەسەلات، بە لای نیچەوە، نە مێژووی هەیە، نە رۆشنگەری (مۆرالیتی). ئەمە ئەو بەکاربوونە (فانکشنە) راستەقینەیە کە وا دەکات ژیان مومکین بێ. جینۆلۆجی نیچە نوێنەری ناوەرۆکی کۆمەلایەتی ئایدیالیزمە وەک فەلسەفەی سەرمایەداریی کۆرپۆراتیف و دەستنووسێکی دیکەیە لە چەمکی هیگلییانەی مێژوو.

بە راگەیاندنی (مردنی خودا) و کۆتایی هاتنی

ڕەوشتداریتیی (ئیتیکی) مەسیحی، کە بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ حەقیقەتی ئایدیالیزمیان وەک ئایدیۆلۆژیای دەسەلاَت شاردبۆوە، نیچە نەک تەنیا ڕاستی شێوەی بوونی ئایدیالیزمی ڕووت و قووت نیشان دەدا، بەلّکو گوزارشت لە واقیعی بەکردەوەی کۆمەلّگای سەرمایەداریش، وەک لە سەدەی نۆزدەهەمدا هەبوو، دەکات. ئێمە دەتوانین ئەم واقیعە بە شێوەیەکی ئاشکراتر تێ بگەین ئەگەر بۆ وەسفکردنی مارکس و ئینگلز بۆ دەوری بۆرژوا لە مێژوودا، لە مانیفێستۆی پارتی کۆمۆنیستدا، بگەڕێینەوە.

ئەوان دەنووسن: (لە هەر کوێ بۆرژوا دەسەلاَتی وەرگرتبێ، کۆتایی بە هەموو پەیوەندییەکانی فیۆدالی، پاتریارکی و ئیدیالی هێناوە.. بۆرژوا پیرۆزترین خۆشییەکانی تەزووی دینی و حەماسی فروسیەت و هەست و سۆزی فیلیستینی لە سەهۆلاَوی حیساب و کیتابی بەرژەوەندیی خۆپەرستانەی خۆیدا نقوم کرد.. نرخ و بەهای شەخسی گۆڕی بە نرخ و بەهای سەوداکردن و، لە جێگەی ئازادییە بێ ژمارەکاندا تاقە یەک ئازادی-بێ ئازادی بازرگانیکردنی دانا.. بە یەک وشە لە جێگەی چەوساندنەوەی رووپۆشکراو بە وەهمی ئاینیی و سیاسی، چەوساندنەوەیەکی ڕووت، بێ ئابڕووانە، ڕاستەوخۆ و دڕندانەی دانا»(٥٩)

مارکس و ئینگلز زیاتر لەسەر ئەم باسە دەڕۆن و ڕوونی دەکەنەوە کە بۆرژوا چەوساندنەوەی کردە پراکتیسێکی ڕۆتینی ژیان و بەمەش دژە-تێزی خۆی لە شێوەی پرۆلیتاریادا دروست کرد، کە پەیامەکەی بریتییە لە کۆتاییهێنان بە هەموو شێوەکانی چەوساندنەوەی مرۆڤ لە لایەن مرۆڤەوە.

نیچە ڕوونی دەکاتەوە بە ناوی کێوە قسە دەکات. ئەو ئاخاوتنەکەی لە دژی ئەو کەسانە دادەڕێژێ کە ئێستا لە هەموو شوێنێکدا بانگاشەی کۆمەلّێکی بێ چەوساندنەوە دەکەن. وەلاَمەکەی بۆ ئەوان بیری کۆمەلّێکی ئەوپەڕی فاشستییە کە نەرمترین شێوەی پراکتیسی دەسەلاَت تێیدا چەوساندنەوە و سوودلێدەرهێنان بێت.

بۆیە سەیر نییە کە ئەم بیرانەی نیچە جەوهەری فاشیزم و نازیزم پێک بێنن، کە پاکانە بۆ پێداویستییە نائینسانییەکانی سەرمایەدایی کۆرپۆرەتیف دەکەن(٦٠)

هەرچۆنێ بێ ئەم چەمکە نیچەییەی (خواستی دەسەلاَت وەرگرتن)ە کە ئێدوارد سەعید وەک سیفەتێک دەیداتە پالّ (عەقلّی ڕۆژئاوایی) و لەمەشەوە، ڕۆژهەلاَتیزم. ئەو هەر لە سەرەتاوە ئەم خواستەی ڕۆژئاوای بۆ زالّبوون بەسەر و بندەستکردنی ڕۆژهەلاَتی لاواز و بۆش لە شانۆگەرییەکانی یۆناندا دۆزییەوە، وەک پێشتر ئاماژەمان بۆ کرد. ئێدوارد سەعید دەلّێ:

«بۆچوونی من وایە کە ڕۆژهەلاَتیزم لە بنچینەدا مەزەبێکی سیاسییە خواستی خۆی بەسەر ڕۆژهەلاَتدا زالّ کردووە چونکە ڕۆژهەلاَت بێ هێزتر بووە لە ڕۆژئاوا. وەک دامودەزگایەکی کولتووری، ڕۆژهەلاَتیزم هەمووی دەستدرێژیکردنە، چالاکی و تاقەتە، حوکم بەسەردادانە، خواستی گەیشتن بە ڕاستی و زانینە»(ل ٢٠٤)

بەم چەشنە بەلای سەعیدەوە ئەوە هێزی ڕووناکبیری (ئینتێلێکچوالی) ڕۆژئاوایە و لەگەلّیدا خواستی دەستدرێژی و بەسەردا زالّبوون، کە وای کردووە ڕۆژئاوا (جیاوازی) و (ئەوی دیکەبوونی) ڕۆژهەلاَت نەفی بکا و خۆی وەک مەزنتر بسەلمێنێ.

ئەگەر هەموو توخمەکانی فۆرمیولا تیئۆرییەکەی سەعید پێکەوە کۆ بکەینەوە، دەبینین ئەوەی سەعید پێشنیازی دەکات ئەوەیە کە لە بنچینەدا عەقلّی ڕۆژئاوایی مەزنتر و بالاَتر بووە لە عەقلّی ڕۆژهەلاَتی، لەبەر ئەوە پەیامی سروشتی و مێژووی ئەو عەقلّە ئەوە بووە کە ئەم مەزنی و بالاَدەستی و هێزەی خۆی بە نەهێشتنی پێناسەی کولتووری لاواز و کەسێتیی بیانی ڕۆژهەلاَت، بسەلمێنێ.

لەبەر ئەوە هەر لە کاتی سەرهەلّدانییەوە لە جیهانی یۆناندا وەک جەوهەرێکی عەقلّی، پرۆسەی ڕۆژهەلاَتیزم، بەلای سەعیدەوە، پرۆسەیەکی هێتواش، بەلاَم لەوەستان نەهاتوو بووە. ڕاستە ئەم پرۆسەیە ئالّوگۆڕی لە ڕووی نواندنی لە تێکستی نووسراودا و پانتایی و ناوەڕۆکدا تێدا هەبووە، بەلاَم (وەک -یەک- بوونە) دووبارەبووەکەی تاقە ئافەریدەریدەکەرێکی (جیاوازی) بووە. بەم چەشنە خاکی ئێمە و خاکی بەربەرییەکانی یۆنانی و ڕۆمانییەکان شێوەگۆڕ کرا بە دوو لایەنی مەسیحییان و محەمەدییان لە سەدەکانی ناوەڕاستدا و، ئیسلام وای بیر لێ دەکرایەوە کە دووبارەکردنەوەیەکی درۆ و ساختەی ئایینە هەوەلّییەکە: مەسیحییەت بێت. لە سەدەی هەقدەهەمدا زانستی ڕۆژئاوایی زۆر لە ڕۆژهەلاَتی تێپەڕاند و دوای خست. ئەورووپا توانستی

خۆی بۆ گەمارۆدان و رۆژهەڵاتیزەکردنی رۆژهەڵات هەست پێکرد. لێرەدا، سەعید دەڵێ، رۆژهەڵاتیزم بوو بە دیسپلینێکی ئەکادیمی کە نوێنەرایەتیی زانستی رۆژئاوای دامودەزگاداری دەربارەی رۆژهەڵات دەکرد.(ل٦٣-٦٧) ئەو رۆژهەڵاتەی وەک (ئەوی دیکە)ی کەمتر و بێ هێز سەیر دەکرا.

داگیرکردنی میسر لە لایەن ناپلیۆنەوە، کە پرۆژەیەکی رۆژهەڵاتیزمانە بوو(ل٧٦-٩٢)، ئەو خزمەتەی هەبوو کە بوو بەهۆی مۆدێرنایزەکردنی رۆژهەڵاتیزم. جوگرافیا خەیاڵییەکەی رۆژهەڵات لە ریالیزمێکی وەسفیدا بەجەستە کرا، فابریکە رۆمانسیەکەی لەبەر یەک هەڵوەشێندرا و وشەگەلی وای هێنایە کایەوە کە بکارێ نەک تەنیا نوێنەرایەتی رۆژهەڵات بکات، بەڵکو بەرجەستەی بکات و خەڵقی بکات. کردنەوەی کەناڵی سوێس لە ساڵی ١٨٦٩ دا دووریی رۆژهەڵات و سەیری و عەنتیکەییەکەی نەهێشت و، مەودای بە رۆژهەڵاتیزم دا هەست بە سەلماندن و بەدیهاتنی مێژوویی خۆی بکات لە شێوەی زاڵبوونی عەقڵی و تەکنۆلۆژیی رۆژئاوا بەسەر رۆژهەڵاتدا. رۆژهەڵاتیزمی تەقلیدی مێژوویی کرا، عیلمانی کرا و پلەیەکی زانستی پێ بەخشرا. بەڵام ئیتنۆ-نێوەندی و رەگەزپەرستی و جەوهەراندن، کە ئەنوەر عەبدولمالیک وەک خاسیەتی رۆژهەڵاتیزم دەستنیشانی کردووە، وەک دینامیکی ناوەندیی رۆژهەڵاتیزم خۆیان پاراست.

رۆژهەڵاتیزم بوو بە دیسپلینێکی سیاسی کە رۆژهەڵاتی بۆ سەرفکردن و بەملککردن و دەستبەسەرداگرتنی رۆژئاوا ئامادە دەکرد. بەم چەشنە «لەماوەی سەدەکانی نۆزدەیەم و بیستەمدا رۆژهەڵاتیستەکان بوونە چەندێتییەکی جددی تر.. چونکە تا ئەوسا دەسکەوت و سوودەکانی جوگرافیای خەیاڵی و راستەقینە، گرژبوونەوە، ئەوسا پێوەندی ئەوروپایی لە رێگای بڵاوبوونەوەیەکی لەوەستان نەهاتووی ئەوروپا لەگەڕان بەشوێن بازاڕ و سەرچاوەی خاوی ئابووری و کۆلۆنیدا، بڕیار دەدرا و، لە دوایشدا لەبەر ئەوەی رۆژهەڵاتیزم خۆ-گۆڕینی خۆی لە ئاخاوتنێکی زانست (ئەکادیمی)یەوە بۆ دامودەزگایەکی ئیمپریالی تەواو کرد»(ل٩٥).

بەم چەشنە رۆژهەڵاتیزم دوا شێوە- گۆڕینی خۆی لە شێوەی دامەزراوەی ئیمپریالیزمدا تەواو کرد. ئەو رۆژهەڵاتەی لە ئاخاوتنی رۆژهەڵاتیزمدا دەردەکەوێ، سەعید دەڵێ، «سیستمێکی نواندنە بە کۆمەڵە هێزێک چوارچێوەی بۆ دانراوە کە رۆژهەڵاتیان بۆ ناو زانینەکانی رۆژئاوایی، هۆشیاریی رۆژئاوایی و دواتر ئیمپراتۆریای رۆژئاوایی هێنا»(ل٢٠٢-٢٠٣)

ئەوەی سەعید لە تەواوی پرۆسەی رۆژهەڵاتیزمدا جەختی لەسەر دەکات ئەو نەگۆڕییە میتافیزیکییە ناوەوەییەتی کە بە بۆچوونی ئەو بەبێ گوێدانە جیهانی دەرەوە و رووداوە مێژوویەکان بەردەوام، بەبێ کۆتایی کاری خۆی دەکات.

«رۆژهەڵاتیزم بووتی خۆی بنیات ناوە، فەلسەفە و کراوەیی بوونی، نە لەسەر پێشوازیکردنی بۆ رۆژهەڵات، بەڵکو لەسەر نەگۆڕییە ناوەوەییە دووبارەبووەکەی دەربارەی خواستی ئەو بۆ دەسەڵات گرتن بەسەر رۆژهەڵاتدا.. ئەمە بە چەشنێک بوو کە رۆژهەڵاتیزم توانی بمێنێ بێ گوێدانە شۆڕشەکان، شەڕەکانی جیهانی و لەت و کەرت بوونی ئیمپراتۆرییەکان»(ل٢٢٢)

ناکۆکییەکی زەق و سەیر کە ئەم بۆچوونە تیئۆرییەی سەعید دروستی کردووە ئەوەیە کە لە لایەکەوە سەعید رەخنە و خراپ حوکمدانی توندی رۆژهەڵاتناسەکان دەکات لەبەر ئەوەی رۆژهەڵات و ئیسلامیان بە خراپی وێنە و باس کردووە، لە لایەکی دیکەشەوە سەعید ئەو (باوەڕە) تیئۆرییەی هەیە کە ئەم خراپنواندن و باسکردنە پێوەندییان بە خولیایەکی سروشتی مێشکەوە هەیە! بەلای سەعیدەوە «بە تەواوی شتێکی سروشتییە کە هۆشی مرۆڤ بەربەرەکانی هەر پەلاماردانێکی غەریبی-بوونە دەستلێنەدراوەکەی بکات»(ل٦٧). یان «راستی خۆی نوێنەرایەتیکردنە»(ل٦٧).

جا لەم سەرەتایانەوە کە دایمەزراندوون، سەعید کریتیکەکەی وەک هەموویەکی کولتووری -cultural total ity ئەنجام دەدات. رۆژهەڵاتناسەکان هەر لەبەر ئەو راستییەی کە ئەوان رۆژئاوایین، ئەوا بەکاری (ئەیجینت) رۆژهەڵاتیزمن و خواستی دەسەڵات بەسەرداگرتن دەردەبڕن و نوێنەرایەتی دەکەن.

لێرەوە رەخنەکەی سەعید بەرامبەر رۆژئاوا Occident بە گشتی کراوەتەوە. بەڵام ئەمەشیان بۆتە هۆی دروستکردنی ناکۆکییەکی بنچینەیی ئەم بۆچوونە ئایدیالیستە- فۆرمالیستەی. ئەو وا پێشنیار دەکات کە لە رۆژهەڵاتیزەکردنی رۆژهەڵاتدا، رۆژئاوا تەنیا

مومارەسەیەکی سروشتی بە پێی یاساکانی هۆش، ئەنجام داوە، لەگەڵ ئەمەشدا ئەو ناتوانێ بە توندی رەخنەیان لێ نەگرێت!! تاقە پاکانەشی بۆ ئەمە ئەوەیە کە ئەو، ئێدوارد سەعید، خۆی نوێنەرایەتی کامپەکەی دیکە دەکات. ئەو رۆژهەڵاتییەکە بە دژی رۆژهەڵاتناسە رۆژئاواییەکان دەنووسێ. ئەویش بەم کارەی تەنیا ئەو شتە دەکات کە خولیای سروشتی مێشکی وەک رۆژهەڵاتییەک دەیخوازێ! ئەو «بەربەرەکانی هەر پەلاماردانێک دەکات بۆ سەر غەریبی بوونە دەست لێنەدراوەکەی»! ئەویش (رۆژئاواییزم) ئەنجام دەدات. یان وەک جەلال ئەلعەزم دەڵێ (رۆژهەڵاتیزمی بەراوەژوو ئەنجام دینێ»(٦١)

بەم چەشنە حاشا لە هەڵوەشاندنەوەی ستراکتووره ئایدیۆلۆژی و بیرییەکانی رۆژهەڵاتیزم، سەعید دەیانسەلمێنێتەوە، سروشتییان دەکا و تەنانەت نەگۆر و نەمریشیان دەکات! بۆیە لە کۆتاییدا خۆی لە پێشکەشکردنی هەر چارەسەرێک بۆ مەسەلەکان بێدەسەڵات دەبینێتەوە، جگە لە پێشکەشکردنی هیومانیزمێکی بە گومان. ئەو ئەوە دەخوازێ هۆشی مرۆڤ بەم چەشنە دوولایی و دووفاقیکردنە کاری نەکردبا و لەمەوە ئەم جیاوازی و دابەش- دابەشییەش نەبووبایە. بەڵام بە داخەوە دابەشبوونەکان بەردەوامن (ل٣٢١-٣٢٨). لەمەش پتر، هیچ ئێختیارێک شک نابات لەوە بەولاوە کە ئەنجامە سیاسییەکانی رۆژهەڵاتیزم قبووڵ بکات.

**ئەنجامی رۆژهەڵاتیزم:**

سەعید دەنووسێ: «سەرکەوتنی رۆژهەڵاتیزم لەو راستییەدا نواندراوە کە رۆژهەڵاتی لەسەر شێوە و رەنگی خۆی دروست کرد.. رۆژهەڵاتناس ئێستا هەوڵ دەدات رۆژهەڵات وەک لاساییکردنەوەیەکی رۆژئاوا ببینێ. رۆژهەڵاتێک وەک بێرنارد لیویس دەیبینێ، کە تەنیا دەتوانێ خۆی چاکتر بکات کاتێ ناشنالیزمەکەی ئامادە دەبێ لەگەڵ خۆرئاوادا رێک بکەوێت»(ل٣٢١) لە سەردەمە ئەمریکییەکەیدا، بە رای سەعید. رۆژهەڵاتیزم بۆتە ریالیتییەکی ئەوەندە بەهێز لە وڵاتانی عەرەبیدا کە هەڵکردن نەک تەنیا لەگەڵ رۆژئاوا خۆی بەڵکو لەگەڵ ئیمپریالیزمی ئەمریکیش کارێکی سروشتکرد و بەدیهییە.

«پێکڕازیبوونی نێوان چینی ئینتیلێکچوال و ئیمپریالیزمی نوێ دەتوانرێ بە یەکێک لە سەرکەوتنە تایبەتییەکانی رۆژهەڵاتیزم دابندرێ. ئەمڕۆ دنیای عەرەب پاشخولێکی (تەبەعییەتێکی) ڕووناکبیری و سیاسی و کولتووریی وڵاتە یەککگرتووەکانی ئەمریکایە»(ل٣٢٣)

سەعید بەردەوام دەبێ لە روونکردنەوەی ریالیتی و شێوەکانی ئەم پەیوەندییە پاشخولییە. زانکۆکانی عەرەب میراتی سیستمی کۆلۆنیالین. دەستەی ڕووناکبیر و شارەزای عەرەب لە رۆژئاوا خوێندوویانە و ڕاهێنراون. ڕێباز و ئاقارەکانی کولتووری سەردەم لە رۆژهەڵاتی نزیکدا بەدوای مۆدێلەکانی ئەوروپایی و ئەمریکی دەکەون (ل ٣٢٢-٣٢٣). هەروەها حەقیقتی بوونی کۆنسیمەیزم (استهلاک) لە ڕۆژهەڵاتدا هەیە. «جیهانی عەرەب و ئیسلام بە گشتی بە سیستمی بازاڕی رۆژئاواییەوە بەندن». نەوتی عەرەب «بە تەواوی بۆتە بەشێک لە ئابووریی ئەمریکا»(ل٣٢٤).

ئەنجامی ئەمە هەمووی ئەوەیە کە ئەوەی ئەمڕۆ ڕووناکبیری عەرەب دەتوانێ بیکات تەنیا ئەوەیە کە «مۆدێرنیزە» بکات، واتا تێبکۆشێ کۆمەڵ بکاتە «ڕۆژئاوایی».

«کە بەم چەشنە ڕازیبوونێکی ڕووناکبیرانە لە وەرگرتنی ئیماژ و مەزهەبەکانی خۆرئاوا هەیە، هەر لەو کاتەدا سەلماندن و بەهێزکردنەوەیەکی زۆر بەهێزی ئەمە لە ئاڵوگۆڕی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتیدا هەیە. بە کورتی رۆژهەڵاتی نوێ لە رۆژهەڵاتیزەکردنی خۆیدا بەشداری دەکات»(ل ٣٢٥).

لێرەدا ئێتنۆ- ناوەندی و بەگشتیکردنی ڕەمەکییانە، کە دوو ڕەخنەی سەرزمانی ئێدوارد سەعیدن لە رۆژهەڵاتیزم، لە سەعید خۆیدا بە ئاشکرایی دەردەکەوێ. ئەو، وەک عەرەبێک، هەموو رۆژهەڵات بۆ (دنیای عەرەب) کەم و کورت دەکاتەوە و لەعەرەب و، ئیسلام وەک عەرەب بەولاوە، زۆر پەراوێزیی باسی نەتەوە و کولتووری دیکە دەکات. لە لایەکی دیکەشەوە ئەو لێکدانەوەی خۆی بۆ ریالیتی سیاسی و کولتووریی وڵاتە عەرەبییەکان دەکاتە بنەمای حوکمدانەکەی کە ئێستا رۆژهەڵات خۆی خۆی رۆژهەڵاتیزە دەکات، واتە خۆی دەیەوێ خۆی بکاتە موڵکی رۆژئاوا! بەم چەشنە ڕۆحی ڕۆژهەڵاییزم، بە لای سەعیدەوە، ئەرکە

هیگلییەکەی تەواو کرد و بوو بە کارکردەیەکی (فانکشنی) ناوەوەی رۆژهەڵات خۆی. رۆژهەڵات نەک تەنیا (پێناسە) و (جیاوازی)ی خۆی ون کرد بەڵکو ئێستا قەرەبرووی ئەمە بەوە دەکاتەوە کە لاسایی رۆژئاوا بکاتەوە و خۆی وەک کولتووره مەزنتر و چاکتر و دەسەڵاتدارترەکەی رۆژئاوا لێ بکات.

سەعید ئەوە بە راستییەکی نکولی لێ نەکراو وەردەگرێ کە رۆژهەڵاتیزم پرۆسەی مێژوویی خۆی بە گۆڕینی بۆ ئیمپریالیزم تەواو کرد. ئێستاش ئەمریکایە کە لەزەت لە میوە و بەری رۆژهەڵاتیزم وەردەگرێ. «لە کاتێکدا جاران فەرەنسا و بەریتانیا، بە هۆی دەسەڵات و سامانەوە ئاسۆیەکانی رووناکبیریی رۆژهەڵاتیان گرتبوو، ئێستا ئەمریکا شوێنی ئەوانی گرتۆتەوە»(ل٣٢٢).

ئەوەی سەعید نارەحەت دەکات ئەوەیە کە ئەگەرچی رۆژهەڵاتیزم خۆی پراکتیسێکی سیاسی نییە، ئەگەر چی دەشێ مەزەبێکی سیاسی بێ وەک خواستی دەسەڵات will- to- power بەلام «ئەو ئیحتیمالانەی کە ئەو بیرانەی دەربارەی رۆژهەڵات لە رۆژهەڵاتیزم وەردەگیرێن بۆ مەبەستی سیاسی بەکار دەبرێن، راستییەکی گرنگ و زۆر پڕ هەستە (حەساسە)»(ل٩٦).

بەلام ئەم پرهەستبوونە رێگە لەوە ناگرێ ئەنجامە سیاسییەکانی قبووڵ بکەین ئەگەرچی «نائارامی دروست دەکا سەبارەت بە بەگشتی- کردنە کولتووری و رەگەزی و مێژووییەکانی بەکارهێنانیان، بەهاکان، پلەی بابەتی- بوون و نیازی جەوهەرین.ل ٦٩».

سەعید ئەو گرێبەندییە (اشکالیە)ی لە ئەنجامە سیاسییەکانی رۆژهەڵاتیزمەوە دروست دەبێ، لە دوا سێ لاپەڕەی کتێبەکەیدا، سەرنج دەداتە لەدەستدانی هەویتی، قبووڵکردنی ئیمپریالیزمی نوێ، بوون بە پاشخوولی کولتووری و سیاسی و ئابووری.

بەلام ئایا هیچ شتێکی خراپ یان هەڵە لەمانەدا هەیە؟!

وەلامی ئەم پرسیارە، لای سەعید، هێشتا وەلامێکی ئینتێلێکچوالییە (رووناکبیرانەیە). ئەمە پەیوەندی بەوەوە هەیە تۆ چۆن دەربارەی (خۆییبوون) و (جیاوازی) بیر دەکەیتەوە. وردە بادانەوەیەکی هیۆمانیستی لە بیرکردنەوەی مرۆڤدا دەشێ هەموو گرێبەندەکە چارەسەر بکات. بە هەر حاڵ، سەعید دەپرسێ: «کولتوورێکی دیکە چییە؟ ئایا چەمکی بوونی کولتوورێکی جیا (یان رەگەز، ئایین، شارستانیی) چەمکێکی بەکەڵکە؟ یان هەمیشە لە خۆ-پیرۆزکردندا (کاتێ باسی هی خۆت دەکەی) خۆی دەدۆزێتەوە؟(ل٣٢٥).

**خاسێت و تەکنیکەکانی رۆژهەڵاتیزم:**

جددی ترین و گرنگترین لایەنی لێکۆڵینەوەکەی سەعید سەبارەت بە رۆژهەڵاتیزم بەکارهێنانی (تیئۆری ئاخاوتنی فۆکۆ)یە بۆ پشکنینی رەوشی زانگەیی (ئیپستیمی) رۆژهەڵاتیزم. بەلام وەک تا ئێستا بۆمان روون بۆتەوە، پەنابردنە بەر فۆکۆ لە لایەن سەعیدەوە ئەوە نییە کە ئەناتۆمییەکی سیاسیی پێوەندی نێوان زانین و دەسەڵات سەبارەت بە رۆژهەڵاتیزم ئەنجام بدات. بەڵکو ئەو (مێتۆدی وەسفکردنی ئاخاوتن) بۆ بەهێزکردنی هێزدارێتی authority ئەو دوولاییە ستراکتووری و چەمکییە بەکاردێنێ (کە هێڵی سنووری نێوان دوو کۆنتینێنت، دوو هەمووی ئایدیایی گەورە، دەکەن) وەک (سەرەتاکان)ی لێکۆڵینەوەکەی. ستراتیژی مێتۆدۆلۆژیی سەعید ئەوەیە ئەو سەرەتایانە (بەردەوام) کە لە جیاتی ئەوەی پەلاماری فەزای پێوەندییەکانی دەسەڵات بدات: واتا ئەو هەلو مەرجە جیۆگرافی، سۆسیۆ-مێژووییەی ئاخاوتن لەناویدا وەک پراکتیس و وەک کارکردەیەکی (فانکشنێکی) سیاسی-نەک نەگۆڕییەکی میتافیزیکی ستراکتووریی- بوونی هەیە.

هەرچۆنێک بێت، بەکارهێنانی تێگەی (ئاخاوتن- dis- course ) زۆر رواڵەت و تەکنیکی گرنگ بۆ سەعید دەردەخات کە رۆژهەڵاتیزم وەک دیسیپلینێکی ئایدیۆلۆژی دەستنیشان دەکەن.

دەستنیشانکردنی (رەوشی تێکستی-دەقیی) ئاخاوتنی رۆژهەڵاتناسی بەتایبەتی شتێکی بەرهەمبەخشە لە رووی روونکردنەوەی کەممەودایی و سنوورداریتیی ئەو وشەگەل و وێنە و چەمکانەی لە مەیدانی زانستێکی هێندە بەرین و فراوانی وەک رۆژهەڵاتیزمدا بەکار هێنراون. لە خوارەوە، بە کورتی تەکنیک و خاسییەتەکانی ئاخاوتنی رۆژهەڵاتناسی بەو شێوەیەی بۆچوونە تیئۆرییەکەی سەعید دەریان دەخات، روون دەکەینەوە.

**پرینسیپی (جیاکردنەوە)**

وەک مەیدانێکی زانین رۆژهەڵاتیزم لەسەر سەرەتاگەی

(پرینسیپی) جیاکردنەوە differentiation ،سەرچاوەیەکی پێشتر دەستنیشانکراو، دامەزراوە. ئەمەش شێوەی وشەییبوونی ڕۆژهەڵات لە ئاخاوتن و ئەدەبیاتی ڕۆژئاواییدا وەک: جیاواز، خەتەرناک، ناعەقلانی، لە ڕادە بەدەر، هەستەوان، دووەدەست، سەیر و سەمەرە، لاواز، تێکشکاو، لەمانە گرنگتر نزم و کەم بەهاتر، خۆی دەنوێنێ. سەعید پێی وایە، لەسەردەمی هۆمیرۆسدا، هەر نووسەرێک خۆی وادانـاوە کە ئاگای لە نووسینێکی پێشتر سەبارەت بە ڕۆژهەڵات هەیە، هەندێ زانیاریی پێشتر کە ئەو وەک سەرچاوە بۆی گەڕاوەتەوە. ئەمەش پێویستی بەوە هەیە ڕۆژهەڵاتیزم وەک چاوگەی مێژوویی (مرجع) وەسف بکرێ (یان بە زاراوەی فۆکۆ وەک پێشینەی مێژوویی historical apriori کە بەلای سەعیدەوە ئەمە لە چالاکییەکی وشەیی-عەقلی یان تێکستاوتێکستی inter- textuality زیاتر نییە (تێکستاوتێکستی وەک دەستاودەست، واتا هەر تێکستە پشت بە تێکستێکی پێشوو دەبەسێ و تێکستی دواتریش پشت بەم دەبەستێ..هتد).

بۆ ئەوەی ئەم وەسفکردنە مومکین بێت، سەعید دوو (تەکنیکی مێتۆدۆلۆژیی سەرەکی) دێنێتە ئاراوە (ژ۲۰):
شوێنی ستراتیژی: ئەمە وەسفی شوێنی دانەر دەکا لە تێکستدا سەبارەت ئەو ماددە ڕۆژهەڵاتییەی لەربارەیەوە دەنووسێ، کە هەر لەو کاتدا شوێنی خواستی دەسەڵات بەسەرداگرتن و تێکشکاندنە.
داڕشتنی ستراتیژی: ڕێگایەکە بۆ شیکردنەوەی پێوەندیی نێوان دەقەکان ئەو شێوەیەی کە کۆمەڵە تێکستێک، تەنانەت ژانری تێکستی، چڕ و خەستییەکی پێکەوە و هێزی چاوگەبوون (مەرجەعیەت) لە نێوان خۆیاندا و دواتر لە کولتوورەکە بە گشتی بەدەست دەهێنن.
ئەوەی شوێنی ڕۆژهەڵاتناسی بەرامبەر ڕۆژهەڵات دەناسێنێ دەرەوەکارییە Exteriority. ڕۆژهەڵاتیست لە دەرەوەی ڕۆژهەڵات دەوەستێ، چ وەک ڕاستییەکی وجودی و چ وەک ڕاستییەکی مەعنەوی (مۆڕالی)، ئەو هیچ خۆ بە ڕۆژهەڵاتەوە خەریک ناکات تەنیا وەک یەکەم هۆی وتارەکەی نەبێ. ئەوەش کە دەیڵێ نوێنەرایەتیکردنێکی تێکستاو- تێکستی ڕۆژهەڵاتە، لەمەوە «ڕۆژهەڵاتیزم پاش هەموو شتێ سیستمی ناوبردنی کار و نووسەران(ل۲۲) یان دروستکردنی وێنەکەیەتی لە ڕوانگەی هەڵوێستێکی لێکدەرەوانە بەرامبەری.
«پێوەندی نێوان ڕۆژهەڵاتناسی و ڕۆژهەڵات لە جەوهەردا پێوەندییەکی لێکدانەوەیی بوو hermeneuti-cal بە وەستانی لەبەردەم شارستانییەکی دووری بەحاڵ شایانی لێحاڵیبوون، یان پەیکەرێکی کولتووری، ڕۆژهەڵاتناسی پاسکار بە تەرجومەکردنی، وێنەکێشانی یان لە ناوەوە خستنە ناو دەستی ئەو بابەتە دوورەدەستە، نادیاریی و شاراوەییەکەی کەم دەکردەوە. لەگەڵ ئەمەشدا ڕۆژهەڵاتناسی لە دەرەوەی ڕۆژهەڵات دەمایەوە، هەرچەندە وای لێ بکرایە کە شایانی تێگەیشتنە، هەر دوور لە دەست پێڕاگەیشتنی ڕۆژئاوا دەمایەوە. دوورەنێوانی کولتووری کاتداری و جیۆگرافی لە مێتافۆری قووڵایی و نهێنی و بەڵێنی سێکسیدا خۆی دەردەبڕێ، گوزارەی وەک «ڕووپۆشی بووکێکی ڕۆژهەڵاتی» یان «ڕۆژهەڵاتی نابەڵەد» دەهاتنە ناو زمانی ئاساییەوە(ل۲۲۲).
لە هەر حاڵێکیشدا ڕۆژهەڵات بۆ ڕۆژهەڵاتناسدا بابەتێک بوو کە دەبوو بەسەریدا زاڵ بێت و نەهێڵێت فراوانی و مەزنێتی و سەیری و نائاشنایەتییەکەی بەسەر ئەودا زاڵ بێت تەنانەت ئەو کاتەش کە ڕاستەوخۆ تاقی دەکاتەوە.

**ڕۆژهەڵات وەک فەزای نواندن:**

لەوەختی (ئەسخیلۆس)ەوە، ڕۆژهەڵات بۆ ڕۆژئاوا وەک فەزایەکی نواندن کە تێیدا ڕۆژهەڵات بۆ جمهورێک دراماتیزە کراوە، یان بۆ جۆرەها داڕشتنی ئاخاوتنکارانە (مێژوو، جوگرافیا، سیاسەت، دیراساتی زمانەوانی، گەشتنامە، ڕۆمان، زانستەکان..هتد) بەکارهێنراوە، بوونی هەبووە. هەر لەو کاتدا ڕۆژهەڵاتیزم ئەو شوێنگە وشەییانەی بەرهەم هێنان کە تا لە لایەن بکەری (سوبژێکت)ی جیاوازەوە بەکار بهێندرێن، ئەوانەی دەبوونە بەکاربراوی ڕۆژهەڵاتیزم و لە ئەکامیشدا ئیمپریالیزم وەک: مێژوونووسەکان، ڕۆماننووسەکان، زیارەتکەرانی شوێنە پیرۆزەکان، شاعیران، زمانەوانان، ئەنترۆپۆلۆژیستەکان و سیاسەتمەداران. تەنانەت ئیمپریالیستانی وەک بەلفۆر و کرۆمەر، بە ڕای سەعید، هەڵوێستە ئیمپریالیستەکانی خۆیان لەسەر «جیاکردنەوەی موتلەقی ڕۆژهەڵات و

رۆژئاوا» دامەزراند، چونکە کۆدەکانی ئورسوٚدوٚکسی رۆژهەلاتناسی بۆی لواندبوون ئەم کارە بکەن.
«گەر بە سادەیی بلێین رۆژهەلاتیزم عەقلانیکردنی حوکمی کۆلۆنیالی بوو فرامۆشکردنی رادەی پاکانەبۆکردنی لەوەپێشی حوکمی کۆلۆنیالییە لە لایەن رۆژهەلاتیزمەوە، نەک لە دوای رووداوەکە. مرۆڤ هەمیشە جیهانی بەسەر ناوچەگەلێکدا دابەش کردووە کە جیاوازیی راستەقینە یان خەیاڵییان لەگەڵ یەکتر هەبووە. ئەو هێڵە جیاوازکەرەوە موتڵەقەی نێوان رۆهەلات و رۆژئاوا کە بەلفۆر و کرۆمەر بە فیزەوە قبووڵی دەکەن چەندەها ساڵ، تەنانەت چەند سەدەیەک بوو، لە درووستبووندا بوو»(ل٣٩).
کەوایا ستراتیژی مێتۆدۆلۆژی لە دیراسەکردنی رۆژهەلاتیزمدا ئەوە نییە کە بەدوای راستی (حەقیقەت)، لە ئاخاوتنی رۆژهەلاتیستدا، بگەڕێین. بەڵکو ئەوە بدۆزینەوە کە چۆن راستی خۆی جۆرە نواندنێکە -repre sentation، کە ئەو شێوە ئاخاوتنکارییانە وەسف کەین کە بە هۆیانەوە رۆژئاوا رۆژهەلاتی وەک بابەتێکی بچووککراوەی خۆی بەرهەم هێنا و چۆن ئەو بابەتە زیاتر خۆیدا بەدەست ئەو کولتووورە مەزنترەی کە بەرهەمی هێنا لەوەی وەلامی ریالیستی و مێژووی خۆی بداتەوە. لێرەوە سەعید زۆر بە فراوانی (پراکتیسی ئاخاوتنکاری discursiv practice)یان(پێکهاتە ئاخاوتنکارییەکان discursive formations) بەکار دێنێ، بەوەی کە ئەو جەخت لەسەر ئەو یاسا عەقڵییە بێ ناوانە دەکات کە هەلومەرجی بەکارکەوتنی زمان و بەرهەمهێنانی وێنە و چەمک دەربارەیان، بۆ رۆژهەلات دیاری دەکات. ئەم مێتۆدی لێکۆڵینەوەیە بۆ سەعید دەلوێنێ کە پێناسەی رۆژهەلاتیزم بکات وەک ئەوەی «کە هەم نەگۆڕییەکی ناوەوەیی هەبێت و هەم کۆمەڵە پێوەندییەکی ئاشکراکراوی بە کولتووری سەردەستەوە هەبێت» ئێستاش ئاشکرایە کە ئەو نەگۆڕییە ناوەوەییانە وەک جەوهەرێکی ئەفلاتوونی لێکدراونەوە و ئەو پێوەندییانەش کە ناویان دەبات هەمیشە هی کولتوورێکی دەسەلاتدارن کە خواستی ژێردەستکردنی نێچییانەی لە ئاستی کولتوورێکی نزمتر و پاسیڤ کە ناچار بووە بە تواندنەوەی خۆی لە کولتووورە زاڵەکەدا بێ هێزی و جیاوازی خۆی نەفی بکاتەوە. بەم جۆرە، ستراتیژیی مێتۆدۆلۆژیی سەعید، هەلومەرجی کارکەوتنی «سەرەتا مێژووییەکانی» دەداتێ کە رۆژهەلاتیزم لە جەوهەردا بە هۆکارییەکی سەرووی مێژوو «ئیدیالی» دادەنێ. ئەمە شێلگیربوونی سەعید دەردەخا لەسەر ئەوەی رۆژهەلاتیزم وەک «هۆشیاری» دیراسە بکا، نەک وەک پراکتیسی کۆمەڵیی و دایلەکتیکی سۆسیۆ- مێژوویی پێوەندی نێوان دەسەلات و زانین. ئەمەش وای لێ دەکات باسەکەی لە مێژووی راستەقینەی پێوەندییەکانی دەسەلات، کە هەلومەرجی دەرکەوتن و پەرەسەندن و بەردەوامبوونی رۆژهەلاتناسییان فەراهەم کردووە، دابڕێت. بەلام ئەم کارەی سەعید رێگا لەوە ناگرێت کە سەعید حەقیقەتی رۆژهەلاتیزم -بە هۆی سروشتی میتاهیستۆرییەکەیەوە - وەک جۆرە تێگەیشتنێک یان فەلسەفەیەکی مێژوو و جیهان نیشان بدات، کە خزمەتی ئامانجی مێژوویی و سیاسی دەکات. سەعید وانیشان دەدات کە رۆژهەلاتیزم لە لایەن مێژوودوە دروست نەکراوە بەڵکو ئەو خۆی مێژووی خۆی تەنانەت مێژووی راستەقینەی پێوەندییەکانی رۆژهەلات و رۆژئاوای دروست کردووە کە لوتکەکەی لە ئیمپریالیزمدا خۆی بەرجەستە کردووە. ئەمەش بە پێشکەشکردنی رەوشەکانی بیرکردنەوە، ئاقار و ئاراستەکانی خواست و خەیاڵی دەسەلات پەیداکردن، زاڵبوون و، پاکانەی ستراتیژی و ئایدیۆلۆژیی پرۆژە ئیمپریالییەکانی رۆژئاوا. سەعید کەمترین بایەخ بە هۆکاری ئابووری لە دروستکردن و پاراستنی رۆژهەلاتیزمدا نادات و، لە هەموو کتێبەکەیدا ناوی سەرمایەداری نابات، هەر وەک سەرمایەداری هیچ پێوەندییەکی چ بە رۆژهەلاتیزم و چ بە ئیمپریالیزمەوە نەبێت!!
ئەوەی سەعید- لەگەڵ بەکارهێنانی فۆکۆشدا- نەیتوانیوە بیکات ئەوەیە کە رۆژهەلاتناسی وەک پراکتیس لێ بکۆڵیوەتەوە، کە وشەگەل و راگەیاندنەکانی رۆژهەلاتیزم وەک بەرهەمی هەلومەرجە مێژووییەکان کە بەر لەو بێ گوێدانە دوولاییکردنە عەقڵییەکانی رۆژهەلات و رۆژئاوا، هەبوون و هەن، سەرنج بدات، وەک ئەو لەکاردابوونە مێژووییانەی کە چەندەها جار دووبارە خراونەتە کار، سوودیان لێ وەرگیراوە، تازەکراونەوە، تەفسیر کراون، شەرعیەتی تازەیان پێ دراوە و دووبارە بەرهەمهێنراونەوە نەک لە چوارچێوەی پرۆسەی پێشبڕیاردراوی مێشکی رۆژئاوایدا بۆ خۆ-سەلماندنی

خۆی، بەڵکو لە چوارچێوەی پێوەندی هێز و دەسەڵاتی راستەقینە و بەربەرەکانی بەرژەوەندیی نێوان هێزە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکاندا بە درێژایی مێژوو.
سەعید فێنۆمینای کولتووریی بەرهەمهێنانەوەی ئایدیۆلۆژی بە شێوەیەکی سادە بە هێماکردن بۆ «ترادیسیۆنی کتێبیی» و «هەڵویستی تێکستاوی» رۆژهەڵاتناسەکان لێک دەداتەوە. بەم مانایە، ئەوە هوشیاریی کتێبییە کە لێپرسراوە نەک تەنیا لە دروستبوونی ئاخاوتنی مێژووییدا بەڵکو لە رووداني پرۆسەی مێژوویی پێوەندیی نێوان رۆژئاوا و رۆژهەڵاتدا.
سەعید دەنووسێ: ئەوەی دەبێ ئێمە بەرچاوی بگرین ئەو پرۆسە درێژ و هێواشەی بەدەست خستنە کە بە هۆیەوە ئەورووپا، یان هوشیاریی ئەورووپایی دەربارەی رۆژهەڵات، خۆی لە وەزعی بوونێکی تێکستی و رامانەوە گوازتەوە بۆ بوونێکی ئیداری، ئابووری و تەنانەت سەربازیش.
گۆرانە جەوهەرییەکە جوگرافی و فەزایی بوو یان راستتر گۆرانێک بوو لە چەشنی تێگەیشتنی جوگرافی و فەزایی کە پێوەندی بە رۆژهەڵاتەوە هەبێ».
سەعید راست دەکات کاتێ ئاڵوگۆرەکانی رۆژهەڵاتیزم بە جوگرافیاوە پەیوەست دەکا. بەڵام ئەم پێوەندییە تەنیا بە گوتەی ئەبستراکتی (تێگەیشتنی جوگرافی و شوێنییەوە) لێک نادرێتەوە. ئێمە دەبێ ئەو دایەلەکتیکە کۆمەڵایەتییە دیراسە بکەین کەوا دەکات ئەم تێگەیشتنە جوگرافییە پێویستییەکی مێژوویی بێت و بەم چەشنە پرینسیپە مێژووییەکانی کردار و زانین بەرهەم بهێنێن کە ئەوانیش کار لە شوێن دەکەن و باوەش بە جوگرافیادا دەکەن. گریمانەکەی سەعید، کە رۆژهەڵاتیزم مەرجێکی پێشینەی ئیمپریالیزمی ئەورووپایی بووە، نەک تەنیا ئایدیالیستییە بەڵکو ساکار و بێ هوودەشە.
مێژوو نیشانی دەدات کە ئابووری، گەرانی مرۆڤ بەشوێن دابینکردنی پێداویستیی ژیان و ساماندا، هەمیشە ئەو هۆکارە سەرەتاییە بووە کە هەبوونی کۆمەڵایەتیی دیاریکردووە و لەناو ئەمیشدا، هوشیاریی کۆمەڵایەتی و پرینسیپە ئەرشیفییەکانی رێکخستن و بیری کۆمەڵایەتیی گەشەیان کردووە. هوشیاریی، ئاین، ئایدیۆلۆژی تەنیا یەکێکە لەو رەگەزانەی، لەو فانکشنانەی کە دەشێ ببێ و بەردەوام بێ لەو شێوەدا

کە بەدەستی هێناوە لەبەر شوێنی پێویستی ئەو لەناو تۆرێکی فراوانتری پراکتیسە کۆمەڵییەکان وەک: کار، بازرگانی، پێوەندییەکانی هێز و دەسەڵات، دامودەزگا کۆمەڵایەتییەکانی، داگیرکاریی ئیمپریالیستانە..هتد. هەمووی ئەمانە پێکەوە کار دەکەن.
پراکتیسە ئابووری و ئیمپریالیستەکان، بۆ نموونە لە پێش بەرهەمهێنان یان بەدەستهێنانی زانیاری دەربارەی کۆمەڵانی دیکەوە دێن، یان بەلای کەمەوە هەلومەرجی پێویست بۆ بەرهەمهێنانی دابین دەکەن.
توخمە ئایدیۆلۆژییەکە، کە وەک مەزنتربوونی (سوپیریۆریتی) کولتوورێک بە پێوەندی بە کولتوورانی دیکەوە دەردەبڕدرێ، تەنیا خزمەتی ئەوە دەکات کە ریالیتیە مێژووییەکە سەرپۆش بکا و پاکانە بۆ پراکتیسە ئیمپریالیستەکان بکات.
بە هەر حاڵ، شیکردنەوەی سەعید تەنێ لە ئاستی ئایدیۆلۆژیی رۆژهەڵاتیزم دایە و خۆ لەوە دەبوێرێ رۆژهەڵاتیزم وەک پرۆسە و بەرهەمهێنانێکی مێژوویی سەرنج بدات. بەم کارەش وەهمی بوونی یەکێتییەکی بیریی بە هەموو مەیدانە زانینەکانی رۆژهەڵاتیزم دەدات و بە شێوەیەکی پاکانە بۆ نەکراو، بەرهەمە ئیجابییە چاک و زۆر و زەبەندەکانی بە هەژاری نیشان دەدات و(٦٢) بە هەڵە وەک نوێنەری کولتوور و بیری رۆژئاوایی (بە گشتی) دایدەمەزرێنێ. بەمە ئەو راستییە فرامۆش دەکات کە بیر بەرهەم و بەرهەمهێنانەوەی پراکتیسی کۆمەڵایەتی و پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانە و لێرەوە لە هەر ماوەیەکی مێژووی مرۆڤ و لە هەر کۆمەڵێکدا، دەکارێ چەمکی جیاواز و تەنانەت ناکۆک و دژ بە یەکی جیهان و مێژوو بەدی بکەین. سەعید هەروەها ئەوە فرامۆش دەکات کە، وەک گرامیشی روونی کردۆتەوە، هەر چینێکی کۆمەڵایەتی «لەگەڵ خۆیدا بەشێوەیەکی ئۆرگانی، توێژێک یان زیاتر لە رووناکبیران دروست دەکات کە هاوچەشنێتی و هوشیاری سەبارەت بە ئەرک و دەوری خۆی نەک تەنیا لە مەیدانی ئابووریدا بەڵکو لە مەیدانەکانی کۆمەڵایەتی و سیاسیشدا، دەداتێ»(٦٣)
هەروەها ئەو راستییەی کە وەک مارکس و ئینگلز لە (ئایدیۆلۆژیای ئەڵمانی)دا دەریان بڕیوە کە بیرە زاڵ و باوەکانی کۆمەڵ بەرژەوەندیی چینە فەرمانرەواکانی دەردەبڕن ئەگەرچی خۆشیان دەخزێننە ناو هوشیاری هەموو خەڵکەوە»(٦٤). ئەم بارە، کە هەلومەرجی

بەردەوامبوون و دووبارە بەرهەمهێنانەوەی بیرە زاڵ و باوەکان دابین دەکات بێ گرێدانە هەندێ ئاڵوگۆڕی پێویستی بیری و سیمانتیکی، دەشێ بە شێوەیەکی رادیکالی بگۆڕێ تەنیا کاتێ پێوەندییەکانی بەرهەمهێنان و ستراکتوور و دامودەزگاکانی دەسەڵات، کە پێوەندییەکانی دەسەڵات لە کۆمەڵێکدا یان لە ئاستی جیهاندا، دەستنیشان دەکەن، بە شێوەیەکی رادیکالی بە قازانجی چین و هێزی کۆمەڵایەتیی تازە و کەم ماف، بگۆڕدرێن.

تا ئەو ستراکتوورانەی پێوەندی هێز و دەسەڵات لە کۆمەڵ و لە ئاستی جیهاندا وەک خۆیان بمێننەوە ئاڵوگۆڕی کولتووری و کۆمەڵایەتیی رادیکالی دوا دەکەوێ و خاوی و تەمبەڵیی کولتووری لە ئارادا دەبێت.

لەبەر ئەوەیە کە گەورەترین ئاڵوگۆڕە مێژووییەکان لە مەیدانی بیردا بە پێوەندی لەگەڵ شۆڕشەکان و گۆڕانە کۆمەڵایەتییەکان، روویان داوە. لەبەر ئەوە گرێکوێرکەیەکی زەحمەت نییە یان گرێبەندێکی میتافیزیکی نییە کە بۆچی ئایدیۆلۆژیای رۆژهەڵاتیزم لەگەڵ نەمانی ئیمپراتۆریاکانی رۆژئاوایش، وەک خۆی ماوەتەوە: چونکە هەمان پێوەندیی بەرهەمهێنان و بازرگانی، هەمان ستراکتووری دەسەڵات و هێز لە ئاستی جیهاندا، تەنانەت بە شێوەیەکی چڕتر و کاریگەرتریش، هێشتا لە کاردان!

ئاخاوتنی رۆژهەڵاتی- کۆلۆنیالیش هاوئەرکێکی ئەو واقیعەیە.

ئەو بزوتنەوە رزگاریخوازانەی دوای جەنگی جیهانیی دووەم بەرپابوون، وەک عەبدولمالیک پێشتر نیشانی دەدا، بوونە هۆی دروستکردنی قەیرانێک لە ستراکتوورە بیرییەکانی رۆژهەڵاتیزمدا و پێداویستی (ستراتیژێکی پێداچوونەوە)یان هێنایە گۆڕێ. بەڵام نەبوونە هۆی ئەوەی دروستکردنی هەلومەرجی رادیکالی و پێوەندیی دەسەڵاتی نوێ کە بتوانن پەکی رۆژهەڵاتیزم بخەن.

ناشێ گرێبەندی (پرۆبلەماتیک)ی رۆژهەڵاتیزم لە گرێبەندیی ئیمپریالیزم، لە توانای دەسەڵات لە بەرهەمهێنانی ئاخاوتن و ئایدیۆلۆژیا و زانین جیا بکرێتەوە.

لێرەوە ئەم کارەی ئێمە جەخت لەسەر روونکردنەوەی ئەم هەلومەرجە نێوەندییەی دەرکەوتنی ئەو ئاخاوتنە دەکا کە ئێمە بە ئاخاوتنی ئیمپریالیستی- کۆلۆنیالی- رۆژهەڵاتیستی ناوی دەبەین. واتا ئێمە دیراسەی ئاخاوتنی رۆژهەڵاتناسی- کۆلۆنیالی دەکەین وەک دارشتنەوەیەکی هاوپێوەندیی دەسەڵات بە هەموو ئەو گرێ و چەمسەرە سۆسیۆ-مێژووییانەوە کە لەم پرۆسەدا تێوە گلاون.

نەخشەی کارەکەمان لەو کریتیکەی سەعیدەوە، کە لەم چەپتەرەدا ئەنجاممان دا، سەر هەڵدەدات. ئەویش وەک بینیمان سێ لایەنی گرتەوە:

١- سەرەتا مێژووییەکانی ئاخاوتنی کۆلۆنیالی- رۆژهەڵاتیستی لە میراتی یۆناندا.

٢- پرۆسەی مێژوویی رۆژهەڵاتیزم و هەلومەرجی ئیمکانبوونی.

٣- رەوشی تیئۆری (ئایدیۆلۆژی، فەلسەفی) بوون و بەردەوامبوونی.

لێرەوە پرۆژەی باسەکەی ئێمە سێ پرس تاوتوێ دەکات، کە بۆ ئەنجامدانی بۆچوونێکی تیئۆری- مێژوویی بۆ رۆژهەڵاتیزم گرنگ و جەوهەرین:

١- رەوشی بوونی رۆژهەڵاتیزم وەک تیئۆری.

٢- پێکاتنی مێژوویی رۆژهەڵاتیزم.

٣- هەلومەرجە مێژووییەکانی ئیمکانبوون، بەردەوامبوون و گۆڕانەکانی.

[لە ژمارەی داهاتوودا: فەسڵی دووەم، رۆژهەڵاتیزم وەک چەمکێکی بۆرژوازیی جیهان و مێژوو]

## ئاگادارییەک

تا ئێستا رابوون بە دیاری بۆ کۆمەڵێک نووسەر و رووناکبیر دەنێرین، ئێمە حەزمان دەکرد کە لەمەودواش هەر بەردەوام بین، بەڵام بە داخەوە گیروگرفتی دارایی رابوون دەرفەتمان نادات.

ئێمە، دەمانەوێت، سەرباری هەر گیروگرفتێک، لە ساڵی دوو هەزاریشدا رابوون بەردەوام بێت، بۆیە هیوادارین ئەو هێژایانەی کە مەبەستیانە رابوونیان پێ بگات، ئابوونەی ساڵانە بنێرن.

ئابوونەی چوار ژمارە بۆ سوێد ٢٤٠ کرۆن و بۆ دەرەوەی سوێد ٣٠٠ کرۆنە.

# سوفیزم و مۆسیقا...

د.محمد مكرى
وەرگێرانی لە فەرەنسییەوە موحسین ئەحمەد عومەر

کولتووری هونەری جیهانی ئیسلام، کە لە سەردەمی عەباسییەکان بە ئێرانی بووە، ئەم کولتوورە دەربارەی مۆسیقا، لە ڕووی هونەری و تەکنیکییەوە کەوتۆتە بن دوو کاریگەری گەورە و پەرش و بڵاو: یەکەم کاریگەری پلاتۆنیزمی نوێی (ئەفلاتونیزمی نوێ) یۆنانی و فارسییە. دووەم کە زیاتر پەیوەندییان بە بەهاو نرخە حسابییەکانەوە هەیە، کاریگەرییەکە دەگەڕێتەوە بۆ پیتاگۆریزم.

کارەکانی فارابی(کە لە ساڵی ۳۳۹ھ/۹۵۰ز. مردووە) لە ( کتاب الموسیقی الکبیر) و ابن سینا(۳۷۰-۴۲۰ھ/۹۸۰-۱۰۳۷ز) لەبەشی دوازدەمینی هونەری ماتماتیک لە کتێبی(الشفاء) و بەشێک لە کتێبی(النجاة) هەروەها شفیع الدین اورموی کە لە (۶۹۳ھ و ۱۲۹۳ز دا مردووە) لە (کتاب الادوار) و (الرسالة الشرفیة) و هی دیکە، زۆر بە جوانی ئەم کاریگەرانەی سەرەوەمان بۆ دیاریدەکەن. لەهەمان کات ئەم تیۆریزانانە، دەربارەی پرینسیپ و تەکنیکەکانی مۆسیقا، وردبوونەتەوە و بیر و ڕووانینی خۆیان خستۆتە ناو چوارچێوەی فەلسەفە. بێگومان، مۆسیقا لەو سەردەمەدا بەشێک بووە لە ماتماتیک و فیزیک، هەروەها فەلسەفە بە گشتی. هەڵبەت بەو چەشنەی ئەو سەردەمە لێی تێگەیشتبوون. ئەم جۆرە ڕووانینە لە سەدەی چوارەمی هیجری لەلایەن ئەلقەی(اخوان الصفاء) شەوە هەستی پێدەکرێ. (اخوان الصفاء)، بەشی یەکەم، پێنجەمین نامە یان پەیام ((الرسالة))، کە پەیوەندییەکی تایبەتییان بە سوفیزمەوە هەیە، چونکە بە پلەی یەکەم لەلایەن سوفییەکان، بە پێی ڕووانینی سوفی خۆیان، وردە وردە مۆسیقا بەکاردەهێنن، بەو پێیەی هۆیەکی بەرزبوونەوە و فراژوو بوونی روحە بەرە و حەقیقەتی ڕەها، کەچی ناوەندی ئۆرتۆدۆکسی (یان سوننی،یان تەقلیدی یان کلاسیکی) ئەگەر ڕاستەوخۆ و بنەبڕ دژی مۆسیقا نەوەستابن، قەت بە چاوێکی پۆزەتیڤ مۆسیقایان وەرنەگرتووە و هەمان ڕووانینیان نەبووە.

- کاتێ کە تیۆلۆژی(زانستی دین) و شەریعەت هەر لە سەرەتای ئیسلامەوە لەلایەن (فقهاء) پسپۆرەکان داڕێژرا، ژیان و کاریکتەری سوفیەکان بووە خۆراکی ڕەخنە و ژەهراوی بوون. لەلایەکی دیکە، بیری سوفییەکان بێ کاریگەر نەبوو لەو بابەتانەی کە ڕاستەوخۆ لە بزوتنەوەکەیان دەرنەهاتبوو، بەڵام ئەوان ئەم ئاو و هەوایەیان بەم چەشنە دەقۆستەوە بۆ لێکۆڵینەوە لە مۆسیقا، ئەمەش لە ڕووی تیۆری و پراکتیکی، لەبەر ئەوەی ئەم خاڵەش بەشێک نەبوو لە جیهانی سوفی یان جیهانی (باطنی)یەکان. سوفیەکان

دەیانتوانی خۆیان لە دەسەڵاتی(فقهاء)ەکان رزگار بکەن- بە شێوەیەکی گشتی تیۆری مۆسیقای سوفی لە چواردەورەی(سماع) ڕەگی داکوتاو گیرسایەوە. وشەی (سماع) لە ڕەگی سێینەی (سمع)ی عەرەبییەوە هاتووە کە مانای(بیستن) دەگەیەنێ، ئەمەش لە سوفیزمدا دەستنیشانی کۆنسێرتێکی روحی دەکات کە هەندێ جار کۆریگرافی (نەخشەسازی سەماکردن) سوفیزمیشی لەگەڵ بووە. سوفیەکان بۆ ئەوەی شەرعیەتی دینی بۆ پراکتیک کردنی مۆسیقای خۆیان پیشان بدەن پەنایان دەبردە بەر قورئان و فەرموودەکان، بەم چەشنە دەگێڕنەوە، پاش جەنگی بەدر، پێغەمبەر بۆ پیرۆز کردنی سەرکەوتنەکەی هەندێ شیعری ئەوەندە بە حەماسەت و گڕ خوێندۆتەوە سەرەنجام عەبایەکەی بەربۆتەوە: بێگومان مەسەلەی(خرقە) فرێدان لەلایەن سوفییەکان لەکاتی سەماکردن بۆ ئەم دیاردەیە دەگەڕێتەوە (مبنای خرقە انداختن در سماع). لە کاتی جەنگی خەندەق، گوایە پێغەمبەر و هاوڕێکانی(انصار) گۆرانییان وتووە. ئایەتی نۆزدەم، سوورەتی ٣٩ - قورئان، هەروەکو زۆری دیکەش، لەلایەن سوفییەکان بۆ بەرگریکردن لە بۆچوون و ڕووانینیان پشتی پێ بەستراوە. دیسان بە گوێرەی هەندێ نەریت، گوایە، ڕۆژێک دوو کەنیزەک لەلای عایشەی ژنی پێغەمبەر گۆرانییان وتووە، پێغەمبەر ڕێگای بە ئەبوبەکر نەداوە ئەم دوو کەنیزەکە بێدەنگ بکات و دەریان بکات، چونکە ئەو ڕۆژە ڕۆژێکی جەژن بووە. دەربارەی ئەو ڕەخنانەی دژی سماع لەلایەن ئیمامی شافیعییەوە(دامەزرێنەری مەدرەسەی شافیعی)گیراوە و نووسراوە، سوفییەکان دڵنیاییان لەسەر ئەوە دەکرد کە ئەم ڕەخنانە تەنیا بەسەر لایەنی پراکتیک کردنی (سماع) دا پەیرەو دەبێت، ئەگەر تەنیا بۆ وەخت بەسەر بردن بێت، بەڵام بۆ سوفییەکان بە پێچەوانەوە کە خۆیان بە نوخبە و دەستەبژێر دادەنا بەهایەکی روحی هەبوو. وەک بەڵگەیەک بۆ ئەم نموونەیە دەبینین سەردەستەی سوفییەکان هەموویان لەگەڵ ئەو ڕایە دابوون کە دەبێ (سماع) لە ناو خەڵک و ئاو و هەوای گشتیدا قەدەغە بکرێ. زەنوونی میسری لەگەڵ ئەوەدابوو کە سماع بە سروشێکی خوداییانە بەرهەمهێنراوە و دڵ بەرەو خودا بەرز دەکاتەوە: ئەوانەی بە مەبەستی پاک گوێی لێدەگرن لە ناو حەقیقەتدا دەژین، بەڵام ئەوانەی لە ناو شەهوانیەتدا گوێی لێدەگرن لە ناو کوفردا دەژین. جونەید لەم ڕووەوە دەڵێ:(ئەو کەسەی وێرای مەبەستی ناپاک گوێ لە (سماع) دەگرێ، کارێکی خراپ دەکات و سەرەنگوون بوونی تێدایە، بەڵام ئەو کەسەی بە پێچەوانەوە گوێی لێدەگرێ ئاسوودەیی بۆ دەهێنێ). شبلی دەڵێ:(ڕواڵەتی "سماع" شوومە، بەڵام ڕووە ڕاستەقینەکەی ڕۆشنایی دەهێنێ و بیر فراوان دەکات. ئەو کەسەی بگاتە ئەو ئاستەی ئەم ئیشارەیە بگرێ مافی گوێگرتنی هەیە، ئەگینا، خۆی دەخاتە ناو بەدبەختی و ترسناکییەوە). لەلای هوجویری (سەدەی پێنجەم و شەشەمی هیجری) بەشێک دەربارەی گوێگرتن لە (سماع) (بڕوانە وەرگێرانە ئینگلیزییەکەی کشف المحجوب: ر.ئا.نیکلسن.ئو.ژ.و.گیب- , Leyde Memorial,XV11 ١٩٩١. بەشی ١٥ لاپەرە ٣٩٣-٤٢٠).

بەڵام تەنیا غەزالی(٤٥٠-٥٠٥ھ/١٠٥٨-١١١١ز) دوای ئەوەی هاتە ناو بازنەی سوفیزم، وەک(فقیە)ێک، بە شێوەیەکی نایاب لێکۆڵینەوەی دەربارەی ئەم مەسەلەیە کردووە. ئەو دژی فەلسەفە دەوەستێ و لە ڕوانگەیەکی سوفییەوە دەڕوانێتە مەسەلەی دینی و قانونییەکان و لە هەمان کات بە لەبەرچاوگرتنی هەندێ مەرج(سماع) و مۆسیقا بە شتێکی گونجاو دەزانێ. لەم ڕووەوە بەشێکی لە کتێبە بەناوبانگەکەی (احیاء العلوم الدین) دەربارەی ئەم مەسەلەیە تەرخان کردووە:(بەشی هەشتەم لە کتێبی تەقالیدەکان)، کورتەی ئەمەش لە فەسڵی هەشتەم بەشی دووەم لە کتێبە فارسییەکەی(کیمیای سعادت) دەست دەکەوێت. ( چاپی تاران ١٣١٩ ھ. ١٩٤٠ز. لا: ٣٧٠-٣٨٨) غەزالی(سماع) بەو ئاگرە بەراورد دەکا و دەچوێنێ کە لەو بەردە پەیدا دەبێت کە وەک چەرخ بەکاری دەهێنن:(بەردو بەردەستێ): لەراستیدا، مۆسیقا کە عاتیفەی مرۆڤ دەوروووژێنێ،سروشتی شاراوەی

مرۆڤ سەردەخات و پیشانی دەدات کە راستەوخۆ بەستراوەتەوە یان پەیوەندی هەیە بە جیهانی میتا هەستیاری(سەرەوەی هەستیاری یان ئەوپەڕی هەستیاری) بواری جوانی، واتە هەموو ئەو شتانەی پەیوەندییان بە ئیستێتیکاوە(یان جوانی) هەیە بە هۆی یاساکانی ریتم و دەرەجە بەرێوە دەبرێن. ئەمەش بەسەر مۆسیقا و (سماع) دا بەپڕی پەیرەو دەبێت. غەزالی سێ جۆر گوێگرتن – مان پیشان دەدات و جیایان دەکاتەوە:

١- ئەوەی گوێ لە کۆنسێرتی(مۆسیقا و سماع) دەگرێت تەنیا بۆ وەخت بەسەربردن (غەزالی لەو باوەرەدایە ئەم جۆرە گوێگرتنەش نابێت بە قەدەغە و حەرام دابنرێت).

٢-ئەوانەی دڵیان پڕ لە پیسی و بوغزە و مۆسیقا زیاتر دەیانوروژێنێ:(بۆ ئەم گوێگرانە سماع دەبێ قەدەغە بکرێ).

٣- ئەوانەی لەناو دڵیان سروشتێکی فراژوو بوو و بەرزیان هەیە. (سماع) زیاتر بەهێزیان دەکات، ئەمانەش کە گیانی خۆیان بەئارەزووی چوون بۆ حەج پڕدەکەنەوە و لەگەڵ بیستنی گۆرانییەکانی حەجکردن دەوروژێن، هەروەها ئەوانەش کە گەیشتوونەتە ئاستی خۆشەویستی خودا، ئەمەیان (سماع) ی سوفییەکانە.

بەڵام لەلای غەزالی لەم حاڵەتانەی خوارەوە مۆسیقا و سماع قەدەغەیە:

١-کاتێ کە ژنێک یان کورێک گۆرانی بڵێ و بشێ ببێتە هۆی وروژاندنی هەستی سێکسی و ئیباحی.

٢- کاتێ کە ئامێرە مۆسیقیەکان پەیوەندیان بە فسق و فجورەوە هەبێت.

٣-کاتێ کە تێکستی گۆرانییەکان وشەی ناشرینیان بەرامبەر بە یەکێک یان بە ئایین تێدابێت.

٤- کاتێ کە گوێگر گەنجە و لە ناوەوە ئارەزووی سێکسی داگیری کردووە.

٥-لەو حاڵەتەی کە گوێگرتن لە سماع دەبێتە خوو و نەریتێک تەنیا بۆ ڕابواردنی رووت.

(سماع) سێ هەنگاوی جیاواز و دیاری هەیە:

یەکەمینیان تێگەیشتنە: لەمەش ئەوانە دوور دەخرێنەوە کە لە کاتی گوێگرتندا تەنیا بیر لە شتی بێ مانا و چرووک دەکەنەوە، بەڵام ئەوانەی وێڕای گوێگرتن بیر لە خۆشەویستیی یەزدان دەکەنەوە هەمان حسابیان لەگەڵ ناکرێت. ئەمانەش دابەشی دوو پۆل دەکرێن:

١- ئەو موریدە سوفییانەی گەیشتوونەتە پلەی (احوال).

٢- ئەو موریدە سوفییانەی گەیشتوونەتە توانەوەی سوفییانە (فنا). بەڵام هەنگاوی دووەم، بریتیە لە شادی و بەختەوەریی سوفیانە، واتە (الوجد). سەرەنجام کاریگەری مۆسیقا دەشێ گوێگر بگەیەنێتە ئاستێک بەهۆی وروژانی عاتیفی جوولە و بزووتنی، بەتایبەتی وێڕای سەماکردن: جل و بەرگی خۆی بدڕێنێ، ئەمەش لە سوفیزمدا ڕێگای پێدراوە، ئەگەر بەشێوەیەکی خۆبەخۆیی و"عەفەوی" سەرهەڵبدا.

مەرجەکانی(سماع): ١- وەخت: (سماع) لەکاتی نان خواردن یان لە کاتی مەراسیمی نوێژ یان ڕابواردن و وەخت کوشتن قەدەغەیە.

٢- شوێن: (سماع) لە شوێنی کراوە و تاریک و نەگونجاو و شوێنێک خاوەنەکەی مرۆڤێکی زاڵم بێت ناکرێت.

٣- بەشداریکەران: ئەوانەی دەبێ بەشداری مەراسیمی (سماع) بکەن دەبێ بە تایبەتی هەڵبژێردرێن و شایستەی بەشداریکردن بن.(بڕوانە وەرگێرانە ئینگلیزییەکەی: D.B Macdonald. Journal of the Royal Asiatic.Soc.1901.1902

شمس الدین ئیبراهیم نووسەری کتێبی(مجمع البحرین) (کە لە ساڵی ٧١٨ هـ. ١٣١٨ ز دا نووسیویەتی. لە کتێبخانەی پاریس بەشی دەستنووسە فارسییەکان پارێزراوە ژ ١٢٢، ٦٠٠ لا)، نووسەر سێ جۆر گوێگری (سماع)مان بۆ دەستنیشان دەکات:

١- گوێگری ئاسایی، ئەمانە بەشی هەرە زۆری ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە بە بیستنی دەنگی جوان چێژ وەردەگرن.

٢- گوێگری وشیار (حال)، واتە ئەو گوێگرەی

تەئەمول لەو دەنگە دەكات كە دەیبیستێ و لە حالەتێكی روحی تایبەتدا دەژێت. ئەم حالەتەش یەككگرتن و جیابوونەوەی تێدایە لەگەڵ زاتی یەزدان، ئەمەش بە پێی دووری و نزیكییان دەگۆڕێ. لێرەش پەشیمانی بەرانبەر ئەو حالەتە دەردەبڕن كە نەیانتوانیوە بیگەنێ، یانیش تێنوێتی خۆیان بەرانبەر بەو ئامانجە دەردەبڕن كە لەدوای دەگەڕێن. لەوانەیە هەموو ئەم هەستانەش خۆی لە راستگۆیی و ترسی بەجێنەهێنانی بەڵێن، یان لەناو جۆرێک لە دوودڵی و یان ئارەزوویكی دەگمەن، یان لە ناو ترسی جیابوونەوە یانیش خۆی لەناو شادی یەككگرتن لەگەڵ زاتی یەزداندا ببینێتەوە.

٣- گوێگرانی خودا: ئەم گوێگرتنەش لە خوداوە دێت و بۆ ئەویش دەگەڕێتەوە. دەربارەی ئەمانە، ناتوانین هیچ وەسفێكیان بدەینێ كە پەیوەندی بە ئارەزووی مرۆڤەوە هەبێت و لەو بچێت، واتە ناتوانین بڵێین ئارەزووەكانیان بە هی مرۆڤی ئاسایی دەچن بەڵكو شتێكی زۆر دەگمەنن و لەسەرەوەی هەموو ئارەزوویكی مرۆڤایەتییەوەن.

فەیلەسوفانی سەدەی یەكەمینی ئیسلام بە چەشنێكی تەواو تیۆری خەریكی مۆسیقا بوون، بەڵام نابێ ئەوەش لەبیربكرێ، كە پێشتر نەریت و كولتووریكی میللی قووڵی مۆسیقا لە رۆشنبیریی فارسەكاندا هەبووە و مۆسیقای ئیسلامیش وەک قووڵبوونەوەیەک درێژەی بەهەمان لایەن داوە. سوفیزم كە لە جیهانی ئێرانی سەری هەڵداوە پەیوەندییەكی زۆر قووڵی لەگەڵ ئەم مۆسیقایە هەبووە و هونەر و كولتووری فارسی خۆراكی ئەو بووە. لەبەر ئەوە شتێكی ئاساییە كە دەبینین سوفیزم نرخێكی گەورەی داوەتە مۆسیقا. سوفییەكان هەر تەنیا گرنگیان بە گونجاندن و پراكتیكی مۆسیقا نەداوە، بەڵكو بە پشتگیری ئایینناسێكی وەک غەزالی، بۆ مەبەستی روحی بەكاریان هێناوە. هەڵبەت وەک هۆیەک بۆ نوێژ و وێرد و گەڕانەوە بەرەو خود.

لەلای گەلێک لە شاعیرانی سوفیی فارس، وەک جەلالەدینی رومی، حافز و هی دیكەش، كۆمەڵێک نیشارەمان هەیە بۆ (سماع) و ئامێری دیكەی جیاجیا كە لەكاتی تایبەتی سوودیان لێ وەرگرتووە. ئەفلاكی، نووسەری (مناقب العارفین) (وەرگێرانی Cl.Huart پاریس ١٩١٨.ل ٧٢)، كە مێژووی تایفەی مەولەوییەكانی تا سەردەمی جەلالەددینی رومی نووسیوە، باسی پێكهێنان و دامەزراندنی كۆنسێرتی(سماع) دەكات كە لەلایەن شێخی خۆی، بە تایبەتی دوای مردنی هاورێیەكەی شەمسی تەبریزی و دەڵێ:(گڕی خۆشەویستیی سوفی) و (دوو بەرەكی و كێشەی خۆشەویستەكان هەموو گۆشەكانی جیهانی داپۆشی بوو و خەڵكەكەش رووی خۆیان بۆ لای شێخەكەمان وەرگێڕاو بە گیانێكی پڕ لە خۆشەویستی و بێ وەستان دەستیان كرد بە خوێندنەوەی شیعر و لێدانی مۆسیقا).

لەهەمان كات ئەفلاكی دەڵێ: جەلالەددینی رومی بڕیاریدابوو كەمانچەیەک دروستبكەن لە كاتی مەراسیم و كۆبوونەوەی سوفییەكان بیژەنن. ئەم كەمانچەیەش دەبێ شەش گۆشەی هەبووبێ ( شەش گۆشەی ئامێری رەباب - یش نیشارەیە بۆ شەش گۆشەكانی جیهان، پیتی ئەلف یش كە ژێی ئەم ئامێرەی لێ پێكهاتبوو نیشارەیە بۆ پەیوەندی روحیی نێوان ئەلف و ئەللا(الله).

لەكتێبی (مجمع العارفین) كە لەسەرەوە ناومان هێنا، هەروەها كتێبی(نفائس الفنون) كە ئینسكلوپیدیایەكە دەربارەی زانستە ئیسلامییەكان و لەساڵی ٧٣٦ هـ/١٣٣٥ ز .لەلایەن محمد امین محمود الاملی نووسراوە، چەند بەشێكی بۆ كۆنسێرتی روحی سوفییەكان تەرخان كردوە. بێجگە لەم نووسراوانە گەلێک نوسینی دیكەش هەن كە لەلایەن سوفییەكان خۆیان نووسراون و بە گشتی دەربارەی هونەری مۆسیقان. بەم چەشنە، دوای شفیع الدین ئورمەوی و قطب الدین محمود شیرازی(٦٣٤-٧١٠هـ/١٢٣٦-١٣١١ ز) دەتوانین وەک نمونەیەک نووسینێكی زۆر سەرنج راكێشی مەولانا موبارەک شا بهێنین (بڕوانە لاپەرەكانی ٦٩-١٦٣ دەستنووسەكەی،Or.823-BM) كە بریتییە لە لێكدانەوەی كتێبی (كتاب الادوار) و نووسەر تێیدا وەک مۆسیقاناس و فیزیكناس و ئەناتۆمیست (لەشناس)

دەردەكەوێ. لێرە نابێ چەند ناوێكی بەناو و دەنگی وەك قطب الدين شيرازی و وصفی الدين بغدادی لە بیر بكەین كە نووسەری (جامع الالحان): عبدالقادر ابن غيبی الحافظی المغربی كە كتێبەكەی لە٨١٦ ﻫ.١٤١٣ز. نووسیوە، ئەم ناوانەی سەرەوە لەم ڕووەوە وەك باڵادەست و شارەزا دەهێنێ. لەبەشی پێنجەمی كورتەی ئەم كتێبەدا كە لەژێر ناوی (مقاصد الاركان) ەو لە ساڵی ٨٢١ ﻫ/١٤١٨ز. نووسراوە، عبدالقادر ڕەخنە لە هێرشەكانی مەولانا قطب الدين شيرازی دژی صفی الدين ئورمەوی دەگرێ و گەلێك زانیاری هونەری بە نرخمان پێشكەش دەكات. لەلایەكی دیكە، نووسەرانی وەك رضی الدين رضوان شا و علی ستایی گەلێك سوفی دیكە سەر بەم قوتابخانە و بەم نەریتە بوون و خەریكی لێكۆڵینەوە بوون دەربارەی مۆسیقا، ناوی ئەمانە و ئەو ئاوازە میلۆدیانەی نووسیویانە لە (ادواری سلطانی) هاتووە. كە ناملیكەیەكە كۆمەڵێك گۆرانی گرتۆتە خۆی.(كتێبخانەی نیشتمانی فەرەنسی.پاریس. بەشی دەستنووسی فارسی.ژ.٢٦٠).

(سماع) بۆ سوفییەكان بریتی بووە لە یاریدەدەرێك یان هۆیەكی یاریدەدەر لە ژیانی روحییان و هۆنەرێك بووە بۆ وروژاندن و كڕنووش بردن و عیبادەت. ئەگەرچی لایەنی هونەری و تەكنیكی مۆسیقاكەیان بە تارایەكی روحی دادەپۆشی، بەڵام ئەم لایەنە تەكنیكییە بوارێك بووە پێویستی بە پسپۆڕی و شارەزایی هەبووە. بێگومان، مۆسیقا لەلای سوفییەكان، دوور لە هەموو پێویستی و داواكاییەكی هونەری و شكلی، هەموو ئامانجی ئەوەیە تامی وروژاندن و فراژووبوون یان بەرزبوونەوەی عاتیفی یان روحی بكەین.

مۆسیقا كاری مرۆڤە نەك سروشتێكی خودایی. ئەم مۆسیقایە لە ڕووی تەكنیكەوە زۆر سادەیە و بریتییە لەیەك ئاوازی مێلۆدی، بەڵام وردە وردە (سماع) بە بەكارهێنانی كۆمەڵێك ئامێر، گۆران كەوتە ناو تۆن و لەرینەوەكان، لەهەمان كات ئەو گۆرانە لە گۆرانییە هاو ئاوازییەكان (هاوئاهەنگییەكان) هەستی پێكرا بەڵام بەشێوەیەكی رۆژهەڵاتیانە. گەلێجار، پشتگیرییە ئۆركستریەكان سادەن و بریتین لە چەپڵەلێدان و جووڵەی لەش و بەتایبەتی جووڵەی پێ. وروژاندنی عاتیفی بە گۆرانی پارانەوە پیشان دەدرێت، ئەمەش جۆرێكە لە نۆستالژی خەونئامێز بۆ گەیشتن بە جیهانی ئەودیوو. هەموو هەوڵی ئەم مۆسیقایەش بریتییە لە گەیشتن بە گۆرانی ناوەوە، روح یان گیان، بێگومان بە دەنگ و ئاوازێك كە سەداولەرینەوەیان لە دەرەوە هەیە. لەهەمان كات وتن و دووبارەكردنەوەی بەردەوامی وشەی(هو-ئەو) و (لا اله الا الله) كە گشت نرخە میتافیزیكی و ئاینییەكان ڕێكدەخات و دەیانگونجێنێ. لەلای گوێگر حاڵەتێكی روحی سەرخۆش و مەستی دروست دەكەن: ریتم و ئاواز لەم وشانە جیاناكرێنەوە و دەبنە بەشێك لێیان و لە دەرەوە بوونیان نیە و جۆرێك لە ئەفسوون دروست دەكەن كە گشت فۆرمێكی زەمانەوانی یان تایبەت بە زمان بەرزدەكەنەوە.

لەم هەموو ئامێرە مۆسیقییانەی لە لێكۆڵینەوە تایبەتییەكانی سەر بەم هونەرە ناویان هاتووە، تەنیا هەندێكیان لەلایەن سوفییەكانەوە لە كۆبونەوەكانیاندا بەكارهاتوون. حافز كە بە شاعیرێكی سوفی ناسراوە لە كتێبی (مغنی نامە) دكەی ناوی هەندێكیان دێنێ. بەڵا واپێناچێ ئەم هەموو ئامێرانە لە لایەن سوفییەكانەوە بەكارهاتبن. تاقە ئامێرێك كە گرینگییەكی زۆری پێدراوە و سەرەكی بووە ئامێری (نای) یە، جەلالەددینی رومی لەسەرەتای شاكارە سوفییەكەی(مەثنەوی) باسی دەكات. لەم بارەیەوە شیعرەكانی رومی بەردەوام گرینگی پێدراوە و بۆ ماوەی چەندان سەدە بوونەتە خۆراك و ژیانی سوفییەكان، ئەمەش بریتییە لەو ئازار و ئەشكەنجەیەی روح كە لە سەرچاوەكەی جیابۆتەوە و بە هۆی ژەنینی (نای) بڵاودەبێتەوە.

یەكێك لە دەروێشە مەولەوییەكان بە ناوی امیر ابن خضر معالی الكرمانی المولوی، لەبەشی سێیەمی وتارێكیدا بە ناوی (كنز التحف) كە لە (قونیە) لە دەورووبەری ٨٩٣ﻫ./١٤٣٤ ز. نووسیویەتی بە وردی باسی كۆمەڵێك ئامێرمان بۆ دەكات، هەروەها دەربارەی

جۆره فلووتێک زانیاری وردی نووسیوه که به (مزمار) ناوی دەبات و فارسەکان پێیدەڵێن (نای رەش- نای سیاه) ( بروانە دەستنووسەکانی کتێبخانەی نیشتمانی فەرەنسی.پاریس. پاشکۆی ژ . ١١٢١ لاپەرە ١٤٧-١٨٩)

دەربارەی مەراسیمی (سماع) و هونەری خوێندنەوەی شیعر لەلای تایفەی مەولەوی (قونیە)، دەتوانین وەک سەرچاوەیەک ناوی وتارە سەرنج راکێشەکەی ریتەر بهێنین:RITTER. Der Reigen der tanzenden derwiche. Zeits.F vergl.Mw.I.1933.pp.28-40.

جۆره فلووتێکی دیکە هەیە کە بە (نای عێراقی) ناسراوە و لەلای غەزالی لە (کیمیای سعادت) تاوانبارکراوە، گوایە لە کۆبونەوەی سووک و ناشایستە بەکارهاتووە. لەلایەکی دیکە، دەبینین لەبەر هەمان مەبەست غەزالی ئامێرە ژێدارەکانیش تاوانبار دەکات کە لەلایەن هەندێ سوفیی بەکارهاتوون. بەڵام ئەم قەدەغەکردنە بە وردی رێزی لێنەگیراوە. بۆ نموونە، تەنبوور کە ئامێرێکی ژێدارە، رۆڵێکی گرنگی لە کۆبوونەوە و مەراسیمی سوفییەکاندا گێراوە. لەسەردەمی ئەمڕۆش، تەنبووری دوو و سێ ژێ، بەتایبەتی کە یەکێکیان (گڕ) بێت، لەلایەن تایفەی دینی ئەهلی حەق جێگای شەرەفە کە بە تایفەیەکی سوفی و لە رووی دینییەوە بە (نا ئۆرتۆدۆکس یان نا سوننی) ناسراوە و زیاتر بچمێکی ئایینی (توفیقی)یان هەیە. وەک نیشانەی پیرۆزی، ئەهلی حەق - ەکان لەسەرەتا و کۆتایی کۆبوونەوە و مەراسیمەکانیان کە بە (جەم) ناسراوە، تەنبوورەکە ماچ دەکەن. ئەهلی حەق - ەکان تەنیا ئەو گۆرانیانە لەگەڵ ئەم ئامێرە (تەنبوور) دەچڕن کە خاسییەتێکی دینییان هەیە. میلۆدییەکانی (ئاواز یان ئاهەنگ) ئەهلی حەق بریتین لە کەلەپورێکی دەوڵەمەندی کولتووری مۆسیقا کە وەچە لە دوای وەچە پارێزراوە و خاسییەتێکی زیاتر(کۆنەپارێز- محافظ)ی هەیە و بە نهێنی پارێزگاری لێدەکرێ.

دواشت نابێ ئامێرێکی وەک (دەف) لە بیربکرێ کە بەشێوەیەکی سەرەکی لەلای سوفییەکانی تەریقەتی نەقشبەندی و قادری بەکاردێن.

بیبلۆگرافیا:

بێجگە لەو سەرچاوانەی لە ناوەوەی ئەم وتارە ناویان هاتووە، لەم سەرچاوانەی خوارەوەش سوود وەرگیراوە:

1- L. Massignon. La passion d al- Hallaj. Paris. 1992.pp547-790.805.

2-R.Dص Erlanger. La musique arabe.6.vol.1930-59

3-A.Chrisensen. La vie musicale dans la civilisation des Sassanides, dans Bul- de lص Asso.Franc. des amis de lص Orient. nos. 20-21. avril-oct 1936

4-M.A.Van Gennep. Notes dص ethnographie persane. dans Revue ethnoger.Soc.Paris.1913.pp.73-89.

5-Cl.Haurt. Mus. persane.dans Encycl.de la musique et Dict. du Cons.,Libid.1922 pp. 3065-3083.

6-ph.Akerman. the character of persian mus. 1939.

7-D.B. Macdonald. Art Samâ, dans E.I: sur les séances du Samâ chez les derviches Rifâ au X1Ve siecle. voir, voyage de Ibn Battuta. ed. Defremey et Sanguinetti II pp.5-7

8-M. Mokri Kurdish Songs. Teheran 1951 L. Dânish.

9- M. Mokri. Contribution Scientifigue aux Etudes Iraniennes. L. Klincksieck. Paris. 1970.

ڕەفیق سابیر

# بە ڕێیەکەوە لە مەعدەنی مێژوو

ڕۆژێکی نوێ، والا بە ڕووی سەروەری و سەما و چریندا
درەخشان لە ناو گەمەی پێشوازی و خورافاتی شانازیدا،
ئاپۆرەیەکی شڵەژاویش
لەبەر دەروازەی بە گزنگ شۆراوی شاردا چاوەڕێ.

چ ساتێکی پڕ شکۆیە!
کەژاوەکەت پێشەنگی ڕۆژێکی نوێیە و
شار بەدوای خۆیدا کێش دەکات
درەوشانەوەت تارماییەکان دێنێتە دەنگ،
بە شەوقێکی فێنک ڕەنگەکان پێک ئاشنا،
باخچە و هەوا و بەردەکان شاگەشکە دەکات،
سوارە زرێپۆشەکانیش لەپێشەوەی کەژاوە غوبارگرەکەتدا شەقەقیان هەڵگرتوە
بە تیرە ئاگردارەکانیان، لە سۆراخی مەحاڵدا، دووریی دەپشکنن.

دەڵێی ڕێکەوت گەمەی قەدەر دووبارە دەکاتەوە:
ئاپۆرەیەکی چاوەڕێ پۆل پۆل لەسەرڕێی پێشوازیت قەتاری بەستووە
وێنەی مێگەلێکی حۆل و حەپەساو بۆن بە هەواوە دەکات
بۆن بە ڕووناکیی بەیانەوە دەکات کە سێبەر و غوبار دەوروژێنێت
لەناو گەردی کەژاوەکەتدا بۆ داهاتووی خۆی دەگەڕێ

وێنەکەت قیبلەنومایە و
درەوشانەوەت نووری ئەزەلی.

کەواتا ژیان هەر جۆرێک بەسەر چێت
شەو چەند درێژ، رۆژەکان هەر چەشنێک بنوێنن
یان وەرزەکان هەر پێشهات و رازێکی سەرسوورهێنەر بێنن
تۆ لە ئەندێشەی کۆگەلدا هەر خۆتی،
شوێنیش بە تۆ ئاشنا و هۆگر،
بە تۆ شاناز و درەخشان.

تۆ هەر خۆتی،
خۆراگر وێنەی تاوێرێک لە رووی تەوژمی زریان و باران و زەماندا
هەیبەتی باوکانەت مانگە لە شەوی هەمووواندا.
دەڵێی رۆژانی دووردەستی بە خێرایی تیشک تۆی بەناو زەماندا بردووە!
دەڵێی ژیان شێوە و رەنگی تۆی گرتووە!

*

شوێن هەمان شوێن کە سەرقاڵی پێشوازی و ئاگربازییە،
تۆش هەر خۆتی،
پێشەنگی ئاپۆرەیەکی راساو کە پەرستن دەپەرستێت.
لە هەرای ئەم سێرمۆنییەدا کە شان و بازووە گرژەکان کەژاوەتن،
هەموومان دەبینێت،
وێنەی ئەو رۆژانەی وێنەکەت لە ئاسمانی شاردا وەک هەڵۆ لەنگەری گرتبوو،
سێبەرەکەت پەنای هیوا و پێشبینی بوو،
روخساری برۆنزێت ئاسۆ.

تۆ هەر خۆتی، رەند و مێرخاس،
لە ئەندێشەی کۆگەلدا بروسکە تاو دەدەی
سیمای مەندو روانینی بە پەرێزت نیگاری حیکمەتن.
خۆتناسا شاناز دەروانی،
وەک ئەو ساتانەی بە هێما گەواڵەکانت رادەگرت،
بە زمانی غەیب، کە پەیڤەکانی وەک گزنگ و گوڵەئەستێرە درەوشاوە بوون،
دار و شەماڵ و رووناکیت دەدواند،
ئەو پۆلە باڵندانەت دەدواند کە وێنەی هەورێکی پەمەیی سێبەریان بۆ کردبووی

ئەوسا، خۆتئاسا، بە کوڵاو و وەهم و بۆنی بخوور
موریدە حاڵ لێهاتووەکانت دەرشاند،
بە ئەزمونی پیرێکی کارامە و غەیبناس
روەو دەربەندی یەقین و
کەلی قەدەر پێشخۆت دەدان.

تۆ هەر خۆتی،
لە خەیاڵی هەمواندا ئەفسانەئاسا بەرەو کۆتانەبوون پەل داوێیت
لەسەر زینکۆی ئەسپەکەت داهاتووت هەڵگرتوە
بە ماسکێکەوە لە شەفەق و تەم
لە کۆچێکەوە بۆ کۆچێک،
شارو پۆلە باڵندەکان دوای خۆت دەدەیت،
بە زرێیەکەوە لە مەعدەنی مێژوو
لەگەمەی قەدەرێکەوە بۆ گەمەی قەدەرێک
بەرەوپیری ئەبەدییەت دەچیت.

*

لە پەراوێزی ئەم رۆژە شلەژاوەدا، کە بۆنی بخوور و سەروەریی لێ هەڵدەستێ، ومچەکانت، بەگزادەکانی پێشکاری، بە هەتاو وێنەکەت زێرکفت دەکەن.
لە سێرمۆنییەکی شایانەدا، وەفادار بە پەیامەکەت،
مێژوویەک ئەتک دەکەن و
هەیبەت بە خورافات دەدەن.
دەستەونەزەر، لەبەر تەکیە و بارەگای باوکانەتدا
چاوەڕێی هێمایەکی تۆن تا رەشەبا و غوبار بوروژێنن
بە خەنجەری باوکایەتیت پەردەی کۆنەقین و تۆڵە و یەقین هەڵدەنەوە.

تۆڵە کوێرە،
خوێنیش بە خوێن تینوێتیی خۆی دەشکێنێت،
تۆڵە کوێرە و
تەنانەت گۆڕەکانیش هەڵدەداتەوە

تۆش هەر خۆتی، مەند و کەمدوو
بەسەر شانی ئاپۆرەیەکی حۆلەوە، کە هەیبەتی باوکانەت حەیرانی کردووە، دەڕوانیت
بە تیلەی چاو رەنگ و شێوازی شتەکان دەپێویت،
دردۆنگانە دەڕوانیت و
لە سەر هەر سیمایەک غایەلە و رازەکان دەبینیت
وەک پیرەشێرێکی ناو قەفەسی ئاسن مۆرە لە ئازادیی بەلەسەمان دەکەیت،
مۆرە لەنەوەیەک دەکەیت کە یاری بە شێواز و یەقین و تابووەکان دەکات.
خۆتناسا لە ناو بازنەی وەهمدا سەرقاڵی گەمەی جارانی:
گەمەی هەڵکردنی ئاڵا و داگرتنەوەی لە شەو و رۆژێکدا.

سەرقاڵی ئەو شەڕانەی کە خەیاڵی کتوپیانەت دایان دێنێت:
شەڕی پەپوولە و رەشەبا
شەڕی ساچمەزەن و ئاسمان
شەڕی خورافات و راستی.
کەچی شەڕی شاراوەی تۆ شەڕی جاوێدانیی باوکایەتییە
شەڕی پیرۆزی تۆڵەیە کە خێڵێکی راساو بەناو غوبار و وێرانە و خوێندا تاو دەدات،
تا لە پێشبڕکێی پێشکاریدا
تەرم و کاژەڵاکی هەڤاڵان بکەیتە دیاری
بەدەم رمبازییەوە درێژە بە گەمەی خۆت بدەیت:
گەمەی «گرتنی پشیلەڕەشە لە ژوورێکی تاریکدا»
گەمەی هەڵکردن و
داگرتنەوەی ئاڵا
لە رۆژ و شەوێکدا.

بەڵام ئێمە چۆن لە گەڵ رۆژەکان هەڵکەین کاتێک رەنگی تەرم دەگرن؟
کاتێک تیرەگڕدارەکان لەناو تاریکیدا رێ ون دەکەن؟
ئێمە لێرە چی بکەین کاتێ دەروازەکان بەسەر دووریدا دەکرێنەوە
تیرە و خێڵ و نەتەوەکان بەناو سەرووەریی وێرانە و
عەدەمدا سەرهەڵدەگرن؟

*

ئێواره به خێرایی بەسەر شاردا دەکشێت.
شوێن هەمان شوێن
ئێمەش تەنیاو حەپەساو
دەبێ ئێره بۆ ئاپۆرەیەکی دەستبەتاڵ چۆڵ بکەین کە مەستی تۆڵەیە
ئاپۆرەیەک کە چەلەنگانە وەک داوەڵێک لەرووی ئاسماندا رات دەگرێت
دەخوازێت لە زەمانێکەوە بە زەمانێک،
لە جێنەزەگەیەکەوە بە جێنەزەرگەیەکت بسپێرێت.

هەر خۆت لەم رازە مەزنە سەردەردەکەیت.
دەتوانیت بە چاوی دوورناسێک پێشبینیی چارەنووس بکەیت.
عاقیبەتی وەچەکانت ببینیت کە هەوەسی تۆڵە و دەسەلات مەستی کردوون،
کە لە گەمەکانتدا حیکمەت دەبینن
لە شەوقی خەنجەرەکەتدا داهاتوو
لە نێرایەتیدا سەروەری و
لە تەرمەکەتدا ژیان.

هەر خۆت دەتوانیت مێژوویەک بۆ ئەم مێگەلە تادارە دابنێت کە پاڵی داوە بە کەوتنەوە
کە بە ستاییش شەفەق دەتەنێت
بە پەیامەکەت ئاسمان،
ناوێک لەو ئازادیە بنێیت کە بە ئەرک و بۆشایی
ژیانی کردووین بە زیندان.

خۆت دەتوانیت بە حیکمەتی دوورناسێک ئەنجامی گەمەی قەدەر ببینیت
کاتێک تەرمێک، بە زرتیەکەوە کە لە مەعدەنی مێژوویە،
دەکاتە سیمبوولی ژیان.

١٩٩٩

احمد شاملو

# بێدەنگی دەشکێنم

ناصر حسامی کردوویە بە کوردی

1

بەیانم سەرەنجام
بێ ئەوەی کە بێجگە لەگەڵ خۆم شەڕێکم کردبێ،
ئەگەرچی هیچ شەڕێک
بەقەدەر ئەو شەڕە هیلاکت ناکا کە
پێش ئەوەی ئەسپی خۆت لنگ بدەی
دەزانی
سێبەری بەرینی داڵێکی چاوەڕوان
وا لەسەر ئەم پەڕ تا ئەو پەڕی مەیدانی شەڕەکە
لەنگەری گرتوەو
چارەنووس دەمێکە پەیکەری خوێناوی و زامدارتی
ناشتوەو

تۆ دەبێ
لە مەرگ و تێکشکان
یەکیان هەڵبژێری.

بەیانم
شارۆمەندێکم من
بە باڵاو هۆش و بیر ناوەنجی.
شەجەرەم بە پشتێک دەگاتە خێڵانی کۆچەری کابول و
ناوی خۆم عەرەبی و

ناوی هۆزم تورکی و
ڕەسەنم فارسی یە.
ئاستاوی هۆزەکەم ڕووزەردی بارەگای مێژووەو
من خۆشم ناوی خۆم بەلاوە خۆش نییە

(تەنیا ئەو کاتانەی کە تۆ بانگم دەکەی
ئەو ناوە جوانترین کەلامی جیهان و
ئەو دەنگە ئاوازی خەمناکی تکایە)

شەوێکی تاریکی کرێتوەو باڕنی بێوچان
لەم کۆنە مەنزڵە دابەزیم
من هەر لەو ڕۆژەوە پیرانە هیلاک بووم.

لە ژووری ماڵێکی دڵگیردا چاوەڕوانی من بوون
لە پەنا نزرگەی ئاوێنەو
نزیکی خانەقای دەروێشان
(ڕەنگە هەر بۆیەش بێ
کە هەر لەو ڕۆژەوە
هەمیشە سێبەری ئیبلیسم دیتوە
کە لە نێو کەمیندا ماتەی بۆ هەڵگرتووم).

کاتێک پێنج ساڵان بووم

هێشتا بە زڵەی ناباوەڕی لە دایکبوونی خۆم
ورو کاس و پەریشان بووم و،
لەگەڵ لرفەلرفی لۆکێکی سەرخۆش و
لە پەنا گیانداری ژەهراوی
گەورە بووم.

بێ ڕەگ و بێ ڕیشە
لە خاکی شۆرەکات
لە جەرگەی چۆڵگەیەک
زۆر دوورتر لە یادو خەونێکی تۆزگرتوو
کە تێیدا ڕیزێکی دارخورما
لە قەراغ ئاخرین ڕووباری وشک بوو
بە ئاستەم بێتە یاد.

کاتێک پێنج ساڵان بووم
جام بە دەست
بە سارای قاقڕدا -عەودالّی دوای سەراب-
ڕام دەکرد.
کەوتبوومە پێش خوشکم
کە ئەو کات
هێشتاکە بە گەرمای لەشی پیاو نامۆ بوو.

یەکەم جار، ئەو کاتەی بە چاوی خۆم دیتم
کە هابیل، داماو و پەرێشان
بە قامچیی دەستی خۆی، شەللاقی لێدرا
تەمەنم شەش ساڵ بوو.
کۆڕێکی شایستە گیرابوو:
سەربازان ڕیز بە ڕیز وەستابوون
وەک ڕیزی خامۆشی سەربازە دارینەی ناو شەترەنج
لەو لاوەش، ئاڵاکە بە سەمای ڕەنگاورەنگ دەشەکاو
شەپوور بوو دەیلووراند
تەپڵ بوو ڕمبەڕمب، دەرفەتی دەسووتاند
تا هابیل شیوەن و شینی خۆی نەبیستێ و
ڕووزەردی نەچێژێ.

*

بەیانم
هیلاکی لەگەڵ خۆ شەرکردن
هیلاکی نزرگەو خانەقاو، عەودالّیی دوای سەراب
هیلاکی ساراتی شۆرەکات
هیلاکی شەللاق و بێگاری
هیلاکی ئەوەی کە هابیلی شەرمەزار
ڕووزەردە لە لای خۆی.

دەمێکە بێدەنگم
بەڵام وا ئێستاکە وەختیەتی
لە ناخی جەرگەوە هاوارکەم
هاوارکەم: سەرەنجام ئەوەتانێ شەیتان
بەرۆکی پێ گرتووم.

سەربازان، ساردو سڕ
ڕیزبەڕیز وەستاون و،
ئاڵاکە بە شکۆی ڕەنگامە
دەشەکێ.
کۆڕێکی ڕازاوە گیراوەو لە هیچی کەم نییە
ڕاستەوراست شایستەی کەسێک کە، بەتەمان
لە چەشنی پلێتەی مۆمێکی بێ بەها
بە نووکی مەقەستی هەڵپاچن.

بەرانبەر ڕیزێکی ساردو سڕ دانراوم
دەمبێنی ئاڵتوون چن
وا لەسەر خوانێکی تەنەکە،
لای دەسکێک ڕێحانەو سەلکێکی پیازی مشت ئەنجن
دانراوە.
ئەوەتا وا نایب بە ڕووتی دێتە پێش
خاڵێکی خنجیلەی نیشتمانپەرستیی

وا له سەر تەرمانی سەر سمتی
ئەوەتا هەر تەپلە ڕمبەی دێ:
ئاهەنگ دەست پێدەكا
وەختیەتی تەواوی ئەفرەتم
بە ئەعرەدی هاوارێک
لەگەڵ تف
هەڵڕێژم.
من بەیانی یەكەمین و ئاخریتم
هابیلم من، لەسەر سەكۆی سووكایەتی
شەرەفی جیهانم، ئەنكاوتەی شەللاقی دەستی خۆم
كە لە لای ئاگری ڕەش باوی دەروونم
دۆزەخیش
ڕووزەردو شەرمەندەی بێ تینیی خۆیەتی.

## 2

لە نێو ئەم ئەخۆشخانەیە
كە نوێنەكەم تێیدا دەڵێی دوورگەیەكە
لە نێو دەریای ئەوپەڕ نادیار
كاس و حەیران و سەرسوڕماو، لە چواردەورم چاو
دەگێڕم
ئەم ئەخۆشخانەیەی ئێمە
جێی ئەخوشە خانەزیل دارەكان نییە
پۆلێک ئەخوشی شێرپەنجە، لەگەڵ ژنانی ئەخۆشیار
جووتی یەكن بۆ ڕابواردن.
ئەخۆشی كول، بە ئازادی دێن و دەچن.
پێلووی چاویان داوەشاوەو
هەر كامەیان جووتێک دڵیان
لە نێو كیسەی قۆڕنەستووربووی ناو كەڵیان و،
تێكەڵاوێک لە چڵكاوی میزو ترياک لە دەماردا،
بە كەسكێكی پەروباڵی باڵندەكان
لەسەر نووكی نێزەكانیان
خەریكی داتەكاندنی تەپ و تۆزی سەر ویرانەن
لە باریكەی ڕاڕەوەكان
تۆ تارمایی زەندەق بەری دێوەزمەیەک دەبینی كە
فەرمانی بێدەنگی دەداو
لە هەرتک لای ڕاڕەوەكە
چەند ژوورێكن و،
ئالقە ئالقە، ئالقەی ئاسن لە دیواری بەرد چەقاون و
قامچی و شمشێر لە دیواران هەڵواسراون

نیسهالی یەكان
شەرم و حەیا لەناو باخچەی پڕ لە كولدا
بە بەرزایی قەنارەوە هەڵدەواسن و
لەناو ژووری نەشتەرگەریی
دڵی ساغ لە تەشتی دەرمان و لۆكەدا هەر ترپەی دێ
لە نێو نووزەو لووردلووری
ڕەوەی كەمتیار
لە ژێر مێزی نەشتەرگەریی.

لەم شوێنەدا
بۆ دڵی ساغ، زەرووو بە دەرمان دەنووسن
هەتا ئشادو لێو بە خەندە،
وەک قەناری یەكی سەرخۆش
شیرینترین نەغمەی گیانت بچریكێنی
هەتا كاتی سەرەمەرگت.
كە دەزانی
ئاسایش و هێمنایەتی
وەک فەریكەی گەنمە شامی
لەناو قەفەس دا پێدەكا،
بۆ ئەوەی كە سەرەک وەردیان
بەلگەی ئەمان بنێتە ناو دەستەكانت و
قوتووی حەبی ژان شكێنیش بخاتە ناو گیرفانتەوە

- یەک بەیانان، یەک شەوانە
لەگەڵ سۆزو خۆشەویستی!

*

ئەوا ئێستا
شەوی شەکەت لە پەنای دار سنەوبەران تێپەر دەبێ و،
لە چێشتخانەش هەر ئێستاکە
پارمەتیدەری نەشتەرگەر
بۆ بەرچایی سەرەک پزیشک
شاعیرێکی گەردنکەش ڕووت دەکاتەوە
(کەسێک هەیە نارازی بێ؟)
لەناو ئۆتۆمبیلی مەیت گواستنەوەدا
کە بەرەو گۆڕستان دەچێ
ئەو کەسانەی لە دەفتەردا ناویان بە مردوو نووسراوە
هێشتا هەر دەجووڵێنەوەو
دڵ و زمانیان هێشتاکە
لە بڵێسەی گەرمەیاوی توورەیی دا
تەکان دەدا.

*

من ڕووت و قووت لەسەر مێزی نەشتەرگەری
بە چوارپەلی شەتەک دراو، ڕاکێشراوم
بەڵام دەبێ لە ناخەوە هاوارێک کەم
شەرەفی جیهانم ئاخر
هابیلم من.
لە نێو کەدووکاسەی سەرم
بەشی بەرچای سەرەک پزیشک
پێخۆر هەیە.
بە نەعرەتەی هاوارێکی چەشنی تاڵاو
وای لێدەکەم ئەم پێخۆرە وەک ژەهری مار
بە گەرووی دا بچێتە خوار.
من بەرەبەیانم ئاخر
یەکەم گزنگی هەتاوم.

**پەراوێز**

بەیانم:

«ئەلف. بامداد» ناسناوی شیعریی ئەحمەدی شاملوویە. «بامداد» بە مانای بەیان. لەم شیعرەدا شاعیر وشەی «بامداد»ی هەم وەک ناسناوی خۆی بەکارهێناوەو هەم بە مانای بەرەبەیان. بۆیە بە پێویستم زانی وشەکە -ئەگەرچی ناویشە- بکەمە کوردی.

* دەمبێن: دەم بەند.
* گەرمەیاو، یاوی گەرم، تا.
* کەدوو: کوولەکە، کودی.

لە پەراوێزی ئەم شیعرەدا، شاعیر چەند ڕوونکردنەوەیەکی نووسیوە کە بۆ تێگەیشتنی زیاتری خوێنەر لە شیعرەکە، بە کەڵکن. ڕوونکردنەوەکانی شاعیر ئەمانەن:

**چارەنووس دەمێکە پەیکەری زامدارتی ناشتوە**
[لاپەرە:٦٥]

لە جادووگەری دا، زاراوەیەک هەیە کە بە فارسی پێی دەڵێن "گداز" و بە زمانی فەرەنسی پێی دەڵێن ENVOUTMENT کەسێک کە بە تەمایە جادوو لە کەسێکی دیکە بکا، پارچەیەک نینۆک، یان تاڵە موویەکی ئەو کەسەی جادووی لێدەکرێ بەدەست دێنێ و دەیبا بۆ جادووگەرەکە. جادووگەر، ئەو نینۆکە، یان ئەو تاڵە مووە دەخاتە ناو هەندێک مۆم و، بەو مۆمە پەیکەرێکی چکۆلەی ئادەمیزاد دروست دەکاو دوعایەکی لێ دەخوێنێ. دەڵێن هەرچی جادووگەرەکە بەسەر ئەم پەیکەرەی بێنێ، کەسی جادوولێکراویش هەر ئەو بەڵایەی بەسەر دێ. بۆ نموونە ئەگەر شیش لە چاوی پەیکەرەکە ڕۆ بکا، کەسی جادوولێکراو کوێر دەبێ. یان ئەگەر جادوولێکراو، ژنی دووگیان بێ، کاتێک جادووگەرەکە شیش لە سکی پەیکەرەکە بچەقێنێ، ژنەکە منداڵی لە بار دەچێ و...

**ناسناوی هۆزەکەم ڕووزەردی بارەگای مێژووە**
[لاپەرە:٦٥]

هۆزی شاملوو یەکێک لەو حەوت هۆزە بوو، کە بنەماڵەی

«سەفەوی‌یەکانیان بە دەسەلاتی پاشایەتی گەیاند. ئەو بنەماڵەیە، پاشایەتییان بە کوشتاری سامناک دەستپێکردو، بە کوشتارو قەلاچۆکردنی بێ بەزەییانەو ستەمگەریی درێژەیان پێداو، سەرەنجام لە گێژاوی گەوجێتی و گەندەلکاریی ڕۆچوون.

**لەگەڵ لرفەلرفی لۆکێکی سەرخۆش ... [لاپەرە:٦٦]**

لۆک، وشتری بارهەلگری نێرە. لە کاتی جووتبووندا، شێتگیر دەبێ و، وشترەوانەکان بەم حاڵەتە دەڵێن سەرخۆشبوونی وشتر. لەم حاڵەتەدا وشترەکە، کەف هەڵدەخڕێنێ و لرفەلرفی دێ.

**خانەزیل [لاپەرە:٦٧]**

دومەڵێکی چڵکییە، لە بەرمل و ژێر چەناگە دێ. دەبێ بە نەشتەر، یان بەشتی تر بیدڕکێنن.

«شیعرەکە دوو بەشە. لە بەشی یەکەمدا هەوڵم داوە شەرحی حاڵی خۆم بکەم، بەلام ئەم هەوڵدانە بە ئەنجام ناگا. هەر لە سەرەتاوە، لە تەمەنی شەش ساڵییەوە، لە باغی سەربازخانەی شاری -خاش-، لە ناکاو بە دیتنی ڕووداوێک هەموو خۆشی و بێ خەبەریی سەردەمی منداڵیم لەدەست چوو.

باغێک بوو لە شاری -خاش- پێیان دەگوت باغی دەوڵەتی. ئێوارانە، خزمەتکارەکەمان من و خوشکەکەمی بۆ پیاسە دەبردە ئەو باغە.

سەربازخانەی -خاش- لەو سەری باغەکە بوو. هیچ پەرژین و دیوارێکی بە دەورەوە نەبوو. شەش ساڵان بووم بەلام ئەو دڵڕەقییە کە ئەو کات لە ماناکەی نەگەیشتبووم، هەتا ئێستاش لەبەر چاومە. ئەو کات بە گریان و هاوارکردن خۆم لە باوەشی خزمەتکارەکەمان هاویشتبوو. ئەویش کە زانیبووی هەر ژێر نابمەوە، هێنابوومیەوە ماڵەوە. بەلام ئەو سەربازەم هەر لەبەر چاو بوو کە لەسەر تەختێک لە سەر سک ڕاکێشرابوو. یەکێک لەسەر ملی دانیشتبوو، یەکێکی تر لە سەر قاچەکانی و، بە قامچییەکی چەرمی درێژ بێڕەحمانە لێیان دەدا. دەمی ئەو سەربازەم هەر لە بەر چاو گوم نەدەبوو. هەر جارە کە قامچییەکی لێ دەدرا، دەمی دادەچەقی، لار دەبووەوە، وێک دەهات و دەکرایەوە، بەلام زرمەی تەپڵ و هۆرەی شەیپوور نەیاندەهێشت دەنگی بە گوێی هیچ کەس بگا.

لە جێگایەکی تریش ئەمەم نووسیوە، لەو کاتەوە، هەتا ئێستا، یادی سەربازێک کە بەدەستی کەسێکی وەک خۆی شەللاقی لێدەدرێ و ئازاری پێدەگا و سووکایەتیی پێدەکرێ، یادی ئازە لاوێکی مەحکوومی داماو، کە نەزمی ستەمگەری کۆمەلایەتی لە گەنجێتی بێ بەشی کردبوو و تووری دابووە ناو ژیانی بێ بەزەییانەی سپا، یادی زیندەوەرێکی دەست و پێ بەستراوی بێ دەسەلات کە لە سەر تەختێک ڕاکێشراوەو سەربازێکی وەک خۆی لەسەر قاچی دانیشتوەو سەربازێکی دیکەی وەک خۆی سواری ئەستۆی بووە هەتا لە کاتی فێربوونی وانەی نیشتمانپەرستیی دا نەتوانێ جووڵە بکا ... بووەتە تاکە گەزو پێوانەم بۆ هەڵسەنگاندنی هەموو شتێک: یەکەمین جار کە ئەفسانەی کوژرانی هابیل بە دەستی براکەیم بیست، ئەو ڕووداوەم بیرهاتەوە، کاتێک ئازیزانم بەرانبەر بە سەربازانی دەستەی ئاگرباران ڕاگیران و گوللەباران کران، هەر ئەو دیمەنەم وەبیرهاتەوەو، لەو کاتەوە مانای دەوڵەت و دەسەلاتداریتی لە زەینی مندا ئاوا چەسپا:

دەوڵەت و دەسەلاتداریتی هەر ئەو کەسەیە کە کاتێک تۆ بە قامچی شەللاقت لێدەدەن، ئەو دێ سواری ئەستۆت دەبێ بۆ ئەوەی جووڵەت لێ بیرێ.

بەشی دووەمی شیعرەکە، وەخەبەرهاتنە لە فەزای کۆمەلایەتیداو، نیشاندانی ئەو مەحکووم بوونەیە کە لە کۆمەڵگای نەخۆشدا، بە سەر ئینساندا دەسەپێندرێ.

کورته
چیرۆک

ئۆگست ستریندباری



# نیو پەڕە کاغەز

## Ett halvt ark papper

av August Strindberg

وەرگێرانی لە سویدیەوە قاسم عەزیز

دوا کاروانی بارکردن بەڕێ کەوتبوو؛ کرێچییەکە، پیاوێکی گەنج پارچە پەڕۆێکی ماتەمینی بە شەپقەکەیەوە، بۆ جارێکی تریش بەنێوماڵەکەدا گەڕا، نەکا شتێکی بیر چووبێت. - نەخێر، هیچی لەبیر نەکردبوو، بە دڵنیاییەوە هیچ . ئینجا چووە دەرەوە، لە دالانەکە، بڕیاری دابوو چیتر بیر لەو ژیانە نەکاتەوە کەلەم خانووەدا بەسەری بردووە. کەچی بڕوانە، لە هۆڵەکە، لە تەنیشت تەلەفۆنەکەوە، نیو پەڕە کاغەز بە دیوارەکەوە چەسپابوو؛ بە دەستخەتی جیاوازیش پڕکرابۆوە. بڕێکیان رێک و بە مەرەکەب، بەشەکەی تریش تێکەڵاو، بە رەش، یاخود پێنووسی سوور نوسرابوو. هەموو ئەو بەسەرهاتە جوانەی، کە لەو ماوە کورتەی ئەو دوو ساڵەدا روویدابوو؛ ئەو دەیویست فەرامۆشی بکات، لەوێدا تۆمار کرابوون. بەشێکی ژیانی مرۆڤ بەسەر پەڕە کاغەزێکەوە.

پەڕەکەی لێکردەوە، لەو جۆرە کاغەزە زەرد و خۆررەنگییە بوو کە رووناکی دەدایەوە، داینایە بان ئاگردانە کاشییەکە، بەسەریدا چەمایەوە و دەستبەجێ خوێندییەوە. لە سەرەتا ناوی ئافرەتەکە نوسرابوو: ئەلیس، جوانترین ناو، ئەوسا لە خەیاڵی بوو، چونکە ناوی دەزگیرانەکەی بوو. هەروەها ژمارەی 15 11 کە وەک ژمارەی(پسالم)ێکی* کڵێسا دەهاتە بەر چاو.

دواتر نوسرابوو بانک. ئەوەیان شوێنی کارەکەی بوو، ئەو ئیشە پیرۆزەی کە بژێوی، ژن و ماڵ و بنەمای بوونی پێبەخشی، بەڵام خەتی بەسەر داهێنرابوو! لەبەر ئەوەی بانکەکە تێکچوو بوو، بەڵام ئەو رزگاری ببوو، لە بانکێکی دیکە دایان مەزراندبوو، هەڵبەتە دوای ماوەیەکی کورتی پڕ لە حەژمان.

ئینجا، گوڵفرۆش و فایتوونچی**. سەردەمی دەزگیران بوون. ئەودەمەی گیرفانی پڕبوون لە پارە.

دواتر: ناوماڵفرۆش، وەستای کاغەزدیوار***: کابرا خەریکی ماڵ دانانە. بیرۆی ماڵ گواستنەوە: ئەوان دەچنە ناو خانووەکە.

بلیت فرۆشیی ئۆپێرا: 50 50 بووک و زاوای تازەن و بە یەکشەموان دەچنە ئۆپێرا. باشترین ساتیان ، ئەو کاتانەیە کە بۆ خۆیان دووقۆڵی و بێدەنگ دادەنیشن ، دەکەونە نێو خۆشیی و هارمۆنیی ئەفسانە وڵاتی ئەودیو پەردەکەوە.

لێرەدا ناوی پیاوێک دێ، کە خەتی بەسەردا کێشراوە. ئەوەیان برادەرێک بوو، کە لە کۆمەڵگەدا گەیشتبووە پلەیەکی تا رادەیەک بەرز، کەچی بەختیارییەکەی پێ نەپارێزرابوو، بەڵکو رووخا، بێهانا بوو، دەبوایە سەری خۆی بۆ شوێنێکی دوور هەڵگرتبا. بوارەکە ئەوەندە ناسک بوو.

لێرەدا وا دەردەکەوێ کە شتێکی تازە لە ژیانی ئەو ژن و مێردە رووی دابێ، بە دەستخەتی ئافرەت و پێنووسێکی رەش نوسراوە: "خانمەکە." کام خانم؟ - ئێ، خانمە پاڵتۆ گەورە رووخۆشەکە کە بێدەنگ دێ و، هەرگیز بە سالۆنەکەدا تێناپەڕێ، بەڵکو لە کۆرێدۆرەکەوە بۆ ژووری خەوتن دەچێت.
لەخوار ناوی خانمیشەوە نوسراوە دوکتۆر L.
بۆ یەکەمین جار لێرەدا ناوی خزمێک دەردەکەوێت، نوسراوە "دایە" ئەوەیان خەسووە و بێدەنگ خۆی دووره پەرێز راگرتووە نەوەک ژیان لە تازەبووک و زاواکەی تێک بدات، بەڵام ئێستا بۆ کاتی تەنگانە بانگ دەکرێت، و بە دڵخۆشییەوەش ئامادە دەبێ، چونکە بوونی ئەو لێرەدا پێویستە.
لێرەوەش تێکەڵە نووسینێکی شین و سوور بە زەقییەوە دەست پێدەکات. بنکەی لێکۆڵینەوە: کێژە باری کردوە، یاخود کەسێکی نوێ لە جیاتی ئەو دادەدەمەزرێندرێت.
دەرمانخانە. هممم ! وا خەریکە تۆخ دەبێتەوە ! کارخانەی شیرەمەنی، لێرە شیری پاڵێوراوو بێگەرد داوا دەکرێ.
بەهاراتفرۆش، قەساب ... هتد. کاروباری ماڵ خەریکە بە تەلەفۆن بەڕێوە دەچێت. ئەو دەمەی کە کەیبانوو لە شوێنی دیاری خۆی نییە. نەخێر، چونکە ئەو لە جێگەدا کەوتووە.

ئەوەی کە دواتر نووسرابوو، بۆی نەخوێندرایەوە، چونکە بەرچاوی خەریکبوو تاریک دەبوو، وەک کەسێک نووقمی دەریا بووبێ و بشیەوێ لە سوێراودا چاویکاتەوە.
بەڵام لێرە نووسراوە: بیرۆی مردووناشتن. ئێ خۆ ڕوون و ئاشکرایە !- تابووتێکی گەورە و یەکێکی بچووکتر. لە نێو دوو کەوانەشدا نووسراوە: لە خۆڵەمێش.
پاشان هیچی تر نە نووسرابوو ! بە خۆڵەمێش کۆتایی پێهاتبوو: جا هەر ئاواشە.
کاغەزە خۆرڕەنگیەکەی هەڵگرت، ماچیکرد و خستیە نێو گیرفانی بەر باخەڵی.
لە دوو خوولەکدا، بەسەرهات و سەرگوزشتەی دوو ساڵی ژیانی خۆی بەسەرکردەوە.
کابرا دانەچەمابۆوە، کاتێ کە بۆ دەرەوە چوو: بەپێچەوانەوە، سەری خۆی بەرز راگرتبوو، وەک مرۆڤێکی بەختیار و سەربەرز، چونکە هەرچۆنێک بێت هەستی کرد، لەگەڵ ئەوەشدا، خۆشترین ژیانی هەبووە. کە زۆر کلۆڵ و بەدبەخت، هەرگیز وەچنگییان نەکەوتووە!

---

*پسالم ، یاخود سالم: *psalm* تەلیلەی کڵێسا
**فایتوون: عەرەبانەی سواریی وڵاغ رایدەکێشێ. فایتوونچی: ئەو کەسەی کە عەرەبانەکە لێدەخورێ و نەفەر سوار دەکات.
***وەستای کاغەز دیوار: لێرە مەبەست لەو کەسەیە کە دیواری ژوورەکان لە کاغەز دەگرێ.

سەرچاوە:

ناونیشانی ئەم کورتە چیرۆکە بە سویدی:

*Ett halvt ark papper*, av August Strindberg

لەکتێبی

Tolv prisvärda. En antologi av *Jan Broberg*.

Sweden 1992

لاپەرەی 21-23 دا وەرگیراوە.

**بەشێك لە شیعری:**

جەلال بەرزنجی

# درەنگ زانیم براکەم برام نەبوو

ئەمجارەش بە خۆم و بەختی
بەجێماو لە منداڵی،
ئاشتی مات بوو لە قۆزاخە
سەبەتەی بەتاڵ لە باخ
گەڕامەوە
پێم خۆش بێت
یان پێم ناخۆش
دەبێ گوێ لەگێڕانەوەی چیرۆکی پاڵەوانەکانی
شەڕ بگرم
دەبێ تێکەڵ ئەم لەشە ڕێزپەرانە ببمەوە
درەنگ زانیم، باخی خودایش بەردراوە
درەنگ زانیم، لە شاران کەسم نەماوە
درەنگ زانیم،
براکەم
برام نییە.

درەنگە، درەنگ بۆ سەیرکردنی خۆرئاوا
بۆ ماڵدانان لەم دەربەندەی تەیر لێی ناحەوێتەوە..
درەنگە بۆ ڕێکخستنی نێوان هەنگاوو پەیژە
درەنگە بۆ بردنەوەی وشەکان بۆ قەفەسی
کێش و سەروای تێکشکاو

درەنگە
تازە ناتوانین بە هەنگاوی جاران
بچینەوە ڕامان،
تازە ناتوانین
ئەم هەموو پردە ڕوخاوە و
یاریگەیە چاک کەینەوە

درەنگ زانیم
براکەم برام نەبوو
براکەم،
ئەو مانگەشەوەی خەیاڵمی ڕەحەت دەکرد
ئەو ڕووبارەی هزرمی ئاو دەدا
ئەو باخەی سینەی هەمیشە بۆ من واڵا بوو
ئەو گوڵانەی هەموو بەیانییەک
گەشبینییان پێ دەبەخشیم
هەموویانی لێم حەرام کرد
لەجیاتی هەمووان خوێنم حەلاڵ کرد!
برایەکی سەیرم بوو
کاتێ لەگەڵما ئاشت بووەوە
بە دەستێکی نامۆ
تەوقەی لەگەڵ کردم
من پیاوێکی بێ گەرد بووم
درەنگ بە خێڵی براکەمم زانی
درەنگ زانیم،

به گوتارەکانی عەیبەکانمان دەشاریتەوە
درەنگ زانیم جانتای براکەم
پڕە لە دیکۆمێنتی شۆڕشە سەقەتەکان
هەموو ساڵێک ساڵڕۆژیان دەکاتەوە
درەنگیش بوو
دەریا و دەریا هاتم
لە ڕێگا دەریا دوای خستم
دەریا!
ئەی بەدمەستترینمان
بۆ زووتر باسی پیری و
تاراوگەت
بۆ نەکردم
دەریا،
ئەی سەرمەدیترینمان
بۆ زووتر باسی تورەبوونی خۆت نەکرد
دەریا
تاکەی بۆ شاردنەوەی ئەم هەموو غەدرە
مانگت لە چواردە دەبێ!
دەریا،
ئەمجارەش بەدەست بەتاڵی
بێزار لە تەماشا
بێزار لە مەستی
تینووەکان لەسەر پشت بەرامبەر باران ڕاکشان
باران نەهات
ئاسمان زیرەکی جارانی نەماوە
لە بەڕێکردنی سوارەکانی
(هەموو شتێکی ئاسمانم خۆشدەویست
فرۆکەکان لێیان تێک دام)
ئەمە قسەی جوامێری کوڕم بوو
جارێکی تر نەیکردەوە!
(بابە کەی شەڕ تەواو دەبێ و ئێوارە بمانبەیتە
شاری یاریی منداڵان و باخچەی تاژەڵان)
ئەمەش دوا قسەی نیگاری کچم بوو.
دەریا،
ئەی ڕوح گەورەتر لە هەمووان
ئێجەش لە توخمی تۆیە،
بۆیە نەیهێشت باخچەی بیری شەرمفخانم
گوڵ بدەن..
دەریا،
خودایش دەزانێ ئێرە مەملەکەتی ئێمەیە!
خودایش دەزانێ دەمێکە لێرەین
خودایش دەزانێ تا پیمان کرا
گەنممان چاند
بلوێرمان بۆ سروشت لێدا و
دوایان خستین!
تا ئێستا لێرەین و
نەمانتوانیوە
ڕۆژێک بێ شەڕ بەسەر بەرین
نەمانتوانیوە
ڕۆژێک قاچمان لەبەر هەتاو درێژکەین و
ئێوارەیش زوو زوو
دەرگا دانەخەین.

کەتەدا

# سەگدۆست !

ئەنوەر محەمەد ئەحمەد

ئەگەرچی دەیزانی کە مرۆڤ نابێ بە -بیرە- تینوێتی بشکێنێ، بەلام گەرماکە لەوەدا نەبوو. تینوێتییەکەش کوژەرو حەزی بیرەیەکی ساردیش بێ برانەوە! بۆیە بریاری دا کە بچێتە نزیکترین -کنایبە- «١٠». لە کاتی چوونە ژوورەوەدا، ئافرەتێکی تەمەن و بالا مامناوەندی، روخساری چرچاوی، کە چاویلکەیەکی پزیشکی لە چاودا بوو، لە پەنایەوە پەیدا بوو، ئافرەتەکە سێ -عەلاگە- ی پڕی بە دەستەکانییەوە بوو، بۆیە ناچاربوو کە دەرگاکەی بۆ بگرێ و لە پێش خۆیەوە رێگەی چوونە ژوورەوەی بدا.

کە هەردووکیان ئاودیوی ناوەوە بوون، پێکەوە هەڵوێستەیان کردو لە نێو ئاوازی بەرزی مۆسیقاو دوکەڵی شین و بۆری پۆنگخواردوی جگەرەدا، چاویان بۆ جێگە گێرا. بە رێکەوت دوو کورسی پشتی مێزێکی بچکۆلە چۆڵ بوو. بێخۆ خلافاندن، هەر یەک لە سەر کورسییەک و لە پاڵ یەکدا دانیشتن. زۆری پێنەچوو کە -بارمەن- «٢»ەکە کە هات و ڕوویتێکردن.

ئەو وتی

- تکایە بیرەیەک..!

- چ بیرەیەک ..؟

- هەرچییەکبێ..!

بارمەنەکە لچێکی هەڵقورچاندو، لەسەر لاپەرە بچکۆلەکەی ناو لەپی دەستی شتێکی نووسی. ئەوجار ڕووی کردە ئافرەتەکە

- ئەی تۆ خانمەکەم ...!

- تکایە کۆپێک قاوە..

ئەو لەسەرخۆ بە ئافرەتەکەی وت

- بەم گەرمایەو قاوە دەخۆنەوە ..؟!

- بەڵێ بۆ من باشە، چونکەی وادەست دەکەم، پاڵە پەستۆی خوێنم نزم و سوڕی خوێنیشم باش نەبێ ..!

کەمۆکەیەک بە بێدەنگی لە یەکیان ڕوانی و سەرنجیان دایە دەورویشت. بارمەنەکە بیرەو قاوەکەی هێناو لە بەردەمیاندا داینان. بە دەم قومڵێدانەوە بە تیلەی چاو سەرنجی یەکتریان دەدا. بێدەنگییەکە خەریک بوو درێژەی دەکێشا، کە ئافرەتەکە بە دەنگێکی نزم و ئانەمنییەوە پرسی

-لە مێژە لێرەن..؟!

- لە کوێ؟ لەم کنایبەیە ..؟!

ئافرەتەکە بە ماناوە سەری ڕاوەشاندو وتی

- نا، نا، خۆ ئێمە پێکەوە هاتینە ژوورەوە! مەبەستم لێرە، لەم ولاتەیە ..!

ئەو خێرا لە ئەگەری مەبەستی خراپی نافەتەکە تێگەیشت. بەلام لەبەر حەزی درێژەدان بە گفتوگۆ، بەدەم بیرکردنەوەوە وەلامیدایەوە

- ئەها .. ئێ ..! بەڵێ، بەڵێ، زۆر لە مێژە ..!!

ئافرەتەکە کە سەرنجی قژە ڕەش و ڕووخسارە گەنمڕەنگیەکەی ئەویداو پرسیەوە

- کار دەکەن ..؟!

- هەموو کاتێک نا ..!

- ئەها، ئێی ..!

بێدەنگی دروست بۆوە، ئەو هێدی هێدی لە مەبەستی خراپی ئافرەتەکە تێدەگەیشت. خەریک بوو بۆی ئاشکرا دەبوو لە کوێوە دەپەیڤێ. شایەد لەو ئەڵمانانەی حەزیان لە چارەی بیانی نییە، بەلام ناشیانەوێ مۆری ئەڵمانی خراپ یان -رۆح قاوەیی- «٣» یان لێبدرێ. بۆیە بە ئاگاییەوە لەگەڵ بیانی دەپەیڤن. ئەو بیری کردەوە کە دەبێ وەک بیانییەک، خۆی بۆ پرسیارو وەلامی لێکۆڵینەوەیەک ئامادە بکات. لێکۆڵینەوەیەک، کە ئارامی دەروونی بە ئافرەتەکە دەبەخشی و حەزی ئەویشی بۆ بابەتەکە زیاد دەکرد. یان هەڵسێ و هەڵبێ ؟!. خۆ ئەمە یەکەمجاری نییە کە دەکەوێتە بەر پرسیارو وەلامی لەم جۆرەوە. ئەگەرچی دەیزانی کە وەلامی هەندێک لە پرسیارەکان، تەنیا بە - بەڵێ - و یان - نەخێر وەلام نادرێنەوەو زیادە وتن پێویستە. بەلام بۆ ئەو مادام لە هەستی -سادیست- یانەی ئافرەتەکە تێگەیشت بوو، درێژەدان و زیادە وتنی بە کات بە فیڕۆچوون دەزانی. بۆیە بڕیاری دا ئەگەر بۆ کات بەسەربردنیش بێ، بە ئارامی خۆی لە بەرانبەر نیگەرانترین پرسیاردا بگرێ. دەنگی ئافرەتەکە بە ئاگای هێنایەوە کە بە نزمی پرسی

- ئێوە تورکن ..؟

- نەء!

- عارەبن ..؟!

- نەخێر ..!

- یۆنانی ..؟!

- نەء - یکی وت و سەریشی ڕاوەشاندو بزەیەکی تاڵیشی بۆ کرد! ئافرەتەکە بە بێزارییەوە وتی

- ئۆف، دڵێی مەتەڵە ..

لەپی دەستیشی بەسەر مێزەکەدا کێشاو شەقەی هات. ئەویش لە سەرخۆ وەلامیدایەوە

- هەر وەهایە !. دەی مادام گەرەکتە کە مەتەڵ حەل بکەیت،

دەبێ هێندە پرسیار بکەیت، هەتا دەزانی لە کوێوە هاتووم ..!

ئافرەتەکە کەوتە جوڵە جوڵ. لچی هەڵقورچاندو بە ساردییەوە وتی

– بە ڕاستی بۆ من هیچ گرنگ نییە، چ بیانییەک لە کوێوە هاتووە..!

ئەویش بێدەنگ و لە ناخەوە وەڵامیدایەوە

«بەڵام گرنگ بۆ تۆ ئەوەیە کە بیانییەک بخەیتە بەر پرسیاری ئازاراوییەوە ؟! ئەمجارە خراپ تێکەوتوویت !، من ئەم ئەشکەنجە دەروونیە سادیستیە پێچەوانە دەکەمەوە ..!

کە ئەو هەر بێدەنگ بوو، ئافرەتەکە سەری هێنایە پێشترەوەو هێواش پرسی

– زۆر بوویت ..؟!

– من ..؟! نەء! بۆچی ..؟!

– لەبەر ئەوەی هەندێک پرسیاری هاکەزاییت لێدەکەم ؟!

– نا، نا، پرسیار نرخی لەسەر نییە ..!

بێدەنگ بوونەوە. دوکەڵی شین و بۆر بۆنگی خواردبۆوە، بۆنێکی توندی تێکەڵ لە چەند جۆر تووتن و خواردنەوەی ئەلکهول !، هەواکەی قورس کردبوو. ئەو قومی لە بیرەکە دەداو ئافرەتەکەیش لە قاوەکە. لە پشتیانەوە دوو کەس، لە گەڵ ئاوازە بەرزو خێراکەدا، دەیانورتاندو پەرداخەکانیان بە یەکدا دەکێشا. پانکە بچکۆلەکەی لای بارەکەی بەرانبەر، جار جارەش شەپۆلی بایەکی دەگەیاندە لای ئەمان. ئافرەتەکە سەرنجی لەسەر زەلامێکی باڵا بەرزی کەتەی پێست ڕەش گیرسابۆوە. زەلامەکە دەستی چەپی بەسەر سمت و کەفەڵی ئافرەتە سپی پێست و قژ زەردەکەی تەنیشتیدا دەهێنا، دەتریقانەوەو جار جارەیش ماچیان دەگۆڕییەوە. ئەویش کە سەرنجی قورس و مانادارى لەسەر ڕووخساری چرچاوی ئافرەتەکە ڕاگرتبوو، بیری دەکردەوە

«نەک تەنیا ئەڵمانی ڕەسەن!، بەڵکوم چارەکە ئەڵمان و نیوە ئەڵمانیش!، ئەوانەی کە لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتیشەوە دێن و بێنەوەی زمانەکە بە تەواوی بزانن، ئەو مافە بە خۆیان ڕەوا دەبینن، کەنگێ و لە هەرکوێ، لێکۆڵینەوەی لەم جۆرە لەگەڵ بیانیدا بکەن .. بە تایبەتی، قژو پێست ڕەش و گەنمڕەنگ !»

دەنگی ئافرەتەکە بیسترایەوە

– ماڵی جوانت هەیە ..؟!

– بەڵێ ..!

– گەورەیە ؟!

– بەڵێ!

– گرانیشە؟!

– بەڵێ!،

ئافرەتەکە ملی هێنایە پێشترەوەو بە ماناوە پرسی

– پارەی خانو- یش «٤٠» وەردەگریت؟!

– بەڵێ!، جا ئەوە مافێکی هاکەزایی خۆمە ..!

ئافرەتەکە چاوەکانی زەق کردەوەو وتی

– مافی خۆت ..؟!

– ئەها ..!

ئەو پەرداخەکەی چۆڕبڕ کردو لێوەکانی سڕی. بێدەنگی دروست بۆوە. هەردووکیان سەرنجیان دەدایە ئەوانەی دەهاتنە ژوورەوە یان دەچوونە دەرەوە. کە لە گەڵ هەر دەرگا کردنەوەیەکدا پەڵەیەک ڕووناکی دەخزایە ناوەوەو بە داخستنی دەرگاکەیش، بزر دەبۆوە. دەنگی لەرزۆکی ئافرەتەکە بیسترایەوە کە پرسی

– هاوسەرت هەیە ؟!

– بەڵێ.

– منداڵیش ..؟

– بەڵێ.

– ژن و منداڵەکانت لێرەن..؟!

– بەڵێ.

پرسیارێکت لێدەکەم بەلاتەوە سەیر نەبێ ..

– بەلای منەوە؟! نەخێر. فەرموو ...

– ناتەوێ بۆ نیشتمانەکەت بگەڕێیتەوە ..؟!

– بۆ نیشتمانەکەم ..؟!

– ئەها ..

– نەء ..!

ئافرەتەکە ملی بردەوە دواوە، همێکی کردو ڕووخساری گرژبوو. ئەویش وتی

– ئێرە نیشتمانی منە ...!

ئافرەتەکە بە قورسیەوە پرسی

– بەڵێ نیشتمانی دووهەمت .. وانییە..؟!

ئەو لچی هەڵقورچاندو بە ساردییەوە وەڵامیدایەوە

– ئێتر ..!

– ئەی ئاسەی هاووڵاتی و کەسەکانت ناکەیت ..؟!

– نەخێر ! چونکە زۆربەیان لەم شارو وڵاتەن ..!

– وتت زۆربەیان ..؟

– ئەها..

– ئۆ و و و ..هم!

ئافرەتەکە ڕوانییە کاتژمێرە بچکۆلەکەی مەچەکی دەستی چەپی، پوفێکی کردو وتی

– ئۆو، من دەبێ بۆ لای -غەزنە-ەکەم بگەڕێمەوە ..!

– غەزنەکەت کێیە ..؟ ئەگەر مۆڵەتی ئەم پرسیارەم هەبێ ..؟!

ئافرەتەکە ڕووخساری کەمێک گەشایەوەو وەڵامیدایەوە

– بەڵێ، بۆچی نا ..

– ملی بۆ ژێر مێزەکە خوارکردەوە، سەری بەرزکردەوەو وتی

– جا بنوارە، ئەو سێ -عەلاگە- پڕە دەبینی ..؟

ئەویش ملی بۆ خوارەوە خوارکردەوەو وەڵامیدایەوە

– ئەها ، دەزانم، کە هاتینە ژوورەوە بە دەستەکانتەوە بوون ..
– هەروایە، هەموویم بۆ ئەو کڕیوە ..
– ئەو کتێبە ..؟
– سەگەکەم، سەگە هاوڕێ بە وەفاکەم.. ژیر، گوێڕایەڵ، بە ڕەوشت.
– ئەها .. ئێی، ئێی ..!

ئافرەتەکە ملی هێنایە پێشترەوەو بە گلەییەوە وتی
خواردنی سەگیش گرانە. بەڵام –سوپیرمارکت– بۆ سوپیرمارکت جیاوازی نرخیان هەیە ..
– هەندێک جار گرانتر، لە خواردنی مرۆڤ،وانییە ..؟
– بەڵێ ...

ئافرەتەکە پاڵیدایەوەو بۆ ساتێک چاوەکانی نوقاند، ئەوجا درێژەی پێدایەوە
– ئێی، دەبێ سەگیش ژیانی سەگانەی خۆی هەبێ و بژی و چێژ وەربگرێ!
– هەروایە، تەنانەت زۆر جار لە کاتی خانو گرتندا، بڵێی دوو سەگم هەن چاکتر قبوڵ دەکرێ وەک بڵێی دوو منداڵ . وانییە ..؟!

کە زانی ئافرەتەکە بە گرنگییەوە گوێی بۆ شلکردووە، درێژەی پێدا
– لەم سەردەمەدا، سالۆن و ئوتێل و پراکسیس –عیادە– ی سەگ و پشیلە هەن. تەنانەت سەگ خانەنشین دەبێ و دەبێ لە –خانووی پەککەوتووەکانی سەگان– دا ڕابگیرێ، خزمەت بکرێ و ڕۆژی لە دایکبوونیان یاد بکرێتەوە. سەگ و دێڵە سەگ لێک مارە دەکرێن، بازاڕی تایبەت و گۆڕستانی تایبەتیان هەیە. ئەدەبی ئاژەڵان و ...

ئافرەتەکە لەپڕ دەستەکانی بەیەکا کێشاو شەقەیان هات. بە ڕوویەکی خۆش و سەرسوڕمایەوە ئافەرینی کردو وتی
– جێی باوەڕ نییە، هەر بە ڕاستی جێی باوەڕ نییە، کە بیانییەکی وەکو تۆ ئەو هەموو خۆشەویستی و زانیاری و گرنگییەی بۆ سەگ و پشیلە هەیە ..

ئەویش بە بزەیەکی تاڵ و مانادارەوە وەڵامیدایەوە
– هەر سەگ و پشیلە نا، ئاژەڵ بە گشتی ..
– تۆ بەڕاستی سەگدۆستی !...

پاش هەناسەیەکی قوڵ پرسییەوە
ئەی لەسەر سەگان چیت خوێندۆتەوە ..؟
ئەو کەمێکەیەک کەوتە بیرەوە، ئافرەتەکەیش لە چاوەڕوانیدا، چاوە زۆر شینەکانی لە ژێر شووشەی ڕوونی چاویلکەکەیەوە زەقکردبۆوە، هەر وەک ئەو بیەوێ بەم چاوەڕێکردنە، ئازاری دەروونی ئافرەتەکە بدا. پاش پوفێکی درێژ وتی
– چیم خوێندۆتەوە؟ بۆ نموونە کتێبی –ئەگەر سەگەکەم نەوەڕێ– * ئەگەر سەگەکەم گوێڕایەڵ نەبێ * یان، ڕاگرتن و خزمەتکردنی سەگ * ، ئاخ .. گەلێک زۆرن، کە لە بیرم نین ..

ڕووخساری ئافرەتەکە گەشابۆوەو بزەیەکی خۆشی بەسەر لێوە سپی هەڵگەڕاوەکانییەوە بوو. ئەویش لە ناخەوە گاڵتەی بە ئاوەزەی ئافرەتەکە دەهات و قاقای ئەهەریمانەی لێدەدا! ئافرەتەکە پرسیەوە
– ئەگەرچی لەسەر ڕۆیشتنم، بەڵام هەوڵ بدە کتێبی –هەلس و کەوتی تەواو لەگەڵ سەگدا– * و یان –سەگان چی دەزانن– * یش بخوێنەرەوە. ئەمەی دواییان لە لیستی باشترین دایە!..
– حەتمەن وەها دەکەم، کتێبی –گیروگرفتی پشیلە– * یش زۆر گرنگە ..

دەتوانی بڵێیت کە پشیلەو سەگ لە وڵاتی ئێوە چی دەخۆن ..؟!

لە ناخی ئەودا وەڵامەکە جۆرێکی تر بوو، بەڵام بۆ ئاڵۆزکردنی دەروونی ئافرەتەکە وتی پاشماوەی ئەوەی مرۆڤ دەیخۆن ..!

ئافرەتەکە پەنجەکانی خستە سەر لێوە وشکهەڵهاتووەکانی و خەمبارانە وتی
– ئۆو سەگەکانتان هەژارانە دەژین ..
– بەڵێ، پشیلەیش. خەڵکەکە خۆشیان !

ئافرەتەکە ڕوانییەوە کاتژمێرەکەی مەچەکی و وتی
– ئۆو، بەڕاستی دەبێ بڕۆم ...

ئافرەتەکە هەڵساو بۆ لای –کاسە–کە چوو کە پارەی قاوەکەیدا، بە سێ عەلاگە پرەکەوە ئاودیوی دەرگاکە بوو. ڕووناکیەک هاتە ژوورەوەو خێرایش نەما.

ئەو –هێنری شولتز– ی بە ڕەچەڵەک ئەڵمانی، بەڵام ڕووخسار قاوەیی و قژ ڕەش، ناوچەوانی خستە سەر پشتە دەستەکانی و بەسەر مێزەکەدا نوشتایەوە. لەناو ئاوازی بەرزی مۆسیقاکەدا کەوتە بیرەوە، بیر لە ئازاری ساتێکی بیانی بوون! بە شەقەی کەوتنە خوارەوەی پەرداخێک و زڕەی شکاندنی ڕاچڵەکی و سەری هەڵبڕی، پاش چەند چرکە بارمەنەکە هات بۆ لای و پرسی
– شتێکی تر دەخۆنەوە ..؟
– تکایە بیرەیەک ..
– چ بیرەیەک ..؟
– هەرچییەک بێ ..!

**ژێردەرەکان:**

١– کنایپە = بار
٢– بارمەن = شاگرد، بەردەست
٣– ڕۆح قاوەیی = بەو ئەڵمانیانە دەوترێ کە بیرو بۆچوونی نازیانەیان هەیە.
٤– هەر کەس دەرامەتی کەم بێ، لە فەرمانگەی مالییەوە، مانگانە ئەندازەیەک پارە وەردەگرێ.
٥– شاتز = غەزنە، غەزێنە، ئاماژەیە بۆ کەس یان ئاژەڵی خۆشەویست!.
* ئەستێرەکان هەموویان ناوی کتێبن بە زمانی ئەڵمانی.
٦– کاسە = ژمێریار، جێگەی پارەدان.

دوو هۆنراوه

عەباس بۆسکانی

## شەوەرەنگ

ڕەنگی باڵەکانی پەپوولەیەکم دزی و
گرتمە ڕۆژانی بێ ڕەنگت
تاریکیی شەوی وڵاتم لێکردیتەوە
کەچی چووە چاوانتەوە.

شەوێکی ڕەنگاورەنگ بوو
من و تۆ هیچ ئەما بە یەکی نەکەین
ئەمدەزانی توانیومە هەموو شت بدەمە تۆ
تۆش وەک پەروانەیەکی وێڵ
دوای بروسکەی شێتی من کەوتبووی
دەتویست ڕەنگی پەپوولە و
تاریکیی شەوی وڵاتم وێ دەیتەوە.

## پێکەوە

پێکەوە
لە پێش بروسکەدا
دەستلەملان ئەفسانەیەک دەگێڕینەوە
ڕوو دەکەینە کانیاوی ڕووناهی
بە نوور دەستنوێژ دەگرین و
ڕوکعاتی سەلا دادەدەین بۆ عەشق

پێکەوە
لە بۆشی قافڵەکان ڕادەمێنین
بەبێ ئەوەی
فەرهەنگی دروشمە درۆزنەکان
ڕوو زەرد کەین
بەبێ ئەوەی
قورئانە کۆن و تازەکان تیلاوە کەین،
بە لمی ئاڵتوون
ئاونگی گوڵ و لاسکە گەنم
خانەقایەک بۆ پرسیارە بێسەروشوێنەکان
دروست دەکەین ئەی وڵات!

بە هەنسکێکی پچڕ پچڕەوە
بە هەگبەیەک چیرۆکی دڵدارییەوە
بە چنگێک خۆڵی شەهرستانە نوێکانەوە
هاوکێشەیەکی جیاواز
دەهاوێژینە پێش تەماشا ڕەقەکانت و
چاوەڕێ دەبین
– تۆ بڵێی لە سەفەری ئەزەلیمان ببووری؟
– تۆ بڵێی شەوانی مەنفا و
کروزانەوەی بێ دایکی و
بێ وڵاتی
شەفاعەتێکمان بۆ بکا؟
دێین و نازانین
بەو سەحەرە بێ پێناسانەوە
چ بانگ و سەلایەک دادەین
پێکڤە لە دامێن ئەم چرە تاریکییەدا
وەک دوژمنی باوککوشتەی یەکتری
بەرامبەر یەکتری بووینە سەنەم
گرژی نێوچەوان و
بڵێسەی تووڕەیی
بوونەتە پرد،
بوونەتە ماناکانی تۆڵە.

بەرامبەرین و لەپی دەستەکانمان دەگوشین
ئایدیۆلۆژیا و خۆشەویستی و خواکان
ئابنە سێبەر
– پێکەوە دەستمان پێکرد و ڕامایین
– پێکڤە وەک چرای ڕق داگیرساین
– بەیەکەوە بووینە دەسکەلاکانی مەنفا
– دوو بە دوو گومڕابووین.

ئوستراليا ١٠-٩-١٩٩٨

---

* ئەم دوو شیعرانە لە کۆمەڵە هۆنراوەیەکی شاعیرەوە وەرگیراون، کە بۆ چاپ ئامادەیە.

ئەنوەر ڕەشید

# پێڵێ نەگەیشتن

**ـ ئەم ـ**

نەیدەزانی لەدەست هەواڵە جەرگبڕەکانی ولات سەری بە کوێوە بنێ. دەیویست کەمێ لەو پرسە هەمیشەییە قوتار بێ، بەلام ئەو توانا مەزنەی لەکوێ بوو، بتوانێ هۆش و زەین و سۆزی خۆی بسڕێتەوە و ببێ بە تەنەکەیەکی بەتاڵ؟!! تەلەفزیۆنەکەشی لێ ببوو بە دوژمنێکی سەرسەخت و نەتەوەکەی وا پیشان دەدران کە شایستەی خێر و بەزەیی بن و، هەمان کات، کولتوور و شارستانییەتیان لێ داماڵیبوون و کرابوون بە نەتەوەیەکی دواکەوتووی دەوار نشینی شایستەی بەزەیی. چاوەکانی سوور ببووبوون و خەویان تیادا شکابوو، سەرەخولێی پێ کەوتبوو. ئەو کۆڕەو و بەکۆمەڵ کوژی و ئاوارە بوونە بەو قەبارەیە، ئەمی کردبووە بەپوولە پایزەی دەم (با)، نەیدەزانی سەر بەکوێشی کیندا بکا و، چۆن بزانێ ڕاستیی مەسەلەکان چین؟ تۆ بڵێی ئەو جوامێرە قارەمانەی قاچی لەسەر سینەی پیرەمێردێکی شەهیدکراوی هەولێر دانابوو، وێنەیەک بۆ یادگار بگرێ، جەنگاوەرێکی فەلەستینی بێ مەیدانی خەباتی گواستبێتەوە یان موجاهیدێکی خەلقی خواناسە و، دەیەوێ لەڕێی ئەو جیهادەوە بەهەشت بۆ خۆی بپچڕێ؟!. بڵێی ئەو وێنەی جوامێری و قارەمانییەی خۆی نیشانی منداڵەکانیشی بدا و شانازی پێوە بکەن؟ بڵێی لەڕووی بێت بڵێ پیرەمێردێکی پەککەوتەی کوڵۆڵم شەهید کردووە؟ یان دەڵێ پاسدارێکی تارانی؟ یا ئەفسەرێکی ئیسرائیلییە لە تەلئەبیب؟! بەپێی تەلەفۆنەکەی سەردار بێت، ئەوە ئەوانیش ئەسپە شەلی خۆیان تاو داوە و بۆ نەتەوەی عەرەب و ئیسلام کاری مەزنی خۆیان ئەنجام داوە.

جلەکانی گۆڕی و بێ بەرنامە ملی ڕێی گرت و شۆڕ بووەوە بەرەو مەیدانی شار، هەوایەکی پاکی هەلمژی و لەسەر یەکێ لە کورسیە تەختەکان جێگیر بوو، هەندێ چاوی بەدەوروپشتی خۆیدا گێڕا و خەندەیەکی تاڵ کەوتە سەر لێوی. سەرەتای بەهار بوو، دەیزانی لەم وێرانەیەدا سیمای وەرزەکان ونە و لێک جوێ ناکرێنەوە. یان وەکو خۆیان دەڵێن (ساڵی هەشت مانگ زستانە و چوار مانگەکەی تریش، سەرمای سۆڵەیە). ئەمڕۆ بەپێچەوانەوە، هەتاو بوو، هەتاوێکی کز و بێ تین، گەرمایی نەدەبەخشی، بەو سایەقەیەش زۆربەی خەڵکەکە چەتریان لەبن هەنگڵ نابوو. ئەمانە چۆن باوەڕ بە هەواڵی ئاو و هەوا ئەکەن؟! چەندین جار هەواڵەکان پێچەوانە بوون و، هەر باوەڕیشی پێ دەکەن. دیسانەوە خەمە تاڵەکەی، وەک دەردی هەمیشەیی دڵی گرتەوە و ڕاپێچی گونجی خەیاڵ و یادگاری کردەوە. بێ ئەوەی بەخۆی بزانێ لەسەر

کورسییەکە گرموڵە بوو .. هەموو دنیای لەبەرچاو سرایەوەو ڕووناکی کەوتەوە سەر زەین و سۆز و ، ئەمیش جلەوی بۆ بەردلا کردن . دەیویست دوور لە پەردەی تەلەفزیۆن و هەواڵە جەرگبڕەکانی ئەتەوە کەساسەکەی ، خۆی گەشتێک بکات و هاوبەشییەکی ئەو فیستیڤالی بە کۆمەڵ کوژیە بکات .

ئەم خەیاڵ دەیبرد و ئەو خەیاڵ دەیهێنا . بەجەستە لێرە بوو ، گیانیشی باڵەفڕێی بوو بەسەر خاکی دێرینی کوردستانەوە . کەللەی سەری بەسەرشانییەوە ئۆقرەی گرتبوو ، بەڵام هەست و هۆش و بیری لەوێ عەودالی پرسیارە بێ وەلامەکان بوون .. گیان سرکە و لە غەریبی ناسرەوی ، ڕەنگە وەک مەکینە شکاوێک جەستە بەڕێوە بەری ، بەڵام هەست و سۆزت لێ زەوت دەکا و ، لە نێوان زەمینی چەرمەسەری و ئاسمانی نامۆییدا هەڵت دەواسێ و ئاسوودەیی بە خۆتەوە نابینی .

ئەم دەیویست جەستە وێڵ بکا و دوای سۆز بکەوێ ، با هیچ نەبێ کەمێک ئارامیی ( بێ ئاسوودەییش بێ ) هەر بۆی ببەخشێ و لەم واقیعە ترسناکە دەربازی بکات . دەروونی دەکولا و بوبووە جێ ژوانی زریان و بورکان . دلەڕاوکێی بۆ جلەو نەدەکرا . تامەزرۆی گریانێکی بەسۆزی سەر شانی دایکی میهرەبانی بوو . دەیویست ئازارەکانی بە فرمێسک بشواتەوە . ئۆقرەنەگرتن کرمێکی کوشندەیە و لە ناخیدا گەرای دانابوو . ترس و ئەوین و سۆزی دووری و ئازار و دەردی غوربەت هەموو تێک ئالابوون و ، دلۆپ بە دلۆپی خوێنیان دەکولان . دلنیابوو ئەو هێزو توانا ئەفسووناویەی سروشت بە ئافرەتی بەخشیوە ، دەرمانی ئەم حاڵەتەی ئێستای ئەمە . دەبوو بگری ، بەکوڵ بگری. بەڵام کوا ئەو چەکی بەرگریەی لەچاوەوە جۆگە ببەستێ و ڕوومەتەکانی بخووسێنێ و ، دەروونی کەمێک ئاسوودە بکا . ئەو بەهرەی گریانە دوور لە دەستێکی سۆزی سەرسەری چۆن دەتەقێتەوە و چۆن دەروونی نووتەکی ڕۆشنایی تێ دەکەوێ .

لەلاواندنەوەی جەستەی شەکەتیدا بوو ، کە کامێرای سۆزی دای لەشەقەی باڵ و ، لە ئاسمانی لێل و چەرەدووکەڵی کوردستان لەنگەری گرت ، وای بۆ دەچوو ئەو هەورەش بۆ سەیری ئەوان بەو شێوە ناسروشتییە نزم بوویێتەوە . لەدوورەوە جەنجاڵێک بوو ، هیچی بۆ لەیەک جیا نەدەکرایەوە ، وردە وردە نزیک بووەوە و چاوی کامێرا ڕوونتر دەیبینی ، کامێرای سۆز لێی یاخی بوو ، ئەم دەیویست جێی دایک و باوک و خوشک و هاوڕێکانی لە یەکێ لە لەقتە نزیکەکاندا بکاتەوە ، تامەزرۆی گریانێکی بەکوڵ بوو لەسەر شانی باوکی ، دەیویست چمکی کەواکەی دایکی بگرێ و لەئامێزیا شێوەنێکی شەیتان هەژێن بۆ کوڵوڵی ئەوان و ئامۆیی ئەم بکەن .

خۆی دەیزانی ئامێزی دایکی میهرەبان جێنزرگەی ئارامی و ئاسوودەییە ، بەڵام وێنەی تێکەلاوی و چەرەدووکەڵی سنووری دروستکراو و سەرما و برسێتی و نەخۆشی و... هەموو ئەو بینراوە جەرگبڕانەی ، ڕۆژ بەڕۆژ لەسەر پەردەی تەلەفزیۆن دەیدین ، بواری ئەوەیان نەدەدا کۆنترۆڵی کامێرای یاخی بکا و ، نەک تەنیا جێی خۆشەویستانی لەیەکێ لەلەقتە نزیکەکاندا بکاتەوە ، بەڵکو نەشی دەتوانی ڕوو لەو سنوورە سەپێنراوەش بکا کە ئەوانی تیادا بوون ، چونکە باری ژیانی دیوی تورکیا ئەوەندە دڵ تەزێن و پڕمەترسی بوو بەهۆی ترسی ژەهری ڕژێمی حیزبی کیمیابارانی بەغدا وناخی بۆگەنی ئەتەرەکانی گەماڵستان و ، ڕق و توورەیی سروشتیش لەلایەکی ترەوە دەیشێلان . ئەم دەیزانی هەموو ئەو کوێرەوەریەی ئەوان دەیچێژن ، لەپێناوی مەسەلە ڕەواکەی ئەم و

ئەواندایە ، کە بەناهەق لێیان زەوت کراوە و پەرەوازەی ئەو سەرماو سۆل و دەشت و کێوانەش کراون . تەنیا داواکاری مافی ئاسایی ئەتەوەکەیان ئەو بارە ناڵەبارەی بەسەردا سەپاندوون و گەیشتوونەتە مەرگی ناسات و ژیانی کوڵلەمەرگی.
هەر لەقتەیەکی چەرگبڕ ، ورەی ئەمی بە بنارەوە دەچەسپاند ... ئەوان عەودالی پاروویەک نان بوون و ، ئەم شەیدای دوودڵۆپ تەشکی خوێناوی تا ناخی پێ بشواتەوە و کەمێک ئاسوودەبێ .. ئەم ئارامی لێ هەڵگیرابوو .. لەقووڵایی خۆیدا پەنگی خواردبووەوە و ئاگای لە دەرەوە نەمابوو ، ڕوخساری بووبوو بەشاشەی دەروونی هەژاوی و بەپێی بیرو هەستی ، ڕوخساریشی دەگۆڕا .. پێدەکەنی ، تووڕەدەبوو ، کزۆڵەی دەکرد ، دەترسا .......

کامێرای سۆز ، وەک هۆش و هەستی ئەم شێوابوو ، جێی بەخۆی نەدەگرت و ، ئەمیش لەیەک جێگا پێی دابین نەدەکرا .... هێشتا لەسەر نووزە و نرکەی سەرەمەرگی خاڵەی ڕیش سپی وەستابوو ، جووڵەی لێ بڕابوو .
ــ خاڵەگیان خەم مەخۆ ئاوەڕاستی خاکی کوردستان جێ نزرگەتە .. ڕۆژێک دێ خەڵکی بەکۆمەڵ بێنە سەر گولکۆکەت و نیازی خۆیانت لا بدرکێنن ... لەچی دەترسیت ؟ ! .. دەزانم هەمووژیانت هەر قوربانی و چەرمەسەری بووە .. خۆشیت لەژیانی خۆت نەدیووە .. وا ئێستا بۆت لواوە لەو نەهامەتییە ڕزگارت بێ .. لەکیس خۆتی مەدە و ئەوەندە چاو مەگێڕە ، ڕەنگە ڕۆڵەکانت لە جێیەکی تر هەڵتووتابن یان شەهید کرابن ، چاو لێک بنێ و ئاسوودە ڕاکشێ .. هیچی وات لەپاش بەجێ نامێنێ خەمی بۆ بخۆی ، تەنیا ژان و ژێردەستی و ئەشکەنجە بەجێ دەهێڵی ، ئەوانەش ئێمە لە چوارچێوەی دڵماندا دەیانپارێزین .

هێشتا ڕووداوی خاڵەی ڕیش سپی ... که بەرگی ڕەشی لەقوڕ هەڵکشاو کادرەکەی داگیر کرد ... کامێرای سەرشێت وەک بیەوێ خۆی لەو دیمەنە دڵتەزێنانە بدزێتەوە ، گەڕایەوە بۆ ڕۆژانی دێرین و یادگاری زەماوەندی خۆشەویستی (فلاشباکی کردە نێرگزەجاڕ و ، دەشت و دەر بە پەڵەی گوڵالەسوورە و وەنەوشە ، هارمۆنیای مەزنی جوانی ، سروشتیان کردبوو بە ئاوازی خۆشەویستی و ، هەست و ئارەزووی جەستەیان دەبزواند . منداڵان لەسەر گوێسوانەکان ڕیچکەیان بەستبوو ، هەموو گیانیان پێدەکەنی . ڕەشبەڵەک گێراوە و مەمانی هێزی خواوەند تێزاو ئۆقرەیان لەلاوان هەڵگرتبوو ، لەشانەوە تەزووی ئەوین دڵی دەدرەوشاندەوە و ئارەقی ڕەش و شینی پێ دەردەدان .. شاباشی کوڕان هەموولای سەرسام کردبوو .. منداڵی لاساریش فەقیانەی ژنانی سەرمەستی هەڵپەڕکێیان پێکەوە گرێ دەدا ... قریوەی منداڵانی ئێسک سووک دەبوونە ئاوازی گەردوون و خاوێنی ناخ و ئاسوودەییان بەسەر هەمووآندا دەبەخشیەوە . )
ــ ئێستا ئەو منداڵە چاوجوان و سرکانە ، پاساریی چەواشە و بێ جریوەن و ، دەوریان بە مین و بۆمبا و نەخۆشی و سەرماو برسێتی تەنراوە .. ئەستێرەی درەوشاوەی چاویان کزبووە و قریوەیان بۆتە ناڵە و کرۆزانەوە .. پەپوولەی شلەژاون و ، باڵە ڕەنگینەکانیان لەسەر ئاگری ناڕامی بۆکڕووزیان لێ دێ ....ئەم دنیایە کەڕ و کوێرن ... ڕۆژی دووهەزار منداڵی پاک و بێ گەرد لەبرسا و لەسەرما دەمرن و ، تەنیا تاوانیان ئەوەیە کە کوردن ... ئای کوردستانی بێکەسم ، کارەساتی تۆ چ ناسۆریکی پڕژانە و لەجەستەمان ئالاوە... نەتەوە بێ دەرامەتەکەم ، هەست و نەستم شپرزەن و بە ڕووت و قووتی و پێی پێخاوس لەو کێوانە لەگەڵتانم و عەودال و تینووی دوو تنۆک

بەلام ئەم جارەیان بەنیازی مەیدانی شار هاتووە، دەیەوێ هەندێ پارە بخاتە سەر ئەو کونتویەی بۆ کوردە ئاوارە سەرکەردانەکانی سەر سنوور کراوەتەوە . بەر لەوەی بچی بۆ بانک ، بەچەند قوناغیک لەسەر کورسیەکە دانیشت و دەستی لە کالیسکەکەی بەردا کە وەک دارشەق بەکاری دەهیناو هەرچیەکیشی بکرایە تیی دەکرد و بەرەو مالەوە پیش خۆی دەدا ... ئەمجارەیان خۆی جلەوی بۆ خەیال بەرەلا کرد . ئەو هێز و وزەیەشی نەماوە خەیال شێتگیر بێ و لیی یاخی بێ . هەمان خەیال و هەمان یادگار بە میشکیدا دین و دەچن و ، جاری وا هەیە خەیالەکانی وەک خەتی دەفتەریکی بەردەستی مندال بەیەکدا دەچن و لەیەکتر جیا ناکرینەوە . هەندێ جاریش ئەوەندە روون و ئاساییە ، دەلێی لەگەل جوانەمەرگ دانیشتووە و دەردی دلی خۆی بۆ بەیان دەکا . یان بە پیچەوانەی جارانەوە ، ئیستا بەرگری لەبۆچوونەکانی ئەو دەکا

( ئەم ولاتە پێویستی بەسەر نییە .. تەنیا ماسولکەی دەوێ . ئەگەر سەریش هەبێ هەرئەبێ ماسولکەیی بێ و لە خزمەتی چاوچنۆکەکاندا بێت ، بۆی نییە لەسنووری دیاری کراو بچیتە دەرەوە ، تا ئەو سنوورەی بۆت کێشراوە ئازادیت ، بەلام کە پێت هەلهێنایە ئەو دیوی خەتەکە ، دەبیتە تۆریریست وسزا دەدریت ، هەوا و دارو بەردیان لێ کردووین بە ژەهر )

کاتی خۆی ئەو قسانەی ( یۆرگن ) ی بە زیادەرۆیی دەدایە قەلەم و ئومێدی دەکرد کاملانە و هۆشمەندانەتر بیر لەدەوروبەری خۆی بکاتەوە ، بەلام ئیستا کەدیتەوە بیری ، سەری رەزامەندی و تەنانەت سەلماندنیشی بۆ دەلەقێنێ .. خەیال راپێچی کردەوە بۆ رۆژانی دەمەتەقێ و نارەزایی دەربڕینی یۆرگن :

— ئاخر ئیمە پەروەردەی جەنگین ، لەجەنگیکدا هاتووینە دنیاوە و جەنگیکی تریش پەروەردەی کردووین ... جەنگ بووە بەبەشیک لەژیانمان ... ئیمە نەوەی جەنگین ... کەس بەقەدەر ئیمە هەست بە کارەساتی جەنگ ناکات .. زۆر درەنگ زانیمان کە نازیەکان بۆ ئاگر خۆش کردن پەروەردەمان دەکەن .. دەمانکەن بە سووتەمەنیی، بۆیە بەو پەڕی ئومێدەوە چاوەڕوانی کۆتایی ئەو مال وێرانییە بووین .. دەمانزانی دەبێ لەسفرەوە دەست پێ بکەینەوە .. بەلام پاش جەنگ ، دەبوو کاربکەین تا بەسفر بگەین و ، سەرلەنوێ دەست پێ بکەینەوە ... ولاتیکی کاول و بەسەر یەکدا رووخاو.. نەک هەر ئەوەندە بەلکو تاخیشمان تالان و فەرهوود کرابوو ، ئاواتەکانمان لەچال نرابوون و کاراکتەرمان بریندار کرابوو ، ولاتەکەمان ، ئەو ولاتەی بەتەما بووین ببێ بە سەردەست و گەورەی هەمووان ، ببوو بە کەلاوەیەکی وێرانەی گەورە ... لەگەل ئەوەشدا کە پێویستمان بەنان و خۆراک بوو .. پێویستمان بە حەواندنەوە بوو ، دەبوو رۆژی چەند سەعاتیک سەرە بگرین بۆ یەک سەتل ئاو ، سەرەرای ئەو هەموو چەرمەسەریەش .. ژنان و مندالان و پیاوی پیر بووینە هاوەلی پاچ و خاکەناز و ، پشوومان بە خیانەت دەزانی .. تا هەندێ لە پیاوەکانیشمان ئازادکران و بە نەفسی بریندار و لووتی ئەوی کراوەوە گەرانەوە و ئەوانیش ، لەجیاتی ئەوەی بۆ ولاتی خاپوور بلاوێننەوە ، دەستیان دایە بێل و پاچ و ، بەچەند مانگیک ولاتەکەمان لەدارووپەردووی رووخاو پاک کردەوە و کەوتینەوە بنیادنانی .. دەزانن ئەو کاتانەی کەزۆر بەپەرۆشەوە بناغەی ولاتەکەمانمان دادەنایەوە ، ئەمان دەزانی چارەنووسمان بەچی دەگا و چیمان لێ دەکەن و چۆن ولاتەکەمان دابەش دەکەن و بەر چ لایەنیک دەکەوین، لەگەل ئەوەشدا ئیمە هەر

کۆڵمان نەدا و شەو و ڕۆژ هەر خەریک بووین .. تا لەماوەیەکی ڕیکۆردا کردمانەوە بەم وڵاتەی کە دەیبینیی ... ڕێی زانستمان کرتەبەر و بووین بەم وڵاتە پیشەسازیەی ئێستا ....

ـ ئەم وڵاتەی تۆ شانازی پیوە دەکەیت ، جەنگێکی ئابووری پیک هیناوە و ، هیتلەرەکانی ئەمڕۆ ، سێبەرەسمیڵ بەبەر لووتیانەوە نییە و چەک بەکار ناهێنن ، بەلکو ئەیفرۆشن بەوانەی بەکاری دەهێنن... لەپێناوی دەسکەوتدا هەموو شتێک دەکەن ، بازرگانی بەخەڵکی چەوساوەو ژێردەستەوە دەکەن ، ئەمان چەک دەفرۆشن ئیتر هەقیان نییە بەسەر بەکارهێنانییەوە ، نا نا چۆن هەقیان نییە ، مەشق بەجەللادەکانیش دەکەن بۆ چاکترین کەلک وەرگرتن لە بەکارهینانی چەک و ئامێرەکانی ئازاردان و جینۆساید .. تەنیا نەوت و پارە دەبینن و لە ئاستی کارەساتەکاندا کوێرن .. هەر کارگە دەکەنەوە و هەوا پیس دەکەن و زبل زیاد دەکەن .. خۆ ئەگەر زبلی ئاساییش بوونایە دەمانوت قەیدی نییە ، بەلام پاشماوەی کیمیایی و ئەتۆمیش دەکەن بە گەرووی زەوی و دەریادا و ژیانی تیا ناهێڵن ، ئیتر ئەگەر لێرە بێ یا لەوڵاتێکی بەپارە فرۆشراودا ، هەر ژەهرەو دەیپرژێنن .

دیسان سەری ڕەزامەندی لەقاند و گەڕایەوە بۆ قۆناغێکی دی ، باری ئاسایی خۆی وەرگرتەوە ، پێستی ئەوەندەی چرچ و لوچ تێ کەوتبوو ، وەک ئۆکۆردیۆن دەهاتە پێش چاو ، لەوە دەچوو پێستی بەچەند نمرەیەک لەجەستەی گەورەتربێ و جێی دووکەسی وەک ئەوی تیادا ببێتەوە ، بۆیە پێستی ژێر چەناگەی داکەوتبوو و کاتێ دەستیشی بەرز دەکردەوە پیستەکەی شۆڕ دەبۆوە و گۆشت و ئیسقانی فەرامۆش دەکرد ، دەڵێین گۆشت و ئیسقان بەلام لەحاڵەتی ئەودا چەق و ئیسک ڕاسترە .. ڕوومەتەکانی ، کە ڕۆژێک لە ڕۆژان بە کوڵم ناوبرابوون ، لە چاڵێکدا نیشتەجێ ببوون ..

وەک زەویەکی بێ ئاو ، خۆی وای بۆ دەچوو فرمێسکەکانی خوێیان تیادا بەجێهێشتبێ و وشکیان هەڵهێنابێ ... ئەو داهێنانی خۆی لە بازنەی بیری یۆرگنەوە بەر چاو دەکەوت .. دیسان بەدەنگی بەرز بیری دەکردەوە

ـ ڕاست دەکا ، ڕاستی دەکرد ، هەر کارگەی تازە دەکەنەوە و سروشت کۆڵەوار دەکەن ...

( دەنگێکی شەیتانی لەناخیەوە بەرزبووەوە و ئاسوودەیی خستە مەترسییەوە )

ـ خۆ تۆ تا مردیش هەر دژی ڕایەکانی یۆرگن بوویت ، دەتوت ئێوەمانان دوژمنی شارستانی و زانیاری و پیشەسازین .. دیارە ئێستا لەدووری یۆرگن باوەڕت بە قسەکانی هیناوە و ، دەتەوێ لەگۆڕەکەیدا چاو لێکنێ و ئاسوودەبێ .

وروژمی سۆزی دایکایەتی ، لەناخەوە ئەمی سڕیبووەوە و ، بیر وبۆچوونی یۆرگن ، لە بیر و هۆشیدا چەکەرەیان کردبوو ، بۆیە خەتێکی ڕاست وچەپی بە دەنگی ناقۆلای میشکیدا هینایەوە و ، سەری ڕەزامەندی بۆ دڵی ڕاوەشاندەوە .

ئەو دەیزانی دوو جەنگی جیهانی ڕوویانداوە و ژمارەیان بۆ دانراوە .. بەلام نێوان ئەوان و دوای ئەوانیش دەیان جەنگی ناهەموار و وێرانکەر ڕوویانداوەو ژمارەیان پێ نەدراوە .. ئەو دەیزانی ئەوانەش جەنگی جیهانین و ، جەنگی نادیار و حەشاردراویش زۆرن ... وای بۆ دەچوو لە ژمارە نەیەن بۆیە ژمارەیان پێ نەدرابێ ...

ـ ژەهری ئەو کارگانە ئاوابکەن ، بەردەوام نەخۆشی زیاد دەبن و گیرفانی چاوچنۆکەکانیش ، هەر پڕ و پڕتر دەبن .. تا گیرفان و حسابی ئەوانیش زۆر بێ ، هەر زیاتر کارگە دەکەنەوە و زیاتر ژیانمان ژەهراوی دەکەن ، بەو شێوەیە و لەسەر ئەو بنەما ماتماتیکیە وای لێ دێ خەڵکی بەر دەرگاکانیان بە بۆیە سەوز بکەن ، بۆ ئەوەی لە ڕەنگی چیمەن بچێ .. ئینجا کارگەی تر

بەلام ئەم جارەیان بەنیازی مەیدانی شار هاتووە، دەیەوی هەندی پارە بخاتە سەر ئەو کونتویەی بۆ کوردە ئاوارە سەرکەردانەکانی سەر سنوور کراوەتەوە . بەر لەوەی بچی بو بانک ، بەچەند قوناغیک لەسەر کورسیەکە دانیشت و دەستی لە کالیسکەکەی بەردا کە وەک دارشەق بەکاری دەهیناو هەرچیەکیشی بکرِیایە تیی دەکرد و بەرەو مالەوە پیش خۆی دەدا ... ئەمجارەیان خۆی جلەوی بۆ خەیال بەرەلا کرد . ئەو هیز و وزەیەشی نەماوە خەیال شیتگیر بێ و لیی یاخی بێ . هەمان خەیال و هەمان یادگار بە میشکیدا دین و دەچن و ، جاری وا هەیە خەیالەکانی وەک خەتی دەفتەریکی بەردەستی مندال بەیەکدا دەچن و لەیەکتر جیا ناکرینەوە . هەندێ جاریش ئەوەندە روون و ئاساییە ، دەلێی لەگەل جوانەمەرگ دانیشتووە و دەردی دلی خۆی بۆ بەیان دەکا . یان بە پیچەوانەی جارانەوە ، ئیستا بەرگری لەبۆچوونەکانی ئەو دەکا

( ئەم ولاتە پیویستی بەسەر نییە .. تەنیا ماسولکەی دەوێ . ئەگەر سەریش هەبێ هەرئەبێ ماسولکەیی بێ و لە خزمەتی چاوچنۆکەکاندا بیت ، بۆی نییە لەسنووری دیاری کراو بچیتە دەرەوە ، تا ئەو سنوورەی بۆت کیشراوە ئازادیت ، بەلام کە پیت هەلهینایە ئەو دیوی خەتەکە ، دەبیتە تۆریریست وسزا دەدریێیت ، هەوا و دارو بەردیان لێ کردووین بە ژەهر )

کاتی خۆی ئەو قسانەی (یورگن )ی بە زیادەرِۆیی دەدایە قەلەم و ئومیدی دەکرد کاملانە و هۆشمەندانەتر بیر لەدەوروبەری خۆی بکاتەوە ، بەلام ئیستا کەدیتەوە بیری ، سەری رِەزامەندی و تەنانەت سەلماندنیشی بۆ دەلەقینێ .. خەیال راپیچی کردەوە بۆ رِۆژانی دەمەتەقێ و نارەزایی دەربرِینی یورگن :

— ئاخر ئیمە پەروەردەی جەنگین ، لەجەنگیکدا هاتووینە دنیاوە و جەنگیکی تریش پەروەردەی کردووین ... جەنگ بووە بەبەشیک لەژیانمان ... ئیمە نەوەی جەنگین ... کەس بەقەدەر ئیمە هەست بە کارەساتی جەنگ ناکات .. زۆر درەنگ زانیمان کە نازیەکان بۆ ئاگر خۆش کردن پەروەردەمان دەکەن .. دەمانکەن بە سووتەمەنیی، بۆیە بەو پەری ئومیدەوە چاوەرِوانی کۆتایی ئەو مال ویرانییە بووین .. دەمانزانی دەبێ لەسفرەوە دەست پێ بکەینەوە .. بەلام پاش جەنگ ، دەبوو کاربکەین تا بەسفر بگەین و ، سەرلەنوێ دەست پێ بکەینەوە ... ولاتیکی کاول و بەسەر یەکدا رووخاو.. نەک هەر ئەوەندە بەلکو ناخیشمان تالان و فەرهوود کرابوو ، ئاواتەکانمان لەچال نرابوون و کاراکتەرمان بریندار کرابوو ، ولاتەکەمان ، ئەو ولاتەی بەتەما بووین ببێ بە سەردەست و گەورەی هەمووان ، بیوو بە کەلاوەیەکی ویرانەی گەورە ... لەگەل ئەوەشدا کە پیویستمان بەنان و خۆراک بوو .. پیویستمان بە حەواندنەوە بوو ، دەبوو رِۆژی چەند سەعاتیک سەرە بگرین بۆ یەک سەتل ئاو ، سەرەرِای ئەو هەموو چەرمەسەریەش .. ژنان و مندالان و پیاوی پیر بووینە هاوەلی پاچ و خاکەناز و ، پشوومان بە خیانەت دەزانی .. تا هەندێ لە پیاوەکانیشمان ئازادکران و بە نەفسی بریندار و لووتی ئەوی کراوەوە گەرِانەوە و ئەوانیش ، لەجیاتی ئەوەی بۆ ولاتی خاپوور بلاوبننەوە ، دەستیان دایە بیل و پاچ و ، بەچەند مانگیک ولاتەکەمان لەداروو پەردووی رِووخاو پاک کردەوە و کەوتینەوە بنیادنانی .. دەزانن ئەو کاتانەی کەزۆر بەپەرۆشەوە بناغەی ولاتەکەمانمان دادەنایەوە ، نەمان دەزانی چارەنووسمان بەچی دەگا و چیمان لێ دەکەن و چۆن ولاتەکەمان دابەش دەکەن و بەر چ لایەنیک دەکەوین، لەگەل ئەوەشدا ئیمە هەر

کۆڵمان ئەدا و شەو و ڕۆژ هەر خەریک بووین .. تا لەماوەیەکی ڕیکۆرددا کردمانەوە بەم وڵاتەی کە دەیبینی ... ڕێی زانستمان کرتەبەر و بووین بەم وڵاتە پیشەسازیەی ئیستا ....

— ئەم وڵاتەی تۆ شانازی پیوە دەکەیت ، جەنگێکی ئابووری پیک هیناوە و ، هیتلەرەکانی ئەمڕۆ ، سێبەرەسمیل بەبەر لووتیانەوە نییە و چەک بەکار ناهێنن ، بەڵکو ئەیفرۆشن بەوانەی بەکاری دەهێنن... لەپێناوی دەسکەوتدا هەموو شتێک دەکەن ، بازرگانی بەخەڵکی چەوساوەو ژێردەستەوە دەکەن ، ئەمان چەک دەفرۆشن ئیتر هەقیان نییە بەسەر بەکارهێنانییەوە ، نا نا چۆن هەقیان نییە ، مەشق بەجەللادەکانیش دەکەن بۆ چاکترین کەلک وەرگرتن لە بەکارهینانی چەک و ئامێرەکانی ئازاردان و جینۆساید .. تەنیا نەوت و پارە دەبینن و لە ئاستی کارەساتەکاندا کوێرن .. هەر کارگە دەکەنەوە و هەوا پیس دەکەن و زبل زیاد دەکەن .. خۆ ئەگەر زبلی ئاساییش بوونایە دەمانوت قەیدی نییە ، بەڵام پاشماوەی کیمیایی و ئەتۆمیش دەکەن بە گەرووی زەوی و دەریادا و ژیانی تیا ناهێڵن ، ئیتر ئەگەر لێرە بێ یا لەوڵاتێکی بەپارە فرۆشراودا ، هەر ژەهرەو دەیپرژێنن .

دیسان سەری ڕەزامەندی لەقاند و گەڕایەوە بۆ قۆناغێکی دی ، باری ئاسایی خۆی وەرگرتەوە ، پێستی ئەوەندەی چرچ و لوچ تێ کەوتبوو ، وەک ئۆکۆردیۆن دەهاتە پێش چاو ، لەوە دەچوو پێستی بەچەند نمرەیەک لەجەستەی گەورەتربێ و جێی دووکەسی وەک ئەوی تیادا ببێتەوە ، بۆیە پێستی ژێر چەناگەی داکەوتبوو و کاتێ دەستیشی بەرز دەکردەوە پیستەکەی شۆڕ دەبۆوە و گۆشت و ئیسقانی فەرامۆش دەکرد ، دەڵێین گۆشت و ئیسقان بەڵام لەحاڵەتی ئەودا چەق و ئیسک ڕاسترە .. ڕوومەتەکانی ، کە ڕۆژێک لە ڕۆژان بە کوڵم ناوبرابوون ، لە چاڵێکدا نیشتەجێ ببوون .. وەک زەویەکی بێ ئاو ، خۆی وای بۆ دەچوو فرمێسکەکانی خۆییان تیادا بەجێهێشتبن و وشکیان هەڵهێنابن ... ئەو داهێنانی خۆی لە بازنەی بیری یۆرگنەوە بەر چاو دەکەوت .. دیسان بەدەنگی بەرز بیری دەکردەوە

— ڕاست دەکا ، ڕاستی دەکرد ، هەر کارگەی تازە دەکەنەوە و سروشت کۆڵەوار دەکەن ...

( دەنگێکی شەیتانی لەناخیەوە بەرزبووەوە و ئاسوودەیی خستە مەترسییەوە )

— خۆ تۆ تا مردیش هەر دژی ڕایەکانی یۆرگن بوویت ، دەتوت ئێوەمانان دوژمنی شارستانی و زانیاری و پیشەسازین .. دیارە ئێستا لەدووری یۆرگن باوەڕت بە قسەکانی هێناوە و ، دەتەوێ لەگۆڕەکەیدا چاو لێکنێ و ئاسوودەبێ .

وروژمی سۆزی دایکایەتی ، لەناخەوە ئەمی سڕیبووەوە و، بیر وبۆچوونی یۆرگن ، لە بیر و هۆشیدا چەکەرەیان کردبوو ، بۆیە خەتێکی ڕاست وچەپی بە دەنگی ناقۆلای میشکیدا هینایەوە و، سەری ڕەزامەندی بۆ دڵی ڕاوەشاندەوە .

ئەو دەیزانی دوو جەنگی جیهانی ڕوویانداوە و ژمارەیان بۆ دانراوە .. بەڵام نێوان ئەوان و دوای ئەوانیش دەیان جەنگی ناهەموار و ویرانکەر ڕوویانداوەو ژمارەیان پێ نەدراوە .. ئەو دەیزانی ئەوانەش جەنگی جیهانین و ، جەنگی نادیار و حەشاردراویش زۆرن ... وای بۆ دەچوو لە ژمارە نەیەن بۆیە ژمارەیان پێ نەدرابێ ...

— ژەهری ئەو کارگانە ئاوابکەن ، بەردەوام نەخۆشی زیاد دەبن و گیرفانی چاوچنۆکەکانیش ، هەر پڕ و پڕتر دەبن .. تا گیرفان و حسابی ئەوانیش زۆر بێ ، هەر زیاتر کارگە دەکەنەوە و زیاتر ژیانمان ژەهراوی دەکەن ، بەو شێوەیە و لەسەر ئەو بنەما ماتماتیکیە وای لێ دێ خەڵکی بەر دەرگاکانیان بە بۆیە سەوز بکەن ، بۆ ئەوەی لەڕەنگی چیمەن بچێ .. ئینجا کارگەی تر

دەكرینەوە بو دروستكردنی درەختی نایلون و كولی نایلون و ڕوەكی نایلون و ، بو ئەمانەش كومەلی كاركەی نوی دەكەنەوە و ئەوەندەی تر سروشت دەشیوینن ...ئەم خەیالەیان ختووكەی كیانی دەدا .. وەك شتیكی نویی دوزیبیتەوە و كەس دركی پی نەكردبی

ــ یورکن لەكویت بینم ، دایكت ببینی چەند ڕوشن بیر دەكاتەوە .. ئەوەتا منیش هەست بە كرفتەكە دەكەم و لەوەش زیاتر ، دەزانم كە زانستی نوی ئەوەندەی بیكار زیاد كردووە ، بووە بە دیاردەیەكی شووم و زەنگی دواڕوژیكی تاریك لی دەدا ..بەلام لەكەل ئەوەشدا پەنا نابەمە بەر ئەو دوابڕاوانەی زوو تویان لی فڕاندم ، ئەی كوایە خوت نەتدەزانی هەر ئەو چاوچنوكانە ، ئەوانەش دەفروشن و بەوەش هەر سامان پیكەوە دەنین ؟ !!! ئەی تو چون یاخیەك بووی لەو كومەلكایە و ، زەهرەكانیشیت بەكار دەهینا ؟!!!

ئەو خەیالەكانی وەك دایكیكی شیرزە و تەنیا بە میشكدا تیدەپەڕین ، لەناكاو ئەمی لەوبەرەوە دی ، میشكی وەك دەسرازەی كۆڕپە ڕەویەوە ... هەموو دەوروپشتی لەبەرچاو سڕایەوە و تەنیا ئەمی دەدی .. بەدەست و پلیا دیار بوو ، هیشتا نەشارەزایە و نازانێ بیپیچیتەوە... زور بەڕوونی ئەمی دەدی .. بەری چاوی بەتەواوی ڕۆشن ببوو

ــ دیارە تازە ڕاپیچی ئەو دنیا نووتەكە كراوە .. نامۆیە .. بە سمیلی ڕەشیدا دیارە توركە ... لەبرسا هاتوەتە ئیرە و ، ئەم كۆمەلگا بۆگەنەش زوو خەلك بەند دەكات و گیرۆدەی ئەو دنیا چەپەلەی دەكات ... دەبێ یارمەتی بدەم ، هەرچەندە هاوجنسم نییە بەلام یۆرگن وتەنی ئەمانیش مرۆڤن .. نا نا ناهیلم لەو جیهانە پڕمەترسیەدا بمینێ .. دەچم بۆلای ، یەكسەر ناچمە باسەكەوە ، وردەوردە بۆی دەكشیم و پێی دەسەلمینم كە ئەو ڕیگایە ڕێی نەهامەتییە و ، نوقوم بوونی هەیە و دەرهاتنەوەی مەحالە .. بەلام چۆنی تێ بگەیەنم ؟! خۆ ئەمانە چەند سال لێرە بمیننەوە فێری دوو ڕستەی ئەلمانی نابن ...

لەمیشكیا زۆر هیناى و بردی و تاووتوێی كرد و نەگەیشتە ئەنجام ، بۆیە هیزی دایە خۆی و بەهۆی گالیسكەكەیەوە ڕاست بۆوە و بڕیاریدا بچیتەلای و ڕێ لەو تاوانە بگرێ .

**ــ دیسان ئەم ــ**

پیرێژنی لەدوورەوە بەدی كرد ، دیاربوو بەرەولای ئەم دیت و بزەیەكی سارد لەسەر لێویتی، ئەم هیشتا لەبیری ئەوەدابوو كەی مەسەلەكەمان دەبێ بە مەسەلەیەكی سیاسی و لەوقالبە بەزەیی و نزمیە مرۆڤایەتییە دەرباز دەبێ ..

ــ بەخوا پیرێژن نزیك بۆوە و ئەیەوێ ئەمڕۆ بەمن بەسەر بەرێ .. دیارە لەو پیرێژنانەیە كە سەگیان نییە ، عەودالی زەلامیكن ڕۆژی پێ بەسەر بەرن .

بۆیە بەپرتاو ڕاست بۆوە و خەم و پەژارەكانی پێچایەوە و ، بەپەلە مەیدانی شاری بەجێ هیشت .

**ئەلمانیا**

١٩٩٢

# فڕینی پەیژەکان

**سەباحەت تاهیر**

پەیژەکان بە نیازی فڕین
باڵەکانیان لێک دەدەن
دەفڕن.. پەیکەرێکی کافووری لە دوای کۆچیان
جێ ناهێڵن
ئەوان دەفڕن.. سێبەری دارمێو و
کەناری کوپەی گیابەند و بارێزەبەند و
بالای کۆشکی قەشەنگ و
شەڕابە سیحراوییەکەی باوکم
لەگەڵ خۆ دەبەن.

*

پەیژەکان!
کە ئێوە دەفڕن حەسرەتی ڕۆژێ دەمکوژێ
هێشتا زوو بوو
شەهیدێکی مەغدوور بەبەر چاومدا ڕەت بێ
هێشتا زوو بوو سەری خاڵیم وەک خاڵێکی بچووک
گیرۆدەی بەرپاکردنی شۆڕش بێ
شۆڕش..!
شۆڕش..!
شۆڕش..! ئەی نەفرەتتر
لە دڵم و گەڕەک و ناو وڵاتەکەم
تۆ بە ڕنینەوەی کوڕان دەژی
بە دەستی خاڵیش دەمری.

*

پەیژەکان
ئێوە زیندووترین و بێ لایەنترین شاهیدن
شاهیدی بەیانە وەنەوشەییەکانی هاتنی ئەوان
لە کۆچی ئێوارە زریانەکانیش..
ئێوە بوون تریقەتان دەهات
کە باڵندەکانیش هێلکەیان تروکاند
لەگەڵ گزینگ خۆتان پەخشان کرد.

*

بە فڕینی پەیژەکان
ئێرە و دونیا بە ترازان و ماڵئاوایی بۆنڕێژ دەبێ

ئاخر کێ وەک دەستەخوشکێکی قەیرە
ئەڤینە نەباڵقەکان
لەناو گەڵای دارمێوەکاندا حەشار دەدا؟
ڕامانەکان بە ئاسماندا هەڵدەواسێ؟
شەڕابە سیحراوییەکەی باوکم
دوای ڕژان کۆ دەکاتەوە؟

*

ئێی زەمەنی کەڕوو
کە باڵای کۆشکەکان دەکشێن و
لەگەڵ پەیژەکان ئاوا دەبن
تۆ ئەم فەنایە لەکوێ بەبا دەدەی؟

تازە شۆخەکانی ئەم بەهارە
بەختیان غەرقی پەڕی گوڵەحاجیلە دەکەن
وشە زیت و بەرەڵاکانی دەفتەری خەواڵووی ئەوان
لە ڕەزی ڕۆخ جادەکە نەهاتنەوە و
پەیژەکانیش وا دەفڕن!

*

پەرێشانم.. پەرێشانی ئەودیو مردن
منی وەک ژنەتەڕەکە
هەموو جەستەی بە تنۆکی خۆشۆرینی
دوای جووتبوون و زەیستانی
لە تەڕاتی دەتلیستەوە
تەڕ.. تەڕ
تەڕتر لەئاو
تەڕتر لە شێی زەمەنە کەڕووەکە
تەڕتر لە تەڕایەتی
کە پەیژەکانیش دەفڕن
لە گوزەرە پڕ عەدەمەکەی شەهادەت
کەزییە تەڕەکانی رادەخا
بە مەلوولی
لە شەهیدبوونی ناوەخت و مەغدووریی خۆی
رادەمێنێ.

کەنەدا

دانا رەئووف

# سەمای بوتۆ و گرۆی سانکای یکیو

مالّی سەما : Dansenshus<br>
سەمای : Hiyomeki هیئومێکی<br>
گرۆی : Sankai juku سانکای یکیو<br>
کۆریۆگرافی<br>
ریژی :Ushio Amagatsu ئیشیۆ ئاماگاتسیۆ

سەما زمانێکی دیارو کلتورێکی دەولەمەندی یاپانییەکانە . سەما هێماو ئاماژەیە .جەستەیەکی پڕ لە دەربڕین و بێئارامە لە کولتووری یاپاندا . ئەم چەمکە خاوەنی چەندین ڕێبازە و مێژوویەکی لەبەرچاوی درێژیشی هەیە .

ئەمرۆ ئەو سەما ڕۆحیە لە گەشتێکی بەردەوامدایە لە جیهاندا . یاپانییەکان دەیانەوێت ئەو چەمکە جیاوازە ، ئەو کولتووره قولّە ، ئەو سەما پڕ لە ڕەهەندە بەجیهان بناسێنن .

ئەم ساڵ گرۆی ( سانکای یوکیو ) بۆ دووەم جار گەشتی سویدیان کرد . لەم گەشتەیاندا سەمای { بوتۆ } Buto یان کردە وێستگەیەکی نوێ ، تا تەخشی ئەو شێوە جیاوازو بەرفراوانەی سەمای یاپانی پیشانبدەن .

**سەمای بوتۆ**

سەمای { بوتۆ } ئاوێزانبونێکە لە دەنگەکانی ژیان و مەرگ . لە هەمانکاتیشدا یەکەی پێکەوە گرێدان و پیشاندانی ماناو پانتاییەکانی ئەو ئاوێزانبونەیە ، هەنگاوێکە بۆ زیاتر بەرجەستەکردن و بەژیانکردن و دیاریکردنی ئەو بوارەی لە نێوان مرۆڤ - وەک بوونەوەرێکی زیندوو - لەگەڵ هەموو شتە نادیار و شاراوەکاندا و دواتر بەستنەوەی بەو شتە نادیاریانەی ژیانەوە . لەلایەکی دیکەشەوە { بوتۆ } تەقەلایەکە بۆ پێناسەکردنی ئەو جەنگە بەردەوامەی کە لە نێوان مرۆڤ و جیهانە مادیەکاندا بەرپادەبێت .

جەستەی سەمازانێکی { بوتۆ } لە دەفرێکی پڕ لە دەلالات دەچێ ، بەشێوەیەک کە جێگای تەنها دلۆپێکی تری تیا نابێتەوە .

ڕەگ و نەژادی سەمای { بوتۆ } دەگەڕێتەوە بۆ یاپانی دوای جەنگ . بەتایبەتیش لە شەستەکانەوە وەک کاردانەوەیەکی گرنگ دژی هەموو داب و نەریتێکی کۆنی یاپانی لەلایەک و ، هونەری هاوچەرخی ڕۆژئاوا لە لایەکی دیکەوە پەرەی سەندووە .

گرۆی ( سانکای یوکیو ) لەو نێوەندەدا هەنگاوی زۆر گرنگی ناوەو چەندین نەمایشی سەما ئامێزی لە زۆربەی وڵاتانی جیهاندا پێشکەش کردووە . ئەم گرویە لە ساڵی١٩٧٥ دا دامەزراوەو بۆ یەکەمجار لە ساڵی ١٩٨٢ دا سەردانی سویدی کردووە .

**کورتە مێژوویەکی سەمای بوتۆ**

هونەرمەندی سەمازان ( تەتسیومی های ییاکاتە ) ١٩٨٦-١٩٢٨ لە سەرەتای شەستەکاندا سەمای { بوتۆ } ی دامەزراندووە .

لە ساڵی ١٩٥٢ دا [ تەتسیومی های ییاکاتە ] لە فیستیڤاڵی سەمای هاوچەرخدا نەمایشی ( ڕەنگە یاساغکراوەکان ) پێشکەش دەکات . سەماکە لە ڕۆمانێکی نووسەری گەورەی یاپانی { یوکێو میشیما } وە سەرچاوەی وەرگرتووە . ئەو نەمایشە زیاتر شانۆییەکی سەما ئامێز بووە کە بە شێوازێکی گرۆتێسک چەندین وێنەی مەرگ ، کاولکاری و شێواندن بەرجەستە دەکات .

ئەو شێواز و ناوەڕۆکە شێوە تورەییە و لە هەمانکاتدا پڕ لە ئیرۆتیکەی ( ڕەنگە یاساغکراوەکان ) دەبێتە جێگای نارەزایی دەزگا باڵاکانی یاپان . ئەو سامایە یەکەم نەمایشی سەمای { بوتۆ } بووە کە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ وەک سەرەتا نیشاندرابێ .

( تەتسیومی های ییاکاتە ) هەرچەندە پاڵپشتێکی ئەوتۆی لەلایەن دەزگا کولتوورییەکانی یاپانەوە نەبووە ، بەتایبەتی لەدوای نەمایشکردنی ڕەنگە یاساغکراوەکانەوە ، بەلام ئارەزووی بەردەوامی و دامەزراندنی دارشتەیەکی پڕ لە جەستەو ڕۆح هەمیشە خولیایەکی بەردەوامی ئەو بووە .

لە ساڵی ١٩٦١دا ( تەتسیومی های ییاکاتە ) لە نەمایشێکی تردا بەردەوامی دەبەخشێ بەو نەخشە و بیرۆکەیە تادواتر شێوازی سەماکەشی زیاتر لەلا دەچەسپێت . دوای ئەوە دامەزراندنی سەمای { ئانکۆکیو بۆتۆها } وەک سەمایەکی ڕەش دەبێتە دەروازەی ئەو جیهانە جۆراوجۆرە .

( تەتسیومی های ییاکاتە ) لەبنەمایەکی بیری و دیدێکی قوڵەوە ئەو ناوە دەکاتە چەمکی بەرەوپێشەوە چوونی سەماکەی . ئانکۆکیو مانای ( ئەو کەسەی کە لە دارستاندایە ) دەگەیەنێت . بۆتۆهاش وشەیەکی زۆر کۆنی یاپانییەو بە مانای سەما دێت . کە پێکدا ناوەکە دەبێتە ( ئەو کەسەی لە دارستاندا سەمادەکات ) . ئەم هونەرمەندە ئەو وشە زۆر کۆنەی لە سترکتورێکی نوێیدا بەکارهێناوەتەوە .

{ شەو } پانتاییەکی زۆر گرنگە لە سەرەتای پرۆژەکانی های ییاکاتدا . تاریکی شەو ، توندوتیژی و ئیرۆتیک لایەنێکی گرنگی ئەو هاوکێشە ئەفسانییە بووە . لە پرۆژەکانی ( تەتسیومی های ییاکاتە) دا تەنها سەمازانی پیاو بەشداریان کردووە . لەگەڵ



ئەوەی { های بیاکاتە ] تەنها سەمازان و لێپرسیارێکی هونەری ئەو گرۆیە نەبووە . بەڵکو وەک مامۆستایەکی شارەزا مەشقی بە ئەندامەکانی کردووە. لەبەر ئەوە زۆر لە سەمازانە هاوکارەکانی ، دواتر گرۆی سەمای تایبەت بەخۆیان دامەزراندووە .

یەکێک لەو سەمازانانەی کە لە شەستەکاندا لەگەڵ ( تەتسیومی های بیاکاتە ) دا کاری کردووە { ئاکایی مارۆ ] Akji Maro بووە ، کە گرۆی { دایرارە - کیو - دا - کانی } دامەزراندووە . دواتر لە ڕوانگەی ئەو گرۆیەوە گرنگترین و ناسراوترین گرۆی سەمای { بوتو ] ی یاپانی دامەزراوە . ئەمڕۆ گرۆی [ سانکای یوکیو ] بە گرنگترین و بەناوبانگترین گرۆ سەمازانەکانی { بوتۆ ] ی یاپانی دادەنرێت .

**نیشیو ئاماگاتسیو و گرۆی سانکای یکیو**

ئەم هونەرمەندە دیاترین ڕێژیسۆر و کۆریوگرافی دوا نەوەی سەمای { بوتۆ ] یە . خاوەنی فەلسەفەیەکی قوڵی مرۆڤیانەیە . لە دیدێکی پڕ بەهای فەلسەفەیەکی سەراپاگیرەوە بۆ گەردوون و مرۆڤایەتی مێتودی پرۆژەکانی کردۆتە سترکتورێکی ئێستاتیکی .

لەو دیدە بەرفراوانەی ئەم هونەرمەندەوە ، سنورەکان بونیان نامێنێ و مرۆڤ وەک بوونەوەرێکی جیهانی سەیردەکرێ . هەروەها زۆر بەروونی دووپاتی دەکاتەوە کە بنەما سەرەکیەکانی رۆح و هەست و سۆز لەلای مرۆڤایەتی یەکێکە . بەهانەی کولتووری جیاوازو وڵاتی جۆراوجۆر ئەو بۆچوونە بە ( ئاماگاتسیۆ ) لەق ناکات . لەلای ئەو سنورەکان دروستکراون و ڕۆحی مرۆڤ سەرچاوەو بنەما سەرەکیەکانی جیهانێکی گشتگرە .

لە یەکێک لە چاوپێکەوتنە ڕۆژنامەگەرییەکاندا لە ستۆکهۆڵم بە شانازییەوە دەڵێت :- بەڵێ ئێمە یاپانیین ! ئێمە دەربڕی هەستی یاپانین . بەڵام بەرلەوەی یاپانییبین مرۆڤین و ئێمەش بەشێکین لەم گەردوونە .

سەماکانی ئەم هونەرمەندە داڕشتەیەکی پڕ لە سەرمۆنی ، یاخود سترکتورێکی سرووت ئامێز { ریتواڵی ] هەرە یەکەی پرۆژەکانیەتی . ریتواڵ یەکەیەکی بەهێزی ئەو دیدە دەروێش ئاساییە پێکدێنێ ، بەڵام ئاماژەی ئەوەش دەکات کە ئەو ریتواڵە بۆ خۆی دواتر ئامێزانی ئێستاتیکای ئەم سەمایە دەبێت : ئەم سەما ریتواڵییە هیچ پەیوەندیەکی بە ئاینەوە نییە . ئەوەی لەسەر شانۆ ڕوودەدات لە چیاکان و کەناری لاوی ڕووبارەکانەوە چاوگە وەردەگرێت .

ڕوخسارو جەستەی ڕووتی سەمازانەکان سپی دەنوێنن . مەبەستی ئەم هونەرمەندە ئەوەیە کە بینەران لە بۆچوونێکی تردەوە مرۆڤ ببینن . مرۆڤێک دوور لە ڕەگەز و پێناسێکی دیاریکراوەوە . ئەو جەستە و سیما سپیەش شێوازێکی نوێ نیە لە کولتووری یاپاندا . بەڵکو بەر لە ٥٠٠-٦٠٠ ساڵێک وەک داب و نەریتێک لە نێو شانۆی ( نو و کابوکیدا ) بەکارهێنراوە . ئەمە جگە لەوەی لە ریتواڵ و کولتووری کۆن و سەرەتایی زۆر هۆز و میللەتدا دەبینرێت . لەم ڕووەوە ( ئاماگاتسیو ) دەڵێت :- من دەمەوێت بەمە جۆرە بێلایەنیەک بەدەست بهێنم . بەڵام بینەران سەربەستن ئەو کاراکتەرانە بە چ شێوەیەک و بە چ ڕەگەزێک دەچوێنن . هەروەها ئەم هونەرمەندە دەیەوێت بینەران بگەرێنەوە بۆ بنەما سەرەتاییەکان لە ناخی خۆیاندا . لەم ڕووەوە { ئاماگاتسیو ) دەڵێت :- من بەشوێن ئەو بنەما چۆنیەک و سەرەتاییانەی مرۆڤایەتیدا دەگەرێم . زمانی جەستە ، لەش و زاکیرەیەکی هاویەش جۆرە دیالۆگێک لەگەڵ سەرچاوەکانی ژیانی مرۆڤایەتی و گێتی [ زەوی ، ئاو و خۆر ] دروستدەکەن .

هەموو پرۆژە سەماکانی ئەم هونەرمەندە پێناسی تایبەتی خۆی هەیە . بەڵام لە ڕوانگەیەکی لۆژیکییەوە تەواوکەری یەکترین . هەمیشە نەمایشەکان لە حەوت تابلۆ پێک دێت ، هەر تابلۆیەکیش لە دە تا بیست وشە پێکهاتووە . ( ئاماگاتسیو ) دەڵێت من هەوڵئەدەم ئەو وشانە وەک ئاو لە ناو جەستەی سەمازانەکاندا هاتووچۆ بکات ، تا ئەو تابلۆیە لەرێێ دەربڕینەوە پیشانبدات .

**بوتۆ و بودیزم**

جەستە گرنگترین ئامرازی سەمایە، جەستە بە قوڵیی هەست و هۆشی مرۆڤایەتی بەرجەستە دەکات . سەمای

{ بوتۆ } و جیهانی ( نیشیۆ ئاماگاتسیۆ ) وەک لە سەرەوە ئاماژەمان بۆ کرد لە سنورێکی بەرزی ریتواڵ ئاسای پڕ لە ئەفسوندا بەرجەستە دەبێت . سەمازانەکان لە ڕوانگەی

هەستێکی بەرزی ڕۆحییەوە هەناسە دەدەن و جەستە و شوێن دەبێتە یەکەیەکی میتۆلۆژی.

هەر لە سەرەتای دەرکەوتنی ئەم گرۆیەوە ڕەخنەگرەکان ئاماژەی جۆرە پەیوەندیەکی هاوبەش لە نێوان سەمای ( بوتۆ ) و ڕیتواڵی بوودیزمەکاندا دەبینن .

ئاشکرایە بودیزم و ڕێبازی ( زن ) پانتاییەکی بەرین و ئاستێکی قوڵی دینی و کلتوری گەلی یابانە . ڕێبازی ( زن ) یش وەک لایەنێکی گرنگی بودیزم هەر لەیابان لەسەردەمی خێزانی [ تانگ ] ٦١٨-٩٠٦ سەری هەڵداوەو زیاتر لە نێوان ساڵانی ١٢٦٨ - ١٦٤٤
دا بڵاویۆتەوە .

( قووتار ) بوون یەکێکە لە خاڵە هەرە گرنگە فەلسەفیەکانی ( زن ) و بەبروای ئەوان هەموو خودێک دەتوانێت وەڵامی پرسیارەکانی لە ناوەوەی خۆیدا بدۆزێتەوە . سیمای بودیزم یەکێکە لە گەوهەرە گرنگەکانی سەمازانەکانی گرۆی [ بوتۆ ] . لە بێدەنگیەکی قوڵدا لەسەر زەوی لە بارێکی زۆر ناتەبادا دادەنیشن . هێدی هێدی دەبزوێن . بینەران تەنها گوێیان لە هەناسە هەڵمژینێکی قوڵ و هەناسە دانەوەیەکی درێژ دەبێت . یان لە دارشتەیەکی پڕ لە ئەفسون و ریتم و ریتواڵ ئاسادا ، هەندێ جار بەڕووتی و هەندێ جار بە تەنها بەرکۆشێکەوە دێنە ژوورەوە . لە دارشتەی ئەو داستانە ڕۆحیەدا نوزەی مۆسیقایەکی زۆر تایبەتی تێکەڵ بە هەناسەی سەمازانەکان دەبێت . ئەو هەناسە قوڵە لەگەڵ هێزی ئەو نوزە مۆسیقیەدا هەموو پانتایی ژوورەکە داگیر دەکات ، تا بەمە ریتواڵێکی قوڵی تێرامانی ڕۆحی - شوێن ، سەمازانەکان و بینەران - پێکەوە گرێ دەدات .

لەو هاوکێشەیەدا جەستە ، زەمەن و شوێن دەبێتە پانتاییەکی گشتی . یەکە یەکە بەرژانێکی رووبار ئاسایانە و هەناسەیەکی قوڵی

[ بودی ] یانەوە دەبنە پانتاییەکی بەتاڵ .

لە فەلسەفەی ئەم گرۆیەدا هەموو سەمایەک ژیان لە دوو بۆچوونەوە دەبینێت . بۆچوونێکیان ئەو گەشتە پڕ لە سەمەرەیەی مرۆڤە کە لە لەدایک بوونەوە تا مردن ، دواتر بۆچوونەکەی تریان ئەو بەرەوپێشەوە چوونە ئەبەدییەی زەمەنە کە لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر درێژە دەکێشێ .

( ئاماگاتسێو ) لە نەوەی دووەمی سەمای [ بوتۆ ] یە . لە شاکارەکانی ئەمدا ئەو گرۆتێسکە توندوتیژە نابینرێ کە لەلای سەمازانەکانی [ بوتۆ ] ی یەکەمی دوای جەنگدا دەبینرێ . گرنگی پرۆژەکانی ئەم هونەرمەندە ئەوەیە کە لەو نێوەندە پڕ لە ریتواڵە ئەفسونییەدا شێوازێکی هونەری و ئێستاتیکی ئازادی هەیە .

شوێن بەمانا دیاریکراوەکەی بوونی نیە . شوێن زەمەن و مێژوو و کولتووری جیاواز لە خۆدەگرێت و لە هاوکێشەیەکی پێکداچوودا کۆیان دەکاتەوە . ئەو هاوکێشە پێکداچووەش سترکتوری دارشتەیەکی میتۆلۆژی ریتواڵ ئامێز پێکدێنێ . لەو دارشتەیەدا هەناسەی بودیزم وەک خەونێکی ئەبەدی و ڕۆحێکی ڕزگاربوو هەستپێدەکرێت .

### جووڵەیەکی ئەبەدی

ژیان و واقع ، فەلسەفەو کولتوورێکی دێرین و دەوڵەمەند لە سترکتوری سەمای [ بوتۆ ] لە ڕەهەندێکی ئەفسونیەوە بینەران پەلکێشی گەردوونێکی پڕ لە جووڵەی ئەبەدی دەکات . پێگەیشتنێکی پڕ لە خەون و جیهانێکی پڕ لە میتۆلۆژیایە . زمانێکی مەجازی داستان ئامێز یەکە یەکەی دەمار و جەستە و جووڵەی سەمازانەکان بەئامادەبونی ڕۆح و جەستەوە پیشاندەدرێ .

لە وێدا ئەو جەستانە لەسەرو هەموو پانتاییە بینراوەکانەوە ، واقعێکی تری داب و نەریتێکی کۆنی یاپانیی دەکەنە زەمینەی ئەو ریتواڵە ئەفسونیە . هەستان و سەرلەنوێ کەوتنەوەیەک دەبێتە فڕینی باڵندەیەکی بێئارام ، یان جەستەی بوونەوەرێکی زیندوو ، دوور لە دیاریکردنی هیچ جۆرە ڕەگەزێک ، کە خەون و ئەندێشە دەکاتە واقعێکی تەلیسماوی . مۆسیقا ئەو هاوکێشەیە دەکاتە تابلۆیەکی زیندوو . ئەو ووزەیە دەبێتە هاواری پۆلە باڵندەیەکی کۆچەری .

لە کاتێکدا ( ئاماگاتسێو ) سەبارەت بە جووڵە قسە دەکات و پەنجە بۆ ئەو بوارە ڕادەکێشێت کە لەنێوان هێز و خاوبوونەوە - گرژی و چڕبوونەوەی لەشدا هەیە . ئەمەش بەراوورد دەکات لەگەڵ ئەو چەمکەی لە ڕۆژئاوا پەیرەوی دەکرێت . زۆر جار لەڕۆژئاوا ئەو بارستە بەهێزە بەهەمان شێوە دوای پانتاییەکی لێکچوی بەهێز دەکەوێت .

( ئاماگاتسێو ) جۆرە دەیالۆگێک لە نێوان مرۆڤ و بارستەدا بەرجەستە دەکات .لە کاتێکدا سەمازانێک لەبارێکی ڕاکشاوەوە بەرز دەبێتەوە ، گۆرانکارییەک تێکرای سترکتورە ئێستاتیکی و بیریکە دەگرێتەوە . پەیوەندیەکان لەبارێکی گەورە و سەراپاگیرییەوە دەگوێزرێنەوە بۆ جۆرە پەیوەندیەکی زۆر بچوک بە زەوییەوە .

زۆر کتوپڕانە ئەو جەستە پڕ لە وزە ڕۆحیە بەپێوە دەوەستێت و ڕووبەڕووی بینەران دەبێتەوە . بارێکی زۆر چڕی پڕ لە چاودێری ، پڕ لە چاوەڕوانی لە دەربڕینێکی بەرزدا دەبێتە سترکتوری پانتاییەکە .

گرنگی ئەم پرۆژە سەما ئامێزانە لەوەدایە کە گەردوونێکی تایبەت بەخۆیان پیشاندەدەن ، لەو گەردوونەدا بوونەوەرە زیندووەکان چەمکێکی فەلسەفین ، بوونێکی گشتگر و ئامادەبوون . ئامادەبوونیش لەو گەردوونەدا ڕەهەندێکی تەلیسماوییە .

نەخشەی گەشتی لەدایکبوونە تا مردن . لەو گەشتەدا جەستە لە نێوان هیوا ، دەسەڵات و هێزە سروشتیەکاندا لە کێشەیەکی گراندایە . هێزی دەسەڵاتێکی نادیار ئامادەبوونێکی مەزنی هەیە . ئەو دەسەڵاتە لە تەقەلایەکی بەردەوامدایە تا جەستەکان شۆڕبکاتەوە بۆ ناخی زەوی .

دەنگ تاریکیە لە ڕووناکیدا و مرۆڤیش ڕووناکیە لە تاریکیدا . ( ئاماگاتسێو ) بەم شێوەیە لە دوا شاکاری خۆی هیۆمێکی Hiyomeki دەدوێت .

**سەرچاوەکان**

ڕۆژنامەی سڤێنسکە داگبلادێت . ١-٦-١٩٩١ و ١١-١٢-١٩٩٩ و ١٣-١٢-١٩٩٩

ڕۆژنامەی ناوچەی ستۆدەرتالیە ، ڕۆژی ١٦-٥-١٩٩٤

ڕۆژنامەی داگس نیهێتەر ، ڕۆژی ١٣-٢-١٩٩٩ و ٢٢-٢-١٩٩٩

# پرسی کورد و شیعری کوردی له فێستیڤاڵی جیهانیی ئەدەب له نەرویج





توماس ترانسترۆمەر    کنوت ئۆدێگۆرد    ئامۆس ئۆز

له رۆژانی ٧ تا ١٢ی مانگی ئۆگۆستی ئەم ساڵدا حەوتەمین فێستیڤاڵی جیهانیی ئەدەب (فێستیڤاڵی بیۆرنسۆن) له شاری مۆڵدێ له نەرویج بەسترا که دەیان شاعیر و نووسەر و باسکار و هونەرمەندی جیهانی و نەرویجی بەشدارییان تێدا کرد.

به درێژایی هەفتەیەک شاری قەشەنگی مۆڵدێ، ببووە ناوەندێکی چالاکیی رۆشنبیری و، به دەیان کۆڕی شیعر و چیرۆک و باس و لێکۆڵینەوە و پێشانگای هونەری و ئاهەنگی مۆسیقای جازی به خۆیەوە دی.

هەروا له پاڵ ئەم چالاکییە ئەدەبی و هونەرییانەدا، سێ مەسەلەی گرنگ، بابەتی سەرەکی فێستیڤاڵەکە بوون: مەسەلەی ئیسرائیل و فەلەستین، تورکیا و کورد و مەسەلەی کەمایەتیی (تاتێ)کان، که گروپێکی قەرەجەکانن، له نەرویج.

سەر لەبەیانی رۆژی دووشەممەی (نۆی ئۆگۆستی) بۆ مەسەلەی ئیسرائیل و فەلەستین تەرخان کرابوو. ئەو رۆژە نووسەری ناسراوی ئیسرائیلی ئامۆز ئۆز لەگەڵ سەرۆکی یەکێتیی نووسەرانی فەلەستینی عیزەت غەززەوی بەشدارییان تێدا کرد. جەنەراڵ فریدریک بول هانسێن، که سەردەمێک فەرماندەی هێزی جیهانیی پاراستنی ئاشتی و ناوێژی بووە له سینا سێمینارەکەی بەڕێوە دەبرد. ئامۆز ئۆز که یەکێکە له ناودارترین نووسەرانی ئیسرائیل و بەرهەمەکانی بۆ زیاتر له پانزە زمان تەرجومەکراون، رۆڵێکی گرنگی له پرۆسەی ئاشتی و دامەزرانی پەیوەندی له نێوان نووسەرانی ئیسرائیل و فەلەستیندا گێراوە.

### تورکیا و پرسی کورد

ئێوارەی رۆژی یەکشەممە کۆنفرانسێکی رۆژنامەنووسی له هۆڵی ئوتێلی (ئەلێکساندرا فێرست) بۆ مەسەلەی بازرگانی لەگەڵ تورکیا و پرسی کورد له تورکیادا ساز کرا. لەوێ وەزیری مافی مرۆڤ خاتو هیلدێ فرافیورد یۆهنسۆن و سەرۆکی پێن کلوبی سوید ئۆژێن شۆولینگ، بەرپرسی کتێبخانەی کوردی له ستۆکهۆڵم ئەدیم داغدەڤیرەن، باسکار خاتو بیاتێ سلیدال و چەند کەسێکی دی قسەیان کرد.

دوای نیوەرۆی رۆژی دواتر، له سەعاتی دوو تا سەعاتی هەشت بۆ مەسەلەی کورد و تورکیا و بازرگانی لەگەڵ تورکیا تەرخان کرابوو، ئەم چالاکییە له سێ بەش پێک هاتبوو:

١- بەرپرسیاریی نەرویج، نمونەی تورکیا و پەیوەندیی سیاسی و بازرگانیی نەرویج لەگەڵ تورکیا وەک وڵاتێک که مافی مرۆڤ پێشێل دەکات و حاشا له بوونی کورد دەکات و شەڕی له دژ هەڵگیرساندووە.

سەرەتا وەزیری کاروباری دەوڵەت هیلدێ فرافیورد یۆهنسۆن باسێکی دەربارەی هەڵوێستی حکومەتی نەرویج سەبارەت به چاری ئاشتییانەی کێشەی کورد و پەیوەندی نێوان دەوڵەتی نەرویج و تورکیا پێشکەش کرد، که دواتر کۆمەڵێک پرسیاری زۆری لێکرا به تایبەتی سەبارەت بەو پلانەی حکومەتی نەرویج هەیەتی که دەیەوێت کۆمەڵێک راکێت و چەکی دیکەی مۆدێرن به تورکیا بفرۆشێت، له کاتێکدا تورکیا دەشێت ئەم چەکە له دژی کورد بەکار بێنێت.

دوای ئەو بەڕێوەبەری ناوەندی بازرگانیی نەرویج یۆن ڤێیا باسێکی دەربارەی مەسەلەی بازرگانی و ئێتیک پێشکەش کرد و دووپاتی کردەوە که مەسەلەی بازرگانی نابێت له مەسەلەی ئێتیک و رەوشت جیابکرێتەوە و ئەمە مەسەلەیەکی جیهانییە و پێویستە لەسەر ئاستی جیهان کۆمەڵێک پرینسیپی نوێی بۆ دابندرێت. هەروا وتی ئێمە زۆر به جیدی کار بۆ ئەم مەسەلەیە دەکەین و، داوا دەکەین که له پەیوەندی بازرگانیدا لەسەر ئاستی جیهان، هەڵوێستی کۆنکرێتی سەبارەت بەو وڵاتانە وەربگیرێت که مافی مرۆڤ و مافی کەمایەتیی نەتەوەیی پێشێل دەکەن.

شاعیر و رۆماننووسی نەرویجی ئۆرڤاڵد ستێن، که ساڵانی ١٩٩١ تا ١٩٩٧ سەرۆکی یەکێتیی نووسەرانی نەرویج بووە، تێکستێکی ئەدەبی دەربارەی ئیسماعیل بێشکچی خوێندەوە، که له شێوەی چیرۆکێکی هونەری و ریپۆرتاژێکدا بوو. تێکستەکە بەرهەمی چەند سەردان و دیدارێک بوو لەگەڵ ئیسماعیل بێشکچی له زینداندا، که له فۆرمێکی بەرزی هونەریدا دارێژرابوو.

دوای ئەو خاتو بیاتێ سلیدال، که دوکتوری زانستی سیاسییە و له زانکۆی ئۆسلۆ کاری لێکۆڵینەوە لەسەر کێشەی کورد له تورکیا و باشووری کوردستان دەکات، باسێکی گرنگی سەبارەت به بازرگانی و مافی مرۆڤ، نموونەی تورکیا، پێشکەش کرد. له باسەکەیدا باسی ئەو دەستدرێژییانەی کرد که دەوڵەتی

تورک دەیکاتە سەر مافی مرۆڤ و سەر کورد، چەندان نموونەی سەبارەت بە دەستدرێژیی دەوڵەتی تورک بۆ سەر کورد و گرتن و راونانی رووناکبیرانی کورد و تورک و داخستنی رۆژنامە و گۆڤاری کوردی و پەلاماردانی بارەگای پارت و رێکخراوە کوردییەکان خستە روو. هەروا ئەوەی بیرخستەوە کە تورکیا کۆمەڵێک بەڵێنی بە یەکێتیی ئەورووپا داوە سەبارەت بە رێزگرتنی مافی مرۆڤ و بە رەسمی ناسینی کورد کە پێویستە ئەو بەڵێنانە بەجێ بگەیەنێت.

دوای ئەو جەنەراڵ فرێدریک پول هانسێن، باسێکی سەبارەت بە پرسی کورد و مەسەلەی ئاشتی لە تورکیا پێشکەش کرد.

زۆربەی بەشدارانی سیمینارەکە لەو باوەڕەدابوون کە یەکێتیی ئەورووپا و نەرویج دەبێت فشاری زیاتر بۆ تورکیا بێنن و نابێت نەرویج چەک بە تورکیا بفرۆشێت، چونکە ئەم کارە نەک هەر کارێکی بێ ئەخلاقانەیە بەڵکە پێشێلکردنی پرینسیپی دەوڵەتی نەرویجیشە. هەروا باس لە مەسەلەی ڕفاندنی ئۆجەلان و ئەو حوکمە نارەوایەی بەسەریدا دراوە کرا.

٢- بەشی دووەمی سیمینارەکە تایبەت بوو بە تورکیا و کورد، کە سێ نووسەری کورد و تورک، بە مەبەستی دیالۆگ و باسکردنی ئەم کێشەیە، بانگ کرابوون: نووسەری کورد و بەرپرسی کتێبخانەی کوردی لە ستۆکهۆڵم نەدیم داغدەڤیرەن، نووسەر و شاعیر رەفیق سابیر و، نووسەر و رۆژنامەنووسی تورک ئەحمەد ئەڵتان کە لە تورکیاوە هاتبوو.

سەرەتا نەدیم داغدەڤیرەن باسی ئەوەی کرد کە گیروگرفتی تورکیا پێش هەر شتێک گیروگرفتی تورکە، چونکە کاتێک دەوڵەتی تورک حاشا لەبوونی هەر نەتەوە و کولتوورێکی غەیرە تورک دەکات و تەنیا مافی بوون و ئازادی بە تورک دەدات ئەوا بەو مانایەیە کە تورک خۆی گیروگرفتی هەیە. دەوڵەتێکی مۆدێرن و شارستانی ناتوانێت بەم جۆرە رەفتار بکات. دوای ئەوە گوتی من کوردم نامەوێت ببمە تورک. من وەک کوردێک دەمەوێت هەمان ئەو مافانەم هەبێت کە تورکێک هەیەتی. من کوڕەکەم ناوی زۆبینە، کە ناوێکی کوردییە و لە تورکیا ئەم ناوە یاساغە. دوای ئەوە بە زمانی سویدی هەموو ئەو پەرەگراف و برگانەی یاسای تورکیای خوێندەوە کە حاشا لە بوونی کورد دەکەن و، بە هۆیانەوە سزای هەر کەسێک دەدرێت کە باس لە بوونی کورد و کێشەی کورد لە تورکیادا بکات. ئەو ئیسماعیل بێشکچی بە نموونە هێنایەوە کە هەموو تاوانەکەی ئەوەیە کە رووناکی دەخاتە سەر بوونی کورد لە تورکیا و دەخوازێت پرسی کورد بە رێیەکی ئاشتییانە بێتە چارەسەر کردن. هەروا کاک نەدیم کۆمەڵێک پێشنیاری سەبارەت بە چارەسەری ئاشتییانەی پرسی کورد و رۆڵی نەرویج، وەک ئەندامێکی ناتۆ، لە چارەسەری کێشەکەدا پێشکەش کرد.

دوای ئەو رەفیق سابیر باسی ئەوەی کرد کە لە کاتێکدا دونیا بەرەو سەدەی بیستویەک هەنگاو دەنێت هێشتا تورکیا حاشا لە بوونی کورد دەکات. ئێستا باس لەوە دەکرێت کە تورکیا مافی کولتووریی کورد بناسێ و رێگەی خوێندن و بڵاوکردنەوە بە زمانی کوردی بدات. سەیرە تورکیای ئەندامی ناتۆ، کە دەخوازێت بێتە ئەندامی یەکێتیی ئەورووپا، تەنانەت هێندەی جەللادێکی وەک سەدام حوسێن و کۆماری ئیسلامی ناتوانێت تەحەمولی بوونی





پیا تافدروپ          نەدیم داغدەڤیرەن          ئەحمەد ئەڵتان

کورد بکات و دان بە بوونی کورددا بنێت. دەیان ساڵە تورکیا جینۆسایدی کولتووری و فیزیکی دژی کورد پیادە دەکات. تورکیا تا ئێستا لەسەر ئەساسی ئایدیۆلۆژیایەکی رەگەزپەرستی بەڕێوە دەچێت، کە ئایدیۆلۆژیای کەمالیزمە. هەر بە پێی ئەم ئایدیۆلۆژییە زیاتر لە ملیۆنونیوێک ئەرمەن کوژران. نزیکەی ملیۆنونیوێک یۆنانی راگوێزران و سەدان هەزار کورد و ئاسووری لەناوبران. لە مێژووی نوێدا دەوڵەتی تورک، بەر لە ئەڵمانیای نازی جینۆسایدی داهێناوە. تورکیا وەک هەر دەوڵەتێکی ئایدیۆلۆژی دەستکردەو بەزەبری حوکمی عەسکەری و کۆمەکی ناتۆ راگیراوە. هەروا گووتی بەردەوام کوردستان لە ژێر حوکمی عورفی (عەسکەری) دابووە. ئەوەی ئەمڕۆ لە کوردستاندا حوکم دەکات عەسکەرە. تەنانەت سەربازێکی تورک دەتوانێت هەر کوردێک بگرێت و بکوژێت. لە کۆتاییدا گوتی: ئایا بۆ ناتۆ ئەوە گرنگە کە نەتەوەیەک ئیبادە دەکرێت، یان ئەوە گرنگە کە کێ ئەو نەتەوەیە ئیبادە دەکات؟

دوای ئەوە نووسەری تورک ئەحمەد ئەڵتان، کە چەند جارێک لەسەر نووسین سەبارەت بە کێشەی کورد توشی سزای جۆربەجۆر بووە، قسەی کرد. بەلام ئەو زۆر بە پەرێزەوە دوا، چونکە دوو تورک، کە وەک میتی تورک رەفتاریان دەکرد، بە ناوی گوایا کۆمەڵەی کولتووری ئەتاتورک لە ئۆسلۆ، هاتبوون و لە هۆڵەکەدا هەندێ قسە و رەفتاری هەرزەکارانەیان نواند، کە بوونە مایەی بێزاری ئامادەبووان. هەروا رۆژی پێشتر بە توندی سەرزەنشتی ئەحمەد ئەڵتانیان کردبوو چونکە، خۆیان گوتەنی، لەگەڵ کەسانی سەر بە پ ک ک بەشداری سیمینار دەبێت.

ئەحمەد ئەڵتان لە وتەکانیدا دووپاتی کردەوە کە پێویستە پرسی کورد لە تورکیادا بە جۆرێکی ئاشتییانە چارەسەر بکرێت. بەلام ئەڵتان، بە جۆرێک کە بۆ هەندێک چاوەڕوان نەکراو بوو، گووتی: مەسەلەی ئاڵا شتێکی گرنگە، ئێوە خۆتان داکۆکی لە ئاڵای خۆتان دەکەن و رازی نابن کەس دەست لە ئاڵاکەتان بدات، کەواتا مافی ئەوەتان نییە داوا لە خەڵک بکەن بە هەمان شێوە ئاڵای خۆی نەپارێزێت. هەروا گوتی مەسەلەی کورد لێرە چارەسەر ناکرێت بەڵکە لە تورکیا چارەسەر دەکرێت. دوای ئەوە گووتی کە ئەو باوەڕی بە ئاڵا و سنوور نییە. ئەمە قسەیەکی جوانە بەلام گوتنی لەم کات و شوێنەدا زیاتر خۆدزینەوە بوو لە باسکردنی مەسەلەیەکی گرنگ کە بە هۆیەوە ئەو بە تایبەتی لە تورکیاوە بانگکرابوو. پێدەچوو ئەڵتان بزانێت کە قسەکانی دەکرێنە راپۆرت و پێش گەیشتنەوەی خۆی بۆ تورکیا دەگەنەوە میتی تورکی، بۆیە نەی دەویست دوای گەڕانەوە خۆی تووشی گیروگرفت بکات.

دوای ئەوە کۆمەڵێک لە ئامادەبووانی سیمینارەکە قسەیان کرد و هەندێ پرسیاریان کرد. سیمینارەکە لە لایەن سەرۆکی

یەکێتیی نووسەرانی نەرویج (کارشتین نالنیس)ەوە بەڕێوە دەچوو.

٢- دوای تەواوبوونی سیمینارەکە ئەدیم داغدەڤیرەن پێشانگای کتێبە یاساغەکان و گوڵە یاساغەکانی کردەوە. بەشێکی پێشانگاکە لەو کتێبە کوردی و تورکییانە پێکهاتبوو کە لەتورکیا یاساغ کراون. بەشی دووەمی پێشانگاکە وێنەی هەموو ئەو گولانەی بەخۆگرتبوو کە ناوی کوردییان هەیە و لە تورکیادا ناوەکانیان یاساغ کراون. ئەدیم بە وتەیەکی کورت پێشانگاکەی کردەوە و کووتی: لە سەدەی رابردوودا کۆمەڵێک بوتانیکی ئەوروپایی چونەتە کوردستان و هەموو ئەو گولانەی کە لە کوردستان بینیویانە وێنەیان گرتوون و ناوەکانیان نووسیون، ئێستا ئەم ناوانە لە تورکیا یان گۆڕدران، یان بە «جوداخواز» لە قەڵەم دەدرێن و یاساغ کراون.

شایەنی باسە کە چەند رۆژنامەیەکی نەرویجی وتار و ریپۆرتاژیان سەبارەت بە سیمینارەکە و پێشانگاکە بڵاوکردەوە و دیداری تایبەتییان لەگەڵ ئەدیم داغدەڤیرەن، رەفیق سابیر و ئەحمەد ئەڵتاندا کرد.

* مەسەلەی سێیەمی فێستیڤاڵەکە تایبەت بوو بە کەمایەتیی (تاتێ) کانی نەرویج ، کە دوای نیوەڕۆی رۆژی سێ شەممەی بۆ تەرخان کرابوو. ئەم کەمایەتییە لە نەرویج، لە ساڵانی سییەکانی ئەم سەدەیەوە تا کۆتایی پەنجاکان، ستەمێکی زۆریان بەرامبەر کراوە. بە پێی پرۆگرامێکی دەوڵەت گەلێک لە پیاوەکان دەخەسێندراون و منداڵەکانیان بە زۆر لە دایک و باوکیان دەستێندران و لە خانووی تایبەتیدا و لە ژێر سەرپەرشتیی پیاوانی کڵێسادا پەروەردە دەکران تا بکرێنە نەرویجی.

لەم سیمینارەدا رۆژنامەنووس و باسکاری نەرویجی یاهن ئۆتۆ یوهانسێن باسێکی فراوانی دەربارەی رەچەڵەک و مێژووی تاتێکان و قەرەجەکان پێشکەش کرد و گەلێک لایەنی ئەو ستەمەی باسکرد کە بە درێژایی دەیان ساڵ تووشیان هاتووە.

دوای ئەو نووسەری نەرویجی هارالد فرانز مارتینسێن، کە خۆی سەر بە کەمە نەتەوەیی تاتێیە، باسی ژیانی خۆی کرد کە چۆن هەر لە منداڵییەوە دەوڵەت بە زۆرەملێ لە دایک و باوکی دابڕیوە و لە بارودۆخێکی زۆر سەختدا، لەگەڵ سەدان منداڵی دیکەی تاتێدا پەروەردە کراون. ئەو بە گەروویەکی پڕ لە گریانەوە گووتی: گەلێک لە هاوڕێیانی منداڵیم بەرگەی ئەم جۆرە ژیان و پەروەردەیان نەگرت و سەرەنجام خۆیان کوشت. باسەکە بە ئەندازەیەک کاریگەر بوو کە نووسەر چەندان جار لەناو قوڵپی گریاندا قسەکانی دەبڕی و لەگەڵ ئەویشدا بە دەیان کەس، بە نووسەری ئەم چەند دێڕەشەوە، چاویان پڕ دەبوو لە گریان.

شایەنی باسە کە لەم ساڵانەی دواییدا رووناکبیرانی نەرویج زۆر باسی ئەو ستەمە رەگەزپەرستییە دەکەن کە بەرامبەر بە تاتێکان و قەرەجەکان و سامەکان کراون و، ئەمە بە لاپەڕەیەکی رەشی مێژووی نەرویج دادەنێن. هەروا پێیان وایە کە بۆ ئەوەی ئەمە دووبارە نەبێتەوە پێویستە باس بکرێت و ئەو سیاسەتە رەگەزپەرستییە مەحکوم بکرێت کە ئەو کارەساتەی نابۆوە.

**شیعری کوردی لە فێستیڤاڵەکەدا**

بە درێژایی ماوەی فێستیڤاڵەکە رۆژانە لە سەعاتی هەشتی ئێوارەوە تا نزیکی سەعاتی دەی شەو چوار یان پێنج شاعیر و چیرۆکنووس لە هۆڵی فۆروم، کە شوێنی سەرەکی فێستیڤاڵەکە بوو، بە ئەدەبدۆستان دەناسێندران و لەوێ بەرهەمی خۆیان دەخوێندەوە. هەرچەندە بلیتی چوونەژوورەوە بە ١٢٠ کرۆنی نەرویجی بوو، کەچی هەر ئێوارەیەک نزیکەی دووسەد ئەدەبدۆستێک دەهات.

دوای ئەوە شەوانە لە دوای سەعاتی دەی شەو دوو شاعیر و چیرۆکنووس لە پرۆگرامێکدا بە ناوی (هۆت هات) لە ریستۆرانی ئوتێل (مۆلدێ) پێشکەش دەکران. لەوێ روو بەرووی ئەدەبدۆستان تا دوای سەعاتی دوانزەی شەو بەدەم مۆسیقای جازەوە بەرهەمی خۆیان دەخوێندەوە و دواتر لە گەڵ ئەدەبدۆستاندا دەدوان. بلیتی چوونەژوورەوەش بە پەنجا کرۆن بوو.

ئێوارەی رۆژی یەکەم، لە هۆڵی فۆروم ئەم شاعیر و نووسەرانە بەرهەمی خۆیان خوێندەوە: ژنە رۆماننووسی ئەمریکایی مارلین فرێنچ، کە لە کۆتایی حەفتاکانەوە رۆمانەکانی، بە تایبەتی رۆمانی «ژووری ژنان The Women,s Room»، بە یەکێک لە گرنگترین کتێبی فێمینیستانی ئەمریکا و ئەوروپا دادەنرێت.

هەروا شاعیری ئایسلەندی ئۆرانین ئێلیارن، نووسەری تورک ئەحمەد ئەڵتان و هەردوو نووسەری نەرویجی بریت کارین لارسێن و کارین فۆسوم بەرهەمی خۆیان خوێندەوە.

شەوی هەمان رۆژ لە (هۆت هات) بەدەم مۆسیقای جازەوە نووسەری نەرویجی کارشتین ئالنیس کۆمەڵێک شیعر و نووسەری فەلەستینی عیزەت غەززەوی خوێندەوەو نووسەری کورد ئەدیم داغدەڤیرەن شیعرێکی خۆی بە سویدی خوێندەوە.

ئێوارەی دووەم بە نۆرە شاعیر رەفیق سابیر، نووسەری ئیسرائیلی ئامۆز ئۆز و دوو نووسەری نەرویجی خاتو لین ئولمان و کارشتین ئالنیس بەرهەمی خۆیان خوێندەوە، رەفیق سابیر بە کوردی و دوای ئەو ژنە ئەکتەری نەرویجی خاتو ئینا تەرجومەی شیعرەکانی بە زمانانی نەرویجی و ئینگلیزی خوێندەوە. تێکستە نەرویجییەکان سەرۆکی فێستیڤاڵەکە، کنوت ئۆدیگۆرد و تێکستە ئینگلیزییەکان کەماڵ میراودەلی تەرجومەیان کردبوو.

شەوی هەمان رۆژ لە (هۆت هات) شاعیران گرۆ داهل و ئۆرانین ئێلیارن بەرهەمی خۆیان بە نەرویجی و سویدی خوێندەوە.

ئێوارەی رۆژی سێیەم بۆ چەند شاعیرێکی وڵاتانی سکاندیناڤی تەرخان کرابوو کە ئەم شاعیرانە بوون: شاعیری گەورەی سوید تۆماس ترانسترۆمەر، کە بەرهەمەکانی بۆ بیست زمانی دنیا تەرجومە کراون. لەبەر ئەوەی ترانسترۆمەر توانای پەیڤینی لەدەست داوە ئەوا هاوسەرەکەی، مۆنیکا ترانسترۆمەر، کۆمەڵێک شیعری بڵاوکراوە و بڵاونەکراوەی شاعیری بە سویدی و شاعیر کنوت ئۆدیگۆرد، کۆمەڵێک شیعری ترانسترۆمەری بە زمانی نەرویجی خوێندەوە. هەروا شاعیری گەورەی دانمارک ئۆرکیلد بیۆرنڤیگ و، ژنە شاعیری فرە ناوداری دانمارک پیا تافدروپ، کە ئەمساڵ خەڵاتی ئەدەبی سکاندیناڤیای وەرگرتووەو، شاعیری ناسراوی لیتوانی کۆرنێلیۆس پلاتێلیس، لەگەڵ سەرۆکی فێستیڤاڵ، شاعیری گەورەی نەرویج کنوت ئۆدیگۆرد، کە شیعرەکانی بۆ بیست زمانی دنیا تەرجومەکراون شیعریان خوێندەوە. دەبوایە هەمان ئێوارە شاعیری ناوسراوی فینلاند

کلایس ئەندێرسۆن شیعر بخوێنێتەوە، بەڵام لەبەر ئەوەی توشی نەخۆشییەکی لەناکاوی دڵ هاتبوو نەیتوانی بەشداری بکات.

شەوی هەمان ڕۆژ لە (هۆت هات) بۆ ئامۆز ئۆز و ڕەفیق سابیر تەرخان کرابوو. سەرەتا ئامۆز ئۆز، کە حەوت کتێبی تەرجومەی نەرویجی کراون، لاپەڕەیەکی لە کورتە چیرۆکێکی خۆی بە زمانی عیبری و پاشان چیرۆکەکە و بەشێکی لە ڕۆمانێکی خۆی بە زمانی ئینگلیزی خوێندەوە.

دوای ئەو نزیکەی چل دەقیقەیەک ڕەفیق سابیر چەند کورتە شیعرێکی بە کوردی و چەپکە شیعرێکی خۆی بە سویدی خوێندەوە. کە لە لایەن گۆران مەریوانییەوە کراون بە سویدی و پەخشخانەی لیندێلوو لە سوید وەک کتێبێک بە ناوی وەرزی سەهۆڵبەندانەوە، بڵاوی کردوونەتەوە. هەروا خاتو ئینتا چەند شیعرێکی ئەوی بە زمانانی نەرویجی و ئینگلیزی پێشکەش کرد.

لە ناو نووسەرانی بیانیدا، کە بەشداری ڤێستیڤاڵەکە بوون، تەنیا پێنج شاعیر و نووسەری بیانی، کە سێیان خەڵکی وڵاتانی سکاندیناڤیا بوون، دەرفەتی ئەوەیان بۆ ڕەخسێندرا بوو کە بەرهەمەکانیان هەم لە هۆڵی سەرەکی فێستیڤاڵ و هەم لە شەوانی قەشەنگی (هۆت هات)دا پێشکەش بکەن.

ڕۆژانی دواتر بە هەمان شێوە فێستیڤاڵەکە بەردەوام بوو. کۆمەڵێک نووسەری ناسراوی وەک ئۆژین شۆولینگ، سەرۆکی پێن کلوبی سوید، شاعیری ناسراوی نێجیری بێن ئۆکری، شاعیران و نووسەرانی نەرویجی وەک ئینێلس فرێدریک، مای گرێتێ لێرۆم و چەندانی دی بەرهەمی خۆیان خوێندەوە.

شایانی باسە کە لەپاڵ ئەم چالاکییانەدا سەر لە بەیانیان چەندان بابەت دەربارەی ئەدەبی منداڵان پێشکەش دەکران. لێدوان و پانێل لە نێوان دوو نووسەردا ساز دەکران. یان باسکارێک لێکۆڵینەوەیەکی ئەدەبی پێشکەش دەکرد، کە یەکێک لە دیارترینی ئەو باسکارانە پرۆفیسۆری ئەدەبی سکاندیناڤیا و ئەندامی ئەکادیمیای سوید کنوت ئاهنلوند بوو.

لە کۆتایی فێستیڤاڵەکەدا سەرۆکی فێستیڤاڵ، کنوت ئۆدێگۆرت بە شانازییەوە باسی ئەوەی کرد کە ئەمساڵ فێستیڤاڵەکە لە هەموو ساڵانی تر سەرکەوتوو تر بوو، چونکە، وەک ئەو لە وتەکەیدا گووتی، لە سەرێکەوە لە ساڵانی پێشوو زیاتر نووسەری جیهانی بەشدارییان تێدا کردووە، لە سەرێکی دیکەوە باسکردنی مەسەلەی کورد و تورکیا، فەلەستین و ئیسرائیل و مەسەلەی تاتێکان ناوەرۆکێکی دیکەیان دا بە فێستیڤاڵەکە.

هەروا بە ناوی ڤێستیڤاڵەکەوە داوای لە دەوڵەتی نەرویج کرد کە ئەو ڕاکێت و چەکانەی بڕیارە بە تورکیا بفرۆشرێن ڕایگیرێن چونکە تورک لە دژی کورد بەکاریان دەهێنێت.

فێستیڤاڵی جیهانیی ئەدەب (فێستیڤاڵی بیۆرنسۆن) لە نەرویج ڕووداوێکی گەورەی ئەدەبی بوو، لە هەمان کاتدا دەستپێشخەرییەکی گرنگی یەکێتیی نووسەرانی نەرویج بوو تا لەم ڕێگەیەوە پشتگیریی پرسی کورد بکەن و، لە کاتێکدا کولتوور و زمان و ئەدەبی کورد لە تورکیادا یاساغ کراون، کەچی ئەوان شوێنێکی تایبەتیی لە فێستیڤاڵی ئەدەبی جیهان بۆ پرسی کورد و کولتوور و شیعری کوردی تەرخان دەکەن. ئەمەش بۆ نووسەرانی نەرویج شتێکی سەیر نییە، چونکە ئەوان لە زۆر بواردا توانیویانە ڕۆڵێکی گرنگ لە مەسەلە کولتووری و ئەدەبی و سیاسییەکانی دنیادا بگێڕن.

## فێستیڤاڵی شیعری کوردی-دانمارکی و

## پێشانگای شێوەکاری کوردی

ڕۆژانی ٢٩ و ٣٠ مانگی مای فێستیڤاڵی شیعری کوردی-دانمارکی و پێشانگای شێوەکاری کوردی لە شاری کۆپنهاگن ڕێکخرا، کە کۆمەڵێک شاعیری کورد و دانمارکی شیعریان خوێندەوە و، لە پێشانگاکەشدا کۆمەڵێک هونەرمەندی کورد تابلۆکانی خۆیان پێشاند. هەروا هونەرمەند دڵشاد سەعید چەند پارچە ئاوازێکی خۆی لەم فێستیڤاڵەدا پێشکەش کرد. ئەم فێستیڤاڵە لە لایەن کۆمەڵەی نووسەرانی دانمارکەوە ڕێک خرابوو.

ڕۆژی یەکەمی ڤێستیڤاڵەکە بە نۆرە ئەم شاعیرە کورد و دانمارکیانشیعریان خوێندەوە:

فەرهادشاکەلی،پێتەرپۆولستێن،عەبدوڵڵاپەشێو،سامفلەیشەر،شێر کۆبێکەس(کەفەرهاد سەنگاوی لە جیاتی ئەو شیعرەکانی خوێندەوە)، ئێریک ستینوس، خاڵە حەمە، عادل ئێردیم.

ڕۆژی دووەم ئەم شاعیرانە بە نۆرە شیعریان خوێندەوە:

ڕەفیق سابیر، ڤیگگۆ مادسێن، ماریانا لارسێن، ڕێبوار سیوەیلی.

شاعیرە کوردەکان بە کوردی شیعرەکانیان دەخوێندەوە و، هەندێک شاعیری دانمارکی تەرجومەیشیعرە کوردییەکانیان بە دانمارکی دەخوێندەوە.

بەڵام لە پێشانگا هونەرییەکەدا ئەم هونەرمەندانە تابلۆکانیان پێشان دابوو: مەدحەت کاکەیی، قەرەنی جەمیل، ئازاد نانەکەلی، وەلید ستی، نیاز ئەلیەیاتی، جەلال، بەهادین و دیار عوبێد عەبدولقادر.

هەروا کتێبخانەی هەرزان، لە ڕۆژانی فێستیڤاڵەکەدا، کتێب و سیدی و کاسێتی بۆ فرۆشتن دانابوو.

ئەم فێستیڤاڵە لە لایەن کۆمەڵەی نووسەرانی دانمارکەوە ڕێکخرا بوو. سەرۆکی کۆمەڵەکە، لە وتارێکدا وتی، کە هیوادارن لە داهاتوودا کاری زیاتر بۆ ناساندنی کولتووری کوردی بە خەڵکی دانمارک بکەن.

خەڵکێکی زۆری کوردی دانشتووی دانمارک و شیعردۆستانی دانمارکی بەشداری فێستیڤاڵەکە بوون. هەروا پەیامنێری گۆڤاری گەلاوێژی نوێ لە سوید، کاک ئاشنا کەمال، ڕیپۆرتاژێکی درێژی، بە وێنەو چاوپێکەوتنەوە، سەبارەت بە فێستیڤاڵەکە ئامادە کرد، کە نیاز وایە لە دوا ژمارەی گەلاوێژی نوێدا بڵاو ببێتەوە.

# دوو کۆمەڵە شیعری ڕەفیق سابیر به سوێدی و فارسی




**Istidens epok, Rafik Saber**

ڕەفیق سابیر، وەرزی سەهۆڵبەندان
گوڵبژێر و وەرگێڕانی بۆ سوێدی گۆران مەریوانی
بەخشخانەی لیندێلۆو، سوێد ١٩٩٩

له مانگی سپتەمبەری ئەمساڵدا گوڵبژێرێکی شیعرەکانی شاعیر ڕەفیق سابیر به سوێدی و له کتێبێکی قەشەنگی سەدو بیست لاپەڕەییدا، له لایەن بەخشخانەی سوێدی (لیندێلۆو)ەوه بڵاوکرایەوه. نووسەر و وەرگێڕ گۆران مەریوانی شیعرەکانی هەڵبژاردوون و کردوونی به سوێدی، پەراوێزی بۆ هەندێ له شیعرەکان و دوا وتەی بۆ کتێبەکه نووسیوه. هەروا نووسەری گەورەی سوێدی توربیۆرن سێفڤێ پێشەکی بۆ شیعرەکان نووسیوه. لەگەڵ کتێبەکه سیانزه نیگاری هونەرمەند ڕێبوار سەعید بڵاوکراونەتەوه. هەروا هونەرمەندی سوێدی ئێرلینگ نۆهرنێل تابلۆیەکی ڕەنگاورەنگی بۆ بەرگی کتێبەکه بەخشاندووه و، وێنەی کتێبەکه سەرکۆ ئەمین گرتوویەتی.

گۆران مەریوانی لەناو شەش کۆمەڵه هۆنراوەی شاعیردا، که له ساڵانی ١٩٧٤ تا ١٩٩٧ دا نووسراون، سیی هۆنراوەی گوڵبژێر کردوون، لەوانه هۆنراوەی وەرزی سەهۆڵبەندان، که نزیکەی چل لاپەڕەیەکی کتێبەکەی گرتووه و کتێبەکەش ناوی هەمان هۆنراوەی بەخۆگرتووه. ئەم گوڵبژێره پڕ دیققەت و نەخشەڕێژکراوەی گۆران دەتوانێت وێنەیەکی تا ڕادەیەک ڕوون سەبارەت به ڕەوشی شیعری ڕەفیق سابیر له ماوەی چارەکه سەدەیەکدا به خوێنەری سوێدی پێشان بدات.

گۆران مەریوانی له دوا وتەی کتێبەکەدا باسی شاعیرانی کورد له حەفتاکان دەکات و دەنووسێ که ئەو کاته لەناو هەموو شاعیرانی حەفتاکاندا ئەم حەزی له شیعری دوو شاعیر کردووه، که یەکێکیان ڕەفیق سابیر بووه. دوای ئەوه باس له ڕەوشی گۆڕان و پێشکەوتنی شیعرەکانی ڕەفیق دەکات له هەشتاکان و نەوەتەکان. بەڵام سەبارەت به چۆنییەتی هەڵبژاردن و وەرگێڕانی شیعرەکان دەنووسێ که ئەو شیعرانەی هەڵبژاردوون و کردوونی به سوێدی که خۆی پێیوایه له چێژی خوێنەری سوێدییەوه نزیکن.

شایانی باسه که گۆران مەریوانی نزیکەی دوو ساڵ و نیو خەریکی وەرگێڕانی ئەم شیعرانه بووه.

نرخی کتێبەکه لای کتێبفرۆشی شارەکانی سوێد به ١٩٥ کرۆنه، بەڵام له ڕێگەی ڕابوونەوه، یان ڕاستەوخۆ له ڕێگەی بەخشخانەکەوه، نرخی کتێبەکه به کرێی پۆستەوه تەنیا ١٢٠ کرۆنه.

ئادرێسی بەخشخانەکه:

**Lindelöw bokförlag**
**Box 17133**
**402 61 Göteborg**




**رفیق صابر، برهنه در کشتگاه خاکستر**

(ڕەفیق سابیر، ڕووت له کێڵگەی خۆڵەمێشدا)
وەرگێڕانی بۆ فارسی فەرەیدوون ئەرشەدی
بەخشخانەی (انتشارات پاسارگاد) تاران ١٩٩٩

ڕووت له کێڵگەی خۆڵەمێشدا ناونیشانی کۆمەڵه شیعرێکی دیکەی تەرجومەکراوی ڕەفیق سابیر-ه که له سەرەتای ئەمساڵدا له تاران به فارسی بڵاوکراوەتەوه. هۆنراوەکان له لایەن شاعیرو نووسەر فەرەیدوونی ئەرشەدی، که یەکێکه له دەنگه نوێیەکانی شیعری کوردی له ڕۆژهەڵاتی کوردستان، کراون به فارسی و، شاعیری ناسراوی ئێرانی سەید عەلی ساڵحی پێشەکی بۆ نووسیوه.

کتێبەکه ٧٩ لاپەڕەیه و هەژده هۆنراوەی شاعیری بەخۆ گرتووه، لەوانه بەشێک له هۆنراوەی لاوکی هەڵەبجه. زۆربەی شیعرەکان له ناوەڕاستی حەفتاکان تا کۆتایی هەشتاکان نووسراون.

دانا صوفی

# ئەسپیدیلۆن

## پرۆسەی ئاسانکردنەوەو شەفافیەت




کتێب: ئەسپیدیلۆن - کۆمەڵە چیرۆک

نووسەر: کاروان عومەر کاکە سوور

قەوارە: ٢٢٠ لاپەرە

چاپی یەکەم، سوید ١٩٩٨

لە بڵاوکراوەکانی گۆڤاری ڕابوون،کتێبی ژمارە(١١).

ئاسان نییە لەم سەردەمە ئاڵۆزو جەنجاڵەدا بە سادەیی و ڕوونی خۆت دەربڕیت. باشتر بڵێین ئاسان نییە لە زەمەنێکی پڕ پێچ و پەناو لە زەمەنێکدا کە سادەیی و ڕووکەشیی خەسڵەتی بە هێزی هۆکانی ڕاگەیاندن و سیاسەت بن، لەو سەردەمەدا بە سادەیی هونەر بخوڵقێنیت. بە زمانێکی سادەو بە زمانێکی بێ گرێ و تەمومژی زمانەوانیی بتوانیت لە کێشە ئاڵۆزو پرسیارە گەورەکانی ئەم سەردەمە بدوێیت. ئەمە ئەو شێوازەیە لە ئەدەبدا دەکرێ ناوی بنێین شەفافیەت. شاعیری فارس «سهراب سپهری» لەوپەڕی سادەییدا بە شەفافیەت گەیشت. بە بڕوای ئێمە شەفافیەت ئەو ئاستەیە کە زمان لە ئەدەبدا بۆی دەگەڕێت. هەروەها دەشێ بڵێین شەفافیەت تێرڤانای زمانە (بەتایبەت لە شیعر)دا. لێرەدا ئەو پرسیارە دێتە پێشەوە کە ئەم حاڵەتە لە چیرۆکدا چۆن لێکدەدرێتەوە؟

لەوانەیە من لێرەدا نەتوانم وەڵامی ئەم پرسیارە بدەمەوە، بەڵام هەوڵدەدەین بە خستنەڕووی چەند خەسڵەتێکی بنەمایی لە کۆچیرۆکی «ئەسپیدیلۆن» دا ئەو ئاستە شەفافە ببینین لە هونەری چیرۆکنووسیدا، لێرەوە پێویستە بڵێین کە ئێمە باس لە جیهانبینی و دنیای مەعنەوی چیرۆکەکان ناکەین و هەوڵی کردنەوەی کۆدو خوێندنەوەی ئاماژەکانیان نادەین، کە خوێندنەوەیەکی شیکارانەی وردی بونیادەکانی یەکە یەکەی چیرۆکەکانی گەرەکە، بەڵکە ئێمە تەنیا لە ئاستی تەکنیکی چیرۆکەکان قسە دەکەین و بەس. هەروەها لە ڕێی پەیوەندییەکانی چەمکی شەفافیەتەوە باری گشتی چیرۆکەکان وەک دەقێک دەخوێنینەوە.

### زمان لە ئاستی گێڕانەوەدا

شیعریەت چەمکێکی ترە کە دەکرێ لە «ئەسپیدیلۆن» دا لەگەڵ چەمکی شەفافیەت ڕووبەڕووبێتەوە بە پێچەوانەی تێڕوانینی گشتیمان بۆ ئەم دوو چەمکە کە هەردووکیان دوو حاڵەتی هونەرین. پێموایە هەموو شەفافیەتێک لایەنێکی شیعریی تیایە، بەڵام شیعریەت مەرج نییە هەمیشە شەفاف بێت. شیعریەت داوای زمانێکی چڕو پڕو ئاڵۆزو تەمومژاویمان لێدەکات، کەچی شەفافیەت دەشێ بە زمانێکی زۆر سادە بەرهەم بێت. بەڵام هەردووکیان بە ئاراستەی بەرهەمهێنانی حاڵەتێکی نائاسایی ئیش دەکەن، کە تیایدا خوێنەر (وەرگر) لە لوتکەی خەیاڵکردنەوەو بیرکردنەوەدا لەزەت دەبینێ، کەواتە ئامانجی شەفافیەت و شیعریەت بەرهەمهێنانی بیرۆکەو ئایدیۆلۆژیاو فەلسەفەی مەلموس نییە، هێندەی بەخشینی لەزەتە لە دروستکردنی حاڵەتێکی نائاساییدا. ئێمە لەم کۆچیرۆکەدا جۆرێک لە لێکترازان لە نێوان ئەم دوو چەمکەدا دەبینین، کە تیایدا شەفافیەت دیاردەیەکی بەرچاوە بەڵام زمان لە ئاستێکی شیعرییدا نییە، بەڵکە زمان هێشتا لە ئاستی گێڕانەوەدایە، بەو سونگەیەی کە ئەم حاڵەتی شەفافیەتە لە ڕێی ڕووداوەوە واتە شەفافیەتی ڕووداوەوە قەرەبۆکراوەتەوە، ڕووداویش لە ڕێی گێڕانەوە بەرجەستە دەبێت. لای نووسەر ڕووداوەکان بە پلە یەکی مەرجی هونەری دێن (دەشێ ئەمە خاڵێکی جیاکەرەوەی نێوان شیعرو چیرۆک بێت) ڕووداویش بۆ ئەوەی ئاسانتر دەرک بکرێت پێویستی بە یەک گێڕەرەوە (راوی) هەیە، هەڵبەت ئەگەر چەند (راوی) یەک ڕووداوێک بگێڕنەوە، گۆشەنیگای جیاوازیان دەبێت، چونکە هەمیشە (راوی) تێڕوانینی خۆی تێکەڵ بە گێڕانەوە دەکات، ئیدی گۆشە نیگای جیاوازیش کاریگەری دەخاتە سەر ڕەوتی ڕووداوو تێگەیشتنمان ئاڵۆز دەکات. بوونی تاکە (راوی)یەک لە زۆربەی چیرۆکەکان دەشێ بەشێک بێت لە پرۆسەی خۆ بە دوورگرتن لە ئاڵۆزی و تەمومژ، کە ئەمەش وای لە نووسەر کردوە زمانێکی سەرەتایی و

خودایی بە کاربهێنێ، زمانێک کە خودی شتەکانە، یاخود پەردەیەکی زۆر تەنک هەیە لە نێوانیاندا.

**زێدەڕۆیی لە گێڕانەوەدا**

خەسڵەتێکی تری ئەم کۆچیرۆکە زێدەڕۆییە لە گێڕانەوەدا، واتە شێوازی گێڕانەوەی (راوی) شێوازێکی موبالەغەئامێزە. لێرەدا مەبەستمان موبالەغە نییە لە زماندا، لە چنینی وردو درشتی وشەکاندا، بەڵکە ئەوەی لێرەدا هەیە موبالەغەیە لە رووداو، رووداوەکانیش پەیڕەو لە لۆژیکێکی زەمەنی ئاسۆیی دەکەن. موبالەغە لە گێڕانەوە هەمیشە وا دەکات ئاسۆکانی خەیاڵ فراوانترو فراوانتر بېنەوە. ئەم موبالەغەیە هۆیە لە بەردەستی نووسەر کە تواناکانی تێفکرین و فەنتازیای بخاتە گەڕو بەردەوامی بەکاری گێڕانەوە بدات، ئەمەش لەوانەیە دوو شێوازی بەئەنجام گەیاندنی هەبێ: یەکەمیان وەک وتمان لە ڕێی جەختکردن لەزمان و لە ڕێی خودی پەیوەندییەکانی زمانەوە، کە زمان دەکاتە ئاستێکی ئایدیالی و دەبێتە ئامانج، ئەم شێوازە کەمتر ئاماژەو کۆدی ئاسان دەدات بە دەستەوە. دووەمیان، کە جەخت دەکرێتە سەر رووداو لە رەوتی گێڕانەوەداو هەمیشە هەندێ سەرەداوو وردەنیشانە دەخرێتە روو کە پرۆسەی دەرککردن ئاسان دەکەن، ئەمەش ئەو شێوازەیە کە نووسەری کۆچیرۆکی «ئەسپیدیلۆن» پەیڕەوی کردووە، کە بە بڕوای ئێمە، بۆ بەردەوامیدانە بە ڕەوەندی گەیشتن بە شەفافیەت (لێرەدا نابێ ئەوە لە یاد بکەین کە هەموو ئاسانێک شەفاف نییە، بەڵکە ئەگەر ئاسان لە ئاستێکی هونەری نیشان درابێت، ئەو کاتە دەشێ شەفاف بێت).

**ڕێگر لە بەردەم فانتازیادا**

ئێمە وتمان کە موبالەغە لە گێڕانەوە تواناکانی خەیاڵ دەخاتە گەڕو ئاسۆکانی تێفکرین فراوان دەکات، بەڵام لێرەدا ئەم شێوازەی نووسەر تا سەر بەردەوام نابێ، ئەوەتا لە زۆربەی چیرۆکەکاندا سەرەتا کێشمان دەکات بۆ نێو هەزار بە هەزارەی رووداوەکان و لە نێو ئاسمانی فراوانی پێشهاتە سەیرەکاندا باڵ دەگرین، کەچی دواجار نووسەر دەمانگێڕێتەوە بۆ خاڵی سەرەتاو دەستپێک بەوەی کە ئەمانەی ڕوویاندا هەمووی دالغەیەک یاخود خەونێکی پوچ بوون و هیچیتر. (هەمان حاڵەت لای شێرزاد حەسەن لە چیرۆکی «کەڵە کوڕان و ئاسکە کچان» دا دەبینرێ). من نامەوێ لە لوتکەی خایاڵێکی لەزەتاوی بکەومە ژێری ژێرەوەی واقعێک کە دەمویست بیناسم و لێی تێپەڕم، من دەمەوێ ئەم سەفەرە تا سنوورە بێ کۆتاییەکانی تەی بکەم، تا توناوتونی ئەفسانەو تا ئەو نێرڤانایەی بە بینینی خودا شاگەشکەم دەکا، کە دوای خوێندنەوەی دەقەکەش تەمێکی باڵ سپی بەجێدێڵێ. ئەوەتا میلان کۆندێرا لە ڕۆمانی«خەندەو فەرامۆشی» دا لەو دوورگەو شوێنە خەیاڵییە نامانهێنێتە دەرەوە کە زادەی هەمان پرۆسەی بە فەنتازیاکردنە. هێرمان هێسە لە ڕۆمانی «دەمیان» دا لە دنیا تەوتەمییەکەی پاڵەوان نامانترازێنێ بە کۆتایی هاتنی پاڵەوانەکەش. هەروەها ئیتالۆ کالڤینۆ لە ڕۆمانی «بارونی - میری - درەخت نشین» دا نابێتە ڕێگر لە بەردەم پاڵەوانەکەی بەوەی لە کاتی مردنیدا بە ناچاری بیگەڕێنێتەوە سەر زەمین و باوەشی خاک، کە پێشتر پاڵەوان پەیمانی بەستبوو هەرگیز پێ نەنێتەوە سەر زەوی و ئیتر لە سەر لقی درەختەکان دەژیاو دواجار بۆ ئاسمان هەڵکشا.. ئیدی ئێمەش سەفەرەکەمان هەر تەواونەبوو.. کێ دەڵێ ئەم ڕێگرتنەی نووسەری «ئەسپیدیلۆن» لە بەردەم سەفەری بێ بڕانەوەی فەنتازیامان بەشێک نەبێ لە هەمان پرۆسەی ئاسانکردنەوەو شەفافیەت؟!

**دوالیزم**

تێڕوانینێک هەیە دەڵێ بۆ ئەوەی هەست بە خۆشی بکەیت پێویستە ئازار بچێژیت. یاخود حەڵاڵ کاتێک مانای هەیە کە حەرام هەبێ، هەروەها لە پەیوەندییەکانی نێوان سەرکەوتن و ژێرکەوتن، کۆنەخوازیی و نوێخوازیی ... هەمان ئاستی تێگەیشتن دەبینین. دروستکردنی دوانەکان لەوانەیە هەوڵێک بێت بۆ باشتر ناسین و ئاسانتر دەرککردنی دیاردەو شتەکان. لەوانەیە شتەکان بە تەنیاو لە خودی خۆیاندا تێگەیشتن لێیان ئاسان نەبێ و بە قەڵەمڕەوێکی تەمومژاویی دەورە درابن، ئیدی بۆیە نووسەر لە زۆربەی چیرۆکەکاندا هەمیشە لە هەوڵی دروستکردنی دوانەکان دایە، دواتریش پەیوەندی نێوان دوانەکان دەستنیشان دەکات و ئاستەکانی تێگەیشتن ئاسان دەکات. لەم پەیوەندییەداو لە قسەکردن لە نێوان دوو شتدا، نووسەر هەمیشە دەستی کراوەیەو بواری دەخالەتکردنی زۆری هەیە. ئیدی لێرەوەیە، نووسەر ئەم شێوازەش لە خزمەتی هەمان پرۆسەی شەفافیەت و ئاسانکردنی تێگەیشتن و کەمکردنەوەی سنوورەکانی تەمومژ بەکار دەهێنێت.

ئاکامگیریی ئێمە لە توێی سەرنجەکاندا ئەوەیە کە لای کاروان عومەر کاکە سور لە کۆمەڵە چیرۆکی «ئەسپیدیلۆن»دا ئەو هۆکارو شێوازانەی کە بەردەوامی دەدەن بە پرۆسەی ئاسانکردنەوەو شەفافیەت ئەمانەن: زمان لە ئاستی گێڕانەوەدا، بوونی یەک راوی، زێدەڕۆیی لە گێڕانەوەی رووداودا، دروستکردنی دوانەکان، دەشێ ڕێگرتن لە بەردەم فەنتازیاش بەشێک بێ لەم پرۆسەیە.

## نامەیەک بۆ گۆڤار و ڕۆژنامە کوردییەکانی ئەوروپا

گزینگ ـ سوید/ بەربانگ ـ سوید/ پەیام ـ بەریتانیا/ کوردستان ـ ئەڵەمانیا/ چراخان ـ سوید.

گۆران قەرەداغی

پاش سڵاو ....

من لە ژمارە ٢٢ ی گۆڤاری « گزینگ » دا ڕەخنە وتارێکم بە ناوی « لە پێناوی پارێزگاری نۆرمە شارستانییەکان لە نووسیندا » بڵاوکردەوە. مەبەستی من لەو وتارە ئەم خاڵانەی خوارەوە بوو:

*ـ ڕوونکردنەوەیەکی کورتی کولتووری حیزب ـ حیزبێنە، خۆخۆیی، شەڕی کۆنەقین و ڕەنگدانەوەی لە هەندێ بواری نووسین و ڕۆژنامەگەریدا.

*ـ سەرزەنشتکردنی ئەو ڕۆژنامەوان و نووسەرانەی کە بە ناوی ئەدەب و ڕەخنەی ئەدەبییەوە، یان بە ناوی دیموکراسی و ئازادیی بیروڕادەربڕینەوە، لە پێناوی تۆڵەسەندنەوەیەکی کچکەی خۆیاندا، خەریکن هەمان کولتوور دێننە نێوانەوە و شەڕێکی « نووسەرکوژی » سازدەکەن.

*ـ هانابردن، بە پلەی یەکەم بۆ ڕۆژنامەوان و نووسەرانی کوردی ئەوروپا، کە هەڵوێست وەرگرن و ڕێگە ئاواڵە نەکەن ئەدەبیەکەشمان بەدەردی سیاسەتەکەمان بچێت.

ئەو خاڵانەم لە بەشی یەکەمی وتارەکەمدا بەگشتی باسکردوون، وەلێ لە بەشی دووەمیدا هەندێ نموونەی کۆنکرێتم لە نووسینی چەند نووسەرێکەوە هێناوەتەوە و بە زمانێکی ئارام و بەڵگەکەلێکی گومانهەڵنەگرەوە، بە پێی پێویست ، پۆزێتیڤانە یان نێگەتیڤانە دەربارەیان دواوم.

ڕەنگە بکرێ هەندێ توێکلی خەیاڵی نەخۆش لە چەند وشەیەکمەوە بناڵێنرێ و نانوبیازی پێوە بخورێ. خۆ بە ناشکوری ناڵێم ئەمڕۆ گلۆڵەی موراڵ و ویژدانیش لە ناو ئێمەی کورددا وەک گلۆڵەکانی دی لە لێژیدان. ئەمڕۆ ئێمە، تەنانەت ئەو نووسەر و ڕۆشنبیرانەشمان کەبە گفتار کولتووری سەپاوی چەندین ساڵەی شەر ڕەتدەکەنەوە و بانگاشە بۆ دیموکراسی، دڵفراوانی و پلورالیزم دەکەین، لە ڕەفتاردا، کەم تا زۆر هەر لە هەمان ڕوانگەی مێنتالیتێتەوە دیاردەکان دەبینین و هەڵدەسەنگێنین. تا ئێستاش ئێمە هەر بە « پۆشاکە جوانەکەی پادشا ڕووتوقووتەکە » دا هەڵدەدەین و خۆشمان بە کەس ناگۆڕینەوە.

یەکێک لەو نووسەرانەی من لە وتارەکەمدا ڕەخنەم لێ گرتوون، نە پڕکێشی سەلماندنی ڕاستیی ڕەخنەکەم و بە خۆداچوونەوە دەکات، نە پڕکێشی وەڵامدانەوە و داکۆکیکردنێکی سەرڕاستانە. لەبری ئەوانە پەنا بۆ مێنتالیتێتی شەرەنگێزی دەبا و بە ناوی ساتیرە چیرۆکەوە لە شەش لاوە، نەک بەتەنیا خۆم، خێزانەکەشم دەداتە بەر ساچمەزەنی بوختان و قێزەوەمەندترین جۆرەکانی جنێو. کەچی دوومانگان دووای بڵاوکردنەوەی شەش جنێونامەکەی لە دوو ناملیکەدا:

*ـ گۆڤاری « گزینگ » دەستدرێژینامەی « وتوویژ » ی لە ژمارە ٢٣ یدا بۆ بڵاودەکاتەوە.

*ـ دوابەدوای ئەویش ڕۆژنامەی « پەیام »، ژمارە ١٥ ی خۆی، بە دوو بوختاننامەیەوە « خەم و شیعر ـ و. گەڕان لە دووی سەروا »، بۆ دادەبەزێنێ و بەڵێنی جنێو ـ بڵاونەکردنەوەکەی دەشکێنێ.

* ـ گۆڤاری « بەربانگ » ی فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردییەکانی سویدیش لە ژمارە ١١١یدا، بەربانگی ڕێژووی جنێونەدان، بە جنێونامەی « ژن و سوڵتان » دەکاتەوە.

*ـ ڕۆژنامەی « کوردستان » یش لە پێناوی بزەیەکی سەر لێوی خوێنەرە پرسەدار و خەمینەکانیدا، لە ژمارە ١٠ یدا بڵاوکردنەوەی هیچنامەی « گەڕان لە دووی سەروا »، سێبارە دەکاتەوە.

*ـ ئەنجا « چراخان » یش بۆ پڕکردنەوەی چوار پەڕەلکەکەی و بەدیهێنانی مەرجی مسۆگەرکردنی باربووی شارەوانی (لوند)، لە ژمارە ٢٠یدا، « گەڕان لە دووی سەروا » و لە ژمارە ٢١ یشیدا « شاعیری گۆڕستان » ی بۆ بڵاودەکاتەوە، بەڵام لە خۆشی ئەو « شاکارە بێوێنەیە » ـ گۆڕستان ـ ەکەی لێدەبێ بە کوردستان.

من، لە وتارەکەی « گزنگ » دا ڕووی دەمی بانگەوازم کردە ڕۆژنامەوانان و دەستەودامێنیان بووم ڕێگە نەدەن جنێوفرۆش و قەڵەموەشێنان لە بڵندگۆی ڕۆژنامەکانیانەوە، فوو بە کەرەنای سووکایەتی بە خەڵکی کردن، شەڕی تۆڵەسەندنەوە و وشەکوژیدا بکەن. کەچی دروست پاش ٤ مانگان، زۆربەی ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکانی ئەوروپا، یەک لە دوای یەک، بۆ سووکایەتیکردن بە خودی خۆم و خێزانەکەم، خۆیان دەبنە، هەم کەڕەنا و هەم گالیسکەی دەستدرێژیی قەڵەموەشێنێک.

پێموایە پێویستناکا دیسانەوە ناوی داب و نەریتی ڕۆژنامەگەری ـ وەک لە وتارەکەی « گزینگ » دا ـ لە دنگی کەمتەرخەمیی و نابەرپرسیاریی ڕۆژنامەوانانیدا بکوتم. ئەمڕۆ تەنانەت قاچاخچییەکیش دەزانێ دەربارەی پرینسیپ بدوێ. بەڵام وەک کورد دەڵێ « بە نیشە نەک بە ریش ».

حاڵ لە دوو بەدەر نییە، یان ئەوەتە: سەرنووسەر و دەستەی نووسەرانی ئەو گۆڤار و ڕۆژنامانە، نەک هەر وتاری یەکدی ناخوێننەوە، بەڵکە ئەو دەستدرێژینامە و سووکایەتینامانەش ناخوێننەوە کە بۆ خۆیان بڵاویاندەکەنەوە. یان خوانەکردە: وەک چۆن سیاسەتمەدارەکانمان بۆ مەبەستی تایبەتی خۆیان، نەک بۆ بەرژەوەندیی گشتی میللەت و نیشتمان،

سیاسەت دەکەن، ئەوانیش تەنیا بۆ مەبەستی تایبەتی خۆیان بوونەتە رۆژنامەوان، نەک بۆ بە ئەنجامگەیاندنی نامەی پیرۆزی رۆژنامەگەریتی، کە پاریزگاریی کەرامەتی تاکەکانی کۆمەڵ لە بەرامبەر دەستدرێژیکەراندا، بە یەکێک لە ئەرکە سەرەکییەکانی دێتە ژماردن. دیارە دەیانەوێ مەیدانی ئەدەب و نووسین بەدەردی سیاسەت و تێکۆشان بەرن، دەیانەوێ لەبری پەرەدان بە رەخنەیەکی بونیاتنەرانەی شارستانی، قەڵەمەکان لە یەکدی تێژبکەنەوە و گێچەڵی شەڕێکی « نووسەرکوژی » بگێرن. بمبوورن،.. دەبێ ئەوان پتر ئەهلی جنێو، تانە و بە خەڵکی رابواردن بن، تا ئەهلی قەڵەم، ئەدەب، وشەی پیرۆز و جوان! ئەگەر وانییە چۆن پرکێشییان کرد، یەک لەسەر یەک، یەک لە دوای یەک، کۆمەڵێ بوختان و تانە و سووکایەتی پیاوێکی نەخۆش، لە تۆڵەی وتارێکمدا، لەسەر خۆم و ماڵومنداڵم، بە ناوی ئازادی وشەوە، لە خانەی ئەدەب و هونەردا، بڵاوبکەنەوە؟! دەڵێن « دوو گا لە دۆڵێکدا بن، ئەگەر رەنگی یەکدیش نەگرن، خووی یەکدی هەر دەگرن ».ئەگەر رۆژنامە ئەوروپاییەکان بڵاوکردنەوەی سووکایەتییەکیان لەسەر کەسێک لە دەست دەربچێ، پێی لێ ناخشێنن، بەرامبەر بەیاسا، کەسە بریندارکراوەکە و هەموو خوێنەرانیش دەچنە ژێر باری بەرپرسیارییەوە، هەندێ جاریش تەنیا بە ساڕێژکردنی برینەکان لە خۆیان رازی نابن، لە شەرمەزارییدا، کەسێک یان چەند کەسێک لە کارمەندانی رۆژنامەکە کارەکانیان بەجێدێڵن. ئاخۆ ئەو گۆڤار و رۆژنامانەی کە بەبێ گوناه، خۆم و تەواوی خێزانەکەمیان بریندار کردووه، چۆنچۆنی داکۆکی لە خۆیان دەکەن؟ دەڵێم « داکۆکی »، چونکە گوماندەکەم بتوانن تەنانەت بەرۆیەکیش لە کراسی ئەوروپاییەکان دابدڕن و پرکێشی بکەن دان بە هەڵەکانیاندا بنێن، مەگەر « کەری هەشبەسەرێک لە گاگەڵ نەهاتبێتەوە ». دەکرێ مرۆڤێک تووشی سەراسێ یا هیستریا ببێ و بە هەر چوارلادا لاق بوەشێنێ، دەکرێ مرۆڤێک تووشی شێرپەنجەی دەروونی ببێ و تووک بەکەللەی موراڵیەوە نەمێنێ. ئەو دیاردانە سروشتین و لە هەر کۆمەڵگایەکدا رێوشوێن و چارەسەری خۆیان بۆ دابین کراون. وەلێ ئەگەر کۆمەڵگا هەمووی، یان بە رێژەیەکی زۆر - بۆ نموونە بەرێژەی ٦ بۆ ٩ ی رۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکانی ئەوروپا- تووشی هەمان دەرد ببێ، چ ناوێکی لێ بنێین و چۆن پاساوی بدەین؟ بریا پێشنیازی رۆژنامەوانەکانم لەو بارەیەوە وەردەگرتەوە.

رەنگە بڵێن: ئەودەستدرێژیانەمان بە چیرۆک زانیوە و هەستمان نەکردووە لە تۆڵەی رەخنەیەکدا نووسراون!! منیش دەڵێم: ئەگەر نەخوێندەوارێکیش بیخوێندبانەوە، تێدەگەیشت کە «چیرۆکەکان» جنێوی لاکۆڵان و بوختانی سەرتەنوورن و روویان کراوەتە نووسەرێک و خێزانەکەی، کە هەم هەن و هەم لە سویدیش دادەنیشن. ئەگەر ئێوە لەو نەخوێندەوارەش بێسەوادترن، ئیدی چیتان داوە لە کاری رۆژنامەوانی؟ قەڵەمەکانتان دانێن و بچن بە لای ئەو کارانەوە کە پێتان هەڵدەسوورێن

ئەگەر قەڵەموەشێنێکی قوللابی سروشت، رێز لە خۆی نەگرێ، جنێونامەکانی بە نامیلکە بڵاوبکاتەوە و لە هەمان کاتیشدا بە پێی پرینسیپی « گرتی حەج و نەیگرت یاریم »، بۆ هەموو گۆڤار و رۆژنامەکانی بنێرێ، رەنگە زۆر سەیر نەبێ و جێگەی سەرزەنیشت نەبێ. بەڵام ئەی ئەو گۆڤار و رۆژنامانەی کە پێدەچێ لە گوێی گادا پرخەی خەویان رۆژەرێیەک بڕوا، کە هەم جنێوەکانیان وەک ئەدەب بەسەردا ساغدەکرێتەوە و هەم بڵاوکردنەوەیانیان پێ دووبارە و سێبارە دەکرێتەوە، چۆن سەریان لەژێرباری گرانی ئەو« کڵاوە » سووکەدا بۆ رادەگیرێ؟ چۆن چاوەکانیان لەدیتنی ئەو گشت « با و بارانە » دەربازدەکەن؟

شایەنی باسە کە بڵێم وتاری « بەدەم چاوەڕوانی نیشتنەوەی شاعیرێکی بەرزەفڕەوە »، لە ١٩٩٨/٧/١٤ دا نووسراوە و دوو مانگ دواتر بە نامیلکەیەک بڵاوکراوەتەوە. منیش لە زستانی ١٩٩٩ دا، لە ژمارە ٢٢ ی گۆڤاری « گزینگ » دا، لەسەرم نووسیوە و بنەما بۆشەکانیم یەک یەک هەڵوەشاندوون و خستوومنەتە بەرچاوی خوێنەران. نووسەری وتارەکەش لە تۆڵەی رەخنەکەمدا، بێ ئەوەی لە رووی هەڵێ خۆی بکاتە خاوەنی، ٦ دانە جنێونامەی خۆناسایی، لەملاولا لەسەر بڵاوکردووەمەتەوە، ئەوانیشم پووچەڵ کردوونەوە. کەچی تازە بە تازە گۆڤاری « هانا » لەکۆتایی هاوینی ١٩٩٩ دا، هەمان لەنگەوتار دەکرێ و لە ژمارە ١١ ی دا ، بە نرخی ئەدەبێکی نوێ بە خوێنەرانی دەفرۆشێتەوە!! بریا دەمزانی ، ئاخۆ ئەمە ئەدەبی کۆمۆنیزمی کرێکارییە، یان نائاگایی رۆژنامەگەری؟ یا هەر گێچەڵگێران؟

بە گوێرەی دابونەریتی باوی رۆژنامەگەریتی و مافی داکۆکیکردنم لەو دەستدرێژیانەی لەسەر خۆم و خێزانەکەمتان بڵاوکردوونەتەوە، داوای بڵاوکردنەوەی ئەم نامەیەمتان لێدەکەم. ئیدی لەگەڵ رێز و سوپاسمدا کۆتایی بە نامەکەم دێنم.

گۆران قەرەداغی

سوید

١٢ی ئاگوستی ١٩٩٩

وێنەی بۆ :

مەڵبەند - بەریتانیا/ رەهەند - سوید/ رابوون - سوید/ کۆنتراکت - سوید/ کوردستانی نوێ - بەریتانیا/ هانا - سوید. تکایە بۆ ئاگادارییتان، هەموو رۆژنامەیەک مافی بڵاوکردنەوەی ئەم نامەیەیان هەیە.

# دیدارێکی خێرا لەگەڵ هونەرمەند زاهیر سدیق

هونەرمەندی پەیکەرساز زاهیر سدیق یەکێکە لە دیارترین هونەرمەندانی دوای راپەرین. بەرهەمە هونەرییەکانی ئەم هونەرمەندە، لەوانە نزیکەی بیست پەیکەری گەورە، لە شار و شارۆچکەکانی باشووری کوردستان دەبیندرێن. لە زاخۆ پەیکەری خانی، لە سلێمانی پەیکەری شێخ مەحموود و لە کۆیە پەیکەری هونەرمەند تایەر تۆفیق..تاد. ئەم لاوە هونەرمەندە بە عەشقێکی هونەریی گەورەوە کار دەکات. کارەکانی لە کۆنە زیندانێکدا دێنێتە بەرهەم کە ئەو شوێنە لە هیچ روویەکەوە بۆ کاری پەیکەرسازی دەست نادات. بەڵێ زاهیری هونەرمەند لە کۆنە زیندانێک، کە پێشتر دایرەی ئەمنی سلێمانی بووەو، لەو شوێنەدا سەدان تێکۆشەر دوچاری هەڵواسین و ئەشکەنجەدان بوون، کارە هونەرییەکانی دەکات.
لە سەردانێکی هونەرمەنددا لێمان پرسی:

**ئامادەکردنی: ئازاد**



*ئێستا سەرقاڵی چ پرۆژەیەکن؟

– ئێستا خەریکی بە ئەنجام گەیاندنی چەند کارێکم، لەوانە پێنج پۆرترێت بۆ پێنج کەسایەتیی بیانی کە هاتوونەتە کوردستان و لێرە لەناو چوون. ئەوانیش ئەم کەسانەن: رۆژنامەنووس گادروس، مارلین، د. فنسنت، ریسحی و رۆژنامەنووس لیس شمیدت.

ئەم پرۆژەیە بۆ رێزلێنان و وەفادارییە بەرامبەر بەو کەسانەی کە خزمەتیان بە میللەتەکەمان کردووە.

دوای ئەم پرۆژەیە بە ئومێدم کە لەگەڵ دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم پرۆژەیەکی گەورە بە ئەنجام بگەیەنم، ئەویش وەک قۆناخی یەکەم ئەوەیە کە پەنجا پۆرترێت بۆ پەنجا زانا و شاعیر و نووسەر و کەسایەتیی گەورەی گەلەکەمان دروست بکەم. هیوادارم بتوانم تا کۆتایی ئەم ساڵ ئەم پرۆژەیە تەواو بکەم. هەروا لەو کارە گەورەیە بیمەوە کە دوو ساڵ زیاترە پێوەی خەریکم، ئەویش (نەصب)ێکە بە ناوی پانۆرامای رووداوەکان. قۆناخی یەکەمی ئەم کارە کراوەتە قالب بەڵام دارشتنەوەی ماوە. ئەمە بورجێکە بەرزاییەکەی سێ میترێکە و تایبەتە بە کارەساتی ئەنفال. قۆناخەکانی دیکەی ئەم کارە پەیوەندە بە توانای مادییەوەیە کە بەداخەوە ئێستا لەم رووەوە گیروگرفتم هەیە. بەڵام بە هەر نرخێک و تەنانەت ئەگەر لەسەر حیسابی خۆشم بێت، دەبێ ئەم کارە تەواو بکەم. چونکە کارێکی گەورەیە و تا سەرێ نەکەوێ نازانرێت چ کارێکە. سەیرە ئەوا نۆ ساڵە نەمانتوانیوە پرۆژەیەکی لەم جۆرە بە ئەنجام بگەیەنین کە دەکرێت (پانۆرامای رووداوەکان) بکرێتە دەرفەتێک بە هۆیەوە یادی رووداوە سەختەکانی وەک هەڵەبجە و ئەنفال و هی تر بکەینەوە و، هەر وەفدێکی بیانی بێتە کوردستان راستەوخۆ ببرێتە لای ئەم (نەصب)ە.

* هەروا سەرباری ئەم پرۆژانە، بیستوومە کە بەنیازی کە پەیکەرێک بۆ ژن بەناوی (پەیکەری دایک)ەوە دروست بکەی.

– بەڵێ، بەڵام نازانم شێوەی بەجێگەیاندنی ئەم کارە لەگەڵ وەزارەتی شارەوانی چۆن دەبێت.

رۆژێک بە ناوی رۆژی ژنان هەیە و، لام وایە پێویستە لە وڵاتی ئێمەشدا پەیکەرێک، وەک هێما بۆ رۆڵی ژن، هەبێت.

* بابگەڕێینەوە بۆ سەرەتا، تۆ لەکەیەوە خەریکی کاری هونەریت؟

–لە ساڵی ١٩٨٦ دا بۆ یەکەم جار لە ناوچەی ئازادکراوی دۆڵی جافایەتی، لە گوندی چۆخماخ، پەیکەرێکم دروست کرد. من خوێندکاری پەیمانگای هونەرە



جوانەکانی سلێمانی بووم. دوا ساڵی خوێندنم بوو کە شاڵاوی ڕەشبگیری کرایە سەر پەیمانگا و بە ناچاری رووم کردە شاخ. بەڵام لەوێ هەر خەریکی کاری پەیکەرسازی بووم. زۆر لە هاورێکانم دەیانگووت هونەر واتا ژیان، شوێنێک ژیانی تێدا نەبێت، هونەر چۆن دەهێندرێتە بەرهەم.

هەر ئەو کاتە خەیاڵی دامەزراندنی پرۆژەیەکی پەیکەرسازیم هەبوو کە لە هەموو ناوچە ئازادکراوەکانی ژێر دەسەڵاتی پێشمەرگەدا کار بکەم، بەڵام ئەنفال ئەو خەونەی لەبار برد. دوای ڕاپەڕین لە ساڵی ۱۹۹۱دا پرۆژەی پەیکەرسازیی کوردستانم دامەزراند. تۆبەرەی کارەکانمان بردە ڕەواندز، کە ڕۆژێ لە ڕۆژان پایتەختی کوردستان بووە.

* دەڵێن زۆربەی کارەکان هەر زاهیر سدیق بە ئەنجامیان دەگەیەنێت و بوار بۆ خەڵکی دی ناهێڵێتەوە؟

- وانییە. من خۆم هەوڵ دەدەم ئەم کارانە جێ بەجێ بکەم. هیچ کارێک بۆ من نایەتە خوارەوە، من دەبێ بۆی سەرکەوم. من قوربانیم بە زۆر لایەنی ژیانی خۆم داوە، لە پێناوی ئەوەدا کە خزمەتێک بکەم.

* دەڵێن پێشنیارت کردووە کە (ئەمنە سوورەکە)ی سلێمانی بکرێت بە مۆزەخانەو ئێوە ئەم کارە ئەنجام بدەن؟

- من ئەو بیرەم نەبووە، بەرێز هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد لەمێژە باسی ئەوەی کردووە کە ئەو خانووە بکرێ بە مۆزەخانە. من وتوومە کە ئێمە ئامادەین هەموو شتەکان بە شێوەی خۆیان دروست بکەینەوە و، هەر پەیکەرێکی بوێ، وەک زۆربەی مۆزەخانەکانی جیهان، بۆی دروست بکەین.

* دوا وتەت چییە؟

- خۆزگە پشتگیری لەو پرۆژانە دەکرا کە بە نیازین بە ئەنجامیان بگەیەنین.

## نامەی دکتۆرای جەعفەری حەسەنپوور

**A Study of European, Persian and Arabic Loans in Standard Sorani**

ئەم کتێبە نامەی دکتۆرای کاک جەعفەری حەسەنپوورە کە بۆ پلەی دکتۆریی لە بەشی (فەلسەفە لە زمانە ئێرانییەکان) دا لە زانکۆی ئۆپسالای سوێد لە ۱۹۹۹دا پێشکەشکراوە.
بابەتی سەرەکی ئەم نامەیەی کاک جەعفەری حەسەنپوور، دەربارەی ئەو وشانەن کە لە زمانە ئەوروپاییەکان و لە زمانی فارسی و عەرەبی و تورکی و.. هاتوونەتە ناو زمانی کوردییەوەو لە ڕەوتی پرۆسەی گەشەسەندنی زمانی ستانداردی سۆرانیدا بەکارهێنراون.
شایانی باسە کاک جەعفەر ئەم بابەتەی لەبەر ڕۆشنایی تیورییەک بەناوی تیۆری «وشە خواستن» تیۆریزەو ساغکردۆتەوە.
هەروا لە پێشەکی ئەم کتێبەدا، باس لە سیاسەتی سەرکوتکردنی زمان و کولتووری کورد، لەلایەن دەوڵەتە دەسەلاتدارەکان لە کوردستاندا، کراوە.
ئەم کتێبە لە شەش بەشی گرنگ پێکهاتووەو، گەلێک بابەت و تێزی تیۆری لەمەڕ زمان، زمانی ستانداردو تیۆری وشە وەرگرتن و پێشکەوتنی زمان ... لە دووتۆی خۆیدا کۆکردۆتەوە.
پڕ بەدڵ پیرۆزبایی لە دکتۆرجەعفەری حەسەنپوور دەکەین و هیوای داهاتوویەکی پڕ بەرهەمی بۆ دەخوازین، بەتایبەتی لەو بابەتە گرنگەی کە تێزی دکتۆراکەی بۆ تەرخانکردووە.

# RaBûN

## Cultural Kurdish Journal

1999 28

